# داهێنان و مەرگ

## لێکۆڵینەوە

سەلاح حەسەن پاڵەوان

چاپی دووەم: سلێمانی 2008



سەرپەرشتیاری پڕۆژە: جەبار سابیر

جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق

# ناوی کتێب: داهێنان و مەرگ

# بابەت: لێکۆڵینەوە

# نووسەر: سەلاح حەسەن پاڵەوان

# بابەت: ئەدەبی

# تایپ و هەڵەبڕی: نووسەر

# نەخشەسازیو بەرگ: ناوەندی دیزاینی(یانەی قەڵەم)

# تیراژ: 1000 دانە

# چاپ: چاپی دووەم(2008)

# چاپخانە:

# ژمارەی سپاردنی ( 497)ی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ساڵی 2002دراوەتێ.

**لەچاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم**

**زنجیرەی ژمارە(30)**



www.pertwk.com

ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێهەم. ژمارەی تەلیفۆن: 07701575726

کەی دەتوانی بەشتێك، دیاردەیەك بڵێی مردووە، یاخود زیندووە؟! ئەمە ئەو پرسیارە سەختەیە کە: ڕەنگە چەندین سەدەو مێژوو هەزاران نووسین و جەنگی خوێناوی لەپێناوی گەیشتن بەحەقیقەتی ئەم پرسیارەدا بەرپا کرابێت، بەڵام تائێستاش پرسیارێکە بێ وەڵام! لەدەقدا مەرگ دیاردەیەکە ئامادەیە، بەڵام پێش ئەوەی بچینە ناواخنی ئەم باسە باکەمێ لەئاستی دەق بوەستین. دەق دیاردەیەکە لەخۆکوشتنێکی ئارامانەی ناو ناخەوە دەست پێدەکات، هەموو دەقێ هەنگاونانە بەرەو داهاتوو، بەرەو داهاتوویەکی نادیار، ئەو داهاتووەی دابڕان لەنێوان ئێستاو ساتی سەرهەڵدانی دەقەکەدا دروست ئەکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە کەبەرەو داهاتوویەك دەڕوات، لەگەڵ ئەم ڕۆیشتنەی شان بەشانی مەرگ و ژیان هەیە، یاخود لەو دووڕیانە تاقە ڕێگای ژیان ئەگرێتە بەر یان ڕێگای مەرگ، لەحاڵەتی دەقدا مەرگ لەدوو پوونتا ئامادەیە، یەکەمیان: پوونتی لەدایکبوونی دەق لەنێو هۆشدا، هۆشیش بەمانای گیان کەدژە لەگەڵ ڕاوەستان، واتە گیان بەمانای جووڵەو چالاکی و زیندوێتی، لەم پوونتەدا دەق لەنێو هۆشدا دروستدەبێت، کەئەویش هۆشی داهێنەرە، کەواتە کەلەدایك دەبێت بەزیندویی لەدایك دەبێت (مەبەستم لەزیندو وەك دەقێك تازە پێکهاتەکانی زمان‌و ڕستەو بابەت لەدەوری یەکتری کۆدەبنەوەو دێنەبەر). بەڵام کاتێ کەدەگاتە دەرەوەی هۆش، دەبێتە دەقێکی مردووی بێگیان کە ناتوانێ لەگەڵ هیچ کەسێکدا بئاخڤێ. ئەم حاڵەتەش کەی



دەردەکەوێت؟ بێگومان ئەوکاتە دەرئەکەوێت کە پەیوەندییەکە دەبێتە پەیوەندی نێوان دەق و وەرگر. دووەمیان: پوونتی لەدایکبوونی دەق لەنێو هۆشێکی نیمچە مردوو، واتە وەستاوو بەستەڵەك. ئەم شێوە هۆشەش دەقی مردوو بەرهەم دەهێنێ کەناتوانێ هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا دروست بکات، مەبەست لەدەرەوەی خۆی واتە وەرگر بەهەموو بەشەکانییەوە. واتە هەر بە لەدایکبوونی مردووە. مردنی لەو کاتەدا بەئەنجام گەیشتووە کەنەیتوانیوە لەدەرەوەی خۆی ئەو کەسانە بەهەژێنێ کەپەیوەندیی لەگەڵدا دروست دەکەن.. بەمەش دەقێکی بێگیان ئامادەیە.

بەسەرهاتی مەرگی دەق گەلێ دێرینە، لەسەردەمی سوکراتەوە دەست پێدەکات. سوکرات ئەوکاتەی بەسەرهاتی بیرو بوونی دنیای بۆ سەردەمەکەی گێڕایەوە، سەرسوڕمانیەکی لەنێوەندی کۆمەڵگەی خۆیدا دروستکرد، دەتوانین بەسەرەتای مەرگی تێگەیشتنی دانێین لەمێژووی ململانێی نێوان عەقڵ و ناعەقڵدا.. هەر خودی سوکرات ویستی بە فەلسەفەکەی ئەوە بسەلمێنێ کەمافی هەموو کەسێکە بژیو دەنگی بەرز بکاتەوە، بۆیە هەندێ لەوانەی کە لایەنگری بۆچوونەکانی نەبوون، بەوە تاوانباریان دەکرد کەگوایە سوکرات هانی ئاژاوەچێتی و شێواندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خێزان، گەورەو بچووك دەدات. سوکرات ویستی ئەو بۆچوونە مردووانە ژێر گڵنێ کەدەقێك بوو عەقڵی فەلسەفەی ئەغریقی پێوەی دەنالا.

هەر خودی سوکرات تێگەیشتنی بۆ مەرگ و ژیان جیاواز بوو، لەبارەی ژیانەوە تێگەیشتنی تایبەت هەبوو هەروەها لەبارەی مەرگەوە بەجۆرێکی تر ئەیڕوانیە چۆنیەتی لەناوچوون "زیندوو ئەوە نییە کەدەخواو دەخواتەوەو شتە شەهوانییەکان و شتەکانی نەفس کاری تێدەکەن. ئەمە خودی بۆچوونی ئەوە کە ئەڵێ زیندوو ئەوە نییە کەدەخواو ئەخواتەوە، بەڵکو زیندوو دەزانێ ئەوەی کەبەسەرچووە لەخودو، دڵنیاش بوو لەوەی



www.pertwk.com

کەئەوەی دەست پێدەکات وەك ڕابردوو لە ناجێگیریە. جێگیری و ناجێگیری ڕایەکانی سوکرات دەربارەی بوون و نەبوون، جێگیری و ناجێگیرییە، ناجێگیری لەشێوەی بوون و جێگری لەشێوەی بوون: "لە گفتوگۆی مەنونی ئەفلاتون. ئاماژەیەك بەم دیدگایەی کە لەڕێژەگەرییەوە دەگاتە گومانی پەتی کراوە، لەو دەقەدا ئەوە دەخوێنینەوە کەمەنون لە سوکرات دەپرسێ "سوکرات، دەربارەی شتێك کەنازانی، هەرچییە، چۆن دەتەوێ لێی بکۆڵیتەوە؟ گەر ئەو شتەشت زانی لەکوێوە دەیزانی، ئەوەی کەدۆزیوتەتەوە هەمان شتە کەبۆی دەڕۆی؟" سوکرات لە وەڵامدا دەڵێ: "دەزانم چی دەڵێی. تۆ دەزانی بەم قسەیەت چ پر سێکی گەورە دەهێنیتە ئاراوە؟ مانای وتەکەی تۆ ئەمەیە، مرۆڤێك نەدەربارەی ئەو شتەی کەدەیزانێ، نەدەربارەی ئەوەش کە نایزانێ ناتوانێ هیچ باس و لێکۆڵینەوەیەك بکات. چونکە ئەوەی کەدەیزانێ پێویستی بەباس و لێکۆڵینەوە نییە. ئەوەشی کەنایزانێ ناتوانێ باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، چونکە نازانێ دەربارەی چ شتێك باس و لێکۆڵینەوە بکات".

لەدوایشدا سوکرات هۆی دژایەتی خۆی بەم وتەیەی منون ڕاڤە دەکات و دەڵێ: کەڕۆحی مرۆڤ نەمرە، پاش مەرگ دووبارە دەگەڕێتەوە سەر زەمین، هەندێ شتی لەژیانی ڕابردووی وەبیر خۆی دەهێنێتەوە.."[1].

ئەگەر لەو وتەیەی مەنون و وەڵامی سوکرات وردبینەوە، تێدەگەین کەگەورەترین پرسیارە دەربارەی مەرگ و ژیان، لەبەرئەوەی زانین جۆرێکە لە ئامادەبوون، جۆرێکە لەو شتەی کەهەیە، نەزانین ئەو شتەیە ئامادە نییە، ڕەنگە مەرگ بێت، لەم لێکدانەوەیەش (مەبەستمان لەو سەرەتایە)، کەسوکرات ویستویە بۆچوونی دەربڕێ دەربارەی ژیان و بەسەرهاتی ژیان.. بەسەرهاتی مەرگ و ئامادەنەبوون. مەرگ لای ئەو تەنیا لەڕوحەوە نزیك نییە بەڵکو لەڕۆح دەچێتە دەرەوە.

ئەفلاتون لەم بوارەدا بێگومان نەبووە، بوونی شاعیران لەکۆمارەکەی شێوەیەکە بۆ مەرگی کۆمارەکەی، بۆیە دەیانکاتە دەرەوە، هەروەها



لەچۆنێتی ڕوانین بۆ مەرگ، ئەو لەپوونتەوە تەماشا دەکات کەژیان جۆرێکە لەپێکەوە بەستنی ساتەکانی داهێنان، دەڵێ: "چۆن تەواوی سروشت پەیوەستە بەیەکەوە، ڕۆحیش ئاشنایە بەهەموو شتێك[2]..

لێرەدا ئەمە تەنیا ئاماژەیەکە بۆ لێکدانەوەی دێرینی نووسراو لەمەڕ پرسی مەرگ و مەرگ لەنێو دەقدا.. فیرعەونەکان کاتێك کەتەعبیریان لەڕۆح دەکرد زۆر بەمەزنی دەیانڕوانیە ڕۆح، مردووەکانیان بە جوانترین شێوە دەڕازاندەوە بە جوانییەك کە لە ژیاندا ئەوەندە جوانی بە نسیب نەدەبوو، ئەو مەرگە مانایەك بوو بۆ بۆ دووبارە زیندوو بوونەوەو دووبارە گەڕانەوە بۆ ژیان، ئەسڵەن لەبناغەدا شتێك نەبوو پێی بڵێن مەرگ. بەڵکو لەهەندێ نیشانەکانی سەر دیوارو ڕووپەڕەکاندا پێی دەوترا نووستنێکی کاتی بۆ دووبارە هەستانەوە یاخود لە هەندێ کۆمەڵگەی دێریندا مەرگ ڕەمز نییە بۆ لەدەستدان، بەڵکو مەرگ شێوەیەکە لەڕەهابوون، لەشەڕی خراپەکاری ژیان و گەردوون و گەڕانەوە بۆ پاکی و ژیان.

لەلێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا (مەرگ).. بەچەمکی نەبوون مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، هەر بۆیەش ئێمە لێرەدا کە باس لەبوون دەکەین، بەرامبەرەکەی (ژیان) دادەنێین و کە باسیش لەنەبوون دەکەین، بەرامبەرەکەی مەرگە. کەواتە هەموو بوونێ بەلێکدانەوەی باو ئامادەبوون و ژیانە. هەموو نەبوونێکیش مەرگ و لەناوچوونە! بەڵام ئایا لەڕاستیدا وایە؟

مەرگێ بەهەموو بێ ڕۆحی و نەبوونەوە، ژیانێ بەهەموو چالاکی و بوونییەوە ئەو دروشمەیە کەئێمە لێرەدا بەرامبەری دەستەوەستانین، بەڵام مەرگێ دەتوانێ ژیان بێت و زیندوویێتی ببەخشێتە دەوروبەری. هەر دەقێ بریتییە لەمەرگ و ژیان، لەناوچوون و لەدایك بوون، هەر مرۆڤێ بەشێکە لەمەرگی دەقەکانی [لێرەدا دەقەکانی مرۆڤ هەموو چالاکی زەین و ڕەوشتی دەگرێتەوە، نەك تەنیا دەق وەك نووسین]، مەرگیش گرفتێکە لەناخەوە دەست پێدەکات، مەرگ لەبوونی تاکەکەسدا خۆی لەخوێن و گۆشت و ئێسك و ڕۆحدا دەبینێتەوە، بەڵام لەدەقدا بەخشینی جووڵەو خوێن و



www.pertwk.com

هەست و ڕۆحە، ڕەنگە مەرگی مرۆڤ لەگەڵ ژیاندا پێکەوە سەدەیەك بڕ نەکات، بەڵام لەدایك بوونی دەقی زیندوو چەندین سەدە بڕدەکات، مەرگی مرۆڤ گرفتێکی فەلسەفییەو دەمێکە مشتومڕی لەسەرە، مەرگی مان و نەمانە، مەرگی دەق ئەو بڕیارەیە کەهەست و هێزەکەی بڕیاری بوون و نەبوونی دەدات..

دەق و مەرگ، دوو چەمکن ئەوە دەهێنێ بەسەرنجەوە لێیان وردبینەوەو قسەیان لەسەر بکەین.. کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا مەرگ حاڵەتێکە لەنەمان و توانەوەی بوون؟! لەزۆربەی لێکدانەوە فەلسەفەی و فیکرییەکان مەرگ بەمانای دوا پوونتی بوونە، واتە گەیشتنی بوون بەپوونتی کۆتایی، واتا گەیشتن بەو قۆناغەی کەئیتر دەروازەکانی بوون کۆتاییان دێت و گشت پوونتەکانی ژیان بەدووی یەکدا دەکوژێنەوە، چارچی هێز لەبووندا نامێنێ، بەو مانایەی کەخوێندنەوەی بوون دەبێتە بەشێك لەو سنوورە داخراوەی کەتیایدا شتەکان دووبارە نابنەوە..

بەڵام کۆمەڵێ پرسیار هەن کەزۆر گرنگن بۆ ئەوەی زیاتر لەبنەوانی ئەم پەیامە بگەین ئەو پرسیارانەی کەدەبنە تەوەری سەرتاسەری لێکدانەوەکانمان ئەوەیە ئایا مەرگ تەنیا ئەوەیە کەئەو ئەندامانەی گەشە بە ڕۆح دەدەن بوەستن و لەکاربکەون و لەگەڵ خۆشیاندا مانای ژیان بسڕنەوە؟ ئایا مەرگ بەمانای جەستەیەکی بێ جووڵەیە؟ یاخود بەمانای قۆناغی دووەمی ژیانە؟ ئەمانە کۆمەڵێ پرسیاری گرنگن، بۆیە لێرەوە بەرەو لێکۆڵینەوەی ورد دەڕۆین مەرگ بەمانای پلەی دووەمی ژیان، ئەمە لێکدانەوەیەکە لەڕووی ئایینییەوە ڕاستەو بەپێی هەندێ لەنەهجە فەلسەفییەکانیش بریتیە لەبۆچوونی جێگیرو پتەو، بەڵام بەپێی هەندێ بۆچوونی فەلسەفی ئەمە گەمەیەکی بوون و نەبوونە، نەك تەنیا ئەوەندەش، بەڵکو گەمەی دوو قۆناغە لەلێکدانەوەی مرۆڤایەتی. ئەم ڕاستییە لەلای دیکارت بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە ڕەنگ دەداتەوە، دیکارت بەشێوەیەکی خۆگونجاندنانە مامەڵە لەگەڵ ڕوانینە عەقڵانییەکانی پێش



خۆی ئەکات، دیکارت ژیان و بەردەوامی لە "من بیر ئەکەمەوە"دا دەبینی.. ئەو وای دەبینێ کەمنی بیرکەرەوە واتە منی داهێنەر، واتە منی ئامادە، واتە منی بوون.. لەنێوەندی بوونی بیرکەرەوەوە دەیتوانی سنوری نێوان مانەوەو مەرگ دەستنیشان بکات. بۆیە لای دیکارت ئەکشنی خود هەموو ئەکشنەکانی دەرەوەی خود دەستنیشان دەکات؟ "دیکارت یەکسەر بەڕێڕەوی بیرو (من)ەوە ڕێگا دەبڕێ بۆ لای خۆی، بەڵام ئەم قەوارەیە بەتایبەت لەئینکارکردنی پێکهاتووی "منی بیرکەرەوەدا" لەدایك دەبێت[3].. (من، بیر) دوو دەستەواژەن لەمەودای لێکدانەوەی هەموو پەیوەندییەکانی خود بەدەورو بەرەوە بەدەر دەکەون، واتە لەڕێگای ئەم چەمکانەوە دەتوانرێ بڕیار بدرێ کەچ دەقێ دەتوانێ بەردەوام بێت و درێژە بەژیانی بدات و چ دەقێك دەتوانێ ئەو سنورانە ببەزێنێ کەڕێگای چوونە دەرەوەی لێدەگرن، لەڕێگای یەکێتی قەوارەو بیرەوە دەتوانرێ سەربەستی بەدەست بهێنرێ، ئەو سەربەستییەی کەپێویستە بۆ لێکدانەوەو بڕیاردان لەپەیوەندی نێوان دەقی زیندوو دەقی مردوودا، هەروەها لەپەیوەندی نێوان دەق و دەرەوەی دەقدا، یاخود مرۆڤ و دەرەوەی مرۆڤدا.

دیکارت سەرەڕای بڕوابوونی بەمنی بیرکەرەوە، بڕوای تەواوی بەوە هەبووە کەسروشتی مرۆڤ، سروشتێکی ناجێگیرە لەنێوان تواناو هێزدا هەر مرۆڤێ جودابوونەوەیەکە لە لەشی زەمین و گەڕانەوەیە بۆ لەشی زەمین. عەقڵی مرۆڤ لەهەموو شتێك زیاتر کۆنترۆڵی ئەو ڕاستیە دەکات، عەقڵ و ئاگایی مرۆڤ کەجیهان و دیاردەکانی جیهان دەناسێ و دەستنیشانی بوون و نەبوونی ئەو شتانە دەکات. عەقڵ و ئاگایی مرۆڤ لەدەرەوەی بۆشایی ئاسماندا نەگەیشتووەتە هەندێ ڕاستی، بۆیە نازانرێ چ ناوێکی لێ بنرێ، واتا بوونی ئەو جۆرێکە لەنەبوون، ئەو نەبوونەی لەبوون و مێشكو دەروونیا هیچ ڕووبەرێك نییە بۆی. بڕوای دیکارت بەبیرکردنەوەی بێگومان، ئەو بڕوایەی پێدابوو کەگومان لەهەموو شتێ



www.pertwk.com

بکات، تەنیا لەخودی بیرکەرەوە نەبێت، واتە ئەو گومانی هەبوو کەکەسی بیرکەرەوە کەسێکە بێگومان بەیەقینەوە ئامادەیە، هۆکارەکانی بوون، پەیوەستن بەو بیرکردنەوەوە. لەچەند لێکدانەوەیەکی گرنگدا دیکارت جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەئێمە لەهەرچییەك گومانمان هەبێت، نابێ لەو شتە بەگومان بین کەمەرگ لەوکاتانەدا ئامادەیە، کەبیرکردنەوە ون دەبێو چرای بیرکردنەوە دەکوژێتەوە، کوژانەوەی چرای (بیر) بەمانای نەمانی، بەمانای مەرگە، دیکارت لەهەموو گومانەکانیدا ئاماژەی بە (من) دەکرد، واتا (من)ی ئامادە، لای دیکارت کاتێك کەدەیوت هەم، واتە مەرگی بیر بوونی نییە، کەئەشڵێ نیم، بەمانای بیر نییە. بەو مانایەی گومان لای دیکارت پەیوەست بوو بەبوون و نەبوونەوە، بەبیرکردنەوەو بیر نەکردنەوە. دیکارت هەوڵی دەدا پرسەکان بەتازەیی پێشکەش بکات. "دیکارت دەیویست خوێنەرەکانی بەرەو نوێ بوونەوەی بیر لەپرسە فەلسەفییەکان پەلکێش بکات"(4).

لێرەدا پێویستە بڕوانینە ئەو لێکدانەوەیەی (ریچارد) زۆرتری لەمەڕ وریابوونەوە لێکدانەوە لەچۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ شتێکدا کە (ڕاستی)یە، ڕاستی بەپێی مانای بۆچوونی کەسەکان، کەسێ پێیوایە ئەو سێوەی بەدرەختێکەوەیە بەشێکە لەو درەختە، کەسێکی تر دەڵێت: ئەو سێوە بەشێکە لە پەیوەندی درەخت نەك لەنێو درەختەکە. بوونی (سێو)یەك ڕاستییە چ لەگەڵ درەختدا بێت یان بەشێك بێت، یاخود بەشێك نەبێت، ئەمە ڕاستی بۆچوونەکانە. دیکارت ئەم بۆچوونانەی ناوناوە ناگومانی و یەقین لەبوونی شتێك. بۆ ئەوەی بەتەواوی بزانین مەبەست لەم یەقینەی دیکارت چییە، هەمیشە دەبێ بۆ ڕاستی لێکدانەوەکانی دیکارت بگەڕێینەوە، لەمەڕ چۆنیەتی خولقاندنو ناخولقاندنی دیاردەکان. کەدیکارت باس لە Certitude metaphisique، بەبێگومان پەیوەندی ئەم بۆچوونەی لەگەڵ جەستەی مرۆڤدا لێکدانەوەیەکی دژە. کاری دیکارت لەخستنە دەرەوەی جەستەی مرۆڤ بۆ دەرەوەی یەقینی میتافیزیکی



جۆرێکە لەنابڕوایی بەجێگیری (بیر) لەلایەن مرۆڤەوە. دیکارت بۆ دروستکردنی نوێبوونەوەی بیر هەوڵیدەدا.. "دەقەکانی دیکارت، لەلایەکی ترەوە، دەستپێکردنێ بوون بۆ گفتوگۆی فەلسەفی لەگەڵیدا، ناوی دیکارت هەمیشە لەم گفتوگۆیەدا هەیە، (جارجارێ کەم بوو) بەڵام هەمیشە ئامادە بووە لەزۆربەی کاتدا"(5) ئەم گومانە لای دیکارت لەیەکەم ئاستدا بەرامبەر بەزانینانەیە کەوەردەگیرێن، تەنانەت لەهەندێ جێگادا گومانی لەوە کردووە کە ئەو شتانەی لەژیانی لاوێتیدا فێری بووە سەرتاپای جێی گومان بووە لای، "لەبەشی چوارەمی وتارێك دەربارەی شێواز"دا دەنوسێ هەرچەندە ئێمە زامنی ئەخلاقیمان هەیە کەخاوەنی جەستەین، لەم ڕووەوە خاوەنی یەقینی میتافیزیکی نین"(6).

بەچاوی گومانەوە، لای ئەو گومان واتە مەرگ، لای ئەو گومان جۆرێك بوو لەکوشتنی ڕاستی، ئەو وای گومان دەکرد (کەڕەنگە هەموو ئەو پەیوەندییانەی ئێمەی لەگەڵدا دەژین بریتی بێت لەخەونێك)، لەبەرئەوەی یەکەم ئێمە بەهەستەکانمان بڕیار دەدەین، ڕەنگە ئەو هەستانەش ناپاکیمان لێبکەن، هەندێ جار هەستەکانمان لەڕێ لادەدەن. گومان لای دیکارت پەل بۆ هەموو شتەکان دەهاوێ، ڕاستە ئەو دەڵێ: شتەکان خۆیان بڕیاری ئەوە نادەن کەهەبن، بەڵام خودی خۆیان لەگومانن، گومانی ئەوان لەپەیوەندی لەگەڵ هەستەکاندا ئەو بڕیارەی بەسەردا دەدات.. وتە بەناوبانگەکەی دیکارت(من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم) لەسەرچاوەیەکی قووڵەوە بۆ لێکدانەوەکانی خۆی دەڕوانێ، گومان لەبیرکردنەوەکانی مرۆڤ لەسەرچاوەی بوونییەوە هەڵدەقوڵێ، بڕوابوون بەخودی بیرەکانی خۆت لەو کاتەدا دەبێت کەتەواو بڕوات بەبوونی خۆت هەبێت، بڕوات بەبوونی بیرەکانی خۆت هەبێت، ڕاستە دیکارت بڕوای بەوە هەبوو کەدەرەوەی مرۆڤ پڕە لەکاریگەر، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو پرسیارەشی دەکرد کەئایا شتێك هەیە لەدەرەوەی ئێمە؟ لەگەڵ هەموو گومانەکانیدا بڕوای بەوە هەبوو کەخۆی هەیە، کەواتە دیکارت لەو کاتەدا بڕیاری مەرگی یەکجارەکی



www.pertwk.com

بەسەر بیرو هەستەکاندا دەدا، کەدڵنیا بوایە لەوەی کەخۆی نییە، کەواتە سڕینەوەی خۆی واتە نەمانی هەموو شتێ "زۆر پرسم وەك پرسێکی جێی متمانەو بڕوا قبوڵ کردبوو و وەرم گرتبوو، بەڵام لەدوایییدا بۆم دەرکەوتن ئەو پرسانە جێی گومانن[7].

لەنێو جەستەدا زۆر شت هەن کەوا بەڕوونیو بەناڕوونی دەردەکەون، لەجیاوازیی لەنێوان بوون و نەبووندا دەکرێ هەست بەو شتانە بکەین. ئەم گومانانەی لەناخی فەلسەفەی دیکارتیدا دەبینرێن، سەرچاوەیەکن بۆ دیاریکردنی پوونتی ڕاستی دیاردەکان، بۆ ڕێگا خۆشکردن بۆ هەست، کەبتوانێ پەی بەو خاڵانە ببات کەبەشدارن لەهەڵبژاردنی دیاردە یەقینەکان.

زۆر لەبیرکەرەوانی پاش دیکارت هەوڵیاندا لەم گومانەی دیکارت بکۆڵنەوە، کاری زۆریانکرد، بەڵام لەو خاڵەدا تووشی سەرسوڕمان بوون کەبۆچی دیکارت لەهەموو شتێك گومانی دەکرد نەك لەخۆی، ئەوەی لەهەموو شتەکانی تر خاڵێکی گومانی دانا بەڵام بۆ ئەوە هیچ گومانێکی نەبوو، کەئەو وەك بوونێك هەیە، ئەمەش ئەنجامی ئەو بۆچوونەی دیکارتە لەمەڕ پرسی مەرگ و ژیانی دیاردەکان، لەهەموو شتێکدا شتێك لەنازیندویی دەبینێ کەئەویش گومانە، گومان واتە سنوری نێوان ڕاست و هەڵە، بوون و نەبوون، دیارو نادیار.. هتد، بۆیە ڕووی دووەمی، واتە ژیان و مردن.. دیارە دیکارت کاتێك کەدەیویست لەدیاردە یەقینەکان بکۆڵێتەوە، هەنگاوی گومانی لەپێش خۆی دادەنا "بەڵام لە "تەئەمولی سێیەم"دا دیسان ئەم خاڵە ئەخرێتە ڕوو کە ڕەنگە خودا ئەم ئەندێشەو گومان ڕایەی خستبێتە دڵمەوە.."[8].

زۆربەی زۆری فەیلەسوفە ئیکستینالیزمەکان ئاماژەیان بەپەیوەندیی نێوان ژیان و عەقڵ و مەرگ داوە، لەلای ئەوان تەوەری سەرەکی باس لەمەڕ پرسی بوون و نەبوونە، بوون بەپێی تیۆرەکانی ئیکستینالیزمی لەبوونی چالاکیەکانییەوە بوونی پەیوەندییەکانی بەدەردەکەوێت، ڕەنگە بوونێك



لەدەرەوەی گرفتە خودییەکان، هیچ مانایەکی نەبێت، بەڵام بوونێ لەگەڵ پەیوەندییە خودیەکان مانایەکی هەیە. یەکێك لەگرنگترین پەیوەندییەکانی بوون لەلای کیرکیگارد ئەوەیە کە دەبێ (بیر) پاشگەزبوونەوەی نەبێ لەبوونی خودی خۆت، هەموو بوونێك بەپێی بۆچوونی کیرکیگارد حەقیقەتێك لەناخیدایە کەبەپێی ئەو حەقیقەتە خۆیان دەناسن، واتە بەنەمانی ئەو حەقیقەتە کەسێتیو ناسینی دەکەونە بەر هەڕەشەی نەمان و لەناوچوون، کەسێك بیەوێ دەرەوەی خۆی بناسێ دەبێ خۆی بناسێ، لێرەدا ناسین بەمانای هەستکردنە بەبوون، بەمانای هەستکردنە بەژیانی مرۆڤ لەچوارچێوەی پەیوەندییە ئیکستالیزمیەکانەوە. کیرکیگارد ڕای وایە هەر بیرێ کەدرکی بەشتەکان نەکرد، ئەوە مردووە. ئەگەر ناخ خاوەنی حەقیقەتێکی ناخی نەبوو ئەوە مردووە، بوونی بیریش لەپەیوەندی لەگەڵ دیاردەکاندا حوکمی بەسەردا دەدرێ، لای کیرکیگارد بوون ئەوەندە گرنگە ڕەنگە لەهەموو پەیوەندییەکان مەزنتر بێت: "دەتوانم هەموو شتێك نەفی بکەم، تەنیا خودی خۆم نەبێت، تەنانەت ئەو کاتانەش کەدەشخەوم، ناتوانم خۆم لەبیر بکەم"[9].

بەم جۆرەو بەپێی ڕاکانی کیرکیگارد زۆربەی ڕاستییەکان لەوکاتانەدا هەست بەنەمان و مەرگیان دەکرێ کە لەجەستەو ناخی ڕاستەقینەی بوونەوە نەیەنە دەرێ، کەواتە بەپێی بۆچوونی ئەم کابرایە بوون لەو کاتانەدا ئامادەیە کەناخی خۆی پەیوەست بکات بەو پەیوەندییانەی کە لەناخی خودی خۆیدا ئامادەن.. تازەبوونەوەو هەستکردن بەبوونی حەقیقەت تەنیا لەکاتی دووبارە لەدایك بوونەوە دێتەدی، بەپێی ئەو لەدایك بوونە نوێیە بوونێکی پاراو دێتە ئاراوە، بۆ کیرکیگارد بەرامبەر وەستان دژ بەسوکراتیزم واتا ناتەواوی، ناتەواوی و ناکامڵ بوون. کێشەی مەزن لای کیرکیگارد (بوون)ە. بەبێ ئەم کێشەیە هەموو دیاردەکانی دی ئاشکران، هەر بۆ ئەم کێشەیەش لەچەندین بەرەوە جەنگی بەرپاکردووە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە "بوون" و "نەبوون" بوونی لەسەروی هەموو



www.pertwk.com

کێشەکانەوە داناوە، دیارە ئەم کارە هەروا بەچەند زاراوەو چەند لاپەڕە نووسینێ کۆتایی نەهاتووە، لەزۆربەی کارە فیکرییەکانیدا بەڕاشکاوی پێی لەسەر ئەوە داگرتووە، کەگشت ئەو فەیلەسووفانەی پێش خۆی خیانەتیان بەرامبەر بە "existentialism" کردووە، بۆیە بەڕاست و چەپ کەوتووەتە ڕەخنەگرتن لێیان و، بگرە لەهەندێ کاتدا پێچەوانە کردنەوەی ڕاکانیان. بۆ نمونە "کیرکیگارد" بە پێی وتەکانی خۆی گاڵتەجاری بەهیگڵ دەکات و دەڵێ: "ئەگەر ئاسان بێ مرۆڤ لەخەیاڵدا ئایدیالست بێ، ئەگەریش وەك ئایدیالیستێ دەرکەوێت ئەوەیان شتێکی ترە"[10].

"بوون" ئەوەندە تەنگی پێ هەڵچنیووە کەنەتوانێ ئەو واقیعانە تەحەمول بکات کەپێچەوانەی لێکدانەوەو بیری /بوون/ و /بوون گەرێتی/ بن. هەروەها لەو لایەنەشەوە بەبێ دوودڵی ئاشکرای دەکات کەعەقڵی بوون، بوونی عەقڵ لەگەڵ مەرگی مرۆڤدا ئامادەن، واتا بەمەرگیش بوون بەمانایەکی تر ئامادەیە.

بەمجۆرە لای ئەم بێ سێ و دوو بوون واتا ئەفراندن، ژیان، بەردەوامی، لەبەرامبەریشدا حەتمەن شتێك هەیە پێی دەوترێ، پاشکەوتوویی و مەرگ و ڕاوەستان لەشیکردنەوەی ڕۆحدا هەمیشە کیرکیگارد بۆ ئەو توانایە دەگەڕێ کەبەردەوامی دەبەخشێتە شتە سوودمەندەکان.

لەمەڕ پسی بوون و نەبووندا دەکرێ زۆر بوترێ و زیاتر بەنێو کون و قوژبنی فەلسەفە جۆراوجۆرەکاندا بچینە خوارێ، بەڵام دەکرێ یەك ئاماژەی زۆر گرنگ بکەم کەوا لەنێو هەموو قوتابخانەو ڕێچکە فەلسەفیەکاندا "ئیگزاستینتالیزم واتا بوونگەری" لەهەموویان زیاتر خۆی بەم پرسەوە سەرقاڵکردووە کەپاشان دێینە سەر باسی یەکێك لەوانەی کە لەهەمووان زیاتر عەقڵی و لێکدانەوەکانی خۆی بۆ پرسی بوون و نەبوون و ژیان و مەرگ تەرخان کردووە کەئەویش (سارتەر)ە.

بەڵام چەند لەم بابەتە قوڵبینەوە بۆ پرسی قوڵتر دەڕۆین و باسەکە زیاتر قووڵ دەبێتەوە، بۆیە هەوڵدەدەین لەڕێچکەی مەرگ بکۆڵینەوە، وەك



دیاردەیەك لەپەیوەندی لەگەڵ دیاردەکانی داهێنانی مرۆڤدا.. چونکە پرسی مەرگ تەنیا لەخودی مەرگ و چەمکی مەرگدا ناوەستێ، قووڵی باسی مەرگ لەهەموو ساتەکان و دیاردەکاندا ئامادەیە هەموو گرفتەکانی فەلسەفە لەکۆتاییدا بۆ چەمکی ژیان و بوون دەگەڕێنەوە، ژیان و بوون لەهەموو شتێکدا، لەهەموو دیاردەکاندا، دیارە بەبڕواو لێکدانەوەی فەلسەفی مەرگ ئەو ساتانەیە کەگۆڕانکاریی لەبووندا ڕوودەدات. هەمووشیان گرفتیان ئەوەیە کەئایا بوون لەپێناوی "مەرگ"ە، یاخود "مەرگ" لەپێناوی بوونە. وەك لەزۆربەی هەوڵە فەلسەفیەکاندا دەبینین چەندین دوو دژەلایەن ڕووبەڕووی یەکتری دەوەستنەوە، وەك هەست و ژیان، نەفس و جەستە، بوون و نەبوون، ماتەریاڵ و ڕۆح... هتد. ڕەنگە هەندێ لەو شتانەی بەدیاردە ژیانن، وەك مەرگ ڕەنگ بداتەوە، لەجیهانداو لەتێڕوانینی سروشتیدا نەمانی جووڵەو ڕاوەستانی ڕۆح بەمانای مەرگ. بەڵام لەنێو لێکدانەوەی فەلسەفیدا مەرگ نابەردەوامی و نابزووتن و تا ئیستاتیکای (ڕۆح)ە، ئەمانە هەندێ لەو چەمکگەلەن کەدەچنە دووتوێی لێکدانەوەکانەوە.

هایدگەر ڕای وایە کەوا مرۆڤ بێ کۆتاییە، دەتوانین بڵێین هایدگەر کەوا دەڵی مەبەستی لەبێکۆتایی زەمەنییە، کەئەویش چەمکێکە لەپەیوەندی لەگەڵ بوون‌و نەبووندا، مرۆڤ دەتوانێ لەچوارچێوەی داخراودا پەیوەندییەکانی دیاری بکات، بەڵام لەچ چوارچێوەیەکەوە؟ هایدگەر دەڵێ:"چۆن دەتوانین لەبارەی مەحدودیەت‌و کۆتایی مرۆڤ پرسیار بکەین؟ ئایا ئەم پرسیارکردنە بەڕاستی کارێکی جدیە؟"[11] ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ بەشێکی تری لێکدانەوەکانی و دەربارەی بوون و زەمەنی مرۆڤ پرسیار دەکات، دەیەوێ زۆرتر لێکدانەوەکانی لەمەڕ مرۆڤەوە ببەسێتەوە بەو پرسیارە ئەزەلیەوە هایدگەر لەمەڕ لێکدانەوەی بۆ بوونی مرۆڤ نایەوێ بپرسێتە کەمرۆڤ چییەو بەس؟! بەڵکو دەیەوێ پرسیاری گرنگ لەچۆنیەتی



www.pertwk.com

ئەو بوونە بكات، لەهەموو نووسینەكانیدا دەگەڕێتەوە بۆ لای مرۆڤ، واتا بوون لای ئەو وابەستەیە بەبوونی مرۆڤەوە.

لەیەكێك لەكتێبە بەناوبانگەكانیدا (Being on Time) كەباس لەبوون دەكات، لەچوارچێوەی لێكدانەوەیەكی ئەنتولۆجیانەوە، هایدگەر هەمان ڕێچكەی كیركیگاردی گرت لەسەرەو خواركردنی ڕاكەی دیكارت لەمەڕ مەسەلەی بوون "من هەم كەواتە بیر دەكەمەوە). هایدگەر ئەم خاڵە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو: "دیكارت بە Cogito Sum "من بیر ئەكەمەوە كەواتە هەم" جێگایەكی مەحكەم و پتەوو نوێی بەخشییە فەلسەفە. بەڵام كاتێك كەدەستی بەم ڕێگا ڕادیكالە كرد شتێ كە بەنادیاركراوی بەجێهێشت، جۆرێك بوو لەبوون پەیوەستە بە res cogitans "ناسراوی" یان بەشێوەیەكی ڕوونتر و وردتر پەیوەستە بەمانای بوون Sum "هەم"[12].

هایدگەر ویستی ئەوە بسەلمێنێ كەهێشتا لەم زەمەنەدا پاش ئەو هەموو ململانێ و ڕێچكەو خەباتی فەلسەفی و ڕووباری لەعەقڵی فەلسەفی، هێشتا فەلسەفە نەیتوانیوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە كەئایا مانای بوون چییە، بوون چ مانایەكی هەیە؟.. هەر بۆیەش لەپاش ئەو هەموو ململانێ دوورو درێژەی نێوان هەردوو ڕێچكەی مەزنی فەلسەفی "ماتەریالیزم و ئایدیالیزم" هێشتا پرسیاری ئەزەلی لەمەڕ مانای (بوون)ە. ڕەنگە بۆ كەسێ كەخۆی تەسلیمی ڕێچكەیەكی فەلسەفی كردبێ ئەوا گەڕان و مانا لای ئەو هیچ مانایەكی نییە. چونكە ئەو خودی خۆی مانای پەتی لایەو پێویستی بەگەڕان نییە، بەڵام ئەوەی كەسەری زۆربەی بیرتیژانی عەقڵی فەلسەفی هێناوەتە لەرزین ئەوەیە، كەئایا لەفەلسەفەدا بەڕاستی وەڵامی بوون دراوەتەوە؟ هایدگەر بێ دوودڵی دەڵێ: نا؟ وەڵام نەدراوەتەوەو دەشبێ بەردەوام بین لەگەڕان بەدووی وەڵامی پەتیدا.

هیوبرت درایفوس لەكتێبێكیدا بەناونیشانی بوون لەجیهاندا، كەڕاڤەكردنی كتێبەكەی هایدگەرە، بوون و زەمەن.. دەڵێ: "هایدگەر



دەڵێ: سونەت، وەسف كردن و شیكردنەوەیەكی نادروستی بۆ مرۆڤ كردووە. لەم ڕووەوە بەناونیشانی یەكەمین هەنگاو لەخستنە ڕووەكانی خۆیدا، هەوڵئەدا شیكردنەوەیەكی تازە دەربارەی ئەوەی كە (مرۆڤ بوون) چییە بدات بەدەستەوە. ئاشكرایە ئەنجامەكانی ئەم كارە، ئەگەر ئەنجامێكی هەبێت، بۆ هەر ژن و پیاوێك كەبیەوێ تێبگات كەخۆی چ بوونەوەرێكە، گرنگییەكی فراوانی هەیە"[13].

نەك بەو مانایەی كەئیتر لەپاش خوێندنەوەی هایدگەر دەگەینە ئەنجامی پەتی، بێگومان خودی هایدگەر ئەویش لەدوادواكانی ژیانیدا لەوە بەگومان بوو كەوەڵامی پەتیی بەم پرسیارانەی داوە. هایدگەر هەروەك زۆربەی زۆری لایەنگرانی بیری گەڕان بەدوای مانای بوون و بێكۆتایی مرۆڤدا، شیكردنەوەكانی خۆی بەو مەودایانە دەبەستێتەوە كەپابەندن بەلێكدانەوەی بوون، وەك دیاردەیەك لەژیان و مەرگ، نەك تەنیا ژیان و مەرگی جەستەیی، بەڵكو ژیان و مەرگی ئەو ساتانەو لێكدانەوەكان.. هەروەك سەبجێكت لای هایدگەر بەشێكە لەپەیوەندی بوون و نەبوون. دروست بوون یان بەوتەیەكی تر شتێك لەحاڵەتێكەوە دەبێ بەحاڵەتێكی تر بۆ نمونە پارچەدارێ كەدەبێ بەپێنووس لەكارگەیەكدا، درەختێ لەشتێكی زۆر جیاواز دەگۆڕێ بۆ شتێكی زۆر جیاوازتر، ئەمە دروست بوونە (بێگومان نەك بەمانا پیشەسازییەكەی، بەڵكو بەمانا گۆڕانكارییەكەی)، گواستنەوە لەحاڵەتێكەوە بۆ حاڵەتێكی دی، ئەمە ئەو گۆڕانكارییەیە كەمرۆڤ لەحاڵەتی پێنووسدا نایبینێ. درەخت لەپەیوەندی لەگەڵ زەمین خاوەن ڕەگ، قەد، لق و پۆپ، گەڵا، بەر.. لانەی كۆترو ماتەریالی شیمیایی.. ئەم درەختە لەیەك بووندا دەبینرێ كەدرەختە، كەسێك كەیەكەم ڕوانین دەڕوانێتە درەخت، میوە، یان گەرمكردنەوەی بیردەكەوێتەوە، دیارە بۆ كەسێ لەبرسیترین چركەی ژیانیدایە تەنیا بیر لەبەرەكەی دەكاتەوە، بۆ كەسێ كەلەبەر سەرمادایە تەنیا وەك سووتەمەنی دەڕوانێتە ئەو درەختە.. بەڵام خۆی لەڕاستیدا ئەگەر ئەو دوو كەسە



www.pertwk.com

پێنووسێ بدەیتە دەستیان بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەو پێنووسە بەشێکە لەو درەختە، لێرەدا درەخت کەدەچێتە نێو بڕین و داڕزین و پارچە پارچەکردن دەبێ بەشتێکی دیکەش، بەڵام درەخت لەنێو یەك ڕوانیندا هەر درەختە. هەر درەختی خۆی بەشێکە لەو بوونەی کەهەیەتی ڕوانینی ئەو مرۆڤە وەك میوەو ئەوی دیکەیان وەك سووتەمەنی، لەوە کەم ناکاتەوە کەهەر درەختە، کەسێك بەبڕوای دەڕوانێتە درەختەکە وەك سووتەمەنی ئەوی تر لەسەر زەوی بەڕەگ و بەرو میوەوە دەڕوانێتە میوەو بەرەکەی.. بەڵام بوونی ئەو هەر تەنیا بوونی درەختی خۆیەتی.. لەم سەرچاوەیەوە دەتوانین بڵێین، عەقڵی داهێنانی مرۆڤ بۆ هەر شێوەیەك دەڕوانێتە درەخت، چ وەك دیمەنێك بۆ جوانی یان بۆ سێبەر یان دەرمانێ بۆ نەخۆشیێ یاخود کورسیەك بۆ پاشایە یان تەختەیەك بۆ داپۆشینی مردووەیەك یان پارچەیەك لەپردێ بۆ پەڕینەوە.. ئەو تەنیا بوونێکە لەژیاندا بەزەوییەوە، تەنیا بوونی درەختە، بەڵام لەمردنیدا، چەند بوونێکی لێدەبێتەوە، ناتوانین ئینکاری ئەوە بکەین، کەمردوویێتی ئەو لەدیاردەکانی تردا، مردنێکە لەڕوانینی بەکارهێنەرەکان و زیندوێتیدا.. کەواتە درەخت شتێکە.

هایدگەر "توانامان پێدەبەخشێ تا لەشتەکان بگەین"[14] ئەویش بەوەی هەرچی کاتێك دەرگا لەسەر پرسی بوون داخراوە، دەیخاتە سەر پشت، سەرەڕای ئەمەش بەڕوویەکی شیکارانەوە باس لەبوون‌و زەمەن دەکات، هایدگەر پاش هەموو لێکدانەوەکانی ڕای وایە کە /بوون/ لەبەرامبەر مەرگدا بەنامۆیی دەمێنێتەوە، هەروەها بڕواشی وایە کە هەر فەلسەفەیەك ئەگەر هات و لەبەردەم تێگەیشتنی مرۆڤدا بۆ گەردوون و بوون تووشی بن بەست بوو، ئەوا ئەو فەلسەفەیە لەمەرگێکی حەتمیدا دەژی. واتا گرنگی فەلسەفە لای هایدگەر لەوەدایە کە لەمرۆڤ و بوون و تێگەیشتنی پەیوەندییەکان بگات، واتە هەر فەلسەفەیە لەدەرەوەی قەیرانەکانی گەردوون و مرۆڤ، واتا مەرگی خۆی "بۆ نمونە بوون بەمانای ئێستا، لەبەر ئەوەی ئێستایە، کەواتە بۆ زەمەن دەگەڕێتەوە"[15].



هایدگەر مەبەستی ئەوە نەبووە وەك "ئەگزیستانسیالیستێ" ناوی بەرن بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە زیاتر لەمانای بوون قووڵبێتەوە، بۆیە لەم ڕووەوە چەندین لێکدانەوەی بۆ بوون کردووە. بەجۆرێك لەبیرکردنەوە ڕاماوە وەك شتێك، واتە لای ئەو بیرکردنەوە ڕێگایەکە، هەندێ لەلێکۆڵەرەوانی هایدگەر ڕایان وایە کە(هایدگەر) ڕێگای دەستنیشان کردووە لەفەلسەفەو ڕێگای پیشانداوە، بەڵام ڕێگای بەکێ نیشانداوە؟ ئەمەیان پرسیارێکە لەو هەموو پرسیارانەی کەهایدگەر مەبەستی بووە لێی بکۆڵێتەوە، بەڵام وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد ڕێگا لای ئەم بریتیە لەڕێگای بیرکردنەوە، بەهەرحاڵ ئەوەی مەبەستە لای ئێمە، مەسەلەی ئەنتۆلۆجیاو ڕۆح و زەمەنە، هەروەها ئەوەی لەم بوارەدا پەیوەستە بەباسەکەی ئێمەوە.. هایدگەر هەرچەندە لەم بارەیەوە دەڵێت "ناتوانرێ هیچ شتێك لە بارەی نەبوون و هەستی‌و نیهیلستییەوە بوترێ، هەروەها ناشتوانرێ هیچ جۆرە زانیارییەك دەربارەی گەوهەری ئەو چەمکانەو گەوهەری وتاریان پێشکەش بکرێ"[16] لێرەدا مەبەستی ئەو پێشکەش کردنانەیە کەمانای پەتی (موطلق) بەو چەمکانە دەبەخشن، یان دەیانەوێ دوا سنور بۆ لێکدانەوەکانیان دانێت، ئەمە ئاستەنگێکە کەمرۆڤی لەبەردەم ئەو نهێنییە سەرسوڕماوییە ڕاگرتووە، ئایا بڕیاربدات یاخود بوەستێ "هایدگەر بەخستنەڕووی نامومکین بوون لەڕاڤەکردنی واژەی بوون" هەوڵی ئەوەی داوە کەزمان لەمیراتی ئەم ناتەواوی و ئەم بەدفامییە ئازادبکات"[17].

لێرەوە سنورێك بۆ ڕاڤەکردنی بوون و پەیوەندییەکانی بوون لای هایدگەر شێوەی ناکامڵی بەخۆیەوە گرتووە، واتا شتێك کەئامادەبێ و دیاردەیی بێت ئەوەندە جێی گومان و جێی قوڵبوونەوە بێت، بێگومان مەرگ کە نائامادەییەکی قووڵی لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە، ئەوا دەبێ زیاتر بەگومانەوە تەماشای لێکدانەوەکان بکەین. مەرگ دیاردەیەکە لەدەرەوەی بوون تەماشای دەکرێ، واتا لەدەرەوەی ڕۆح؟ لێکدانەوەکان هەروا



www.pertwk.com

بەئاسانی ناتوانن بڕیاری ئەوە بدەن ئایا مەرگ چییەو لەچ حاڵەتێکدا پێی دەوترێ مەرگ؟ ئایا زەمەنی مەرگ کەیەو لەچ پوونتێکدا دەست پێ دەکات؟ ئایا مەرگ هەیە یان تەنیا ڕوانینی مرۆڤە بۆ ئەو شتە وەستاوانەی کەمەرگی دروستکردووە؟ ئەمانەو گەلێ پرسیاری دیکە: کەدەکرێ لێرەوە دەست پێبکەین بۆ ئەوەی لەوە بگەین کەڕاستی مەرگ چییە؟

**مەرگ**:

ڕەنگە مەرگ لەنێو تێگەیشتنی باودا بریتی بێت لەڕاوەستان و نەمانی جوولەو هەست و ئامادەیی لەجەستەی مرۆڤ یان هەر گیانلەبەرێکدا، ڕەنگە ئەم بۆچوون و بیرکردنەوەیە تاڕادەیەك ڕاست بێت، بەڵام لەفیکری فەلسەفیدا ئەم لێکدانەوەیە جێگای گومانە، چونکە ئەم ڕوانینە لەنێو فیکری فەلسەفیدا جۆرێکە لەموتڵەقیەتی بنبەست.. لەهەر جەستەیەکدا، جاچۆن جەستەیەك بێت چ جەستەی ڕۆح دار، یان جەستەی بێ ڕۆح، حاڵەتێك هەیە لەنێوان ئەم مەرگی موتڵەق و ژیانی موتڵەقەدا، کەلێکۆڵینەوەی فەلسەفی دەیەوێ لێی بکۆڵێتەوە، یەکێك لەڕوانینە هەرە نوێیەکانی فەلسەفە بڕوای وایە نەژیان و نەمەرگ هیچیان موتڵەق نین، بەڵکو ڕوانینی مرۆڤ ئەو موتڵەقیەتە دروست دەکات، هەروەها یەکێك گەر بیەوێ زیاتر لەم مەودایە بکۆڵێتەوە بێ سێ و دوو دەبێت هەنگاوی ئەوە هەڵهێنێ و لەوە بگات کەژیان جۆرێکە لەململانێ لەگەڵ ئەو ڕووەی تری ژیان کەپێی دەوترێ مەرگ.

لەململانێی مەرگ و ژیاندا هەمیشە شتێك هەیە پێی دەوترێ نێوەند، واتە نێوەندێ کەبەشدارە لەدووبارە نووسینەوەی ئەو حاڵەتانەی کەبەشدارن لەپێکهێنانی ئەم دوو دیاردەیە، واتا دیاردەی ژیان و مەرگ. ئەم نێوەندەش لەئەنجامی ئەو هۆکارە هاتۆتە کایەوە کەخۆر هەڵدێ دەبێ چاوەڕوانی ئاوابوون بکرێت، بەبێ ئاوابوون خۆر مانای نابێت، شتێك نابێت پێی بوترێ شەو بەبێ خۆر، شتێك نابێت پێی بوترێ ڕۆژ..



بەمجۆرە هەردوو دیاردەکە پەیوەستن بەیەکەوە، بەڵام ئایا بەڕاست ڕۆژو شەو بەشێکن لەیەکتری؟ بێگومان نا، بەڵکو دژی یەکترین، بەڵام ئەگەر لەڕووی زانستییەوە لێکی بدەینەوە بەڵێ بەشێکن لەیەکتری، چونکە ئەگەر یەکێك لەوان نەبێت مانایەك نییە بۆ ئەوی تر، مەرگیش گەر نەبێ ژیان ئەو مانایەی نییە؟ بەڵام لەڕووی واقعی و زانستییەوە دەکرێ بەڕووناکییەکی لەڕادەبەدەر شەو بکرێ بەڕۆژ یان بەپێکهاتنی خۆرگیرانێ ئیتر بەهەرچ شێوازێ بێت شەو دروست بێت! یاخود بۆ کەسێك کەشەو کاردەکات و ڕۆژ دەنوێ ئەو مانایانە هەڵدەگەڕێنەوە. مانای مەرگ و ژیانیش بەشێکە لەو تێڕوانینانەی شەوو ڕۆژ، بەڵام لەحاڵەتی مەرگدا جۆرە نەبزووتنێ هەیەو بەڵام لەحاڵەتی ژیاندا بزووتن هەیە، هەردوو دیاردەکە لەبەرچاوی مرۆڤدا، دژە دیاردەن، هەر بۆیە زۆربەی زۆری دیاردەکانی ژیان لەو دوو حاڵەتەدا بڕیاری لەسەر دەدرێ، گەر نەجوڵێ مردووە، گەر بجوڵێ ژیانی تێدایە، لەڕووی زانستییەوە لەشێ کەبەشەکانی وەستا واتا مردووە، کەبەشەکانی واتا ئۆرگانەکانی نەیانتوانی هەست بەئەرك و سروشتی خۆیان بکەن ئەوا دەمرن! بەڵام ئایا ئەمە لەعەقڵ و لێکدانەوەی فەلسەفیدا وایە؟ ئایا جەستە (ئیتر هەر جەستەیەك بێت) هەر بەوەستان مردووە. هەندێ لەزانیاری و ئەزمونە نوێکان بەگومانەوە دەڕواننە ئەم دیاردانە، ڕەنگە زۆر جەستە بتوانێ بەشدار بێت لەدروستکردنی جەستەیەکی نوێدا، لەجەستەیەکی مردووەوە جەستەیەکی نوێ دروست بێت، زۆر جەستە هەن کەدەمرن پاش ماوەیەك هەر لەو جەستانەوە کرم و مێروی زیندوو دروست دەبن!! ئایا ئەگەر واقیعەن مردوون چۆن بەرهەمیان دەبێ؟ نامەوێ بچمە نێو زیاتر لێکدانەوەی زانستی لەچۆنیەتی دروست بوون و نەشونماکردنی ئەو دیاردەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی وردبوونەوەیە، چۆنیەتی ڕوانینی مرۆڤە بۆ دیاردەی مەرگ.. مەرگ لەجەستەیەکی مردوودا بەو شێوەیە ئامادەیە کەجەستەکە بێ ڕۆحە، بەڵام ڕۆح بەمانا فەلسەفییەکەی ئەو جوولەو ئەرك و هێزانەیە کەبەشدارن لەبەهەستکردنی



www.pertwk.com

جەستەدا، واتا جەستە دەكات بەشتێك كەتواناى دروستكردنى پەیوەندى هەبێت، پەیوەندى لەگەڵ دەرەوەو ناوەوەى خۆى، بەمجۆرە بەئامادەبوونى ڕۆح، جەستە بەشێكە لەپەیوەندى، بەڵام گەر هاتو ئەو ڕۆحە نەما، یاخود ئەو (ڕۆح)ە وەك بەڕاى ئایدیالیستەكان لەجەستەدا ڕاچڵەكاو دەرباز بوو چووەوە بۆ لاى خاوەنەكەى، دیاردەیەك لەجەستەدا دروست دەبێت پێى دەڵێن دیاردەى مەرگ، واتا جەستە دەبێتە دیاردەیەك لەدابڕانى پەیوەندى. لەژیاندا، ئامادەبوونى پەیوەندى هێزێكە كەئەركى ئەو جەستەیە دەگۆڕێ، كەسێك گەر دەڕوانێتە هەر جەستەیەك لەو پەیوەندییەدا حوكمى بەسەردا دەدات ئاخۆ زیندووە یامردوو، هەروەها زۆربەى زۆرى ئەو دیاردانەى كەپەیوەندى دروست دەكەن ناتوانن لەنێو ئەو بازنەى جەستەیەدا ئامادەبن كەڕۆح تیایدا ئامادە نییە.

## بەدواى یەكداهاتن:

چەمكى فەلسەفى بەدواى یەكداهاتن مشتومڕێكى زۆرى لەسەر كراوە، بەتایبەت لاى هیگل لەبارەى لێكدانەوەى هونەرو جوانى و مەرگى جوانى و ئیستاتیكاى ژیان، ئەم چەمكە زیاتر لەپرسى مێژووەوە نزیكە، دەتوانێ ئەو زنجیرە پەیوەندییانە بەیەكەوە ببەستێتەوە كەپاش یەكترى دێن بۆ ئەوەى ئەو ڕێڕەوە تەواو بكات كەئەنجامەكەى دەگاتە كامڵبوون. لەهەردوو بەشى مەرگ و ژیاندا بەدواى یەكداهاتن ئامادەیە، لەهەردووكیشیاندا چێژى بوون‌و نەمان هەیە، ئەم بوون‌و نەمانە لەهەردووكیاندا یەك ئاستى نییە، لەقۆناغى مەرگدا بەدواى یەكدا هاتن بارێكى سەنگین‌و ئاڵۆزو تراژیدیانەى هەیە، كەچارەسەرو لێكدانەوەكانى گەلێك سەنگینن و هەروا بەئاسانى نایەنەدى، لەمەرگدا بەدواى یەكداهاتن ڕوویەكى شاراوەى هەیە، لەمەرگدا هەموو شتە جوانەكان دەسڕێنەوەو دەسەڵاتى تراژیدیاو نامۆبوون زاڵ دەبێت‌و مەوداكانى كامڵبوون بەرەو كورت بوونەوە دەچن، ئەمە سەرەڕاى بوونى بڕینى ئەو زنجیرانەى كەهەستەكان پتەو دەكەن.



لەژیاندا ئیستاتیكا بەهەموو دەسەڵاتیەوە بەشدارى لەپێكهێنانى ئەو پەیوەندییانەدا دەكات كەدەبنە هۆى دروستكردنەوەى زنجیرەى جوانكارى‌و تێگەیشتن. هەروەها چێژێكى شیرین و پڕمانا یان بەواتایەكى تر چێژێكى ئێسك سووك Diachronigeue دەبەخشێ، واتە بەدواى یەكدا هاتنى ئەو دیاردانەى كە لەدایك دەبن و گەورە دەبن.

(ئەگەر ژیان‌و مەرگ لەو پەیوەندییە ئیستاتیكییەى خۆى دابڕێت، پەیوەندییەكى تر نییە لەخۆى بگرێ، چونكە تەنیا لەنێو پەیوەندى بەدواى یەكدا هاتن دەتوانێ مانا بەخۆى ببەخشێ، بەڵام ئەوەى لێرەدا گرنگە ئەوەیە كەئایا خودى بەدواى یەكدا هاتن یانى چى؟ لەچ كاتێكدا ئەم بەدوایەكداهاتنە پێدەگەن‌و دروست دەبن؟ بەدواى یەكدا هاتن واتە گواستنەوەى دیاردەكان لەقۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكى تر، بەو مانایەى پەیوەندییەكى قووڵى لەگەڵ زەمەندا هەیە، واتە زەمەنى دروست بوون و لەناوچوون، زەمەنى پێكهاتن‌و لێك جیابوونەوە، بەدواى یەكداهاتن ئەو ساتانەیە كەتیایاندا گۆڕان دروستدەبێ، مرۆڤ دەڕوانێتە پێكهاتنى خودى خۆى لەجۆرێك لەپێكهاتنى بەدووى یەكداهاتوو مناڵ خۆى نابینێ و هەست بەخۆى ناكات، ئەگەر نەڕوانێتە پێش‌و پاش خۆى، پێش خۆى چۆنیەتى هاتنە دنیاوە، پاش خۆى چۆنییەتى بەردەوام بوونى، مناڵ بیر لەباوك دەكاتەوە بیر لەدایك و باپیرو وەچەكانى پێش خۆى دەكاتەوە، هەروەها بەدواى خۆیدا هاتوو واتە منال‌و وەچەكانى پاش خۆى، لەبیرناكات. ئەمە لەسیستمى خێزاندا پەیوەندییەكە لەچۆنییەتى ڕوانین بۆ مرۆڤو پەیوەندییەكانى بەدواى یەكداهاتن، لەسیستمى باودا گەر كەسێ وەجاخ كوێر بێت، بەدواهاتنەكەى لەپونتێكدا دەوەستێ، ئەویش ئەوەیە كەئیتر بەردەوام نابێت. بۆیە لەلێكدانەوەى كۆمەڵایەتیدا مێژووى ئەو كەسە لەو پونتەدا كۆتایى دێت، كەسێك گەر نەزانێ بەدواداهاتنەكەى كەى كۆتایى دێت، ئەو كەسە لەلێكدانەوەى خۆیدا زیندووەو نەمرە، بەپێچەوانەشەوە هەروا ڕاستە، لەبەرئەوەى هەموو خودەكان دەیانەوێ لەو



www.pertwk.com

پونتەدا ئامادەبن کە بەدوای یەکدا دێن، هەموو مرۆڤێ کەپونتی خۆی ناسی، ئەوکاتە یان لەئومێددا دەژی یاخود لەنائومێدیدا، باسکردنی خاڵێکی لەم جۆرە لەبواری لێکدانەوەی سۆسیۆلۆژی یان فەلسەفی جیاوازییەکی قووڵی هەیە. ئەم پرسی بەدوایەکدا هاتنە پرسێکی دیالێکتکی عەقڵە. هەر کەس بەرەو مەبەستی خۆی ڕایدەکێشێ، زۆربەی زۆری لێکۆڵەرەوانی فیکری سورن لەسەر ئەوەی کەبەدوای یەکداهاتن دیاردەیەکە بەقوڵی لەهەموو بوارەکاندا ئامادەیە، واتا نەك تەنیا لەبواری سۆسیۆلۆژی و فەلسەفیدا، بەڵکو لەبوارەکانی زانستی و ئابوری و سایکۆلۆژیو.. هتدیشدا.. هەریەك لەم بوارانە ڕپن لەکارو هۆکاری بەدوای یەکداهاتن.. یەکێك لەگرنگترین خاڵەکانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کەپەیوەندییەکی قووڵ دەیبەستێتەوە بەگۆڕانەوە، گۆڕان ئەو خاڵەیە کەدەتوانین شان بەشانی بەدوای یەکداهاتن تەماشای بکەین.

مرۆڤی گۆڕاو ئەو کەسەیە زنجیرەیەك دەیبەستێتەوە بەو ڕووداوانەی کەوا یەك لەدوای یەك ڕوودەدەن، ئەو ڕووداوانەی لەقۆناغێکەوە دەیگوێزنەوە بۆ قۆناغێکی تر، نەك هەر تەنیا ئەوەندە، بەڵکو بەو دیاردانەی دەبەستێتەوە کەدەتوانێ هەست بەگۆڕانکارییەکانی بکات.

لەزانستی نوێدا دیاردە جینییەکان بەوە دیاری دەکرێن کەتاچ ڕادەیەك هاوکاری هەیە لەنێوان جینی باوانەکاندا، ئەو خانەیەی لەئەنجامی پەیوەندی ئەواندا دێتە ئاراوە، بەگۆڕانکارییەکی سەیردا تێدەپەڕێ و لەپاشاندا شتێکی نوێ پێك دەهێنێ، ئەو شتەی کەچاوەڕوان نەکراوە. کەسێك دەتوانێ لەنێوان پەیوەندییەکانی خۆی بەشدار بێت کەچی دەبینێو چی ڕوودەدا، بەڵام لەپرسی گۆڕانکاری جینەکانیدا ئەو توانایەی نییە کەدەستنیشانی ئەو ڕووداوانە بکاتو بیانبینێ، بۆیە لەدەرەوەی توانای ئەودا ڕوودەدەن، ئەمڕۆش لەلێکدانەوە نوێکاندا هەندێ جار ئەو جینانە لەبازنەی بەدوای یەکدا هاتندا دەردەچن، بۆیە شتی سەیرو سەمەرە ڕوودەدات، وەك ڕوودانی لەڕێ لادانی جینەکان لەکاری



پێکهێنانی سروشتی خۆیاندا، وەك تووش بوونی نەخۆشی جۆراوجۆرو ناڕێکی لەئەندامەکانداو، ناهاوسەنگی لەدابەش بوونی خانەکان بەسەر کۆئەندامەکانی لەشدا.. هتد، بەهەرحاڵ ئەوەی ڕوودەدات جۆرێکە لەپێك نەهاتنی ئەو بەدوای یەکداهاتنە سروشتییەی ئەندامەکان لەچۆنیەتی دابەش بوونیان و لەچۆنیەتی ئەرکەکانیاندا.. کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو خاڵەی کەبەدوای یەکداهاتن بەهەر جۆرێك بێت گرنگە بۆ ڕاگرتنی ئەو جۆرە هاوسەنگییەی جینەکانی مرۆڤ. بەڵام ئەگەر ئەو بەدوای یەکدا هاتنە تووشی نووشستی بێت ئەوا جۆرە ناتەواویەك لەکارەکاندا دەردەکەوێت.. ئەوەی سەرەوە کەڕەنگە لەڕووی زانستییەوە ئەرکی ئێمە نەبێت، چونکە دەچینە نێو خاڵە وردەکانی زانست و پێکهاتەیی خانەو شانەو کۆئەندامی.. ئەمەش لەدەرەوەی لێکدانەوەکانی ئێمەیە، ئەوەی خستمانەڕوو، بۆ ئەوە بوو کەبیخەینەڕوو، بەدوای یەکدا هاتن دیاردەیەکە لەهەموو چالاکییەکانی مرۆڤدا بەدەردەکەوێ. هەندێ کات کەدەچینە ناخی دیاردەکانی ترەوە، لەپرسی بەدوای یەکدا هاتندا تووشی سەرسوڕمان و گومان دەبین، هەندێك دەڵێن ئەم کارە پەیوەستە بەهەندێ تایبەتمەندییەوە لەمرۆڤداو، لەچۆنیەتی پێکهاتنی مرۆڤ وراپهدا دەوری گرنگی هەیە، بۆیە ئێمە نامانەوێ خۆمان لەخودی چەمکەکان بدەین، واتا وەك (وراپهو خوێن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی) ئەوەی دەمانەوێ بریتییە لەچۆنیەتی ڕوودانی پرۆسەی بەدوای یەکدا هاتنەکەو، خودی ئەم زاراوەیە چییەو چۆن ڕوودەدات و کەی ڕوودەدات و چ پەیوەندییەکی هەیە بەدیاردەکانی دیکەوە؟ هەندێ لەبیرکەرەوان دەڵێن یەکەمجار کەبوون و بوونایەتی هەبووە دیاردەی بەدوای یەکداهاتن هەبووە، نەك وەك یاسایەك بەڵکو وەك دیاردەیەك، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، سەرسوڕمان و گومانی مرۆڤ لەبەرامبەر ئەم دیاردەیەدا لەو سەرچاوەیەوە هەڵدەقوڵێ کەئایا بەدوای یەکدا هاتن ئەنجامەکەی چییە، کەواتە ئێمە ئێستا بەچوار



www.pertwk.com

پرسیارەوە وەستاوین: چییەو، کەی ڕوودەدات و چۆن ڕوودەدات‌و ئەنجامەکەی چییە..؟

پێش هەموو شتێ بەیەکداهاتن لەهەموو شتێکدا ڕوودەدات بەبێ ناوهێنان خۆشی خودی ئەم زاراوەیە، واتا بەستنەوەی هەموو پاش و پێشەکان بەزنجیرەیەك ڕوودان، جائیتر ئەو ڕووداوانە چی بن و چۆن بن، وەك لەسەرەوە لەدیاردەی چینەکاندا ئاماژەمان بۆیکرد! زەمەنی ڕووداوەکانی ئەم دیاردەیە زەمەنێکە نەناسراوە، نەدەتوانی دەست نیشانی بکەیت و نەدەشتوانی کاتی بۆ دابنێی، پێشبینیەکانی نهێنی ئامێزن، لەهەموو دیاردەکاندا هەندێ چرکەی ڕێژەیی هەن بۆ دەستنیشان کردنی ئەم پرۆسەیە، بەلاّم مەرج نییە تەواو سەد دەر سەد لەشوێن و ڕێگای خۆیدا دروست بێت. چۆنیەتی ڕوودانی هەر دیاردەیەکی بەدوای یەکداهاتن پەیوەستە بەچۆنیەتی ئەو بوارەی تیایدا ڕوودەدات لەهونەردا چۆنیەتی بەدوای یەکدا هاتنی کارێکی هونەری داهێنەرانە، پەیوەستە بەو هێزەی کە لەناخی هونەرمەندا دروست دەبێت بۆ لەدایکبوونی هونەرە داهێنەرەکەی، بۆ نمونە پێش ئەوەی هونەرمەندێ نەخشەو پلان بۆ داهێنانەکەی دابنێت، داهێنانەکەی خۆی دێتە ئەنجام و بریاری بوونی خۆی دەدات.

بەدواداهاتنی داهێنانی دووەمی یان سێیەمی ئەو هونەرمەندە خۆی دەستنیشانی ناکات، بەڵکو پەیوەستە بەپرۆسەی عەقڵی داهێنانی هونەرمەند خۆی. خودی خۆشی نازانێ، کەواتە هونەرمەند ئاگاداری ئەوە نییە چۆن ڕوودەدات و کەی ڕوودەدات.

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین. ڕاستە پەیوەندی بەدوای یەکداهاتن پەیوەستە بەزەمەنەوە، بەلاّم ئەو پەیوەندییە لەدەرەوەی توانای کەسەکانە، یاخود لەدەرەوەی ئەو شتانەیە کەبەشدارن لەم پەیوەندییەدا.

پەیوەندی بەدوای یەکدا هاتن لەگەڵ دەوروبەرەکاندا پەیوەندییەکی گەلێ ئاڵۆزە هەر دیاردەیەك تیایدا بەدوای یەکداهاتن بەشدارە، جۆرێك



لەپەیوەندی هەن کە لەگەڵ دەوروبەردا ڕوودەدەن و بەشدار دەبن، بەدوای یەکداهاتنی ئەو دیاردەیەی لەلای هونەرمەندێ ڕوودەدات لەئەنجامی کۆمەڵێ پەیوەندی ناوەکی و دەرەکییە، لەئەنجامی پەیوەندی عەقڵی هونەرمەندە بەدەوروبەرو بەناخی خۆیەوە، بۆیە زەمەنی دیاریکردنی ئەم پەیوەندییە لەسەر ئەو خاڵە بەندە کەدیاردەکە چییە کەوا بەدوای یەکداهاتنەکەی تیادا ڕوودەدات!!.. لەسایکۆلۆژیدا دەوروبەر ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لەپێگەیاندنی ڕەوشت و هەڵس و کەوتی منالّ لەکۆمەڵگەدا، بۆیەش ئەو بەدوای یەکدا هاتنەی لەخودی منالّدا ڕوودەدات، دەوروبەرەکەی دەستنیشانی دەکات.. پێکهاتنی پەیوەندی و جۆرە خوویەکی کۆمەلاّیەتی ئەو بەدوای یەکداهاتنە دەست نیشانی دەکات، کەوا لەکۆمەڵگەکەدا چۆن خووەکەو پەیوەندییەکە دەگرێتە خۆی و یەك بەیەکی تاکەکانی کۆمەڵ دەیگوێزنەوە بۆ ئەوانی تر.. بۆیە لەپرۆسەی بەدوای یەکداهاتنی هەر دیاردەیەك دەوروبەرو پەیوەندییەکانی دەوروبەر ڕۆڵی مەزن دەگێڕن لەچۆنیەتی پێکهاتن و ڕوودانی دیاردەکەدا..

بۆ ئەوەی قووڵتر لەم پرسە بکۆڵینەوە، لەمیانەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ شتەکان لێك دەدەینەوە، یان چاکترە بڵێین پەیوەندی لەگەڵ (دەق)دا..

**دەق**:

ئایا مەبەستمان لەدەق چییە؟ هەر تەنیا ئەو تێکستانەیە کەدەخرێنە سەر پەڕەو لەشێوەی ڕەش لەسەر سپی یان سپی لەسەر ڕەش دان. بێگومان نا! کەدەڵێین دەق هەموو ئەو دیاردانە دەگرێتەوە کە لەچالاکی مرۆڤدا ڕەنگ دەدەنەوە، وەك هونەرو زانست و فەلسەفەو نووسین و.. هتد.

هەموو ئەمانە بەدەق دەژمێردرێن، مامەڵەی ئێمەش لەم باسەدا لەگەڵ دەق لەسەر ئەم بناغەیەیە کەدەق هەموو شتێکە، ڕەوشتە، نووسینە، خووە، ڕووداوە، دەنگە، ڕەنگە.. هتد،



www.pertwk.com

(دەق) بەمانا پانتالیستیەکەی ئەو شتەیە کەپەیوەندیی هەیە لەگەڵ مرۆڤ، سروشت، بوون، نەبوون، گەردوون، بۆشایی.. هتددا.

(دەق) ڕاپەڕین و هەستان و کڕبوونەوەو کزبوون و سستی و مەرگە،

(دەق) کڵپەیە، گڕە، ئاگرە، پشکۆیە، خۆڵەمێشە، گەردە

(دەق) زەمینە، وشکانییە، دەریایە، ئاسمانە، ئەستێرەیە، چاڵە ڕەشەکانە.

(دەق) خودایە، پێغەمبەرەکانە، کتێبەکانی خودایە، بەهەشتە، جەهەنەمە.

(دەق) گریانە، هەنسکەیە، فرمێسکە، بزەیە، پێکەنینە، قاقایە.

هەموو ئەمانەو دەیەهاو هەزارەهاو ملیۆنەها شتی دیکە دەچنە خانەی دەقەوە.

لێرەوە ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەو ملیۆنە شتانە دەکەین، هەموو شتێ لای ئێمە گەر پەیوەندی دروست بکات (دەق)ە. زۆربەی زۆری ئەو دەقانە بەشێکن لەبوونی گیانلەبەر، بەشێکیان بەشێکن لەبوونی گەردوون.

(دەق)یش لەپەیوەندییە ئۆرگانییەکەی خۆیدا، لەنێوەندی تۆڕێکی چڕوپڕدا گەشە دەکات و پەرەدەسێنێ و لەدوا ترۆپکی کامڵ بوونیدا دەگاتە وەرگر، واتە بەپێی سیستەمی بەدوای یەکداهاتن قۆناغەکانی یەکەمی دەق بریتییە لەچۆنیەتی خۆپساندنی لەژێر دەستی داهێنەرەکەی، دووەم چۆنیەتی خۆگەیاندنیەتی بەو ئاستەی کەبتوانێ ببێ بەشێوەیەك بۆ سەرنج ڕاکێشان و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ دەوروبەردا. سێیەم بڕیاری خۆی دەدات کەچ جۆرە دەقێ بێت و چ چێژێ ببەخشێ، چ جۆرە دەسەڵاتێکی هەبێت.

کەواتە دەق لەدوا قۆناغدا دەبێ بەخاوەن دەسەڵات، بەڵام چ جۆرە دەسەڵاتێك ئەمەیان جۆری بەدوای یەکداهاتنەکە بڕیاری لەسەر دەدات. ئەگەر لەشێوەی بەدوای یەکداهاتنی ژیان بێت ئەوا ئەو دەقە تواناو دەسەڵاتێکی مەزنی دەبێ لەدروستکردنی ئەو پەیوەندییەی کەدەبێتە هۆی سەرکوت کردنی دەسەڵاتی مەرگ، ئەو دەسەڵاتەی کەدەتوانێ چێژی



دەق بسڕێتەوە. کەواتە دەق پابەندە بەزنجیرەی بەدوای یەکداهاتنەکان. ئەم زنجیرانەش پەیوەندییان بەوەرگرەوە هەیە.

هەر وەرگرەو بەشێوەیەك دەکەوێتە ژێر باری ئەو دەقەوە، لەیەك باردا ئەو دەقانە کاریگەری خۆیان نانوێنن، بەڵکو باری جۆراوجۆریان هەیە، سیستەم و بونیادی هەر دەقێ، دەبێ لەلێکدانەوەیدا بەسیستەم و بونیادی وەرگرەکەیەوە بەراورد بکرێت (جا چ تاکێك بێت یان کۆمەڵگەیەك) هەروەها قۆناغی گەشەکردن و زنجیرەی پەیوەندییە مێژووییەکانی گەشەکردنی ڕۆحی هەر وەرگرێ ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقێکدا.

نمونەش بۆ ئەم پرسە، دیموکراسییە، لەکۆمەڵگە گەشەکردووەکاندا واتا ئەو کۆمەڵگەیانەی کەهۆشیاریی کۆمەڵایەتی تیایاندا لەئاستێکدایە کەدەتوانێ پەیوەندییەکان دیاری بکات، مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی دیموکراسی ئاستێکی هۆشیارانە وەردەگرێ و بەراوردکاری دەکەوێتە نێوەندی قبوڵکردن و ڕەت کردنەوەوە نەك قبووڵنەکردن و ڕەفز کردنەوە، بەو مانایەی چالاکی دیموکراسی کۆمەڵگەی هۆشیار قۆناغی دەستەویەخە دەبڕێ، وتوویژو ڕاگۆڕینەوە جێگای دەگرێتەوە، لیبراڵیەتی ئەورووپی دەمێکە دەم لەوە دەکوتێ کەناکۆکییەك لەدەقە فیکرییەکاندا هەیە ئەوانەی لەمەڕ دیموکراسی دەدوێن، ئەوان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کەدەقی دیموکراسی دەبێت ڕەنگدانەوەیەك بێت بۆ خودی وشەی دیموکراسی.. ئەوان لەنێوان گومان و نادڵنیاییدا دەژین لەجۆری مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی دیموکراسیدا، گومان و نادڵنیایی بەو مانایەی ئایا ئەمان بەڕاستی لەو وشەیە گەیشتوون و بەڕاستی جێبەجێیان کردووە؟

بەڵام لەکۆمەڵگەیانەدا کەگشت پەیوەندییەکان شێوەیەکی شپرزەییان بەخۆیانەوە گرتووە، هەروەها گەشەکردنەکان لاوازن و گەشەی عەقڵ لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی باوکایەتیدایەو عەقڵی خێڵەکی لەپەیوەندییەکاندا زاڵە،



www.pertwk.com

یاخود ڕەوشتی مامەڵەکردنیان لەژێر دەسەڵاتی خودی خۆیاندا نییەو کاریگەرە دەرەکییەکان ڕۆڵ دەبینن لەبەڕێوەبردنیان.. یاخود مامەڵە کردنیان لەگەڵ چەمکی دیموکراسیدا ڕوویەکی لاسایی کەرانەی بەخۆوە گرتووەو بەپێی واقعی سروشتی خۆیان مامەڵە لەگەڵ بیری دیموکراسیدا ناکەن.. ئەوا بێگومان لەم حاڵەتەدا توشی جۆرە نامۆبوونێ دەبن و دەکەونە نێو ململانێ، کەناتوانن خۆیانی لێ دەرباز بکەن و جۆرە شپرزەیی و شڵەژاوییەك لەگشت پەیوەندییەکان دروست دەبێت و بەناچار یان ئەوەتا لەم بیرە پاشگەز دەبنەوە یاخود جۆرە پەردەیەکی تەنك بەسەر ئەو مومارەسەیەدا دەدەن و لەپشتییەوە مومارەسەی دژ بەو ئەنجام دەدەن. لەئەنجامدا هێز دەبێتە دەسەڵاتدارو مەرگێك دروست دەبێت لەبەرامبەر عەقڵی دیموکراسیدا.. خۆشیان وردە وردە لەنێو ئەو مەرگەدا دەتوێنەوە. لەئەزمونە دیموکراسییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیادا.. هتد. هەندێك لەم حاڵەتانە بەزەقی دیارن و ئینکاری لەبوونیان ناکرێت، بگرە تەنیا دروشمەکان بەشێکن لەو چەمکە، بەڵام لەپراکتیکدا هەموو شتێك پێچەوانەی ئەوەیە. بەهەرحاڵ ئەوەی ئاماژەمان بۆیکرد لێرەدا جێگای ئەوە نییە زیاد لەسەری بڕۆین. زۆربەی زۆری ئەم لێکدانەوانە لەپرسی بەدوای یەکداهاتن شیدەکەینەوە.

بۆیە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەزمونی بەدوای یەکداهاتن، ئەو دوو نمونەیەی سەرەوە نمونەی ناتەواویی و تەواوی چۆنیەتی مامەڵەکردنن لەگەڵ ئەم چەمکەدا. بە دواییەکداهاتن دیاردەیەکە لەفەلسەفەدا زۆر بەوردی ئاماژەی بۆ کراوە پەیوەندییەکی قووڵی هەیە بەزەمەن و مێژووەوە، چۆنیەتی لێکدانەوەشی پەیوەستە بەچۆنیەتی گشتەوە. بەپێی ئەم دیاردەیە ژیان بریتییە لەیەکەم جووت بوون و لەدایك بوون تاگەورە بوون و نەش و نماکردن و مردن.. بەپێی لێکدانەوەی ئاسایی، ژیان واتا جووڵەو ڕۆح، هەروەها مەرگ بەمانای گەشەنەکردن و وەستان.. لەمەرگدا پەیوەندییەکان وەستاون، لەژیاندا پەیوەندییەکان بەردەوامن، لەم دوو ئاستەدا شتێك



نییە پێی بوترێ نێوەند، ئەگەر بشڵێین ئەوا تەنیا لەتیۆریدایە نەك پراکتیك.

لەمەڕ ڕۆشنایی چەمکی بەدوای یەکداهاتندا مەرگ تەنیا وەستان ناگەیەنێ هەموو وەستانێك مەرج نییە مەرگ بێ و مانای بێ ژیانی بگەیەنێ.. لەلێکدانەوەی نوێداو لەدەقی نوێدا، زۆر لەساتە وەستاوەکان گەورەترین ژیانن، زەردەخەنەی وەستاوی سەرلێوی مۆنالیزای داڤینشی، پەیکەری موسای مایکل ئەنجیلو، چەندین سات لەوەستانی بێ چرکەی ئەکتەرێك لەشانۆگەرییەکی (بیکیت)دا.. هتد. ئەمانە هەموو وەستان و چرکەو ساتی وەستاون، بەڵام لەناخەوە گەورەن و پڕن لەژیان، ئەم مەزنییەش لەپەیوەندییاندا دەردەکەوێت..

ساتێك یاخود چەندین ساتی وەستانی نووسەرێ، شاعیرێ، زانایەك، فەیلەسوفێ بەخۆدا چوونەوەیەکی مەزنە بۆ داهێنان و وەرگرتنی نایابترین ئیلهامی داهێنان. دابڕانێ لەنێوان داهێنانێ بۆ داهێنانێکی دیکە گەورەترین وەستانی مەزنە، کەپڕە لەژیان و بەدووی یەکداهاتنی زیندووترو مەزنتر.

بەپێی پێودانگ و چەمکی بەدوای یەکداهاتن، مەرگ چرکەی وەستانە، بەڵام چ وەستانێ و چ دابڕانێ، ڕاستە مەرگ وەستانە، خۆ زۆر جووڵەش هەیە هەر خودی خۆی مەرگە، ئێمە لەم سەر زەمینە لەجووڵەیەکی بەردەوامداین بەڵام ئایا هەموو ئەو جوڵانە ژیانن؟! بەپێی دەق تەنیا وەستان بۆ ئەو مانای مەرگ نییە، لەدەقدا مەرگ ئەوکاتە کەپەیوەندی نامێنێ پەیوەندی خودی خۆی لەگەڵ دەوروبەرەکەی یاخود خودی خۆی لەگەڵ داهێنەرەکەی بەدواییەکداهاتن.. پرۆسەیەکی مێژووییە، چونکە شت یان دیاردەکە بەدووی یەکدیدا دێت و بەدووی یەکدیدا دەڕوا، سەرەنجام زەمەن دەبڕێ و کات دەکوژێ و کات نوێ دەکاتەوە، کەس ناتوانێ لەو پرۆسەیەدا نەژی..



www.pertwk.com

لەتێگەیشتنی فەلسەفیدا ئەگەر پرۆسەی بەدوای یەکداهاتن وەستا، مانای مەرگ لەدایك دەبێت، لەژیاندا کەمەرگ دێتە ئاراوە ئەو پەیوەندییە جەدەلیەی نێوان ژیان و زەمەن دەگاتە بن بەست، واتا قۆناغی بەدواییەکداهاتن لەپوونتێکدا کۆتایی دێت.

بوون لەفیکری فەلسەفیدا لەچوار شێوەدا ئامادەیە (بوون لەبەرچاویدا ئەویش وەك واقیع و دیاردەکانی، بوون لەزەیندا وەك ڕوانین و چەمکەکانی، بوون لەدەستەواژەکاندا وەك دەنگ و نوتقەکان، نووسین لەنووسیندا وەك نیشانەو پیتەکان)[18].

کەواتە بوون لەپەیوەندیدا لەگەڵ دیاردەی بەدوای یەکداهاتن بەشێکە لەو پەیوەندییەی کەدیاردەکە دەری دەخات، لەمیانەی خودی خۆی لەگەڵ پەیوەندییەکانی تر. کەواتە بوون تەنیا بوونێك نییە لەپەیوەندی نێوان ڕۆح و جەستەدا لێك بدرێتەوە، زۆربەی دیاردە زیندووەکان لەو بوونەی خۆیان نادڵنیان، یاخود ڕەنگە چاو یاخود هەستەکان نەکەونە پەیوەندی لەگەڵ دیاردەیەك ئەو دیاردەیە بچێتە قاڵبی مەرگەوە، هەندێك دەڵێن ئێمە هەین.. لەبەرئەوە هەن کەپەیوەندییەك هەیە دەیانبەستێتەوە بەو بوونەی خۆیانەوە.. گەر بڕوانیتە هەر لایەك سەرو خوارو ڕاست و چەپ بوون هەیە.. کاتێك Existantialism بوونخوازەکان ویستیان لەبارەی بوونەوە بدوێن لەوانە کیرکەگور و نیتچەو سارتەرو هایدگەر.. مەبەستیان لەوە نەبوو کەباسی بوون بکەن وەك زیندوو بوون، "گیاو گیانلەبەرانیش زیندوون، بوونیان هەیە، بەڵام ئەوان ناچار نین بیر لەزیندوو بوونی خۆیان بکەنەوە، مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە لەزیندووبوونی خۆی ئاگادارە"[19].

بۆیە کەباسی بوون دەکەین دەمانەوێ لەو خاڵە بگەین کەزیندووبوون چییەو مەرگ چییە. زۆر لەگیاو گیانلەبەران نازانن ژیان چییەو لەژیان و بوونی خۆیان ناگەن، بەڵام لەمەرگی خۆیان دەگەن چونکە لای هەموو بوونێك مانای مەرگ ئاشکرایە، مەرگ ئاسانەو زوو دەگاتەبەر.



بوون مانای ژیان ناگەیەنێ، بوون واتا ئامادەبوونێکی بەهێز لەنێو بازنەی ژیاندا، مرۆڤ ئەتوانێ لەیەك خاڵدا ئامادە بێت و لەخاڵێکی دیکەدا ونبێ. هەر بۆ نمونە جەستەیەك لەسەر نوێنی مەرگ، تەنیا ڕۆح تیایدا ئامادەیەو توانای دوان و بیرکردنەوەو بینین و هەست کردنی نییە، ئایا ئەو ژیانە بوونە؟ بێگومان هەناسەیەك دێ‌و دەڕوات کەواتە بوونی ئەو هەناسەیە بۆ ژیانێك پێویستە بەڵام بوونی ئەو ژیانە بۆ پرۆسەی بەدوای یەکداهاتن مەرگێکە پەتی.

ڕۆح بەمانا فەلسەفییەکەی تەنیاو پەتی هیچ مانایەك ناگەیەنێ بەڵام لەپەیوەندی لەگەڵ جەستەیەکی چالاك و بەرهەمهێنەردا پڕە لەهەست، ئەو گیانەی لەسەر نوێنی مەرگە ژیان تیایدا ئامادەیە. بەڵام هەست تیادا ونە، یاخود ناکاملە.. ڕۆح ئەو کاتانە دەتوانێ ئامادەیی خۆی ڕابگەیەنێ، کەبتوانێ لەڕێگای هەستەوە ماناکان بەدەربخات. برجسون دەڵێ: "کەی وتم ڕۆح پێش هەموو شتێ، وتوومە هەست کەواتە هەست چییە؟".

هەر فەیلەسووفەو بەجۆرێ لەهەست دواوە، هەیە ڕای وایە (هەست) لەدوو ماددە پێکهاتووە، ئەندێشەو ماددە، یەکێکی وەك سپینۆزا ڕای وایە کەناوەڕۆکی بوون تەنیا یەك جەوهەرە.. هەست لەبووندا، لەژیاندا ئامادەیە لەمەرگدا ونە.. بارکلی ڕای وایە: ئێمە تەنیا ڕۆحین، بەڵام کەدەڵێ: ڕۆح بەو پێودانگەی لەبەردەوامییەك داین کەنەوەستاوین و هەر دەڕۆین.. هەر فەیلەسوفە بەپێودانگێ لەم مەسەلەی بوون و نەبوونەی کۆڵیوەتەوە، بەڵام هەموویان لەسەر ئەو خاڵە ڕێکن کە "بوون" لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆحدا لێك بدەنەوە.

بەڵام ئەوەی زیاتر مرۆڤایەتی خستە ژێر پرسیارەوە، ئەوەبوو کەچۆن بتوانێ لەچەمکی مەرگ تێبگات، چۆن لەڕۆح و هەست و بوون تێبگات، گرنگ ئەوە نەبوو ئێمە کێین و چین، مەسەلەکە ئەوە بوو کەچۆن بتوانرێ لەچەمکی ژیانی حەقیقی بزانرێ و لەمەرگی حەقیقی بگەین؟ ئەویش



www.pertwk.com

بەمەبەستی زیاتر دابڕانی مەرگ لەداهێنانیدا، واتا ئامادەکردنی داهێنانی کەهەڕەشەی مەرگی تیادا کەم بێت..

بۆیە کەدێینەوە سەر باسی بەدوای یەکداهاتن، بوون و ژیان و ئامادەبوون، چونکە ئەم چەمکە بەدوای مێژووی ئەو هەستەدا دەگەڕێ کەبناغەی زیندوویێتی پتەو دەکات..

بۆیە چۆنیەتی وردبوونەوە لەسەرەتاو کۆتایی ئەو هەستەو، بەدوای یەکداهاتن، گەڕانە بەدوای ڕەگی ژیان لەهەستدا، هەروەها وردبوونەوەیە لەچۆنیەتی کامڵبوونی ئەو هەستە. ئەمەش بەپێی لێکدانەوەی بونیادەکانی کامڵ بوون، لەناخی هەستەوە دەست پێ دەکات تادەگاتە دەرەوەی هەست و دەرەوەی نێرەر ئینجا دەگاتە وەرگر..

مارتن هایدگەر زۆر بەوردی ئەم مەسەلەیەی وردکردۆتەوەو ئاماژەی بۆ جیاوازی بوون کردووەو لەهەموو ئەوانەی پێش خۆی و دوای خۆی لەچەمکی بەدوای یەکداهاتنی کۆڵیوەتەوە، ئەوەی مەبەستی بوو بەرپاکردنی کوودەتایەك بوو لەناخی گشت لێکدانەوە کلاسیکیەکاندا، بۆیە زۆر بەقووڵی کەوتە لێکدانەوەو وردبوونەوە لەمەسەلەی بوون و زەمەن و، زێدەتریش لەو مەدارەدا دەسوڕایەوە کەتیایدا خاڵەکانی سەرەتای زەمەن و بوون و کامڵ بوونی هەردووکیانی دەست نیشانکرد.

هایدگەر ویستی هارمۆنیك ببەخشێتە مەسەلەی بوون، لەو سەرچاوەیەوە هەستا بەلێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەسەلەی ژیان و زەمەن.

هایدگەر ڕایوابوو کەبوون و زەمەن جۆرە شیکردنەوەیەکە، ئەو بەپێچەوانەی فەیلەسوفەکانی پێش خۆیەوە نەیدەڕوانییە مەسەلەی بوون. وەك پارچەیەکی دابڕاو لەمەعریفەو بوونیادنانی تر.

هایدگەر لەمەڕ مەسەلەی بەدوای یەکداهاتن، هچ چەمکێکی نەبوو. تەواو بەم ناوەوە بەڵام ڕای وابوو کەبوونی بەشێکە لەبەدوای یەکداهاتنی زەمەن و بەسەرچوونی دیاردەیەك و دروستبوونی دیاردەیەکی دیکە.. بەدوای یەکداهاتنی هەر دیاردەیەك بەپێی بۆچوونی هایدگەر جیاوازە لەگەڵ



بەدوای یەکداهاتنی دیاردەیەکی تر، هایدگەر ویستی جۆراوجۆرکردنی بوون دەستنیشان بکات، بڕوای وابوو کەپرسیارکردن لەخودی بوون، پرسیارکردنە لەمانای کامڵبوون "مرۆڤ لەبارەی مانای بوونەوە پرسیار دەکات"[20] واتا پرسیاری هەمەجۆر لەشێوەی بۆچوون و گرفتەکانی مرۆڤ دەربارەی خودی خۆی و خودی دەقەکانی دەوروبەری. بۆ نمونە پرسیارکردن دەربارەی چۆنیەتی دابڕانی بوون لەنەبوون. دابڕانی زەمەن و بوون.

گرنگترین چەمکێك کەهایدگەر زۆر لێی وردبۆتەوە Dasein (بە بڕوای هایدگەر ئەم وشەیە ئەو بوونەیە کە بەبوونی خۆی دەتوانێ پەیوەندی دروستبکات). خودی ئەو وشەیە شێوەیەکی بوون و تێگەیشتنە، دازاین هەروەك هەندێ لەتوانا دیاریکراوو چوونە پاڵیەکەکان بوونی هەیە، هایدگەر بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ مەسەلەی ئاستەنگ پەنا ەباتە بەر شیکردنەوە "هایدگەر هەمیشە لەبارەی ئەو شتگەلانەی کەتایبەتمەندێتی (دازاین Dasein) یان نییە، ئەم چەمکە لەڕاستیدا وەك بوونگەرێتی ڕاڤەی دەکات (ئەنگولۆجیاو زەمەن، 118).. "زاراوەی ئاشکرابوون" لەبارەی ئەوەوە بەکاردەهێنێ. زاراوەی بەرامبەر "ئاشکرا" بوونە کەنیشانی دەدات ڕستنی گشتی لەڕێی تێگەیشتنەوە ئاشکرابووە. بەرامبەر بەمە، تێگەیشت تەنیا ئیدانەی حوکمگەلێك نییە دەربارەی جیهان، بەڵکو دركی ڕووی کامڵی "بوون –لە– جیهان"یش دەگرێتەوە. تێگەیشتن لەخودی جیهان دەگات کە بەبێ ئەو ئاشکراکردنی تایبەتمەندییەکانی تایبەتی جیهان نامومکین دەبن. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، تێگەیشتن نەك تەنیا لەجیهان دەگات، بەڵکو شێوەی بوونی دازانیش لەجیهاندا دەگات.

لەم ڕووەوە، هەمیشە بۆ تێگەیشتنی لەجیهان تێگەیشتنێکی تر هەیە"[21] هایدگەر ئەنتولۆجیانە دەڕوانێتە پەیوەندی نێوان مانەوەو مەرگ، بەبڕوای ئەو "خود" ئەو بوونە نییە کەتەنیا بژی و بمرێ، مەرگ لای ئەو دابڕانە لەنێوان بوون و زەمەندا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شیکردنەوەی بوون



www.pertwk.com

پەیوەستە بەتایبەتمەندێتی ڕوانینمان بۆ بوون، گەر هەروا لەڕوانگەی مەرگ و ژیانەوە بڕوانینە مەسەلەی بوون، ئەوا تووشی بن بەست دەبین.. ئەو شتانەی کەبەشدارن لەئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی بوون هایدگەر دەیانخاتە خانەی تایبەتەوە، ئەو بڕوای بەتوانا هەبوو لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەو بوونانەی کە دەستی بۆ درێژکراوە لەلێکدانەوەکانی پێشتر. بڕوای بەدیاردەیەك هەبوو کەئەویش بەستنەوەی بوونە بەزەمەنەوە. لەپەیامە بەناوبانگەکەیدا "گەوهەری شیعرو هلدرلین" پرسیویەتی: "مرۆڤ چییە؟" هەر خۆشی وەڵام دەداتەوە: "ئەو کەسەیە دەبێ ئەو شتەی هەبێت بیخوڵقێنێ" هەروەها دەڵێ: "مرۆڤ ئەو کەسەیە هەمیشە خەریکی دروست کردنی بوونی خۆیەتی"(22).

هایدگەر لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا Being and Time واتا (بوون و زەمەن) ویستی وەڵامی ئەو کەسانە بداتەوە کەپرسیاری بوون دەکەن. هایدگەر ڕای وابوو تائێستا ئەو ڕاڤانەی کەبۆ مرۆڤ کراون ڕاڤەگەلێکی ناکامڵن، ئەم دەیەوێ ئەو ناکامڵیانە تەواو بکات، ڕاستە بوونی مرۆڤ بەشێکە لەبوونی کەون و پێکهاتەی جیهان و دیاردەکانی، مرۆڤ بەپێی بۆچوونی ئەو تاقە بوونەوەرێکە لەبوونی خۆی دەگات، ئەم تێگەیشتنەش لەهیچەوە نەهاتووە، کەواتە گەر مرۆڤ لەبوونی خۆی دەگات، دەبێ لەمەرگی خۆشی تێبگات. شیکردنەوەیەك لەنێو بازنەی بووندا بێت بێگومان لەدوا پونتدا بۆ نەبوون دەگەڕێتەوە.

"بەچاکی ڕوونە کەهیچ کەسێ ناتوانێ لەشتێك تێبگات، ئەگەر بەرداشتی وردی دەربارەی ئەو شتەی دەیەوێ لێی تێبگات نەبێت"(23) بۆ تێگەیشتن دەربارەی ڕاستی مرۆڤ و ڕاستی بوون و ڕاستی مەرگ هایدگەر هەنگاوی زۆر مەزنی هاویشت.

تیۆری ئەو قووڵترین و وردترین لێکۆڵینەوەبوو لەمەڕ بوونی مرۆڤ و لێکدانەوەکانی مرۆڤ، هەمیشە گەڕاوەتەوە بۆ ڕووی ناوەوەی دیاردەکان، هەر بۆیەش مرۆڤ لای ئەو، ئەو ساتە ئۆنتۆلۆژییە کەلە پەرەسەندنێکی



بەردەوامدایەو بەردەوام گەشە دەکات و زەمەنەکەشی زەمەنی ڕەتکردنی ئۆنتۆلۆژیای خودی خۆیەتی. لای هایدگەر بەدوای یەکداهاتنی بوون و مەرگ، بوون و زەمەن بەدوای یەکداهاتنی ئەو ساتانەیە کەتیایاندا چەمکەکان ڕووەو ئاشکرابوون دەچن، ڕوەو تێهەڵکێش بوون لەنێوان سات و ئامادەبوون و واژە.. هەروەها ئەو ساتانەی کەتیایاندا داهێنەری دەق ئەندێشەو بۆچوونەکانی لەگەڵ ئەندێشەو بوونی خۆدیدا تێهەڵکێش دەکات.

هەر بۆیە بەدواداهاتنێکی گرنگی لای هایدگەر هەیە، هەر بۆ هەمان لێکۆڵینەوە ئاماژە بەڕاستیەکی گەورە دەکات، ئەویش ئەوەیە کەدەق تەعبیرە لەدەربازبوون، واتا مرۆڤ لەبوونی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ هەستدا دەکات و ئەو بەرهەمەی کەعەقڵ و هۆش دەیهێننە بەر، لەو بەندە ڕزگاری دەبێت کەخۆی بەخودی مرۆڤەوە ببەستێتەوە.

واتا داهێنانی مرۆڤ لەبەدوای یەکدا هاتنێکی ئاشکرادا کار دەکات و ئەیخاتە خانەیەکی تری داهێنانی مرۆڤەوە.. مرۆڤ وەك بوونێ لەعەقڵ و هەستدا بەپەیوەندی بەدەرەوەی خۆی بەرهەمێك دروستدەکات، ئەو بەرهەمەی کەڕەنگە بەدواداهاتنی ئەو پەیوەندییە بێت بەدەرەوەی خودی خۆی، لەپاشاندا کە ئەو دەقە لەدەرەوەی بوونی خود دەچێتە پەیوەندی دەق و دەوروبەر ئەو دادەبڕێت و بەدواداهاتنێکی تر لەگەڵ دەوروبەردا دروستدەکات، بەمجۆرە کاری بەدوای یەکداهاتنەکە لەبازنەیەکی بەردەوامدا دووبارە دەبێتەوە. ئەم کارەش هایدگەر بەتەواوی دەیخاتە خانەی بوون و زەمەنەوە. یاخود ئەم جۆرە مامەڵەکردنە مامەڵەیەکی لۆجیکی نێوان بوون و دەوروبەرە.. واتا ئەو دەقە لەپەیوەندییەکانیدا لەدەستەواژەیەکی ئاساییەوە دەگۆڕێ بۆ دەستەواژەیەکی ئاسایی تر.. ئەم جۆرە دەقە پێی دەوترێ دەقی ئاشنا. لەلایەن هەموانەوە پێشوازی لێدەکرێت. هایدگەر لەم ڕووەوە باس لەچەمکێك دەکات کەئەویش "دەستەواژەی ئاشنایە" هایدگەر باسی دەستەواژەی ئاشنای کردووە،



www.pertwk.com

ئەمەش ئارامیمان پێدەبەخشێ، نیەتەکانمان بەراورد دەکات. ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بەتەواوی ئاشکرای دەکات"[24].

مرۆڤ دەتوانێ بەهەموو کون و کەلەبەرو چرکەکانی ناخی خۆی ئاشنابێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ لەپەیوەستێکی ئاڵۆزو نائاشکراو نائاشنادا لەگەڵ دیاردەکانیدا ژیا، ئەوا لەشێکی مردووە، مرۆڤ لەئاشناییدا زیندووە. هیچ دەقێك لەدەرەوەی نائاشناییدا ناگاتە بوون "ڕەنگە مرۆڤ بتوانێ تەعبیر لەبوونی خۆی بکات و ئەزموونەکانی خۆی بنووسێ و دەقەکانی خۆی پێکبێنێ، لەمە زیاتر هیچی پێناکرێ"[25].

## هێرمینۆتیکی مەرگ:

کاتێك لەفەلسەفەی یۆنانیدا ڕێگری لەبەردەم کێشەکانی مرۆڤدا سەری هەڵدەدا، فەیلەسوفەکان ڕاڤەیەکیان بۆ ئەو دیاردەیە دەکرد، واتا ڕاڤەیەك کەبتوانێ تێگەیشتنێ لەلای خەڵکی سادە وەرگرێ، ڕاڤەکردنی هەر گرفتێ پێویستی بەهارمۆنیایەکی تایبەت هەبوو، دروستکردنی پەیوەندی داوا لەمرۆڤ دەکات کەبتوانێ خاڵەکانی دەستپێکردن بەوردی داڕێژێ، بۆ ئەوەی لەو خاڵانەوە بگاتە نێو عەقڵی مرۆڤ.

ئەم لێکدانەوەیە تاڕادەیەك بۆ ئەو دیاردانە ڕاستە کەتیایاندا جەستەو دیاردەکان زیندوون و لەگەڵ ڕۆح و ئامادەو بووندا بدوێ، بەڵام گەر هاتو ئەم دیاردەیە چووە حاڵەتی مەرگ و نائامادەیی و نەبوونەوە چی لێ بەسەردێ؟ هەرچەندە مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەوە کراوە، کەئایا دەبێ هەر دیاردەیەك هەوڵبدرێ ناوەڕۆکی ئەو مەبەستەی کەهەیەتی بخاتەڕوو، وەك خۆی و بەبێ دەستکاری، یاخود دەبێ ماناکەی لێك بدرێتەوەو شیبکرێتەوە.. بەپێی لێکدانەوەی زۆربەی لێکۆڵەرەوان و داهێنەرانی بیری شیکردنەوەی دیاردەکانی مرۆڤ، جەخت لەسەر ئەوە کراوە کەعەقڵی مرۆڤ ئەو شتەی دەری دەبڕێت بەشێك نییە لەموتڵەق، بەڵکو هەندێك لەموتڵەق و هەندێك لەگومان بەدەوریدا دێت و دەچێ. نیچە دەڵێ: ڕێنوێنی من



بەرەو ڕاستەڕێ ئەم پرسیارە بوو کەچییە مانای ڕاستی ڕیشە ناسی ئەو شتەی لەزمانە جۆراوجۆرەکاندا گەیاندنی مانای "باشە" و "خراپە"یە؟ بۆیە جێگای خۆیەتی بەوردی لەماناکانی بگەین، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە، ئایا چۆن دەتوانین لەپەیوەندی لەگەڵ نائامادەییدا دیاردەیەك لێك بدەینەوە؟ باسکردنی هەر دیاردەیەك لەبناغەدا بریتییە لەشیکردنەوەی ئەو دیاردەیە، بۆ نمونە شیکردنەوەی دەقێکی شیعری گەر لەپەیوەندی لەگەڵ کەسایەتی شاعیردا لێك بدرێتەوە جیاوازیەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ ئەوەی شیعرەکە لەناو بازنەی شیعرو مۆسیقاو مانای فەلسەفی شیعرەکەوە لێکبدرێتەوە، کەسێکی وەك بۆدلێر کە(گوڵە شەڕەنگێزەکان)ی نووسی، تەماشای دنیایەکی شاراوەی دەکرد، لەپشتی ئەو دیمەنە ساویلکانەوە کە لەبیرو هۆشیدا بوون، کەشیعرەکەشی لەدایك بوو لەبەردەم جوانی شیعرەکەیدا شاگەشکەبوو.

هێرمینۆتیکی ئەو شیعرە ئەوەندە شاراوە بوو، تەنانەت خۆشی نەیتوانی بگاتە ڕاڤەکەی. پێش ئەوەشی لەم دیاردانە وردبینەوە بەوردی دەخزێنە نێو دنیای نهێنی هێرمینۆوتیکاو مەرگەوە.

هایدگەر و فۆکۆو ئیکۆو درایفۆس و.. هتد ویستوویانە مانایەك ببەخشنە مەرگ و بوون. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پێناسەی قووڵ و لێکدانەوەی قوڵیان بۆ ئەم زاراوەیە بەکارهێناوە. مەسەلەی هێرمینۆتیکا مەسەلەیەکی هەمەلایەنەیەو هەموو شتەکان دەگرێتەوە، هەموو لەخۆ بێگانە بوونی مرۆڤ لەگەردووندا بۆ ئەم زاراوەیەمان دەگەڕێنێتەوە، گادامێر ئەمەی ناوناوە لەخۆبێگانە بوونی ئاگایی جوانناسی و لەخۆبێگانەبوونی ئاگایی مێژوویی. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین مەرگیش جۆرێکە لەونبوونی مێژوو جوانناسی. چونکە بەمەرگ حاڵەتەکان لەسنوری مێژوویەکی تەسکدان، هەروەها بێگانەبوون بەرامبەر بەکات بێگانە بوونی مێژوو دروستدەکات، ئەم حاڵەتەش دەچێتە خانەی نەزانراوی. جوانی هەر دیمەنێ، هەر



www.pertwk.com

دیاردەیە، بەو حاڵەتەوە زیندووە کەتیایەتی، بۆیە کاتێك جوانی لەدەست دەچێ، واتا ژیان لەدەست چووە.

هەربۆیەش نیچە لەباسی باش و خراپدا پێ لەسەر مەسەلەی مەرگی دووەم و زیندوویەتی یەکەم دادەگرێ، دیارە لای ئەو هەر شتێك کە لەخانەی بەددیدا بێت جۆرێکە لەشەڕەنگێزی و ناهێوری و کوشتنی ژیان. ئەو ڕای وایە کەخراپی و بەدی لەبونیادی نامێژوویدا دەژین، سات و تەمەنیان نەزانراوە ڕەنگە تەمەنیان لەو ساتەدا بەرەو لەناوچوون بچێت کە لەدایك دەبن، یاخود لەو ساتەشدا نەبێت بەمردوویەتی خۆیان بمێننەوە. نیچە دەمێك بوو بڕوای بەوە هەبوو کەدەبێ وەك شەڕخوازەکان نەبین" با باش بین ئایا لەم وتەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کەخراپی و بەدی جۆرێکە لەشێواندنی ئەو یاسایانەی کەمەرگی زوو دروستی دەکەن و کورتی ژیان دەبەخشنە ئەو ساتانەی کەتیایدا جوانی ڕەنگ دەداتەوەو تروسکایی پەرەدەسێنێ.

دیاردەی مەرگ و ژیان لەهێرمینۆتیکیدا بریتییە لەلێکدانەوەی حەقیقی ساتەکانی دروست بوونی ژیان و مەرگ، نیچە لەجینالۆجی مۆراڵ (ڕەوشت)دا.. بەچەند بەشێك بەوردی و لەڕەوشتی ئەو دوو دژانە دەکۆڵێتەوە کەبەشدارن لەخوڵقاندنی بیری داهێنانەو، کوشتنی داهێنان. وەك خێرو شەڕ، بەد و خراپ و گوناح و ویژدان..

هەستکردن بەگوناه، هەستکردنە بەبوونی ئەو میکرۆبانەی کە لەلەشدا بەشدارن لەپەرەپێدان و نەش و نماکردنی خاڵی شەڕەنگێزی، بۆیە "هەستی گوناه و هەستی هاوپەیمانی، هەروەك بینیمان، ڕیشەی لەکۆنترین و سەرەتاییترین وێنەی پەیوەندی تاکەکەسیدایە، وەك پەیوەندی فرۆشیارو کڕیار، پەیوەندی داواکارو قەرزار.." لێرەدا بوو کەکەسێك یەکەمجار لەگەڵ کەسێکی تردا ڕوبەڕوو دەبوونەوە کەسێك خۆی بەراورد دەکرد لەگەڵ یەکێکی تردا. لەهیچ شارستانیەتێکدا، تاچ



ئەندازەیە لەخوارەوە بێت نەبینراوە کەوا لەم جۆرە پەیوەندیەی تیادا نەبینرێ..[26]

باسکردن لەڕوبەڕووبوونەی دژەکان مانای هەستکردنی مرۆڤە بەبوونی دوو ئەرك، ئەرکێك لەمەڕ گۆڕینەوەی ئەو لایەنەی کەزۆرتر پێویستە لەڕایەکەی تر. هەر بۆیە زۆربەی لێکۆڵەرەوانی بیری داهێنەرانە لەسەر ئەوە سوورن کەنەك تەنیا خودی مرۆڤ، بەڵکو هەموو دیاردەکانی ناخ و دەرەوەو دەوروبەرو گەردونیش بریتین لەبوونی ئەم دژانە.

ئەمە نیازی ڕاستەقینەی مرۆڤە بۆ قبووڵ نەکردنی ئەو شتانەی زیانبەخشن و، ئەو شتانەی کە بەشدارن لەپێکهاتەی دروستکردنی خانەکانی لادان و تێکداندا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مرۆڤ هەر مومارەسەی خراپە دەکات، جەنگ و وێرانکاری و پیس کردنی ژینگەو بەکارهێنانی ناعەقڵانیەت لەمامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلە گرنگەکانی ژیاندا.. بۆیە بۆنی ئەم جۆرە شەڕەنگێزی و خراپەکارییە بەشێکە لەناسینەوەی ڕووەکەی تر، کەئەویش باشەکاری و بونیادنان و پێکەوە ژیان و پاکژییە.. گرفتەکەش لەوەدایە مرۆڤ بەیەك چاو ناڕوانێتە شتەکان، هەر شتێك دیاردەیەکی خۆی هەیە، هەر چاوێك ڕوانینی خۆی هەیەو هەر عەقڵێ بەجۆرێ دەڕوانێتە دیاردەکان.

چاوی جۆراوجۆر هەیە. تەنانەت "ئەبولهۆلیش چاوی هەیە – لەم ڕووەوە زۆر "ڕاستی" جۆراوجۆر هەیە، لەم ڕووەوە حەقیقەتی بوونی نییە"[27].

باسکردنی لێکدانەوەکانی مرۆڤ، دەمانباتەوە بۆ زانستی لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەو حاڵەتانەی کەپێویستن شیبکرێنەوە، مرۆڤ دەتوانێ بەهەزاران شێوە بژی، بۆ ئەوەی بونیادی خۆی بنێت، بەڵام لێکدانەوەی خۆی کارێکی گرنگە، کەسێك کەبکەوێتە خانەی لێکدانەوەوە پێویستی بەوەیە کەبزانێ چۆن لەمانای بوون و نەبوونی خۆی تێبگات.. هەندێ جار نەك تەنیا پێویستمان بەناسینی خۆمانە، بەڵکو پێویستمان بەناسینی بەرامبەریشە بۆ ئەوەی بتوانین لەخۆمان بگەین، ئەگەر هات و درزێك کەوتە



www.pertwk.com

نێوان من و بەرامبەرەکەم ئەوا تێگەیشتن تووشی شکست دەبێت، هەمیشە پێویستمان بەگەڕانەوەیە بۆ خۆمان، بۆ ئەوەی دەرەوەی خۆمان بناسین. لێرەدا هەوڵدەدەم یەك مەسەلە ڕوون بکەمەوە کەهایدگەر زۆر جەختی لەسەر کردووە "بۆ نمونە ئێمە دەڵێین کەئیدراك یاتێنەگەیشتنێ لەنێوان من و تۆدا ڕوودەدات. بەڵام ئەم بنەمای "من و تۆ"یە بێگانەبوونێکی مەزن ئاشکرا دەکات. هەرگیز شتێك نییە لەبابەتی "من و تۆ" هەروەها نە "من" و نە "تۆ" هیچ یەك بە شێوەگەلێ واقیعە جیاکان و خودییەکان بوونی نییە، من دەتوانم بڵێم "تۆ" و دەشتوانم بەرامبەر بەکەسێکی وەك تۆ ئاماژە بەخۆم بکەم[28].

مەسەلەی هێرمینۆتیك مێژوویەکی کۆنی هەیە، پەیوەستە بەدیاردەی گەڕان و لێکۆڵینەوەی دیاردە جیاجیاکانی، هەر ئەم وشەیە دەمێکە لەنێو ڕێچکەی فەلسەفیدا جێی خۆی کردۆتەوە، هێرمینۆتیك دەمێك لەپێش ڕێچکە نوێکانی فەلسەفەوە باسی لێکراوە "هێرمۆنتیك مەسەلەی گشتی تێگەیشتن دەخاتەڕوو"[29] تێگەیشتنی هەموو دیاردەکان، بۆیە جێگای خۆیەتی لێرەدا چەند خاڵێ بخەینە سەر ئەو وشانەی کەپەیوەستن بەم زاراوەیەوە، مەرگ.. لەهێرمونتیکدا دەچێتە خانەی لێکۆڵینەوەی قووڵەوە، ئۆنتۆلۆجی یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە لەمەسەلەی باسکردنی مەرگ و هێرمینۆتیکدا جێگای خۆیەتی لێی وردبینەوە، کاتێك دێینە سەر باسی هرمونتیك، لەڕاستیدا چەندین دیاردە هەن کە بەشدارن و لەگەڵیدا یەکدەگرنەوە، یەکێك لەو ڕێگایانە دیاردە ناسییە، لەدیاردەناسیدا دوو ڕێگا هەیە بۆ بونیادنانی هێرمینۆتیك لەچوارچێوەی خودی خۆیدا. "یەکێکیان ڕێگایەکی کورتە، کەیەکەمجار باسی ئەوە دەکەین ئەوی تریان درێژە ڕێگایەکە پێشنیار دەکەم جارێ بابیدەینە لاوە. ڕێگا کورتەکەیان ئەنتۆلۆجیای تێگەیشتنە بەشێوەی هایدگەریی. ئەم ئەنتۆلۆجیای تێگەیشتنە بۆیە پێی دەڵێم کورتە ڕێگا، بەو دەلیلەی بەجیابوونەوەی لەباسگەلەکانی پەیوەست بەشێوازەوە هەر لەسەرەتاوە یەکسەر لەڕووی



یەك ئەنتۆلۆژی ئامادەی بێکۆتایی جێی خۆی دەگرێ و، تا لەودا پەی بەرێ بەتێگەیشتن، نەك وەك شێوەیەکی زانین، بەڵکو هەروەك شێوەیەك لەبوون"[30]. ئێمە چۆن ئەتوانین لەسەر ڕۆشنایی ئەم وتەیەی پول ریکور لەمەسەلەی پەیوەندی مەرگ و هیرمنوتیك تێبگەین؟ لێرەدا تێگەیشتن ئەو مانا قووڵەیە کەتیایدا عەقڵ و هۆشی ڕوودەکاتە مەسەلەی بوون، ناڕواننە دیاردەکان وەك شێوەیەك لەزانین، بەڵکو وەك شێوەیەك لەبوون.. بوون بەمانای تێگەیشتن، تێگەیشتن بەرامبەر بەهەموو دیاردەکان. ئەگەر هات و ئەم تێگەیشتنە تووشی نووشستی بێت ئەوا یەکسەر جۆرێك لەئیفلیجی ڕوودەکاتە بوون لەلێکۆڵینەوە قووڵەکانی دیاردە ناسیشدا هەمیشە ڕووکراوەتە مەسەلەی بوون، بوون بەمانای پەیوەست و بەمانای تێگەیشتن و پەیوەندی واتاە بوون لەڕاگوزەری تێگەیشتنەوە بوونی هەیە، ئەگەر تێگەیشتن نەبێت کەواتە بوون نییە، بوونیش نەما، مەرگ دروستدەبێ، ئەمەش دیاردەیەکە بەتەواوی پەیوەستە بەمرۆڤەوە، پەیوەندی ژیان و شێوە جۆربەجۆرەکانی سروشت لەسەر بناغەی تێگەیشتن بونیادنراوە، کاتێ ئەم تێگەیشتنە تووشی نووشستی دەبێت ئەوا مەرگ دروستدەبێت. ئەگەر مەسەلەی مەرگ ئەوەندە باسی لێوە نەکرابێت لەلایەن فەلسەفە نوێکانەوە، لەبەر ئەوەیە کە بەلایانەوە زیاتر ژیان و بوون گرنگتر بووە.

"ئێمە دەبینین مەسەلەی بوون و تێگەیشتن چ پەیوەندییەکی قووڵیان لەنێواندا هەیە، کەس نییە بتوانێ ئینکاری ئەو پەیوەندییە بکات. دیارە مەسەلەی مێژووش هەر بەشێکە لەو پەیوەندییە، مەسەلەی مێژووش واتا بەدوای یەکداهاتنی دیاردەکان، بوونیش وەك شێوەیەك بەدوای یەکداهاتنی ڕۆژو سات و کاتەکانە.. کەواتە دیاردەکان بەشێکن لەو مێژووە چڕوپڕەی کەبوون بەدووی بووندا دەهێنێ و مەرگ بەدووی مەرگدا دەچێنێ.



www.pertwk.com

ئەنتۆلۆجیای تێگەیشتن، لەنێو شێوازەکانی شیکردنەوەدایە.. "ئێمە تەنیا لەجیاوازی نێوان هێرمینۆتیکە ڕەقیبەکانەوەیە کەهەست بەبوونە شیکراوەکان دەکەین"[31].

چ بوونێك دەتوانێ دابڕاو بێت لەشیکردنەوە، دیارە تەنیا بوونی نەبوونە. واتا بوونی مەرگ.

نەك هەر ئەو پەیوەندییە بگرە هێرمینۆتیك لەپەیوەندیەکدایە لەگەڵ ماناکانی هەناسەو ڕۆح و دابڕانەکانی هۆش و ناهۆشمەندی و خەون، هەرچی لەبازنەی ژیاندا دەسوڕێتەوە، بەڵام ئەوەی کە تائێستا جێی لێ وردبوونەوەیە ئەوەیە کەمەسەلەکانی ژیان هەر هەمووی لێکدراوەتەوە، بەڵام مەسەلەکانی مەرگ لەم کارەدا تارادەیەکی زۆر پشت گوێ خراون. بۆ نمونە ئەگەر بڕوانینە لێکۆڵینەوەکانی هێرمینۆتیك لەپەیوەندیدا، دەبیینین لەگەڵ بوون و دیاردەناسی و مێژوو زمان و دەروونناسی.. هتددا..

ئەمبرتو ئیکۆ لەهەموو ئەو کەسانەی سەردەمی خۆی زیاتر پەنجەی بۆ مەسەلەیەکی گرنگ درێژ کردووە، ئەویش زیادەڕۆییە لەشیکردنەوەی هەندێ بابەت و زۆر لەسەر چوونی، بەڵام پشتگوێ خستنی هەندێ مەسەلەی دیکە، کە ڕێگرە لەبەردەم زیاتر تێگەیشتن بەو مانا کامڵانەی کەمرۆڤ دەیەوێ لەبارەی هەموو شتێکەوە هەیبێت.

ئەوەی کەزیاتر هرمنوتیکی بەستوەتەوە بەزمان ئەو لێکدانەوانەوە کەبناغەی هەر وشەیەك لەچییەو چی دەگەیەنێ و لەکوێوە هاتووە، بۆ وای لێ بەسەرهاتووە؟!

بۆیە لێکدانەوەکانی هرمونتیك لەسەر مەرگ هێشتا ئەوەندە قووڵ نییە کەبتوانین بچینە ناخیەوە.

مەرگ خۆی بەو هەموو زەبەلاحی و نهێنییەی خۆیەوە، ناتوانێ لەناو هەموو تێکستەکاندا جێی خۆی بکاتەوە، نەك لەبەرئەوەی جێی نابێتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی وشەیەکە دەکەوێتە دەرەوەی چالاکییەوە.. گەر کەسێ



لەنێو بازاڕێکی چڕو پڕدا تێپەڕی لەهەموو کون و کەلەبەرێکدا مانایەك دەبیستێ بۆ هەر شتێ کەپەیوەستە بەژیانەوە، بەڵام لەئاستی گۆڕستانێکدا کەتێدەپەڕێ، تەنیا گوێت لەبێدەنگییە؟!

ئەمەو زۆربەی فەیلەسوفەکان نەیانتوانیوە بەموتڵەقی بڵێن مەرگ چییە،.. هرمنوتیك نەیتوانیوە هیچ وەڵامێکی پەتی بۆ ئەم زاراوەیە بدۆزێتەوەو، بەردەوام بەسەریدا تێ دەپەڕێ و بەدەوریدا دەسوڕێتەوە، بەڵام ناتوانێ بچێتە نێو دڵیەوە.

## چێژو دەق و تەکنەلۆجیا:

لێرەداو لەم باسەدا کەمەرگ سەرچاوەی لێکدانەوەکانمانە، زۆر لەماناکانی دەق و ژیان لەبەر هەرەشەدان. ئەمەش پەیوەستە بەو گۆڕانکارییانەی کە لەجیهانی ئەمڕۆداو ڕۆژانە ڕوودەدەن و کاریان کردۆتە سەر میزاج و چێژو هەستی مرۆڤایەتی، زۆربەی بەهاکانی ژیان و بەرگریەکانی ژیان لەبەر هەرەشەیەکی گەورەدان، زۆربەی بەهاکان لەڕۆخی هەرەسهێنان و لەژێر بەردە بارانی تاریکیدان.

دەسەڵاتی مەرگ وەك دیاردەیەك لەناخەوە هەموو شتە زیندووەکان بەرەو دەستەمۆکردن دەبات، مەرگ بووە بەدەسەڵاتێك هەموو سیماو چارە ناشرینەکانی گرتۆتەوە، بەزەحمەت جوانی دەتوانێ هەنگاوی خۆی هەڵهێنێ و لەو نێوەندە دزێوەدا بوارێك بۆ خۆی داگیربکات، هەموو دیاردەکان لەبەر هەرەشەدان، دزێوی چووەتە ناخی هەموو پەیوەندییەکانەوە، لەبەردەم ئەو ژاڵە گوڵانەدا لەتاڵی زیدەتر هیچ چێژێك نادۆزرێتەوە.

گەر بۆ ساتێ بڕوانینە دیاردەکانی گەیاندن و بڵاوکردنەوە، وەك نموونەیەکی پەیوەندی مەزنی مرۆڤ بەدەوروبەرەوە، وەك نمونەیەك بۆ یەکتر لەیەك نزیك بوونەوە، هەست دەکەین شێوازێك هەیە لەململانێی دوولایەنە، ململانێی باش و خراپ، مەرگ و ژیان.. لەڕۆژنامەو کتێب و



www.pertwk.com

دەزگاكانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆو سینەماو بڵاوكراوەكانی مۆسیقاو پڕوپاگەندەكانی سەر كوچەو كۆڵان و شەقامەكان و.. هتددا، لەهەموو ئەمانەدا تێبینی ئەوە دەكرێت كەكۆمەڵ ئەیەوێ جوانی بوونیاد بنێ و كۆمەڵ دەیەوێ جوانی بكوژێ.

كۆمەڵێك داهێنان و بونیادنان و دۆستایەتی و مرۆڤایەتی و ئاشتی دەكاتە پێوەری بۆ چوونە نێو پەیوەندیەكانی لەنێوان مرۆڤدا، بەڵام هێزی بەرامبەر بەپێچەوانەوە ئەو هاوكێشانە سەرەونگوون دەكات.

ئەمجۆرە ململانێیە دیارە مێژووی دێرینی هەیە. لەنێو پەیوەندی نێوان مرۆڤ و چالاكیەكانی مرۆڤدا (واتا چالاكی بەهەموو شێوازەكانییەوە)..

دیارە هەندێك لەو چالاكیانە چالاكی زمانەوانین، هەندێكیان چالاكی بزووتنەوەیین. ئایا مەبەست چییە لەچالاكی زمانەوانی و چالاكی بزووتنەوەیی؟! چالاكی زمانەوانی هەموو ئەو كارانە ئەگرێتەوە كەزمان تیایاندا بەشدارە لەدروستكردنی پەیوەندی، وەك ڕۆژنامەو كتێب و گۆڤارو ڕادیۆو.. هتد. چالاكی بزووتنەوەییش ئەوانەن كە لەبوارەكانی ڕامیاری و سەربازی و.. هتددا ڕوودەدەن، گەر وەك (دەق) تەماشایان بكەین هەر هەموویان بەشێكن لە(دەق).. وەك لەسەرەتای ئەم كتێبەدا خستمانە ڕوو. دەق بەمانا بەرفراوانەكەی، نەك دیاریكردنی لەسنورێكی تەسكی دیاریكراودا. هەرچەند بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ لەململانێدا بووە، لەگەڵ خۆی و لەگەڵ دەوروبەریدا دەربارەی چەمكەكان، هەروەها ڕاڤەی جۆراوجۆری بۆ كردووە،.. پرسیارێك هەیە هەمیشەو بەدرێژایی هەموو فەلسەفەو زانست و ڕامیارییەكان كردوویانە كەچ دەقێ دەقی زیندووە؟! واتا چ دەقێ بەڕاستی لەژیاندایە؟.. بەرهەمی هەر كارێكی مرۆیی بەمەبەستی زیندوێتی لەدایك دەبێت. كەسێك نایەوێ شتێ كە لەزمانی دێتە دەرەوە بێ كاریگەر بێت، بەڵكو دەیەوێ لەوە تێبگات كەهۆكارە ناكاریگەرییەكەی چییە؟ تەواوی بەرهەمەكانی مرۆڤ، ڕوویەكیان هەیە كەبریتییە لەگێڕانەوە، گێڕانەوەی شتێك گرنگ نییە چییە، تەنیا بابەتی



هونەری نەبێت هەر هەموو بابەتەكانی تر بەمەبەستی گێڕانەوەی شتێك لەدایك دەبن! واتە ئەوەی زیاتر دەكەوێتە بەر ڕەخنەو لێكدانەوە، هونەرە، واتا بابەتە هونەرییەكانە، چ هونەری هونەر، هونەری ئەدەب یاهونەری ڕامیاری یامێژوویی یادەروونی گرنگ نییە، بۆیە چاوی تەرازوو دەیانخاتە سەر كێشان و پێوانە. چونكە گێڕانەوەی باسێكی ئاسایی جیاوازە لەگەڵ كارێكی هونەری، ئەمكارە باس لەئێستاو ڕابردوو دەكات.. ئەو داهێنەرانەی دەكەونە خانەی ژیانەوە مامەڵە لەگەڵ كارەكانیاندا دەكەن لەسەر ئاستی وردبوونەوەو بڕیاردانی لەپاشەڕۆژی بەرهەمەكانیان..

داهێنانی هەر كارێك پابەندە بەو تەوژمەی كەداهێنەرەكە دەیداتێ بۆ ئەوەی بەژیان و گوڕو تەوژم بمێنێتەوە..

**(دەق) ململانێی نێوان، ژیان و مەرگە.**

هەر لەمڕۆداو، لەدنیای نوێدا پەرەسەندنەكان زۆر جیاوازن لەگەڵ دنیای دوێنێ و دێریندا. ئەمڕۆ تەكنەلۆجیاو پێشكەوتنی بوارەكانی داهێنانی تەكنەلۆجیا، هەموو سات و چركەیەك داهێنانێكی نوێ دەخاتەڕوو، دەقی تەكنەلۆژی دەتوانێ بڕواتە نێو قووڵترین مەوداكانی ژیانەوە، دەقی تەكنەلۆژی چاوەڕوانی ئەوە ناكات كەمەرگ بێت تەنگی پێ هەڵچنێ. كاتێك بەراوردی دەقی تەكنەلۆژی دەكەین لەگەڵ دەقی هونەریدا دەكەوینە سەرسوڕمانێكی كوشندەوە.. ڕەنگە تووشی گومان بین لەنووسینەكانی بارت و هیچ گومانێكمان لا نەمێنێ كەوا دەقی پەتی خەیاڵەو بوونی نییە "كەر دەقی وابێ ئەوا "دابڕاوە دابڕاوێكی پەتی لەو میانەی تیایدا دەژی"[32] تەكنەلۆجیاو هەموو دیاردەكانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن و هەموو ئەو دیاردانەی لەدەرەوەی بیرو عەقڵ و هۆشدان، هەموو یەكەكانی دەق پێكدەهێنن. ئیتر چۆن ڕێی تێ دەچێ كەدەق لەم هەموو شتە بێبەری بێت. ڕولان بارت دەڵێ: " زمانی مرۆڤایەتی بەتەواوی نمونەی مانا نییە، بەڵكو بونیادێكی مانایە"[33].



www.pertwk.com

هەروەك وتمان "دەق" لەدەرەوەی تەوەرەی ئاسایی خۆیدا، تەنیا پەیوەست نییە بەدەقی نووسراو، بەڵكو هەموو چالاكییەكانی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەوەندەی لێرەدا جێی سەرنج و گومانە، ئەوەیە كەتەكنەلۆژیا دەتوانێ برەو بەخۆی بدات، كەچی هونەر تووشی نووشستی دەبێت.

ئایا سیستەمی هونەر لەو پونتەی كەلێوەی دەجوڵێتەوە، جووڵەیەكی هەڵەی هەیەو ناتوانێ خۆی بناسێتەوەو ڕێگای خۆی لێ وندەبێت؟ یاخود تووشی سەرسوڕمانێ دەبێ بەرامبەر بەدیاردەكانی تر؟!

بێگومان تەكنەلۆجیا دەتوانێ بەبێ پابەند بەو سنورە جوانكاریانەی كەپێش خۆی هەبوو هەنگاو هەڵهێنێ و بەرەو پێشەوە بڕوات، هەروەها دەتوانێ ئەو ئامانجانەی خۆی زۆر بەئاسانی بپێكێ لەبەرئەوەی مرۆڤ لەتەكنەلۆژیادا پێویستی دەبینێ، وەك زەرورەتێ تەماشای دەكات، هەروەها سروشتی تەكنەلۆژیا ئەوەندە سروشتێكی ئیستاتیكییە كەزۆر بەئاسانی لەنێو دڵی وەرگرەكەیدا جێگای خۆی دەكاتەوە.

ئەو چێژەی كەئەمڕۆ تەكنەلۆژیا پێمانی دەبەخشێ، چێژێكە پێشتر نەخشەی بۆ كێشراوە. بەرنامەی وردی بۆ دانراوە، هەروەها لەڕێگا جیاجیاكانەوە پەیوەندی لەگەڵ وەرگرەكەیدا دروستدەكات، واتا لەڕێگای زانستەكانی دەروونناسی و كۆمەڵناسی و مێژووییەوە..

بۆ نمونە لەدەزگای ئەلكترۆنیەوە دەست پێ دەكەین!!

تەلەفزیۆن.. لەسەرەتای پەیدابوونیدا مرۆڤ وەك كارێكی سەرسوڕهێنەر دەیڕوانیە ئەم داهێنانە. هەروەها جۆرێك لەشاگەشكەیی لەلای مرۆڤ دروستكرد، بۆیە مرۆڤ یەك لەدوای یەك و خێزان لەدوای خێزان دەیانویست بەهەر شێوازێ بێت بیهێننە ماڵەوە، بەم جۆرە تەلەفزیۆن خۆی كرد بەهەموو ماڵێكدا، نەك وەك پێویستی، بەڵكو وەك داهێنانێكی نوێ، پێشوازی كردنی مرۆڤ بۆ ئەم داهێنانە لەیەكەم هەنگاودا لەڕووی شاگەشكەییەوەبوو. ئەو پێشوازییە لەپاشاندا بوو بەپێویستی، پێویستی بوونی ئەو ئامێرە لەماڵاندا گەڕایەوە بۆ ئاگاداربوون و فێربوون.



پێویستیی كارەكە لەشاگەشكەییەوە گۆڕا بۆ پێویستی بۆچی پێویستی؟ لەبەرئەوەی مرۆڤ دەبێ ئاگاداری ڕووداوەكان بێت، دەبێ لەڕێی تەلەفزیۆنەوە فێری زمان بێت بۆ منداڵەكەی و بۆ خودی و ژنەكەی یان پیاوەكەی، هەروەها پێویستییە وەك گوێگرتن لەمۆسیقاو شانۆو بینینی فیلم و.. هتد..

بەمشێوەیە تەكنەلۆجیا چووە نێو خێزانەوەو بوو بەبەشێك لەپەیوەندی خێزانی و بەشێك لەپەیوەندی كۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان مرۆڤەكان..

ئەم مەلەسەیە لەمەوداكانی تریشدا هەروا ڕاستە، هەروەك تەلەفۆن و فاكس و كۆمپیوتەرو.. هتد.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە، ئایا هۆی ئەوە چییە كەتەكنەلۆژیا وا زوو توانی لەنێو كۆمەڵگادا بەتووندی جێی خۆی بكاتەوەو هەروا زۆر بەچالاكی ببێ بەبەشێك لەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییە؟!.. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێینەوە سەر خاڵێكی زۆر گرنگ، ئەویش چۆنیەتی مامەڵەكردنە لەگەڵ چێژی مرۆڤدا! زۆربەی زۆری داهێنەران و لێكۆڵەرەوان لەبارەی چێژەوە سورن لەسەر ئەوەی كەگشت زیندەوەرەكان بەرەو ئەو شتە زیاترە ئارەزوویان هەیە كەزیاتر چێژیان پێ دەبەخشێت. كەسێك ناتوانێ چەند ساتێ گوێ لەچیرۆكێك بگرێ كە بەهەواوی سەرنجی ڕاناكێشێ بەڵام ئەگەر چێژی پێ ببەخشێت زیاترو بگرە چەندین كاتژمێر بەدیاریەوە دادەنیشێ. هیگل وتی ئەوەی عەقڵانییە ئەوە دەمێنێتەوە. بەڵام ئێمە دەڵێین لەئەمڕۆدا ئەوە چێژ دەبەخشێ كەزیاتر دەمێنێتەوە، مانەوە پەیوەستییەكی توندو تۆڵی بەمەسەلەی چێژەوە هەیە. هەموو دیاردەیەك چێژ بەمرۆڤ دەبەخشێ، ئەگەر هاتوو ئەو دیاردە لەنێو سنوری مرۆڤدا سوڕایەوە، هەموو كەس دەتوانێ داهێنانەكەی خۆی بەداهێنانێكی چێژبەخش لەقەڵەم بدات، بەڵام گرنگ ئەوەیە كە لەپەیوەندی لەگەڵ وەرگردا ئەو چێژە چۆن دەكەوێتەوە..



www.pertwk.com

ئێمە لێرەدا باس لەچێژی تەکنەلۆژی دەکەین، چونکە ئەمڕۆ ژیانی مرۆڤ لەم سەدەی بیست و یەکەمەدا بەرەو بە ئەلکترۆنبوون و بەچیپ (Chep) بوونی شتەکان دەڕوات. تۆ دەتوانی هەموو ناوەڕۆکی کتێبخانەکانی دنیا لەسەر پارچە لەوحێکی ئەلکترۆنی هەڵگری، دەتوانی هەموو جیهان لەنێو ژوورەکەی خۆتەوە ببەستیتەوە بەیەکەوە، لەڕێگای ئینتەرنێتەوە Internet، هەندێ لەوڵاتی جیهان بەرەو ئەوە دەڕۆن کەئیتر چەندساڵێکی دی ڕۆڵی پێنووس نامێنێ و کەس پێنووس بەکارناهێنێ، چونکە هەموو کارێك بە Computer دەکرێت، هەر بۆیەش شاڵاوی دنیا بەرەو نزیك بوونەوەیە لەتەکنۆلۆژیا، چێژی تەکنەلۆژیا ئەوەندە مەزنە کەهیچ هێزێ ناتوانێ خۆی لەبەردەمدا ڕاگرێ، هیچ هێزێك ناتوانێ لەبەردەم ئەو مرۆڤەدا ڕاوەستێ کە 5 تا 9 سەعات لەبەردەم کۆمپیوتەردا خەریکی یارییە یان کاری ئینتەرنێتە.

بەپێی سەرژمێری یەکێك لەدەزگاکانی سەرژمێری 75٪ لاوانی ئەورویا سەرقاڵی کۆمپیوتەرن.

بەهەرحاڵ با لەباسەکە دەرنەچین، چێژ لەم مەیانەدا ڕۆڵی گەورە دەگێڕێ، بەڵام ئایا ڕۆڵی هونەر چییە؟ ئایا هونەر توانیوێتی ئەو دەرگایانە بدۆزێتەوە، بۆئەوەی بتوانێ لەپێشبڕکێی تەکنەلۆژیای بەرێتەوە! یان توانیوێتی پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤ و دەق بەهێز بکات تابتوانی دەلالەتەکانی جیهان لەلای وەرگر بەچێژ بکات.

ئەو "کۆدانەی" کە بارت باسی لێوەکردوون، لەچێژی دەقدا لەدەقی هونەریدا ئەو دەقانە چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ ئەو دەقانەی لە تەکنەلۆژیادا دەبینرێن. ئەتوانین بڵێین لەنێوان ئەم دووانەدا کارەکە پەیوەندی بەجوانکارییەوە هەیە، ڕەنگە لەتەکنەلۆژیادا کۆدەکانی جوانکاری ئەوەندە چووبێتە ناخی وەرگرەوە، وەرگر تووشی نامۆبوون دەبێت و دابڕانێ دروست دەبێت لەنێوان ئەو ناخەی پەیوەندی دەکات لەگەڵ دەقی تەکنەلۆژیاداو ئەو ناخەی کەبێزاری تێدایە، بۆیە بێزارییەکە



دەمرێت و ناخی چوونە نێو دەقەکە بەئامادەیی دەژی لەگەڵ دەقەکەدا بەمجۆرە بەردەوام دەبێت، تادەگاتە ترۆپکی چێژی قووڵ.

ڕەنگە لەدەقی تەکنەلۆژیادا پەیوەندییەکە ئەوەندە بەهێزبێ کەماناکان بەڕوونی بگەنە وەرگر. نەك ئەمەش، شێوەو نەخشەی دامەزراندنی پەیوەندییەکانی ئەوەندە چالاکانەو زیرەکانەن کەدەتوانێ پێویستییەکانی وەرگر بخوێنێتەوە. ئەڵبەتە باسکردنی چێژ خۆی لەخۆیدا، بریتییە لەچۆنیەتی دامەزراندنی پەیوەندی لەدەقەکانی ناتەکنەلۆژیدا شێوەو داڕشتنی کۆدەکان پەیوەندی هەیە بەچەندین هۆکارەوە، ڕەنگە دەقی ناتەکنەلۆژیای دێرین، جیاوازی هەبێ لەگەڵ دەقی ئێستادا، لەو زەمەنەدا دەق دەیتوانی ئەو ڕۆڵە تەکنەلۆژییە بگێڕێ لەپڕکردنەوەی ناتەواوییەکانی سەردەم بوون، دەق هەموو توانایەکی حستبووە گەڕ کەبتوانێ جێگاکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆو کۆمپیوتەرو دەزگاکانی تری پەیوەندی بگرێتەوە، بۆیە چێژی ئەو سەردەمە جیاواز بووە لەچێژی ئێستا، هەندێك دەڵێن ئەرکی دەق، بەڵام من دەڵێم چێژ، لەبەرئەوەی چێژ دەتوانێ لەهەمان کاتدا وەزیفە بێت دەقی بێ چێژ هیچ وەزیفەیەکی نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێت وەك مردوویەك لەنێو تابووتدایەو چاوەڕوانە کەسێك بیخاتە نێو گۆڕەوە.

کەواتە دەتوانین لێرەوە دەستنیشانی ئەو خاڵە بکەین کەبەرهەمو دەق لەنێو پەیوەندی چێژدا دەسوڕێنەوە، ئێمە لێرەدا دەتوانین ژیان وەك دەق تەماشای بکەین، چونکە بارت دەڵێ: "ژیان دەقە".. کەسێکی وەك بارت ژیان بەو هەموو ئاڵۆزی و چڕو پڕیو ناهەمواریو خۆشیو دواکەوتنو پێشکەوتنەوە بەدەق دادەنێ، بۆیە جێی خۆیەتی کەبڵێین دەقی چێژبەخش بەڕاستی ژیانەو پڕە لەزیندوویێتی و چوست و چالاکی، دەقێکیش کەچێژ نابەخشێ مەرگە.

مەرگی دەق، واتە مەرگی ژیان، لەمەرگی ژیاندا چ چێژێ هەیە؟



www.pertwk.com

سنورردانان بۆ دەق یەکێکە لەو خاڵانەی کەدەبێتە هۆی مەرگی دەق، پارێزگاری کردنی هاوسەنگی لەنێوان ناوەوەو دەرەوەی دەقدا پێویستییەکی گرنگە بۆ هێشتنەوەی چێژ، مەزنی ئەم چێژە لەناوەوەی دەقەوە دەڕوات بۆ ناخی وەرگر، کەواتە پرۆسەیەکی بازنەیی هەیە، گونجاندنی ناخی وەرگر لەگەڵ ناخی دەق، دەبێتە هۆی خولقاندنی چێژ، هەندێك ڕا هەیە دەڵێت ڕەنگە دەقێ لەنێو کۆمەڵگەیەکدا جوانترین چێژ ببەخشێ، بەڵام هەر هەمان دەق لەنێو کۆمەڵگەیەکی تردا تووشی مەرگ دەبێت، چونکە لێرەدا واتا لەناو کۆمەڵگەی دووەمدا بازنەیەکی ناتەواو دروست دەبێت و هۆکارەکانی دروست نەبوونی چێژ پەیوەستن بەپەیوەندییە جۆراوجۆرەکانەوە.. بۆ نمونە کۆمەڵگەیەك لەژێر پاڵەپەستۆی سانسۆرو لەژێر ئابلۆقەی فیکریدا بێت، بێگومان هەوڵدەدات ئەو ئابلۆقەیە بپرێ و دەستی بگاتە ئەو دەقانەی کەخۆی دەیەوێ.

لەدەقی نووسراودا پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆزە، بۆ نمونە لەهەندێ کۆمەڵگەی گێژبوو بەبیری ئایدۆلۆژیای تایبەت، یاخود بەکاریگەری ئایینی پرسی چێژ وەرگرتن ئاستێکی تر وەردەگرێت! ڕەنگە ئەو کۆمەڵگەیەی لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتدایە، گەورەترین چێژ لەدەقەکانی وەرگرێت، بەڵام هەر هەمان دەق بێ بەرین لەجوانکاری و هێزو توانای ئیستاتیکی.. لەنێو پەرستگە بودییەکاندا مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەك کەناتوانێ خۆی لێدەربازکات، ڕەنگە ئەم کارە بۆ ڕەبەنێکی بوزی ئەوپەڕی چێژ بێت، بەڵام بۆ ڕەبەنێکی کلێساکان هیچ ماناو چێژێکی نەبێت.

ڕاستە لێرەدا بڕوا ڕۆڵی خۆی هەیە، بەڵام ئەو چێژەی کەدروست دەبێت سەرچاوەکەی لەکۆمەڵگەیەکی ئایینی بۆ کۆمەڵگەیەکی ئایینی دیکە جیاوازە. ئایا چۆن دەکرێ حوکم بەسەر ئەم دیاردەیەدا بدرێت. تۆ بڵێی ئەمە لادانێك بێت لەیاساکانی چیژی دەق؟! بێگومان ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ هەمان خاڵی سەرەتا، کەچێژی دەق چێژی پەیوەندییە لەدەورو بەرەوە بۆ



دەق، لەدەقەوە بۆ وەرگر لەدواییدا بۆ دەوروبەر. کەواتە کاملبوونی بازنەکە زۆر گرنگە. لەدەقدا ئەو هۆکارانەی پەیوەندی دەرەوەو ناوەوە زۆر گرنگن.

بۆ ئەوەی بزانین ئەفراندنی ئەو دەقە تا چ ڕادەیەکە.. ڕولان پارت دەڵێ: "دەق ئەوکاتە باشترین چێژم لا دروست دەکات، گەر وای لێکردم ناڕاستەوخۆ گوێی بۆ هەڵخەم"[34]. هەروەها بارت بناغەی چێژ دەبەستێتەوە بەدەرونەوە.

* * *

دەگەڕێینەوە سەر باسی دەق و تەکنەلۆژیاو وەرگر. جەستەی وەرگرو جەستەی دەق لەناخەوە یەك پێکهاتەی فیزیکییان هەیە. ئەم دوو جەستەیە لەیەك حاڵەتدا دەتوانن یەکگرتووبن، ئەو حاڵەتەش بریتییە لەجووت بوون لەگەڵ جەستەی وەرگردا، کەنەتوانێ بەئاسانی لێی جودابێتەوە. واتا لەم حاڵەتەدا لەمەفهومی مەرگ دەگات و بەرەو ئەو ڕێگایەی نابات، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەسەڵاتی چێژ ڕۆڵی گەورە دەگێڕێ، ئەو دەسەڵاتەش بەرووبەڕوو بوونەوەی هەردووکیان دێتەدی، ئەگەر وەرگر توانی لەژێر دەسەڵاتی ئەو چێژەدا بمێنێتەوە، ئەوە ژیانێك لەناخی خودی خۆیدا دروستدەکات، بەمجۆرە لەو مەودایەدا مەرگ جێی نابێتەوە.

خوێندنەوەی دەق بەمانای گەڕانە بەدووی چێژدا، لەنێو خودی وەرگردا حەز ئامادەیە، حەزی گەڕان بەدووی چێژدا، هەر وەرگرەو چێژی خۆی لەدەقێکدا دەبینێتەوە، ئەگەر هاتوو دەقێك لەسەر ئاستی ستوونی لەگەڵ وەرگردا پەیوەندیی پەیداکرد، ئەوا مەزنترین چێژ دروستدەبێت، بەمەش گەورەترین حەز ڕایی دەکات و لەنێو شێوەیەك لەبەردەوامی و ژیاندا جێگای خۆی دەکاتەوە.

دۆزینەوەی خود لەنێو خودی وەرگرو خودی دەقەکەدا، بەمەرگی خودێ دێتەدی بۆ ئەوەی ئەوی تریان بەردەوامی هەبێت، خود دەق بەتواناو هێزی خۆی بەسەر وەرگردا زاڵدەبێت، بەمجۆرە خودی دەق زیندوێتی



www.pertwk.com

خۆی ڕادەگەیەنێ، بەڵام ئەگەر هات و خودی وەرگر لەدەسەڵاتی خودی دەق مەزنتر بوو، ئەوا خودی دەق بەرەو مەرگ دەڕوات.. بەمجۆرەش پەیامی مەرگ ڕادەگەیەنرێ.

لەدەقی تەکنەلۆژیادا دەبینین هەر دەقێکی نوێ سەرسوڕمانێ لەلای وەرگر دروستدەکات، بۆیە بەردەوام زیندووە..

هەندێ جار دەق دیکتاتۆریەتی خۆی ڕادەگەیەنێ! چۆن؟ ئەمە پرسیارێکی سەنگینە، ئەم دیاردەی دیکتاتۆریەتی دەقە لەدەقەکانی ڕامیاری و ئایینیدا زەقن، لەتەکنەلۆژیادا بەکەمی بەدی دەکرێت ئەم دیکتاتۆریەتە لەوەدا نییە کەتەنیا دەسەڵاتێکی وەهمی هەبێت، بەڵکو دەسەڵاتەکەی سەرچاوەی لەو کۆدو نیشانەو هێمایانەوە وەرگرتووە کەدەچنە ناخی وەرگرەوەو، وەرگر پێی گێژبووە، ناتوانێ بەئاسانی خۆی لێدەرباز بکات، لەگەڵ ناخیدا وندەبێت و چێژێکی وەهم ئاسای لا دروستدەکات و هێزێکی داپڵۆسێنەرە بۆ خولقاندنی باوەڕ لەناخی وەرگردا.

* * *

زۆربەی ئەو دەقانەی کە لەمێژووداو لەناخی وەرگرەکاندا چێژیان بەخشیووە، شێوازی جۆراوجۆریان بەخۆوە بینیوە، بەڵام لەزۆر کات و سەردەمدا بۆ دامرکاندنەوەی حەزەکان بووە. بریتی بووە لەگۆڕینی ناخ و میزاجی وەرگر.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەقی مەزن ئەو دەقانە بوون کەتەعبیریان لەئازارەکانی مرۆڤ و هەستەکان دەکرد، یاریدەدەر بوو بۆ کەمکردنەوەی ئەرکەکانی سەر شانیان. هێدی هێدی لەگەڵ زیادبوونی قەیرانەکان‌و زیادبوونی کێشە ئابوری‌و ڕامیاری‌و دەروونییەکاندا مرۆڤ ڕۆڵی گەورەتری کەوتە ئەستۆ، بەم ڕۆڵە نوێیانە ئازارەکان گەورە دەبوون و دەمارگیری و گرژی پەیوەندییەکان زێدەتر هاوکێشەکانی ئاڵۆز دەکرد، بۆیە دەق ئەرکی زیاتری کەوتە ئەستۆ، کەئەمەش وای لێکرد زێدەتر بەدووی شێوازی نوێدا بگەڕێ.



لەسەردەمی ڕێنساندا کەگۆڕانکارییەکی فەرهەنگی مەزن بوو لەکۆتاییەکانی، سەدەی چواردەهەمدا دەستی پێکرد. لەسەدەی پازدەهەم و شازدەهەمدا زۆر بەپەلە گەشەیکرد.. نوێ بوونەوەی ژیان کە لەگەڵ خۆیدا دەیان دەقی نوێی خستە نێو فەرهەنگی مرۆڤایەتییەوە، هەر لەدەقی تەکنەلۆژیاوە تادەقی هونەری مەزن. بەرپابوونی چەکی گەرم و ماشینی چاپ زیاتر یارمەتی مرۆڤیدا کەچێژ لەپێویستییەکانی ژیان وەرگرێت، هەرچی چالاکییەکانی مرۆڤە ڕوویەکی تری گرتە خۆی، دەیەها دەقی نوێ هاتنە نێو دەقی مرۆڤایەتییەوە، لەبواری ڕۆحدا تەسکینی ڕۆح لەهونەردا زۆر گرنگتر بوو لەگێژکردنی ڕۆح، پێش هەموو شتێ ڕینیسانس دیدی مرۆڤی گۆڕی و مرۆڤایەتی ڕوویەکی تری دەق بوو، ڕاستە لەمەوداکانی زانست و گەشەکردنی زانستدا مرۆڤ قوربانی مەزنی دەبەخشی، بەڵام جیهان وەك لەخەو ڕاپەڕیبێ ئاوەها بوو "یەکێك لەڕووخسارە ناسراوەکانی ڕینسانس Marsilio Ficino بوو کەوتی: ئەی بوونەوەری خودایی لەپێستی مرۆیدا، خۆت بناسە"[35] هەر لەو لاشەوە Pico della Mirandola وتی: "مرۆڤگەرایەکانی ڕێنیسانس مرۆڤیان کرد بەخاڵی دەست پێکردنی کارەکانیان"[36].

دیارە پێش ئەوانیش ئەم کارانە هەر کرابوون، بەڵام بەڕوویەکی شاراوەو لەژێر پەردەیەکی تردا، خۆ وەنەبێ پێش ئەوان مرۆڤایەتی پشتگوێ خرابووبێ، بەڵام لەو سەردەمە بەدواوە مرۆڤو دەق بەرەو بوونیادنان دەچوون، نەك وێرانکاری‌و شێواندن. دەق بەشداری لەکێشەکانی مرۆڤدا دەکرد، واتا دیکتاتۆریەتی دەق، دیکتاتۆریەتێکی بوونیادنەرانەبوو نەك تێکدەرانە، بۆ بونیادنانی ناوەوەی مرۆڤ، نەك تێکدان و وێران کردنی بۆیە چێژ بەڕاستی دەگەیشتە مرۆڤ.

یەکێ لەگرنگترین دەسەڵاتەکان لەلای داهێنەران مامەڵەکردن بوو لەگەڵ جۆرە میتۆدێك کەزیاتر بەرفراوانی هەبێت، میتۆدەکە لەو ئاستەدا نەبوو کەتەنیا یەك مەودا بگرێ، بەڵکو بۆ مەودای ئاسۆیی و ستوونی و لاری



www.pertwk.com

رۆیشتووە.. هەروەها شێوازیش لەچەندین مەوداوە پەلوپۆی هاویشتووە، دەق لەنێو مەرگی ئاساییدا ژیانی خولقاندووە، پێش ئەوەی بخولقێ لەخۆی پرسیوە "لەچ مەودایەکەوە پێویستە بجولێم، دەبێ چی بلێم؟" بەمەبەستی دیاریکردنی مەودایەکی ڕاست و دروست".

هەروەها لەو مەودا ئاساییەدا نەوەستاوە، بگرە لەخۆی پرسیوە: چ مەودایەك مانا دەبەخشێتە دەقەکەم؟ مانای تێکشکاندنی مانا باوەکان؟ مانای گواستنەوەی مانا باوەکان، یان بونیادنانەوەی مانا باوەکان.. هەر بۆیە وەرگر خاوەنی ئازادییە لەشیکردنەوەی ناوەڕۆکی دەقدا. گەلێ دەق بەمەرزنی لەدایك دەبن، لەنێو مەرگەساتی گەڕاندا گەیشتوونەتە ژیان، لەنێو نابینایيدا گەیشتوونەتە بینین..

چێژی مەرگاوی هەمیشە ویستوویەتی خۆی بکات بەنێو هەموو چالاکییە داهێنەرەکاندا هەندێ لەو چالاکیانە تەسلیمی بوون، هەندێکیان خۆیان پساندوەو خۆیان لەو سنورە دەرباز کردووە.

هاوسەنگیەکانی دەق، بەوە ئەشێوێ، کەچۆن دەتوانێ خۆی لەبازنەی دووبارە بوونەوەدا ڕاپسێنێ، دەقی دووبارەو سواو ئەو دەقانەن کەهەمیشە مەرگ دەچێنن، دەقێك هەمیشە لەنێو وتنەوەی چەند دەستەواژەیەکی کۆندا بێت و بڕوا. نەتوانێ بەزمانێك بدوێ کەپێویست بێت تەعبیر لەبابەتە بکات کەخۆی دەیەوێ.. ئەم ڕاستیەش لەزۆر لەو دەقانەدا دەبینرێ کەسەرخۆشن بەئەدەواتە سواوەکان و کۆدەکانیان تووشی داخران بوون.

مردوێتی دەق دوو جۆرە، یەکەم ئەو دەقانەن کە لەدایك دەبن یەکسەر دەمرن، لەبەرئەوەی پێشتر خاوەنەکانیان سودیان لەئەدەواتگەلێ وەرگرتووە، کەڵکیان نەماوەو مردوون.. ئەمەش لەو هەزاران دەقانەدا دەبینرێ کەڕۆژانە لەدایك دەبن و پێشی ئەوەی بێنە دنیاوە بەمردوویی لەدایك دەبن هیچ پەیامێکیان پێ نییە، هیچ شتێکیان نییە بیلێێن، نە لەخۆیان دەگەن نەلەو پەیامەی پێیانە... دووەم ئەو دەقانەی کەدەیانەوێ



لەدایك بن بۆ ساتێ دەمێننەوە، پاشان بۆ ساتەوەختێ لەنێو بونیادەکانی هەستی مرۆڤدا کاریگەرییان دەبێت، بەڵام لەدواییدا هێدی هێدی بە گیانەڵاوە بەرەو مەرگ دەڕۆن.

هەر بۆیە گاستۆن باشلار لەلێکدانەوەکانیدا لەمەڕ پرسی زانست و دەقی زانستی، ئەوە دەسەلمێنێ کەدەقی زانستی بۆ ئەوەی تووشی مەرگ نەبێت ئەبێ خەیاڵ و درك دروستبکات. لەم بارەیەشەوە بڕوای وایە. هەروەها بڕوای بەوە بووە کەدەق کاتێك سەرسوڕمان دروستدەکات کە بتوانێ هونەری بێت.

هەروەها چۆن لەهەموو باسەکانی سەرەوەماندا باسی گرنگی دوو لایەنەکەی دەق دەکەین لەئامادەبوون و نائامادەبووندا هەروەها گرنگیشە ئەوە پشتگوێ نەخەین کەبوون، بوونی هەر دیاردەیەك پەیوەستە بەبوونی مەرگ و ژیان و، چێژو ناچێژەوە.

**سوود**:

ئەم زاراوەیە زیاتر لەبوارەکانی ئابوری و شیکردنەوەی ئابوری و لێکدانەوەی بەرژەوندییە کۆمەڵایەتییەکانداو لەچۆنیەتی هەڵسەنگاندنی دژەکاندا بەکاردەهێنرێ. بەڵام لێرەدا وەك زاراوەیەك بەکاری دەهێنین، بۆ قووڵبوونەوە لەو مەودایانەی کەدەچنە نێو هەڵسەنگاندنی (زیان و سوود) بەوەرگر. پێش ئەم باسە ئاماژەمان بەباشەو خراپەو ڕەش و سپی و مەرگ و ژیان کرد، دیارە لەژیانیشدا شتێك هەیە پێی دەوترێ زیان و سوود، سوود بەمەبەستی ئەوەی تاچ ڕادەیەك گۆڕانکارییەکان بەرەو لایەنی ئیجابی دەبات و لایەنی نەگەتیفی دیاردەکان چۆن دەردەکەوێت.

دیارە هەر لەسەرەتاوە وتمان مەبەستمان لەو هەموو دژانە بۆ لێکدانەوەی دەقەکانی مرۆڤایەتییە، لەژێر سێبەری ژیان و مەرگدا، ئەو پرسیارەشی کەلێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە، ئایا کەی دەق دەتوانێ لەنێو ئەم جیهانە پڕ لەکێشمەکێش و ناکۆکییەدا سوودمەند ببێت، کەی دەتوانێ ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوەو خۆی لەنامۆی و ونبوون قوتار بکات؟ ئەمانەو کۆمەڵێ



www.pertwk.com

ململانێی دیکە دەق پێویستی پێیانە، بۆ ئەوەی بتوانێت لای وەرگر ئاشنا بێت: هەموو دەقێکی بێ سوود، دەقی مردووە، واتا گەر نەیتوانی بەشداربێت لەپێکهێنانی سروشتی مانەوەو بیناکردنی ناخی مرۆڤ و دەوروبەری مرۆڤ و دامەزراندنی ماناکان و هەڵوەشاندنەوەی بێمانایی، ئەوا دەقێکی مردووە. کەواتە پەیوەندی مەرگ و مانەوە لە دەقدا وەك پەیوەندی دەسکەوتن و دۆڕاندن وایە. کێ بڕیاری ئەوە دەدات کەئایا دەق سوودمەندە یاخود بێ سوودە، بێگومان عەقڵ و هەستەکان بڕیاردەدەن لەم مەسەیەلەدا، هەروەها چۆنیەتی ڕوانین و ئەو میزاجانەی کەحەزەکان دیاری دەکەن، لەمانەش بترازێ ئەکتیفیتایتی ئەو کارلێکەرانەی کەپەیوەستن بەهەستەکان و عەقڵەوە. سوود هەر لەخۆیەوە دروست نابێت، لەبەرئەوەی سروشتی دەق لەگەڵ شمەکدا جیاوازە ئەو هەوڵدەدات لەپێویستیدا خۆی دەربخات، کەچی دەق خۆی دەردەخات بۆ ئەوەی ببێ بەپێویستی، مرۆڤ وەك کەمبوودی و زێدەیی دەڕوانێتە شمەك، بەڵام لەحاڵەتی دەقدا مانایی و کاری داهێنەرانەی ئەو دەقە سەنگی مەحەکە.. مانا بەخشینی دەق جیاوازە لەمانا بەخشینی شمەك. ماناش بەمانا زەینییەکەی پەیوەستە بەهەست و ناخ و دەوروبەرەوە. ئەمەش لەشێوەیەك لەشێوەکانی دەقەوە بۆ شێوەیەکی تر دەگۆڕێ، لەدەقێکی نووسراوەوە بۆ دەقێکی بینراو دەگۆڕێ.. زیاتریش جیاوازییە لەنێوان ماناداا. ئەوەی کەدەق پەیدا دەکات غەریزەیە، هەر بۆیە هیچ گومان لەوەدا نییە کەمێژووی دەق مێژووی غەریزەیە.

لەدەقی نووسراودا مانا وابەستەیە بەماناوە، وابەستەیە بەدەستەواژەو ڕستەکان کەلەوێشەوە دەچنە نێو قاڵبی پرسەکانەوە، بۆیە گرنگ لەم لێکدانەوەیەدا ئەوەیە کەئایا ئەوەی لێك دەدرێتەوە لەڕاستیدا وابەستەیە بەوەی کەلەنێو وشەو ڕستەکاندا وتراوە، یاخود مەنتیقیەتی ئەوەی کەهەیە پەیوەستە بەمەنتقییەتە ئەوەی کەنووسراوە؟ ئەی کێ ناڵێ ئەو مەنتقییەتە دروستبوونی جۆرێکە لەگونجاندنی هەستی لەنێوان خوێنەرو



وەرگری ئەو دەقەدا لەگەڵ ناوەڕۆکی دەروونی خۆی؟ ئەو دەقەش ڕەنگە لای دەرونێکی تر لێکدانەوەیەکی تری هەبێت، بۆیە مانای ئەو دەقانەی کەهەن زۆر لەبیرکەرەوان دەڵێن لەدووتوێی دەقەکاندا نییە، بەڵکو لەدووتوێی دەروونی وەرگرەکەدایە.

لۆژیکی نووسینێ پەیوەستە بەلۆژیکی ئەوەی لەناخی نووسەرەکەیدا نییە، بەڵکو ئەوەی لەناخی وەرگرەکەیدایە، گەر هات و دەقێك خرایە بەر دەستی وەرگر دەربارەی شتێ کەهەرگیز نەبینراوەو نەبیستراوەو باس نەکراوەو بەهیچ جۆرێ لەلۆژیکی لێکدانەوەی وەرگردا نییە، ئایا دەبێ ئەو دەقە چ مانایەك بگەیەنێ؟، ئایا ئەو مانایەی دەگۆڕێ بۆ جۆرە سەرسوڕمان و شاگەشکەبوونێ؟ بێگومان هایدگەر لەهەموو فەیلەسوفان و لێکدەرەوانی سەردەمی خۆی، زیاتر لەسەر ئەم پرسە دواوە، هایدگەر بڕوای بەپێکهاتەی پێشینە بوو لەزەینی مرۆڤدا، مرۆڤ کەتەماشای فرمێسك دەکات دەزانێ گریانە، چونکە پێشتر دەلالەتی ئەو فرمێسکە، مانای گریانی دروست کردووە.. بەڵام کەسێك لەنێو پوونتی هیچدا ناتوانێ مانای بۆ شتێ دەستکەوێ کە لەمێشکیدا هیچ بووە.

"یەکەم دەبێت چەمکی نیشانە Signification یانی ئەوەی کەدالێکی مەدلولێکە دەست کەوێ. پەیوەندی دەلالەت لەپلەی یەکەمدا دەتوانێ پەیوەندییەکی تارادەیەك واقعی بێت، هەروەك دووکەڵ کەنیشانەی ئاگرە. ئەم پەیوەندییەش بەتەواوی دەتوانێ لایەنی سانیی هەبێت، تەنانەت هەندێ جار ڕەنگە ئەوەی وەك نیشانەو دال وەردەگیرێ دەلالەت نەبێت بۆ هیچ شتێکی دیاریکراو و دەست نیشانکراو"[37].

هەموو دەقێك، دیاردەیەك، چالاکییەك، بڕیاردانێکی لەپێشینەی زەینە بۆ ئەوەی ئەیبینێ.. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە، تۆ بڵێی ڕاستییەك هەبێت وا لەزەین بکات کەلەگەڵ ئەو دەقەدا هاوجووتیەك دروستبکات، ئەگەر ئەو دیاردانەی دەخرێنەڕوو یاخود دەبینرێن لەگەڵ زەینی مرۆڤدا یەك بگرنەوە ئەوە مەدلولێ دروست دەکەن و دەگۆڕێن بۆ مانا.



www.pertwk.com

لەلێکدانەوەی ئەفسانەو چیرۆکە ئایینییەکاندا کاتێك عەقڵ گوێ ڕادەدێرێ بۆ ڕووداوەکان، هەموو زەینی وەرگر بەدووی مانادا دەگەڕێ. مانا بۆ ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن، ئەوەی پێشتر لەمێشکی وەرگردا ئامادەیی هەیە. وەك پاشاو شاژن و شازادەو کوڕی هەژارو کۆشکی شاه و.. وێنەیەکی ڕاستەقینەن، یەکسەر لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەودا دەگونجێن، بەڵام ئەو وێنانەی کە لەبابەتی دێوو تارمایی و ئەسپی باڵدارو درەختی زماندارو.. هتد. ئەم وێنانە لای وەرگر جۆرێك لەمانای گوماناوی دروست دەکەن. ئەو مانا گوماناویانە لەوەوە هاتون کەلێکدانەوەی ئەو دالانە لەگەڵ مەدلولەکاندا ئەوەندە ڕێك ناکەون، بۆیە گومان و مانای پڕ بە پێستی خۆیان چنگ ناکەوێ، تووشی جۆرێك لەڕاستی مام ناوەندی دەبن، واتا ڕاستییەکان هەمیشە دەچنە قاڵبی ڕاستیەکی مام ناوەندییەوە.

دیارە دەگەڕێینەوە سەر ئەو خاڵەی کەمانا لێرەدا دوولایەنە وەردەگرێ، بەو مەبەستەی کەمانای سوودمەندو مانای ناسوودمەند بناسین، مانا هەیە سوودمەندەو، ماناش هەیە سوودەکەی ئاشکرا نییە، یاخود شاراوەیە..

*        *        *

دەق هەیە لەکورتترین کاتدا دادەمرکێتەوە، واتا توانای ئەو دەقە ناشگاتە دوا پلەی کامڵبوون.

هەروەها دەق دەتوانێ وردبوونەوە بێت لەمەوداکانی ئەندێشەو سۆز، واتا دەق لەگەڵ ئەو ساتانەدا بێت کەتیایدا هەست دروست دەبێت و شێوەیەك لە (Shoch) دروست بکات.. ئەم (Shock)ە ئەنجامی بەسوودی هەبێت و وەرگر لەحاڵەتی دابڕانەوە بگوێزێتەوە بۆ جووتبوون و یەکگرتن، لەگەڵ ناوەوەی دەقدا. Shockی سوودبەخش کەناهێڵێ سۆزو ئەندێشەکان تووشی زیان بن.

ڕەنگە هەموو دەقێ بتوانێ لەلایەنی مادییەوە ئامادەیی خۆی دەربڕێ، بەڵام لەڕووی پەیوەندییەوە ئەمەیان چێژو ماناو (Shock)ی دەقەکە



بەدەری دەخات. تەمەیان لەدەقی نووسراودا، خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا هەست بەم حاڵەتی دەکات.. کاریگەری دەق لەو واقیعەدا دەردەکەوێ کەئایا چێژەکە چ کاریگەریەکی هەیە؟، چ مانایەك دروستدەکات؟، چ ڕەنگدانەوەیەکی دەروونی هەیە؟ چ مانایەك دروستدەکات، چ ڕەنگدانەوەیەکی دەروونی دەبێت؟ بۆ نمونە هەموو خوێنەرێ ئەوەی ئارەزووی خوێندنەوەی ڕۆمان دەکات، شاکارێکی وەك "ئاناکارنینا"ی تۆڵستۆی لاپەسەندە، هەمووانیش لەسەر ئەوە ڕازین کەئەمە دەقێکە مانا دەبەخشێ و جێی خۆیەتی قسەی لەسەر بکرێ و دەکرێت دەقێ بێت بۆ سوود گەیاندن بەحەزو چێژەکانی مرۆڤ، هەروەها دەقێکە لەگەڵ ساتە دەروونییەکانی خوێنەردا بەردەوام دەژی، هەروەها لەئەم جۆرە دەقانەدا ئامادەبوونی چێژ ئامادەبوونێکی گشتییە، ئەم دەقە توانیویەتی چەندین کات و ڕۆژگارو ساڵ ببڕێت و ڕۆیشتووەو دەشڕوا، بگرە ئەم دەقە چووەتە حاڵەتێکی نوێوەو لەم کۆتایی سەدەی بیستەمەشدا گەورەترین شاکارەو بەردەوامە.. دەشڕواو لەسەدەکانی دوای خۆشی هەر ئامادەیە. لەم جۆرە دەقانەدا سێ جۆرە چێژ بەدی دەکرێت، چێژی زمان، چێژی هەست، چێژی مێژوو. کە لە هەر سێ چێژەکاندا مانا یەك ئەگرنەوە، ئەویش مانای دەقی زیندووە. دەکرێ ئەم دەقە لەگشت قۆناغ و سەردەمێکدا سوودمەندی بێت بۆ حەزو ئارەزووی خوێنەر.. ئەمەش بەو مانایەی کەدەقێکە مانا دەبەخشێ، ئەو مانایەی کەدەق دەیەوێ بیگەیەنێتە خوێنەر بە هەموو شێوازەکانیەوە، ئەم ڕاستییەش لای شکسپیرو دستۆڤسکی و، چارلز دیکنزو ئەرنست هەمەنگوایی.. ڕاستە..

ڕاستییەك هەیە کەوا لەدەقی زیندوودا هەمیشە بەردەوامی هەیە، بەڵام لەدەقێکدا کەبەردەوامی هەیە، واتا هەموو سەردەمێ سوود بەخوێنەر دەگەیەنێ ئەم سوودە لەداهێنانی دەقەکەوە دەگۆڕێ بۆ سوودوەرگرتن لەکاریگەری دەق لەسەر ڕۆحی خوێنەرو وەرگر، کەس نییە بەبێ ئەوەی سوود لەدەقێ وەرگرێ بەدوایدا بڕوات و بەجۆشەوە بیخوێنێتەوە. یاخود



www.pertwk.com

وەریگریٚ، هەروەها دەقێکی لەم جۆرە کەوا نەوە دوای نەوەو زەمەن لەدوای زەمەن تازە دەبێتەوە، بێگومان کاریگەریی خۆی هەیە لەبەخشینی سوودو ئەو پێویستییەی کەخوێنەر بۆی دەگەڕێ.

یەکێك لەو خالاٚنەی کەلێرەدا گرنگە بخرێتەڕوو، ئەوەیە چۆن دەکریٚ دەق لەبەخشینی سووددا، شێوەی ناوەوەو دەرەوەی خۆی بخاتەڕوو؟ بێگومان مانابەخشینی دەق پەیوەستییەکی گەورەی هەیە بەو چێژەی کەوەرگرەکەی لێی وەردەگریٚ، لەدەقی زیندوودا ئەم حاڵەتە بەردەوامە، لەدەقی سوودمەندا جیاوازە لەگەڵ دەقی ناسوودمەند، لەدەقی ناسوودمەندا هەر پاش بونیادنانی کاری خوێندنەوە، هەموو چێژەکان هەرەس دەهێنن و هیچ چێژیٚ دروست نابێت و هیچ جۆرە مانایەك لەناخی خوێندنەوەو ناخی خوێنەردا ناخولٚقیٚ، لەڕووی دەروونییەوە حەزی چێژ دەمریٚ، چێژیش دەکەوێتە پاشەوەی مانا، کەوتنی چێژ بۆ پاشەوەی مانا، واتا ماناکە دەگات، بەلاٚم پاش ئەویش چێژ بەمجۆرەی زەمەنەکان دەمرن، زەمەنی داهێنانی دەق جووت نابێت لەگەڵ زەمەنی دەق.. واتا پەیوەندییەکانی زەمەن دەشێوێن، پەیوەندییەکانی نێوان چێژی دەق و چێژی ناخی وەرگر جووت نابن، بەمجۆرە پەیوەندییەکان دەگۆڕێن بۆ جۆرێك لەناتەبایی، زەمەنی دەقەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری چێژی ناخی وەرگرو زەمەنی ناخی وەرگرەوە. ئەگەر دەق توانی قۆناغە سواوەکانی پێش خۆی ببڕێت و هەنگاوی زێدەتر لەزەمەنی لەدایك بوونی خۆی بنیٚ، ئەوا شۆکی (Shock)ی چێژ دروستدەبیٚ.

بۆ تێگەیشتن لەشۆکی چێژ، نمونەیەك لەدەقی ڕامیاری دەهێنینەوە، داهێنانەکانی کارڵ مارکس لەبواری ئابوریو ڕامیاریو خەباتی چینایەتیدا نمونەیەکن لەو داهێنانانەی کەپێش زەمەنی خۆیان دەکەون، ئەو ڕێبازو شیکردنەوانەی کەئەو لەبواری پرسی سەردەمی خۆی جۆرێك لە Shock بوو بۆ سەردەمی خۆی و ئەولاتریش، داهێنانەکانی کارل مارکس و وردبوونەوەی لەکێشە چینایەتیو لێکدانەوەی بۆ سەردەمە



جیاجیاکانی بیری چینەکانی کۆمەڵ و لێکدانەوەی بۆ بونیادی ئابوری کۆمەڵگەی سەرمایەداری و داهێنانی بیری کۆمۆنیستی و کۆمەڵگەی بیٚ چین.. هتد. زۆر لەلێکدانەوەکانی بوونەتە هۆی سڕکردنی کۆمەڵگەکەی سەردەمی خۆی و بووە بەجۆریٚ لەگێژکەری کۆمەڵگەی جۆراوجۆرو کۆبوونەوەی مرۆڤ لەدەورو بیرو بۆچوونەکانی لەدنیادا، پاشانیش بیروبۆچوونەکانی لەمەیانی پراکتیکدا بوون بەهۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشو کودەتاو جەنگی نێو دەوڵەتی و بگرە سەرتاسەری. فەرهەنگی زۆر لەولاٚتانی ئەو سەردەمانەی گۆڕی، ئەمەو هەزاران گۆڕانکاری لەژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگەکاندا.. ئەم هەموو ڕووداوانە بەهەموو دەرئەنجامە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکانییەوە، بریتی بوون لەکارتێکردنی دەقی کارڵ مارکس لەسەر وەرگری ئەو سەردەمەو سەردەمەکانی پێش خۆی. کاریگەری دەق لەچۆنیەتی بەخشینی چێژو گۆڕانکاری لەچێژداو بەخشینی مانا بەو پێودانگەی کەبگونجیٚ لەگەڵ ماناکانی دەروونی مرۆڤی ئەو سەردەمەدا، شۆکی ئەم دەقانەی کارل مارکس ئەوەندە بەهێز بوون کەتوانی وزەیەك ببەخشێتە ناخی وەرگرەوەو ماناکانی بەرەو مەودای بەرفراوانتر بەریٚ، ئەو چێژەی لەو دەقانەدا هەبوون وەرگرەکانیان لەدەقی پێش سەردەم و پێش زەمەنی ئەودا بەدییان نەکردووە. جۆرێك لەخولیایی چێژوەرگرتن خستیانیە نێو یۆتۆپیایەك لەهەستکردن بەگۆڕان و هەستکردن بەخەونی شیرین، ئەم کارلێکردنی ماناو چێژ، لەنێو دەقەکانەوە زۆر بەپەلە دەگوێزرانەوە بۆ وەرگر. ئەو گوێزانەوەیە ئەوەندە بەهێز بوو، کەنەدەتوانرا بەری لێبگرێت.. پرسی کارل مارکس شێوەیەك نەبوو لەتاکتیکی نووسین، لەشێوەی چۆنیەتی گێژکردنی خوێنەر، بەڵکو شێوەیەك بوو لەدروستکردنی دڵنیاییو بڕوا، هەروەها چێژەکانی ئەو سەردەمەی وەرگرەکانی خۆی، ئەوەندە بەوردی شیکردبۆوە کە بەدەگمەن هەستت بەو درزانە دەکرد کەلەنێو دووتوێی دەقەکانو بۆچونەکانیدا دەبینران، دەست نیشانکردنی بۆ پرسی چینایەتی لەئەنجامی ئەو



www.pertwk.com

بروایەوەبوو کەدەبێ گۆڕانکارییەك لەبونیادی دەقی کۆمەڵگەدا بکرێت، پەلکێش بوونی وەرگر بۆ ئەو دەقانە، کۆمەڵێك هێزی لەپشتەوە بوو. وەکو هێزی بونیادنان و هێزی هەڵوەشاندنی ئەو دیوارانەی کەناهێڵن وەرگرەکانی ڕاستی چێژ ببینن و لەو مانایانەش بگەن کەبەدویدا دەگەڕێن.

چێژی دەقەکانی مارکس بۆ زۆربەی کرێکارانی جیهانو پرولیتاریا جۆرێك بوو لەچێژی شاگەشکەکەر. چێژێك بوو پڕ لەماناو یۆتۆپیای وەنەوشەیی، ئەم جۆرە چێژە وای لەکرێکار دەکرد کەوا دەیەها سەعات بەبێ ورتە گوێ هەڵخات بۆ وتەکانی هاوڕێکەی، کاتێك کتێبێکی کارل مارکسی بۆ دەخوێنێتەوە، لەبارەی سەرمایەوە، یاخود وەك وتارێکی پیرۆز بروانرێتە وتەکانی. هەر ئەم دەقەو هەر ئەم مانایانە لەوبەرداو لەدیوی دەرەوەی حەزەکانی ئەماندا مانایەکی تری هەیە، سەرمایەداریێ، خاوەن کاریێ، نەك چێژێکی شیرین و یۆتۆبی لەم وتانەو لەو کتێبانەی کارل مارکس نابینێ بەڵکو وەك ژەهر، دەینۆشێ، نەك چێژ بگرە زوخاوە، ئەو مانایەی دەگات بە (ئەم) مانایەکی پڕ تەلیسماوییەو هیچ تەباییەکی لەگەڵدا دروست ناکات. کەواتە بۆ کەسەکان دەق گرنگە لەچ سەرچاوەیەکەوە لێی دەڕوانن، کەسێك دەتوانێ لەیەك کاتدا شادمان بێت و دڵی غەمگین بێت، ئەمەش بۆ دەق هەروایە، مرۆڤ ئەو دوو ساتی خۆشی و ناخۆشییە لەناخیدایە، بەڵام بۆ دەق، لای وەرگرەکەی دوو مانا دروستدەکات. هەروەك لەنمونەکەی کارڵ مارکسدا بینیمان. بۆ کرێکار یانی چی و بۆ خۆشبەختییەکە چییە؟ بۆیە ئاستی پەیوەندی و سوود وەرگرتن لەئاستی ماناکان گەڵێ گرنگەو جێی پرسیارە.

ئەمە نمونەیەکبوو لەچۆنیەتی مامەڵەکردنی حەز لەدوو نێوەندی دژ بەیەکدا، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نرخانەی کەشمەکەکانی فیکر دیاری دەکەن.. هەروەها نمونەیەك لەچۆنیەتی چێژو شۆکی چێژو پەیوەندی لەنێوان ئەو خیتابەو دەرەوەی خیتابەکەدا،



پەیوەندی نێوان مانای ناخی دەق و مانای ناخی وەرگر، واتا "پەیوەندی نێوان ڕەخنەی عەقڵ و ڕەخنەی دەق. ئەمەش بەئاسانی بریتییە لەپەیوەندی نێوان دانەرو خیتابەکەیدا، واتا پەیوەندییە لەنێوان عەقڵو زەمینەی پەیوەندی عەقڵدا. ماناو جەستەی مانا، چەمك و مەرجەکانی، کەواتە پەیوەندییە لەنێوان (المتعالی و المحایپ، پەیوەندییە لەنێوان پەتی و ئەزمونگەری یان لەنێوان ون و ئامادەدا، یان لەنێوان و پیوس و مێژوویی"[38].

* * *

بەپێی بۆچوونی پەیوەندی نێوان سوودو دەق، دەتوانین بڵێین هەر جۆرە ئایدۆلۆژیایەك بەچاوو هەست و بڕوای خۆی سوودی ئەو دەقانە لێك دەداتەوە، ناتوانی موگلهقیەتی دەقی سوودمەند بەڕوانگەیەتی پەتی دیاری بکات، ئەمە یەکێکە لەو گرفتە گەورانەی ڕولان بارت پێی دەڵێت دەقی پاکیزە، بەبڕوای زۆربەی داهێنەران، ناتوانرێ دەقێك هەبێ کەپاکژ بێت، لەگشت جۆرە بۆچوونێکی ئایدیۆلۆژی. تەنانەت هەندێك بڕوایان وایە کەدەق نییە، خاوەنی ئایدیۆلۆژیا نەبێت. تەنانەت دەقی بێستراویش بێ بەری نییە لەگروپکاریی ئایدیۆلۆژی، ئەگەر بەو مانایە لێکدانەوەکانمان بونیاد بنێین کەواتە دەق نییە بەسوودی کۆمەڵێ یاگروپێ لەدایك نەبێت. هەر دەبێ لەژێر کاریگەرییەکی ئەواندا بێت.. بەم پێودانگە ئەگەر سوودی دەق لێك بدەینەوە، پێشتر دەبێ سوودێك لەبەرچاومان بێت، تاوەکو بزانین چ دەقێ سوودمەندەو چ دەقێ ناسوودمەندە.. واتا پێشتر ئەو بڕیارە لەلای وەرگر ئامادەیە کەچ دەقێ وەرگرێ و چ دەقێ وەلاوە نێت. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕەخنەی عەقڵ. واتا لەدەرەوەی عەقڵ سانسۆرێ هەیە پێشتر بڕیاری ئەوە دەدات کەچی بگەیەنێتە وەرگر، وەرگریش لەگەڵ ئەو سانسۆرەدا جۆرە بەربەستێکی تیادا دروستبووە، لەنێو تۆڕی ئەلکترۆنیدا پێی دەوترێ



www.pertwk.com

فلتەر، ئەو دەقانەی کەمێشك وەریاندەگرێ بەنێو فلتەری لێکدانەوەدا دەڕۆن و لەوێوە دەگەنە نێو عەقڵ و پەیوەندی چێژوو مانا دروستدەکەن.

بەم دیاردەیە دەوترێ بەربەستی لەپێشینە، ئەم بەربەستە گەورەترین تەگەرەیە لەبەردەم دیموکراتیزەکردنی عەقڵدا. بۆ دیموکراتیزەکردنی هەر دەقێ وا پێویستە ئەو دەقە لەفەزایەکی بێ کۆنترۆڵدا بسورێتەوە، هەر ئەمەش وا دەکات کەدەق توانای خۆی بەکاربێنێت لەچۆنیەتی چوونە نێو جیهانی دیموکراسی عەقڵەوە. بۆیە ئەرکی گەورەی ڕەخنە ئەوەیە کەتەرکیز بخاتە سەر ڕەخنەی عەقڵ، بۆ شیکردنەوەی هەر دەقێ ڕەخنە پێویستە. چ جۆرە ڕەخنەیەك؟ وەك وتمان ڕەخنەی عەقڵی دەقەکە، زۆربەی ڕەخنەکان لەدەرەوەی عەقڵی دەقەکەوە دەکەونە سەرو گوێلاکی دەق. ئەبێ ڕەخنە لەدوو تەوەردا بسورێتەوە، تەوەری عەقڵ و تەوەرەی دەق، بەڵام پەیوەندییان لەو مەودایانەدا دەردەکەوێ کەتیایدا ڕەخنەی عەقڵ ڕووبەڕووی ڕەخنەی دەق دەبێتەوە. "یەکەمیان (واتا ڕەخنەی عەقڵ.. نووسەر) سنورو تواناکان دیاری دەکات، دووەمیان (واتا ڕەخنەی دەق.. نووسەر) بۆ سنورو برین و گۆڕانکاری هەلومەرجەکانە.. ئەمەش هەر ئەو کارەیە کەکانت بەتەواوی لەڕەخنەی عەقڵدا ئەنجامی داوە)[39].

کانت دەمێك بوو کەڕای بوو عەقڵ شایستەی ئەوە نییە خواستەکان ڕابەریی کات بەرەو ئامانجەکانی و هەموو داواکانمان جێبەجێ بکات، عەقڵ لەژێر کاریگەریدا دەسورێتەوە، ناتوانێ خۆی لێدەرباز بکات، هەر بۆیەش کانت بۆ زیاتر لێکدانەوەی توانای عەقڵ لەسەربەستی خۆی پەنجەی بۆ ئیرادەو خواست درێژکردووە.. واتا پەیوەندی عەقڵ بەم دوانەوە پەیوەندییەکە کەجموجوڵ و بڕیارەکانی عەقڵ دیاری دەکەن، عەقڵ کەنەیتوانی دابڕاو بێ لەخواستە دیاریکراوەکان، ئەوە ئیرادەی خۆی لەدەست دەدات، بە لەدەست چوونی ئیرادەش ئەو خواستەی تۆ دەتەوێ وا بەئاسانی نایەتەدی.. ڕەخنەش لەکۆتاییدا دەگاتە هۆکارەکانی ئەوەی کەعەقڵ ناتوانێ سەربەست بێت.. بۆیە دەق هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی



ئەوەدایە کەبکەوێتە نێو دوڕیانی سوودو زیانەوە، دەقی زیانمەند ئەو دەقانەن کە بەتەواوی ئیرادەی عەقڵ لەدەست دەدەن. واتا ئیرادەی عەقڵ تەسلیم بەو دیاردانە دەکەن کەدەیانەوێ خۆیانی لێدەرباز بکەن.

ڕەخنەی دەق بەدووی ئەو ساتەدا دەگەڕێ کەدەق تیایدا، هەناسەی پەیداکردوەو گەورە بووەو پیربووە، بەڵام هەر بەلاوی ماوەتەوە، ئەمە بۆ ژیان ناماقوڵییە، بەڵام بۆ دەق ماقوڵیەتێکی تەواو، دەکرێ بەگشت شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکرێ، دەق لەم حاڵەتانەدا زەمەنی خۆی تێدەپەڕێنێ، سەمفۆنیاکانی بیتهۆڤن پەیمانی هەست بوون. بیتهۆڤن هونەرمەندێك بوو دەقێکی زیندوو بۆ ئەو تەنیا ئەو ساتانە بوو کە لەناخی مۆسیقاکانیدا دەتوایەوە، مۆسیقاکانی بیتهۆڤن لەخەڵکەوە ئیلهامیان وەرگرت بەڵام شاکاری بونیادنان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەقە کۆنانەی پێش خۆی بوون، تەعبیر بوون لەساتە ناسکەکانی ژیان، ڕیسواکردنی جەنگ و دەست خۆشکردنی ئاشتی بوو، سەمفۆنیای (9)ی بتهۆڤن شێوەیەکەی لەزیندوویێتی دەق، تەعبیرە لەجەنگ و ئاشتی لەو تراژیدیاو خۆشیانەی هەموو زەمەنێ دووبارە دەبنەوە، دیاردەیەکە لەگەڵ مرۆڤدا هەمیشە بەردەوامە.

بتهۆڤن بەگێڕانەوەی تراژیدیاکانی مرۆڤ سەدە جۆراوجۆرەکان، ئاگاداری ئەوە هەیە کەمرۆڤ هەموو سەردەمێك و هەموو ساتێك بەدووی چەند چەمکێکدا وێڵە ئەویش بەرپاکردنی ئاشتیو نەمرییە بۆ ئەم ژیانەو دیاردە زیندووەکانی کەون، بیتهۆڤن بەچاو گوێی لەئاوازەکانی خۆی دەگرت، کەباس لەچی دەکەن و دەیانەوێ چی بڵێن.

مرۆڤ، مرۆڤ دەکوژێ ئەمەیە سەرەتاو کۆتایی کێشەکە، کەکوشتن دێتە ئاراوە هەرچی جوانی هەیە دەمرن، هەرچی داهێنان هەیە دەکەونە بەر هەڕەشەوە، هەرچی ساتە ناسکەکان هەیە تووشی سەر لێشێواوی ونبوون دەبن.



www.pertwk.com

بتهۆڤن لێکدانەوەکانی ڕۆحی مرۆڤی شیدەکردەوە، دوا ڕستەی خۆی لەسەمفۆنیای (9)دا پێشکەش بەمرۆڤایەتی و سروشت کرد، کەسێك بەچاو لەجیهان و وردبێتەوە دیارە ئاگای لەوە هەیە کەوردبوونەوە چییە. لەمەرگ و جیهان، رۆحی داهێنانی ئەو نەمربوو، لەبەرئەوەی ڕێگای بەعەقڵ دابوو کەئیرادەی خۆی بەکاربێنێ، ئەم ویستی زەمەن تێپەڕێنێ و ڕەتی بکاتەوە، چێژێك بوو بۆ هەموو زەمەنەکان یەکێکی وەك بتهۆڤن زمانی چاوی هەبوو بەزمان نەدەدوا نیچە وتەنی: ئەوان بەهەورە تریشقە دەدوێن"[40].

ئەفراندنی دەق لای ئەوانەی کەبڕوایان بەزنجیرەی پەیوەندی هەیە، لەنێوان مرۆڤ و ژیان، عەقڵ و ئیرادە، هەست و هۆشدا. ئەفراندنێکی لەڕادەبەدەرو چاوەڕوان نەکراوبووە، بەردەوام ئەوانە لەململانێدا بوون لەگەڵ خودی خۆیان، لەململانێدا بوون لەسەر ئەوەی کەبڵێن یان بێدەنگ بن!! وتن لای ئەوان هەروا کارێکی ئاسان نەبووە کەی بیانەوێ ئەنجامی بدەن، بەڵکو وتن لای ئەوان وردبوونەوە بووە لەخودی خۆیان و دیاردەکان، وتن نەبووە تەنیا بۆ ئەوەی بڵێن.

کەسێك کە لەکەللەپوری عومەر خەیام ورددەبێتەوە تێدەگات کەبۆچی هاتووەتە قسە، دیاردەکانی ژیان لەسەردەمەکەی ئەودا، دیاردەگەلێ بوون کەبریتی بوون لەزاراوەی دیاریکراوو سنوری ئابڵووقەدراو، بەڵام داهێنانی عەقڵ لای ئەم ئەوەندە خاوەن ئیرادە بووە کەتوانیوێتی جۆرێك لەنامەئلوفیەت لەزاراوەو بۆچوونەکانی ئەو سەردەمەدا بخوڵقێنێ.. نامەئلوفیەت لای عومەر خەیام پشکنینی ئەو نهێنییانە بووە کەدەمێك بوو بەدەرەوە بوون و کەس جورئەتی نەدەکرد بیانبینێ، زاراوەکانی ژیان و مەرگ و بەهەشت و جەهەنم و خواو شەیتان و ئافرەت و پیاو، زەمین و ئاسمان، لەو سەردەمەی ئەودا بریتی بوون لەزنجیرەیەك دوانەی قبووڵ کراوو ڕەفزکراو، ئەبێ یەکێ قبووڵ بکەیت و ئەوی تریان ڕەفز بکەیت، دەبێ ڕوو لەیەکێ بکەیت و ئەوی تر ڕەفز بکەیت. بەڵام خەیام ئەو



هاوکێشەیە هەڵدەگێڕێتەوە، ئەمەش ئەو ژیانە دەبەخشێنێتە شیعرەکانی بێگومان هەرواو لەخۆڕا نەیوتووە "گەر دڵ بیزانیایە نهێنی ژیان چییە، ئەوە دەیتوانی حیکمەتی مەرگ بزانێ..

دەتوانین خەیام بەیەکێك لەو گەورە فەیلەسوفانە دانێین کە لەپرسی ژیان و مەرگ خۆشی و ناخۆشی و زیان و سوودی کۆڵیوەتەوە، سێ بەشی شیعرەکانی بریتین لەبەراوردکاری لەنێوان مەرگ و ژیاندا..

سەرەڕای وردەکارییەکانی (خەیام) لەبواری تێهەڵکێش کردنی ژیان و مەی و مەرگ لەنێو شیعرەکانیدا، بەڵام ڕوانینێکی فەلسەفیانەی هەیە بۆ ژیان و مەرگ و دنیای دووەم.. دەڵێ: "بیر لەخۆت بکەرەوە لەو خودەی کەلێی جودا دەبیتەوە.." هەروەها تەئکید لەیەقینی فەنابوونی ژیان دەکاتەوە. "ناتوانی هەموو تەمەنت بەگومانەوە دانیشی.." هەروەها بۆ تەفسیرکردنی نهێنی جیهان و گەردون دەڵێ: "هیچ ڕێگایەك نییە بۆ دڕاندنی پەردەی نهێنی، هیچ عەقڵێك نییە کەئاگای لەم نهێنییە بێت،..".

ئەمانەو دەیەها نمونەی دیکە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەئاماژەکردنەکانی خەیام بۆ پەیوەندی نێوان لێکدانەوەی نێوان مەرگ و ژیان.. کەمتر نەبووە لەو فەیلەسوفانەی سەردەمی خۆی، بەڵام ئەو لەڕوویەکی شیعریەوە دەڕوانێتە ئەو نهێنییە شاراوانەی ژیان..

ئەوەی لەم باسەدا مەبەستی ئێمەیە وەبیرهێنانەوەی (خەیام) تەنیا ئاماژەیەکە بەئاماژەکردنی بۆ پەیوەندی نێوان دەقەکانی ئەم زاتە لەگەڵ دیاردەکانی عەقڵ و ژیان و مەرگ، ئەگەر بەوردی بڕوانینە ئەو نووسینانەی لەسەر کاری فیکری خەیام کراون بێگومان بەجوانی بۆمان دەردەکەوێ کەچ توانایەکی هەبووە لەباسکردنی مەسەلەکانی گەردون و مەرگ و ژیان.. (بۆ نمونە بڕوانە هەرسێ نامەکەی محی الدین سەبری کوردی.. ئەم کتێبە بۆ یەکەمین جار ساڵی (1917) چاپ کراوە لەچاپخانەی سەعادەت لەقاهیرە. هەرسێ نامەکە بریتین "حکمة الخالق في



www.pertwk.com

خلق العالم" "ثلاث مسائل اعتقادية" وة "العلم الكلي و تحقيق جملة من مباحثه و أحكامه"..).

* * *

مەی دیاردەیەکە بۆ مەسەلەی گێژ بوون، بەڵام لەهەمان کاتدا نزیك بوونەوەیە لەدنیای ناخ. خەیام لەدەقدا مامەڵەی چێژ لەگەڵ ئەم چەند چەمکانەدا دەکات: مەی، خوا، ناهۆشمەندی، لەهەموو ئەمانەدا چێژ وەك ناوەندەو، پرۆسەکانی دیکەش بەدەوری ئەو چێژەدا دەسوڕێنەوە، چێژی مەی لای خەیام چێژێکی ماددییە، لەتام و کاریگەرییە ماددیەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، حاڵەتی چێژی دووەم زەینییە، واتا مەی وەك شێوازێ لەگواستنەوەی چێژی ماددییەوە بۆ چێژی ڕۆحی، لەخوادا چێژ بڕوایە، واتە خودا وەك نێوەندێکە بۆ چێژی بڕوابوون.. بۆ ئەوەی ئەم چێژی بڕوابوونە بگاتە دوا پوئنتی، پەنا دەبرێتە بەر یاریدەدەرەکانی تر، وەك پرۆسەی نوێژو کڕنووش و پەرستن و دواکەوتنی.. چێژو مەست بوونی بڕواداریٚ لەبەرامبەر حیکمەتی خودا، بەراوردکردنێکە بەچێژی مەستی لەکاریگەری مەی. لەنزیك کردنەوەی مرۆڤ لەپاکیزەیی و ڕاستی و دابڕان. لەگەڵ دنیای پڕ لەئاژاوەو خەمو نائارامی و ناهۆشمەندی.. چێژی مەستی لەگەڵ چێژی بڕوادا لەیەك ئاستی بەخششدان.. لەحاڵەتی یەکەمدا هەوڵدانە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەدۆزەخی ئەو دنیایە قوتاری بێت، حاڵەتی مەستی بۆ ئەوەیە لەم دۆزەخی دونیایە قووتار بێت، لەفەلسەفەی خەیامدا "مەرگ" دابڕانە لەمەی. لەبڕوادا مەرگ واتە ڕزگاربوون لەدنیای فانی و چوون بۆ دنیای ڕاستەقینەو ژیانی ڕاستەقینە. "مەی" مانایەکە بۆ گەڕان بەدووی ڕاستیدا "خودا" لەحاڵەتی مرۆڤی مەستدا تەنیا لەو حاڵەتەدا دەبینرێ کەتۆ هەی و ناهۆشمەندی. بەو کورتە لێکدانەوەیەی سەرەوەی فیکری خەیام لەبەرامبەر مەی و خوداو بڕوابووندا، ویستمان لەئەرزشی مانای مەرگ بگەین لەلای خەیام، لەئەنجامیشدا "چێژ" لەناخدا دروست



دەبێت، بەمانا ئایدیالیستییەکەی دوا ترۆپکی چێژ سۆفیگەرێتییە، کەئیتر ئەبێ بەبەشێك لەخودا. ئەمەش لای خەیام بەرجەستەیە.

وەك چۆن لەسەرەتادا ئاماژەمان کرد بە "چێژ" و دەق لەنێوان سوودو زیاندا. کەواتە دەقەکانی خەیام گەورەترین ئەرزشیان هەیەو وەك دەقی نەمرو بەسوود تەماشا دەکرێن.

ئەگەر دەق توانی لەدەرەوەی عەقڵ ئامادە نەبێت (ئەمەش لەدەقەکانی خەیامدا دەبینرێ) کەواتە سوودبەخشەو بەزیندوی جەمێنێتەوە.

سوودی چێژ لەسوودی دەقدایە.. لەدەرەوەی دەق چێژ دەستەمۆ ناکرێ بەڵام هەر هەمان چێژی دەرەوەی دەق لەنێو دەقێکدا مانای مەزنی خۆی هەیە. ئەگەر هاتوو ئەو دەقە دەقێکی زیندوو بێت.

پابەندبوونی سوود بەدەقەوە لەو سەرچاوەیەوە دەستەبەر دەبێت، کە ئایا نێرەر تا چ ڕادەیەك بەچاوو عەقڵی ڕەخنەگرانەوە مامەڵە لەگەڵ ئامرازەکانی خۆیدا دەکات؟ واتا لەهەموو شێوازەکانی مامەڵەی نێرەردا عەقڵ پێودانگەو سەنگی مەحەکە، بەڵام چ عەقڵێ؟ ئەوەی "بەدرێژایی سەدان ساڵ کۆمەڵێك هەڵەی بەرهەم هێناوە، هەندێك لەو بەرهەمهاتوانەی بەکەڵکی پاراستنی ڕەگەزەکان هاتوون، عەقڵ هەڵەی کردووە، ئینجا هەڵەی چاك کردۆتەوە"(41).

عەقڵ و چێژی دەق و سوودو زیانی دەق هەموویان لەیەك مەداردا دەسوڕێنەوە ئەو مەدارەی کە تاچ ڕادەیەك دەق دەتوانێ لەگەڵ وەرگرەکەیدا پەیوەندی دروستبکات، دیکارت لێکدانەوەی عەقڵ بۆ پەیوەندییەکانی مرۆڤ و ژیان دەگەڕێنێتەوە، خودی دەق لەدەرەوەی عەقڵ واتا سەرگەردانی، دیاردەی مردوو، بێ سەروبەری.. ئەم سەرگەردانییە لەنێو عەقڵی داهێنەرانەدا دەبێت بەدەق، هەروەك دیاردە مردووەکانی نێو کۆمەڵگەی فەرەنسا لەنێو کارەکانی فیکتۆر هۆگۆدا.

ڕۆلان بارت لەکتێبی چێژی دەقدا، زۆر دەروونناسانەو بەشێوازێکی بونیادگەرانە باسی دەق و چێژ دەکات، لەڕووی پەیوەستی نیشانەو



www.pertwk.com

دەلالەتەکانەوە ئەم چەمکە دەخاتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە، بەڵام لەڕووی مێژوویی‌و قەیرانەکانی مرۆڤ و دەقەوە، ئەوەندە گرنگی پێ نادات، کەئایا تەمەنی چێژ بەچ سەرچاوەیەکەوە بەندە، ئایا تەمەنی دەق وەك تەمەنی مرۆڤ وایە؟ ئایا ئەو چێژەی لەنێو ناخی مرۆڤدا بەبەردەوامی نوێ دەبێتەوە، لەدەقیشدا هەمان چێژ ئامادەیە؟

بۆ نمونە "لە لەشمانداو لەهەموو شتەکانی دیکەدا لەیەك کاتدا: بەردەوامی‌و گۆڕان بەدی دەکەین لەهەموو مەودا جۆربەجۆرەکاندا"[42]. ئەو گۆڕانە بەپێی شێوەی پەیوەندییەکان دەگۆڕێ، لەدەقدا تەمەن پێوەرێکە لەناخی خۆیەوە دروستدەبێ نەك لەدەرەوە، تەمەنی دەق بریتییە لەزیندووبوونەوەی زەمەنی شێوازو ڕەگەزەکانی، کاتی دەق بریتی نییە لەکاری دووبارەبوونەوەو گۆڕان، بەڵکو بریتییە لەنوێبوونەوەو تەمەن درێژیی. بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، وەك مامەڵەکردن نییە لەگەڵ خودی گیانلەبەر".. واتا گیان دروستدەبێ گەورەدەبێ و دەمرێ، دەق دروستدەبێ گەشەدەکات و گەورە دەبێ و بەنەمری دەمێنێتەوە.. دەقی داهێنەرانە هەر زەمەنەو نوێ بوونەوەی خۆی هەیە، بۆیە هەر زەمەنەو چێژی تایبەتی و حەقیقەتی تایبەتی خۆی هەیە. چونکە "هەر زەمەنێ بریتییە لەپارچەیەکی تری حەقیقەت"[43]. هەر بۆیە چێژی ئەمڕۆی دەق لەگەڵ چێژی سبەینێ جیاوازە، ئەمەش ئەو ڕووە مێژووییەیە کەلەمەڕ پرسەکانی چێژو مێژوو زۆر گرنگ و جێی پرسیارە.. دەق" لەسەردەمێکی ڕابردوودا ڕۆڵێکی تایبەت دەگێڕێ، بەڵام لەداهاتوودا دەبێ بەسەرچاوەیەك بۆ هەڵهێنجانی دەقی نوێترو باڵاتر، هەموو داهێنانی دەقێك لەسەردەمێکدا کاریگەری دەقی پێش خۆی بەسەرەوەیە.

*   *   *

پرسێکی گرنگ کەپێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، پسەکانی (دەروون دەق)ە. لێرە کەمێ بۆ لێکدانەوەی سایکۆلۆژیەتی پەتی دەگەڕێینەوە، دیارە وەك لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ پرسی دەق و چێژو سوود کرد. لێرەدا



ڕۆڵی سایکۆلۆژیەتی دەق لەمەڕ خوڵقاندنی چەمکی چێژو سوود باس دەکەین..

گشت بابەتە دەروونیەکان ڕۆڵی خۆیان هەیە لەدامەزراندنی ئەو یەکانەی کەدەق دەبزوێنن.. وەك یەکەی بانگەشەکردنی هەستەکان، یەکەکانی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ناخی خۆی، یەکەی بزواندنی خاڵە لاوازەکانی ڕۆح هەروەها لەسایکۆلۆژیەتی دەقدا پێویستە هەمیشە ئەو ساتانە ئاشکرا بکرێن کە لەگەڵ دەرەوەی خودی خۆیاندا پەیوەندی دروست دەکەن، مەرج نییە ئەو دەرەوەیە تەنیا مرۆڤ بێت.. ڕەنگە دیاردەکانی دیکەش بێت. سایکۆلۆژیەتی دەق، لەگەڵ هەستەکاندا هەمیشە لەپەیوەندییەکی یەکسەریدایە، دەق دەخوڵقێ (بەو پێیەی کەباسمان کرد)، لەئەنجامدا ناخی نێرەرەکەی بەجێدێڵێ، لەناخی نێرەرەکەیەوە کۆمەڵی کارلێکەری دەروونی دەگوێزێتەوە، بەڵام لەپەیوەندیدا لەگەڵ وەرگر ئەو کارلێکەرییە دەروونیانە زیاد دەکەن و پەرە دەسێنن. هەندێ کات بۆ مەودای فراوانتر گەشە دەکەن.

لەپەیوەندی نێوان دەروونی دەق و دەروونی دەرەوەی دەقدا، سێیەم دەروون ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ لە بڕیاردانی نەمری و مەرگی دەقدا کە ئەویش وەرگرە، بەبێ ئەم وەرگرەش، هەموو ئەو دەروونانە لەساتێکی بەستراودا دەمێننەوە. ئەگەر هات و ئەو ساتەش نەجوڵێ هیچ پەیوەندییەك دروست نابێت، هەر بۆیە لەم حاڵەتەدا مەرگێکی وەختی لەنێو مەوداکانی چێژو سووددا دروست دەبێ، ئەمەش هەروا بەئاسانی نایەتەدی، دەبێ هێزی دەروونی ئەو دەقە ئەوەندە پتەو بێت، کەوەرگر نەتوانێ بەرامبەر ئەو هێزە خۆی ڕابگرێ و بەناچاری خۆی تەسلیم بکات لەچێژی دەقدا ئەم چەمکی (دەروون– دەق)ە خراوەتە ڕوو.. (لەساڵی 1955)دا بارت لەوتارێکدا دەربارەی (لەوەڕگای چاو)ی ئالان ڕۆپ گری باسی چەمکی (دەروون– دەق)ی کردووە. ناونیشانی ئەو وتارە "ئەدەبیاتی ئەدەبی" بوو، لەو وتارەدا بارت باسی شێوەیەکی نوێی



www.pertwk.com

لەخوێندنەوە کردووە، کەڕۆمانی نوێ دەیخاتە سەر شانمان. ئەوەی باسی کردبوو: دەقی ڕۆمانی نوێ، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ بیرەوەریەکانمان، بۆ دەق گەلی "ڕێنوێنی کەر" دەگۆڕێ)[44].

هەر بۆیە دەق و چێژ و پەیوەندی دەروونی، کارێکە وای لەبارت کردووە کەپەنا بەرێتە بەر هەموو ئەو ڕەوشتە سادانەی لەژیانی ڕۆژانەدا ڕوودەدەن، بۆ لێکدانەوەی گۆڕانکارییەکانی مێژووی چێژی دەق. ئەم کارەش بناغەیەك بوو بۆ دووبارە نووسینەوەی ڕەخنەی هاوچەرخ.. هەر ئەمەش وای لەبارت کردو پەنا بەرێتە بەر لێکدانەوەی ئەو حەزانەی کە لەمێژووی دەقدا بناغەیان داکووتاوە، لای بارت چێژ مێژووی هەیە، عەشق و سێکس و دیمەن و سروشت و ڕوانین.. هتد هەموویان بناغەی چێژ پێك دەهێنن، بەڵام ئەم کارە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر ئەگۆڕێ، لە دەقی نوێدا ئەو چەمکانە کاریگەری دروست ئەکەن لەسەر وەرگر، لەدەقەکاندا، مێژوو گرنگییەکی گەورەی هەیە لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکانی چێژدا، ئەو چێژانەی لەدەقەکانی هەمنەگوای و هۆگۆو دیستۆفسکیدا دەبینرێن، جیاوازە لەگەڵ کارەکانی نوێترو کارە هاوچەرخەکان، خوێندنەوەی چێژ واتا خوێندنەوەی زەمەنی دەقەکەو دەوروبەری ئەو دەقە. ڕاستە هەموو دەقەکان بەپێی مێژوو لەژێر کاریگەری یەکتریدا بوون، واتا هەر دەقێ کاریگەریی پێش خۆی بەسەرەوە بووە، ئەم کاریگەرییەش گواستراوەتەوە بۆ دەقەکانی پاش خۆی، بەڵام دەقی مەزن ئەو کاریگەرییە لەژێر پەردەو تواناو چێژی خۆیدا دەشارێتەوە، دەقێك کە مەزن بێ هەست بەو کاریگەرییە ناکەیت، کەئەمەش پێی دەوترێ داهێنانی ڕاستەقینە. بارت ڕای وابووە کەدەقی مەزن هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ ژێر کاریگەری داهێنانەکانی پێش خۆی، بەڵکو لەناخی خۆیدا بەدووی ئەو تازەگەریەدا دەگەڕێ، ڕەنگە ئەو مەسەلەی (دەروون– دەق)ەی بارت باسی دەکات، مەبەست لەهەندێك چاپتەرەکانی ئەو دەقانە بێت، بەڵام وەکو تر دەکرێ دەقێکی مەزن لەناخی



ماناکانیدا بتوانێ کاریگەری دەقی دیکە بدۆزێتەوە. ئەم ڕاستییەش لەدەقی بینراودا زیاتر بەدی دەکرێت، یان لەدەقی بیستراودا..

هەندێ هۆکاری دیکە هەن کەبەشدار دەبێ لەپێکهێنانی زەمینەی داهێنانی مەزندا، وەك زەمینەی مامەڵەکردنی لەگەڵ وردەکارییەکانی کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی سیحراویانە، لە(سەد ساڵ دوورە پەرێزی)دا گابریل گارسیا مارکیز دەیەوێ ئەو ژیانە ئاساییەی خەڵکی ماکواندوا بەشێوەیەکی زۆر سیحریانە بخاتە ڕوو، کەواتە لەدیمەنە وردەکان دەکات زۆر مەزن و کاریگەربن، عەشقێك کەئەوپەڕی سۆز ببەخشێ و ببێ بەهۆی دروستبوونی پاکیزەیی و ڕۆحی بەهەشت ئاسا، کەبگاتە حاڵەتی فڕین، یاخود ژیانی کەسێك بەهەموو ئازارەکانییەوە ئەوەندە چێژبەخش بێت تیایدا هەست بەماندووبوون نەکات، ئەمانە هەموو ئەو سەرەتایانەن کەوای لەڕۆمانێك کردووە بەرگێکی نوێ بکاتە بەر ئەو ژیانە ئاساییەی کەهەر کەسێك زۆر بەسادەیی لێی دەڕوانێ، هەروەها دابڕینی واقیع لەئاسایی بوونی و بەخشینی ڕۆحێکی نامەئلوف بەو واقیعە و بەسیحراوی کردنی واقیع. هەموو ئەمانە بوونەتە سەرەتایەك بۆ نزیکبوونەوە لەمامەڵەکردنی داهێنەرانە، کەسێك زۆر بەئاسانی دەتوانێ باس لەژیانی کۆمەڵگەیەك بکات، بەهەموو تراژیدیاو کۆمیدیاکانیانەوە، بەڵام ناتوانێ ئەوەمان تێبگەیەنێ کەئایا بەڕاستی چ شتێك کاریگەرەو چ شتێك کاریگەری لەسەر وەرگرەکەی دروستدەکات. واتا دروستکردنی (Shock) یەکێکە لەگرنگترین ئەرکەکانی دەق، جاهەر دەقێك بێت بینراو یان بیستراو یان نووسراو. لەهەندێ دەقی ڕامیاریدا، هەندێ نیشانەو دەستەواژەی وەك ئازادی و سەربەستی و چەکی کوشندەو ئەتۆم و پیسبوونی ژینگەو.. هتد جۆرێك گۆڕانکاری لەناخدا دروستدەکەن، یاخود بۆ شێوەیەك لەتراژیدیای زیانبەخش. لەڕامیاریدا مەسەلەکانی چێژ و سوود وابەستەن بەتواناکانی گونجاندن لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو چەمکانەدا، چەك لەلای شۆڕشگێڕێ وابەستەیە بەئازادی و ڕزگاری و ڕەهاکردنی مرۆڤ



www.pertwk.com

و ئاشتییەوە، هەر ئەو چەکە لەلای کەسێکی ئاشتیخوازو پاکیزە بریتییە لەنەهێشتن و کووشتن و وێرانکاری. پرسی ڕوانین بۆ هەر چەمکێ لەڕوانگەی چێژەوەیە نەك ئامانج ڕەنگە هەردوولا لەو ئامانجەی سەرەوە هەڵەبن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەچێژی ڕاستەقینەی هەردوولا وەلاوە بنرێت، هەردوولا لەسەرچاوەی باوەڕەوە دەڕواننە ئامانجەکانی خۆیان، لێرەوە ڕوانینی ئەو گروپ و کەس و دەستانە دەگەڕێنەوە بۆ شێوەی سوودوەرگرتنیان لەو چەمکانەو شێوەی چێژ لێوەرگرتنیانە..

ئیستاتیکی ڕوانین بۆ ئەو دەقانە وابەستەیە بەتوانای ئەو کەسانە لەشێوەی هەست کردن بەچێژ، ڕەنگە چەمکێکی زۆر ناسك و جوانی وەك مانگەشەو بۆ دزێ ئەوپەڕی ناجوانی بێت بۆ تێکدانی نەخشەی دزی کردنەکەی.

لەدنیای ئەمڕۆدا چێژ ئەو مانا بنەڕەتیەی خۆی لەدەستداوە، چێژ ئەو مانا کلاسیکییە نییە کەکاتی خۆی هەبوو، ئەمڕۆ زۆر کات دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی چەمکەکانی بنکەی بەرژەوەندی جیهانی، ڕۆڵی مەزن لەدەستنیشانکردنی جوانی و دزێویدا دەگێڕن، سیستمی بەرژەوەندی لەم نێوەندەدا زۆربەی بەها جوانەکانی گۆڕیوە، لەدەزگاکانی ئەمڕۆدا مامەڵەکردنی تاکەکەس لەگەڵ دەقێکدا ئەو بەهایەی نەماوە، بەقەد مامەڵەکردنی دەزگا دەسەڵاتدارەکان لەگەڵ ئەو دەقەدا.. ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئیستاتیکیدا کاردەکات، کەسێك ناتوانێ بەتاکی بچێتە نێو دەزگای پەیوەندی، لەگەڵ تۆڕی کۆمەڵگەدا.

## نێوەندی مەرگ و نووسین:

پێش ئەوەی لەناخی مەسەلەی نووسین لەنێوەندی مەرگ بکۆڵینەوە، لەبەرامبەر چەمکی مەرگدا هەڵوێستەیەك دەکەین.. چەندین لێکدانەوە هەیە بۆ مەرگ، بەڵام سێ هەڵوێستی گرنگ هەیە کە بریتین لەوەی:



1–مەگەر پرسێکە بەخودەوە پەیوەستە، ئەویش بریتییە لەکامڵبوونێکی تەواوی خوود، بەپێی ئەم هەڵوێستەش مەرگ شتێکی خودییەو گەڕانەوەی بۆ نییە، چارەسەریشی مەحاڵە.

2–مەرگ واتا کۆتایی ئەم بوونە، بەڵام لەبەرامبەردا چوونە بۆ بوونێکی دیکە.. ئەمەش دەبێ وا شیبکرێتەوە کەوەك گواستنەوەی جەستەیە بۆ حاڵەتێکی تر.

3–بەپێی ڕای سێیەم مەرگ چوون نییە بۆ ژیانێکی تر، ئەمە ئەگەر لەگەڵ ژیانی ئامادەدا بەراورد بکرێت.

لەهەر پەیوەندییەکی مرۆییدا بەمەرگەوە، ئەم سێ هەڵوێستە ڕووبەڕوو دەبنەوە، کەس ناتوانێ ئینکاری ئەوە بکات کەمەرگ بوونی نییە، بەڵام چۆنیەتی لێکدانەوەی ئەم مەرگە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ، هەموو بۆچوونە ئاینییەکان بڕوایان بەچەمکی ژیانەوە هەیە، بەڵام بڕوا ماتەریالییەکان ڕۆح دادەبڕن لەجەستە جارێکی تر بۆی ناگێڕنەوەو بەمەحاڵی دەزانن، چونکە ئەوان وەك پەیوەندییەکی مەحاڵانە دەڕواننە نێوان مەرگ و ژیان، ئەو بۆندەی ئەم دووانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوەندەی لەیەکتری ترازان مەحاڵە وە یەکتری بنووسێنەوە.

لەپرسی دەقدا مەرگ لەو سێ حاڵەتەی سەرەوە کەئاماژەمان بۆی کرد ئامادەیە، بەڵام لەشێوازێکی ترو لەپەیوەندییەکی تردا، بوونی مەرگ لەدەقدا واتا بوونی ناکۆکی، بوونی بێدەنگییەکی کوشندە، بوونی نائارامی.. ڕاستە (دەق بۆشایی زۆری تێدایەو ناوچەکانی بێدەنگی زۆرە)[45]. ئەمەش لەهەموو دەقێکی داهێنەرانەدا هەیە، کەئەرکی داهێنەر نییە بەدوویدا بگەڕێ، بەڵکو ئەرکی ڕەخنەگرە (لەسەر ڕەخنەگر پێویستە ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوەو بیانهێنێتە قسە)[46].

مەرگ ئەو حاڵەتەیە کەناکۆکییەکانی ناوەوەی دەق لەگەڵ ناکۆکییەکانی دەرەوەی دەقدا یەك ناگرنەوە.. گەشەکردن لەناخی ژیانەوە دەست پێدەکات.. هیچ گەشەکردنێ پێی ناوترێ گەشەکردن، گەر نەتوانێ شتە



www.pertwk.com

مردووەکان بژێنێتەوەو گڕو تەوژمیان پێ ببەخشێتەوە... لەناخی دابڕاویدا دەکرێ بەرهەمی زیندوو بێتەبەر، نووسین دەتوانێ شێوازێ بێت گفتوگۆی عەقڵانی لەگەڵ مەرگدا بکات، بەڵام مەرگ ناتوانێ ئەم گفتوگۆیە ئەنجام بدات، چونکە (مەرگ گەورەترین ئاڵۆزییە)[47]، نووسین دەتوانێ شێوازێ بێت بەردەوام ئامادە، دەشتوانێ لەناخی زمانێکی مردوودا، زمانێکی زیندوو بخولقێنێ، زۆر لەو دەقانەی کەمەزنن لەئەنجامی گۆڕانکاریو کارکردن لەسەر دەقە مردووەکان هاتوونەتە کایەوەو بوون بەدیاردەیەکی زیندووی پڕ لەژیان.

واتا لەم حاڵەتەدا "زمان وەك مەنتقێکی گفتوگۆ لەبوونی خۆیدا، بەردەوام دژ بەسنوری باوەڕەکانمان دەجوڵێتەوەو مانای نوێ دەخولقێنێ"[48] ئەمە لەڕووی زمانەوە تاڕادەیەك ئاشکرایەو دەکرێ وەك هەستێکی بەهێز ڕووبەڕووی ببینەوە. نووسین گواستنەوەی عەقڵ و هەستەکانە لەشێوەیەکی ئەبستراکتیزمەوە بۆ شێوەیەکی ئەبراستیزمی دیکە. بەڵام نووسین ئەوەیە کەچی دەنووسی "کێشەکە ئەوە نییە کەچی دەنووسی: بەڵکو هەمیشە ئەوەیە چۆن دەنووسی"[49] نووسین خۆی ئەو بڕیارە نادات کەچی دەنووسی، یان چۆن دەنووسی، نووسین ئەبستراکتیزمە لەحاڵەتی کۆتایی وتراودا "لەحاڵەتێکا شتێك وترا، ئەو شتە مردووە"[50] لەحاڵەتی جەستەیەکی مردوودایە، بەڵام لەناخی خۆیدا لەناخی ئەو نووسینەدا هەست و عەقڵەکان ئامادەن. پێویستی بەجووڵاندن و بزواندنە.

ئەو عەقڵ و هەستە لەبوونی خودی خاوەن تێکستەکەوە هاتووەتە بوونی ئەپستراکتیزمی تێکستەکەوە، ئەو خوڵقاندنی تاکەکسییە ڕۆڵی مەزن دەگێڕێ لەچۆنیەتی بارودۆخی دەقەکەدا.

مردوێتی هەست، مردوێتی عەقڵ و مردوێتی دەق دەستنیشان دەکات، لەڕوویەکی ترەوە مردوێتی زمان.. حاڵەتێکی ئاساییە لەنێوەندی کۆمەڵگادا هەزاران دەستەواژە هەبن وەك حاڵەتێکی بێ گیان چوونەتە ژیانەوەو وەك ڕۆتین تەماشایان دەکرێ، بەڵام داهێنەری دەق دەتوانێ



لەناخی ئەو ڕۆتینەدا شێوەیەك لەژیان بخاتە گیانی ئەو دەستەواژانەوەو، لەو ڕۆتینە دەربازی بکات. ئەوەش بەململانێی توندو تیژ لەنێوان خودی داهێنەرو خودی دەستەواژەکاندا دێتەدی.. ئەوکاتە زمانەکە لەنێو مردوێتی و بێ گیانیدا خۆی ڕادەپسێنێ بۆ نێو ژیان.

داهێنەرو نووسەری بەتوانا بەدووی تێکستەکانی نێوەندی کۆمەڵگەدا دەگەڕێ، بۆ ئەوەی بتوانێ چەمکەکانی زیندوو بکاتەوە. هەروەها لەنێو بونیادی زمانە مردووەکاندا بەدووی ئەو دەستەواژانەدا دەگەڕێ کەکاریگەرن، بۆ ئەوەی زیندویان بکاتەوە.

واتا دەبێ دووبارە بوونەوەی دەق، دووبارە بوونەوەیەکی مردووانە نەبێت، گواستنەوەی پەتیی دیاردەکان یەکێکە لەو هۆیانەی کەتێکست تووشی بن بەستی دەکات، بریتی بێت لەگەڵ نیشانەو زمان، شێوازەکان. دەبێ دەق لەگەڵ نووسەردا لەململانێدا بێت.. دیارە ئەم مردوویەش لەگەڵ ستراتیژیەتی خوێندنەوەدا ڕوودەدات چونکە خوێنەر دەکەوێتە بەردەم پرسیارەوە ئەو پرسیارەی چارەنووسی دەق دیاریدەکات.

دابڕانی نێوان دەقی بەرهەمهاتوو لەگەڵ خوێنەردا یەکێکە لەو هۆ گەورانەی کەمەرگ دیاری ئەکات.. یەکەمجار کەسی داهێنەر لەنێو کۆمەڵگەوە ئەو شتانەی لەحاڵەتی نیمچە مردووییدان وەریان دەگرێت و گیانێکی نوێیان بەبەردا دەکاتەوەو زیندوویان دەکاتەوە، دەیانگوێزێتەوە بۆ حاڵەتی دووەم، کەبریتییە لەپەیوەندی خودی دەقەکە لەگەڵ دەرەوەی دەقەکەدا، پاشان دەقەکە لەحاڵەتی پەیوەندی لەگەڵ بەرهەمهێنەرەکەدا دەڕوات بۆ حاڵەتی پەیوەندی لەگەڵ وەرگرەکە، جالێرەدا پونتی سەرکەوتوو ژیان و مەرگی دەردەکەوێت، چونکە ئەو دەقەی کەلەدایك دەبێت، دەبێ چارەنووسی ئاشکرا بێت بەمەرگ و ژیان، ئەسڵەن پرۆسەی ژیان و مەرگی دەق زۆر جیاوازە لەپرۆسەی ژیان و مەرگی مرۆڤ. خود لەنێو دەقدا ئامادەیە بەڵام چ خودێ.. "ئەو خودەی حەریسە لەسەر ڕزگارکردنی زمان لەبەستراوی و باوگەڕێتی"[51].



www.pertwk.com

لەڕەخنەی نوێدا، ئەو دەقەی کەلەنێو دەستەواژەکانەوە واتا دەستەواژە متبووەکان دەبێ بەدەقی داهێنەرانە، پێی دەوترێ زمانی یەکەم.. واتا ئەو زمانەی کەزمانی دووەمی لێدێتەبەر.. لەهەڵوەشاندنەوەی دەقدا بەتەواوی ئەتوانین ئەم بارانە بەدی بکەین و هەست بەتواناکانیان بکەین، دریدا لەهەڵوەشاندنەوەی دەقدا بەوردی باس لەم حاڵەتە دەکات بۆیە دەڵێ: "بونیادشکەنی نەدەتوانێ شێواز بەکەم دانێ، نەشیکردنەوە.. بەرەو باڵاتر لەڕەخنەو ئایدیای ڕەخنە دەڕوات. هەرچەندە زۆریان بەشێوەیەکی مەنفی ئەوە شیدەکەنەوە. بەڵام دەبێ بزانن ڕێگا نییە مەنفی"[52].

* * *

لەدەقە زیندووەکانی دنیادا، نموونەی زۆر هەن کەڕاستی ئەم لێکدانەوانەی ئێمە دەسەلمێنن شیعرەکانی لۆرکای ئسپانی، ڕامبۆی فەرەنسی، پۆشکین، ئەدۆنیس، سوهراپی سوپەهری و شێرکۆ بێکەس.. لەو نمونە شیعریانەن کەدەکرێ جۆرێ بن لەو لێکدانەوانەی سەرەوەمان، لەمەڕ خوڵقاندنی دەقی زیندوو لەناخی زمانی مردوودا، توانا زمانیەکانیان و کامڵبوونی بونیادی ڕستەو دەستەواژەو هۆرمۆنیای ناخ و.. هتد لەبەرهەمەکانی تری ڕۆمان و مۆسیقاو زانست و بیردا ئەمەش ڕاستە.

مەرگ و ژیانی دەق لەو ئاستەدایە لەنێو دەقدا کەبتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات، ئەوەی لەو دەقە مردووانەدا دەبینرێ دیاردەیەکە دەتوانین لێرەدا بەچەند هێڵێکی ئاشکرا شییان بکەینەوە، دەقی مردوو جالەهەر بوارێکدا بێت، بوارەکانی چالاکی مرۆڤایەتی، چونکە تەنانەت لەژیانی ڕۆژانەشدا دیاردەی زیندوو و مردوو هەن، لەهەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤیشدا ئەم دیاردانە هەن، مردوێتی تەنیا پەیوەست نییە بەتوانای فیزیکییەوە، بەڵکو زەمینەی خۆ ئامادەکردنیش، ڕۆڵی خۆی هەیە لەخوڵقاندنی ئەو مەرگ و ژیانەدا.. خۆئامادەکردن و خۆکۆکردنەوە، دیاردەیەکە لەچالاکی مرۆڤ و سروشت و گیانلەبەراندا ئامادەیە، گەر



بڕوانینە سروشتی کۆچکردنی باڵندە، باڵندەکان ئەوانەی لەگەڵ سروشتی گەرمادا هەڵدەکەن، پێش ئەوەی وەرزی سەرما نزیك بێتەوە یەکتری دەگرن و بەرەو ئەو جێگایانە کۆچ دەکەن کەپلەی گەرما تیایاندا لەحاڵەتێکی مام ناوەندیدایە، یاخود لەگەڵ سروشتی خۆیاندا دەگونجێ، هەروەها بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.. لەسروشتی ئەو درەختانەی کە لەجێگایەك دەڕوێن و یەکێکی تر ناڕوێ، چونکە هەڵکردن و گونجاندنی ئەو باڵندەو ڕووەکانەی کەپەیوەستن بەو توانا جەستەیانەی کەبۆیان خوڵقاوە، توانای جەستەیی ئەو دەستەیە چییە و چۆن خوڵقاوە، ڕەنگە درەختێ یان گیانلەبەرێ لەگەڵ کەش و هەوایەك نەگونجێو پاش مانەوەی زەمەنێکی درێژ لەهەمان سروشت و ئاو هەوای دژدا، خۆی و سروشتی خۆی لەگەڵ ئەو کەش و هەوایەدا بگونجێنێ، بۆ ئەوەی بتوانێ تەمەنێکی درێژ بەزیندوویێتی بمێنێتەوە، ئەم حاڵەتە کە لای مرۆڤیش بەهەمان شێوەیە ئەو مرۆڤانەی لەسەر هێڵەکانی ئیستیوا دەژین، شێوەی پێست و دروست بوونیان لەگەڵ سروشتی ئەو ناوچانە خوڵقاوە، بۆیە لەگەڵ سروشتی ئەو ناوچانەدا هەڵدەکەن، هەڵکردنیان لەخۆ گونجاندیانەوە هاتووە، لەگەڵ سروشتی ئەو جێگایەدا.. بوونیادی هەر شتێك لەئەنجامی کاریگەری دەوروبەرەوە پێکدێ و گەشە دەکات. کەواتە ئەم کارە لەمەسەلەی مانەوەو تەمەن درێژی و مەرگدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لەمەسەلەی مەرگ و داهێناندا بەهەمان شێوە، شێوەی خۆگونجاندن و بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کەدژ بەمانەوەی ئەوە زۆر هۆیەکی گرنگە، بەبێ ئەو هۆیە ناکرێ بڕیار لەسەر ئەوە بدرێ کەمەرگ و ژیان چییە، مەسەلەی خۆگونجاندن لەدەقدا تا ڕادەیەك جیاوازییەکی سادەی هەیە لەگەڵ مەسەلەی سروشتدا، بەڵام ئەم خۆگونجاندنە لەدەقدا زیاتر شێوەی ململانێ لەشێوەی ئاشتیخوازانەدا دەگرێتەخۆی، بەزۆرو بەهێز نایسەلمێنێ کەئەو هەیەو ئەو دەبێت، بەڵکو دەبێ زەمینە بۆ گونجاندنی خۆی دروستبکات، ئەم خۆ گونجاندنەش لەڕێگای چوونە نێو دڵ و



www.pertwk.com

دەروونی وەرگرەوەیە، خۆگونجاندنێ کەبتوانێ هەڵم ئاسا بەسەر ئەو دیوارانەدا سەرکەوێ کەدەستی مرۆڤ نایانگاتێ و وەك هەور لەو لوتکانە بدات کەزۆر سەخت و بەرزن. گونجاندنێ کە بتوانێ سەرەتاو کۆتایی خۆی پێش وەخت بزانێ و بزانێ لەچ سەرچاوەیەکەوە دەست پێدەکات و چۆن دەتوانێ لەو دەرگایانە بدات کەپێویستن بۆ چوونە نێو دنیای وەرگرەکانیەوە.

بۆ یەکەم جار کەدەق دێتە ئاراوە، لەململانێی نێوان خودی خاوەنەکەی و ناخی خاوەنەکەی و دەوروبەر ڕزگاری دەبێ و دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ چۆنیەتی خۆگونجاندنی لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کەلێی خولقاوە.

بتهۆڤن لەسەمفۆنیای (9)دا گرنگترین شیکردنەوە دەبەخشێ بەگوێی مرۆڤایەتی، بابەتەکەی ئاشتی و جەنگە، ئەو لەمۆسیقایەکی پڕ مانا ئامێزدا بەگوێماندا دەچرپێنێ کەئایا دەتوانم بەبێ گوێش پێتان بڵێم: هەستی مرۆڤایەتی چییە؟ ئازارەکانی مرۆڤ لەکوێوە سەر هەڵدەدەن؟ چ دەروازەیەك بەرەو کانگای ئازارمان دەبات؟ چ دەروازەیەك لەئازار ڕزگارمان دەکات؟ چییە تەسکینی دڵی مرۆڤ؟ کەی ئاشتی قوربانییە؟.. هتد. ئەو سەلماندنەی بتهۆڤن لەو سەرچاوەیەوە بوو کەمرۆڤ بەبێ جوڵاندنی پەنجەکانی دەتوانێ بیسەلمێنێ کەدەقی مەزن چییە؟ (گوێ) بێ ئەوەی ببیستێ دەتوانێ سازگارترین سەرچاوە بێت بۆ هەستکردن بەجوانی دەنگەکان، چاو بێ ئەوەی ببینێ دەتوانێ دیمەنەکانی سوتماك و گوڵ و گوڵزار لەیەکتری جوودا بکاتەوە، زمانیش بەبێ ورتە، دەتوانێ گەورەترین تەعبیر ببەخشێ، نەك ژیان وەرگرێ، ژیان لەچ تروسکاییەکەوە وەردەگرێت و لەچ تروسکاییەکەوە مانا دەبەخشێ.. لەسەمفۆنیای (9)دا دەتوانین ئەو چرکانە بەچاو ببینین کەتیایدا جەستەکان ڕۆحیان لەدەست دەدەن و جەستەکان بەبەرچاوی خۆشەویستەکانیانەوە وەك پەڕەی گوڵ دەوەرنە سەر زەوی و جگەرگۆشەکان بەبەرچاوی دایکیانەوە زارەتەرەك دەکرێن و ئەو گۆشانەش دەسڕێتەوە کەهەردوو لقی ڕاستە ڕێگای عەشق



بەیەکترەوە دەگەیەنن، بەگوێماندا دەچرپێنێ کەژیان گەورەترین ساتە مرۆڤ تیایدا ساتەکانی خۆی ون دەکات و ئازارەکانی خۆی گەورە دەکات. لەسەمفۆنیای بتهۆڤندا گوێمان لەو زریکانە دەبێت کەدەمێکە لەو قوڕگانەوە دەرپەڕیون کەنەدەزانن زمان چییەو گریان چییە، ئەو مانایانەی لای بتهۆڤن لەنێو نۆتە مۆسیقاکانیدا دەردەکەون، هەنگاوێکن بەرەو ناسینی ئەو زمانەی کەلەنێو تێکستەکاندا بەجۆرێکی تر تەعبیریان لێئەدەکرێت، ئەم تەعبیرەش شێوەیەکە لەزیندووکردنەوەی هەستی مرۆڤایەتی، هەروەها بریتییە لەپێناسەکردنی ژیان بەو مانایەی کەچیتر پڕنابێ نە لەزیندوو، نە لەمردوو، هەردووکیان بەشدار دەبن لەپێکهێنانی، ئەم دەقە مۆسیقییەی بتهۆڤن لەو دەقانەیە، چارەڕەشی ژیان و بەدی مەرگ، دەردەخات. هەوڵێکە بۆ پێناسەکردنی زەمەن و خووڕەوشتی مرۆڤ، هەوڵە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ساتانەی کەتیایدا ئازارو خۆشییەکان لەیەکتری دووردەکەونەوە. مەوداکان زیاتر بەرفراوان دەبنەوە، ژیان لەسەرەتادا بەهێمنی دەڕواو هیرمۆتیکای تایبەتی خۆی هەیەو ساتەکان هێدی هێدی دەڕۆن و بۆنی گەشەکردن و لەدایك بوون و سەوزبون و گەورەبوونیان لێدێت، هەروەها ژیانێك لەگەڵ وردە نسرمدا هەڵدەکات. پرسیارە دەربارەی ئەو شتانەی زانراون و نەزانراون، ئەمە نەك تەنیا لەو مەودایەدا کەبۆچی ژیان وا دەڕواو تێدەپەڕێ، پرسیاری نەزانراو لای بتهۆڤن ئەوەبوو کەبۆچی مرۆڤ بەبێ جەنگ هەڵناکات؟ ئەو لەوە گەیشتبوو کەهۆکەی چییەو بۆچی وەهایە، بۆیە پرسیارکردنی لەم جۆرە ئەوەندە گرنگ نەبوو.. ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگ بوو، ئەوە بوو کەئایا مەرگ دروست بووە بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت یان ژیان دروست بووە بۆئەوەی بەسەر مەرگدا زاڵ بێت؟ ئەم پرسیارە هەمیشە کراوەو وەڵامی خۆی هەبووە، بەڵام وەڵامی موتڵەق هەمیشە ئاستەنگ بووە، لێرەدا یەك ڕاستی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەژیان بەهەموو پۆزەتیف و نەگەتیفیەکانەوە بەشێکە لەمرۆڤ.. کاتێك باسی بتهۆڤن و سەمفۆنیاکەی دەکەین لەو



www.pertwk.com

سەرچاوەیەوەیە، کەنوێنەری داهێنەرانە لەمەودای دەقی بیستراودا، جابۆیەش وەك داهێنەرێکی لەپێشتر تەماشای ئەم دەکرێت، زیاتر لەسباستیان باخ و شوپان و موزارت لەبەرئەوەی مەودای مرۆیی لەکارەکانی ئەمدا زیاترە وەك ئەوانی تر. کاری داهێنانی دەقی بیستراو کاریگەرییە ڕۆحییەکان لەناخی مرۆڤدا دەبزوێنێ، کەسێك دەتوانێ بەگشت مەوداکانی کاری داهێناندا کاربکاتە سەر بزواندنی هەستێك لەهەستەکانی مرۆڤ، بەڵام مۆسیقا کاریگەرە بۆ سەر هەموو هەستەکان، دەقی بیستراو پەیوەندییە لەنێوان هەستی بیستن و بەشەکانی تری هەستدا. هەر بۆیە کاریگەری پتەوی هەیە، کەسێك ناتوانێ هەروا لەخۆیەوە بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو شتە بیستراوانەی کەدەیانبیستێ، گەر هاتوو ئەو بیستراوانە کاریگەری گەورەیان نەبێ بۆ سەر ڕۆح و بزواندنی ڕۆحی.. جابۆیە گرنگی کەسی داهێنەر لەوەدا دەردەکەوێ کەچۆن ئەو هەستانەی وەرگر دەبزوێنێ، بزواندنی هەستی وەرگر لەو ئەرکە قورسانەیە کەداهێنەر هەمیشە بیری لێدەکاتەوە، ڕەنگە بۆ داهێنان ئاسان بێت بتوانێ باس لەو هەستانە بکات و هەڵیانسەنگێنێ، بەڵام ئەوە ئاسان نییە کەبتوانێ بچێتە نێو ناخی هەموو بەشەکانییەوە، بتهۆڤن یان شەکسپیر یان ڕامبۆ یادایستۆفسکی و یا نالی، دەیانویست بەشێك بن لەو هەستەی کەوەرگر دەیەوێ، ئەگەر یاساکانی داهێنان هەروا لەقاڵبێکی ئامادەداو حازر بەدەستدا بونایەو، سنووربەندییەکی لەپێشینەیان بۆ بکرایە، ئەوا بێگومان هیچ یەکێك لەو دەنگە جیاوازانە دروست نەدەبوون لەجیهانی داهێنانی دەقە جۆراوجۆرەکاندا، مەزنی داهێنان لەوەدایە کەبێ سنورو نادیارە، هەموومان سەمای یۆنانی بەسەمایەکی ئاسایی تەماشا دەکەین، بەڵام سەماکەی (زۆربا) شتێکە لەناخی داهێنانەوە خوڵقاوە، ئەگەر ئاگر هەر ئاگر بێت بێگومان ئاگری نەورۆز یەکێکە لەداهێنانەکانی مرۆڤ بۆ بەگەڕخستنی دیاردەی گڕو ڕوناکی لەبەردەم پیرۆزو ئەرکی مرۆڤدا، ژیان پڕە لەدیاردەو پەیوەندی و هەست و ماناو شت، بەڵام



وەگەڕخستنیان لەچوارچێوەی کارێکی داهێنەرانەدا ئەرکێکە کەداهێنەر دەیخاتە نێو دەقەکانی خۆیەوە، هەموو دەزانین زەمین خڕە بێئەوەی کەس هەست بەو خڕییە بکات، تەنیا لەدیمەنی وێنە ئاسمانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا ئەو خڕییە دەبینرێ، ئەمە دیاردەیەکە لەداهێنان و دروستکردنی ئایدیەی خڕی لەبیری مرۆڤدا.

بێگومان خوڵقاندنی ئایدیای هەستکردن بەشتێك، دیسان ئەو پرسیارە دەهێنێتە کایەوە، کەئایا مرۆڤ دەبی چ ئایدیایەك هەڵبژێرێ؟ بێگومان بۆ وەڵامی پرسیارێکی لەم شێوەیە، هەمیشە دەبێ بۆ لای داهێنەر بگەڕێینەوە، ئەو وەڵامە لای داهێنەرە.. لەکۆمەڵگەیەکدا کەداهێنانەکان بەسستی دەڕۆن و سەرچاوەکانی مەودای ئاسۆی بیری داهێنەرەکانی کورتە، ئەو ئاستەنگە گەشەکردن دروستدەکات.

ئەگەر ئاوڕێك لەگەشەکردنی مێژووی داهێنان بدەینەوە، ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەهەر سەردەم و قۆناغێکدا هەندێ کۆمەڵگە لەکۆمەڵگەیەکی تر گەشەکردوترو داهێنەرتر بوون، لەسەردەمەکانی دێریندا هەمیشە ڕۆژهەڵات سەرچاوەی داهێنانی گەورە بووە، لەپێکهێنانی بیرو خوڵقاندنی شارستانیەت و دامەزراندنی بونیادی کۆمەڵگەو بەرهەمهێنانی شتی سەرسوڕهێنەر، کەچی لەسەردەمێکی تردا بەتەواوی هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، ئایا هۆکارەکانی ئەم دیاردانە لەمێژوودا پەیوەستن بەچییەوە؟ پەیوەستن بەهێزەوە!! بەڵام چ هێزێ؟ بێگومان هێزی عەقڵ!! هەمیشەو لەهەموو سەردەمێکدا عەقڵ لەبەر هەڕەشەی پوکانەوەدا بووە، بۆ ئەوەش خاوەنەکانی عەقڵ نەیانویستووە وا بەئاسانی تەسلیمی ئەو خۆبەدەستەوەدانەبن، واتا هەڕەشەی مەرگی عەقڵ بەردەوام لەئارادابووە، سەردەم لەدوای سەردەم ئەم هەڕەشەیە زیادی کردووە، بۆ ئەمەش دەسەڵاتی عەقڵ بۆ مانەوەی خۆی بەدووی ژیانی ئەبەدیدا گەڕاوە، ئەو ژیانەی عەقڵ بەزیندووی و پاش مەرگی خاوەنەکەشی هەروا بەگەشەکردوویی و نەمری بمێنێتەوە، بۆ ئەم کارە هەستاون بەبونیادنانێ



www.pertwk.com

لەو بەرهەمانەی کەعەقڵ خاوەنێتی، لەلای فیرعەونەکان مانەوەی ڕۆح و عەقڵ لەو ژیانی دووەمەدا ئەوەندە گرنگ بووە، پاش خۆشیان بیریان لەبونیادنانی کۆشک و تەلارو سەروەتی خۆیان کردوەتەوە، بونیادنانی پیرامیدە مەزنەکانی یەکێکە لەبەرهەمی عەقڵی مەزن و زیندوویەتی عەقڵ، لەباخچە هەڵواسراوەکانی بابلدا هەست بەبلیمەتی و هەوڵدانی عەقڵ دەکەین بۆ تێکۆشان لەپێناوی زیندووبوون، یاخود لەئەغریقە کۆنەکاندا مانەوەو زیندوویّتی عەقڵ مەودایەکی تر وەرئەگرن کە لەشتە مادديیەکانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ شتە ڕۆحییەکان، بونیادنانی فەلسەفە یەکێك بووە لەهۆیەکان بۆ بیرخستنەوەی دنیاو زیاتر بەخشینی توانای ڕۆحی پێی، کەواتە هەوڵی داهێنەرانە بۆ مانەوە و زیندوویّتی، عەقڵ خۆی لەچالاکی جۆراوجۆردا بینیوەتەوە، نەك تەنیا عەقڵێکی پەتی و بەس.
بۆیە جێگای خۆی بووە کەسەردەم دوای سەردەم بیر لەزیندوویّتی و نەمری عەقڵ بکرێتەوە، گەروا نەبوایە ئەوا زۆر بەدەگمەن داهێنان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویدەدا.
یەکێك لەو هەولانەش کەعەقڵ لەبەرامبەریدا توشی نووشستی بووە، شەڕخوازییە، مەرگ لەدیمەن و توانای جۆراوجۆردا ئامادە بووە، بەمەبەستی پووچەڵکردنەوەی توانای عەقڵ و لەباربردنی داهێنانەکانی عەقڵ، نەك هەر ئەمەش بەڵکو زۆربەی زۆری ئەوانەی کەهەوڵیانداوە عەقڵ پووچەڵ بکەنەوە، لەوانە بوون کەکەوتبوونە بەرەی دەسەلاتداران و ئەوانەی بەهێز مامەڵەیان کردووە، ڕاستە هێز هەبووە دەسەلاتی عەقڵی لەگەڵدا بووە، بەلام زۆر هێز هەبوون هەر لەبناغەوە بۆ ئەوە دامەزرابوون کەعەقڵ و توانای عەقڵ کەمبکەنەوە، کەسێك دەتوانێ لەتاریکیدا بەبێ ئەوەی پێش خۆی ببینێ بڕواو ڕێی خۆی بدۆزێتەوە، بەلام گەر هات و ڕوناکییەکە یەکسەر بەرەو نێوچاوی ئاراستە بکرێ، لەو تاریکییە خراپترە کەتیایدا هەنگاو هەڵدەنێ.



حوکمڕانی هێزو عەقڵ، مەرگ دروست ناکات بەلام حوکمڕانی هێزو هێز مەرگ دروستدەکات، زۆربەی بەسەرهاتە گرنگەکانی مێژووی مرۆڤایەتی پڕن لەبەسەرهاتی مەرگ و داهێنانی مەرگ، کە لەسەر دەستی بەرەکانی هێزو هێزدا هاتوونەتەدی ئەوان هەر لەبناغەوە جۆرە ناتەباییەکیان هەیە لەگەڵ عەقڵدا. ئەو ناتەباییە لەترسەوە هاتووە، لەترسی ئەوەیە کەئەو شتەی عەقڵ بەرهەمی دەهێنێ کاردەکاتە سەر دەسەلاتی ئەوان و ناهاوسەنگی لەتوانای ئەواندا دروستدەکات. نەك هەر ئەمەش بەڵکو هەردوولا خاوەنی دەقن، هەریەکەیان دەیەوێ دەقەکەی خۆی لەوی تر سەرکەوتوتر بێت، ئەویش بەمەبەستی سەلماندنی توانای خۆی. بەلام کەکار دەگاتە سەر ئەوەی کەهەڕەشە دێتەئاراوە، هەڕەشەی مەرگ و نەمان، ئەوا ئەو دەقە پووچەڵدەبێتەوە کەتوانای عەقڵی کەمە، واتا ئەو دەقەی کەمەرگ دەبێ بەنسیبی بۆیە ناکۆکی دروستدەکات.
زۆربەی زۆری ناکۆکییەکانی مرۆڤایەتی لەو سەرچاوەیە سەریان هەڵداوە، کەهیچ کاتێ پەیوەندی نێوان عەقڵ و ناعەقڵ نەگەیشتووەتە تەبایی، هەمیشە لەململانێدا بوون و هەرواش بووەو بەردەوامیش بەپێی مێژوو وا دەبێت. ئەمە دیاردەیەکە بەردەوام لەگەڵ مرۆڤایەتیدایە، گەروا نەبوایە نەناشرینی دەبوو نەجەنگ و ناکۆکی..

## دەسەلات و دەق:

یەکێ لەو چەمکانەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، دەسەلاتە، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەسەلات ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەسەقامگیرکردنی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، هەروەها مرۆڤ و دەوروبەر، مرۆڤ بەدەسەلات توانیویەتی شارستانییەت دابمەزرێنێ، هونەرو بیرو فەلسەفەو زانست بلاوبکاتەوە، هەر لایەنەو شێوازی خۆی بەکارهێناوە لەبەڕێوەبردنی دەسەلاتدا، لەمەش زێدەتر زۆربەی زۆری بیری مرۆڤایەتی



www.pertwk.com

لەهەوڵی ئەوەدا بووە کەچنگی لەدەسەڵات گیر بێت، بەمەبەستی جێبەجێکردنی مەرامەکانی خۆی.

بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کاتێ کەباس لەدەسەڵات دەکەین، باس لەچ جۆرە دەسەڵاتێ دەکەین؟ لێرەدا باسی ئێمە لەچوارچێوەی داهێنان و دەسەڵاتدا دەسوڕێتەوە، داهێنەر کەخاوەنی دەقە، لەژێر دەسەڵاتێکدا دەقەکەی پێشکەش دەکات، لەدەقدا بۆچوونێکی جیاواز هەیە بۆ دەسەڵات، دەق لەگەڵ ژیانی ئاساییدا ئەو جیاوازییەی هەیە کەمامەڵە لەگەڵ دەستەواژەکانی خودی خۆیدا دەکات، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، لەژیاندا دەسەڵات پەیوەندییە لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدا، یاخود مرۆڤ و سروشتدا، یامرۆڤ لەگەڵ دەوروبەریدا، بەڵام لەدەقدا پەیوەندییەکە زۆر جیاوازە، پەیوەندییە لەنێوان نیشانەو ماناکاندا.. پاشان پەیوەندییە لەدەقدا کە لەگەڵ خودی خۆی و دەرەوەی خودی خۆیدا.. لەدەقدا کێشەکان لایەنی ئەوە وەرئەگرن کەتا چ ڕادەیەك دەتوانن بەردەوامی بەژیانی خۆیان بدەن، واتا تاڕادەیەك ەتوانن پەیوەندی دروستبکەن، ئەوەشی کە لەدەقدا گرنگە ئەوەیە کەمامەڵەکە لەناخی دەقەکەدایەو پەیوەندی لەگەڵ ئەو ناخەدایە کەدەسەڵاتەکەش هەر لەو ناخەدا ئامادەیە.

لەژیانی ئاسایی مرۆڤدا دەسەڵات، پەیوەندی بەدەسەڵاتی سیاسی یاسەربازییەوە هەیە، بەڵام لەدەقدا دەسەڵاتەکان پەیوەندیان بەنیشانەو ماناکانەوە هەیە، کە لەئەنجامدا کاریگەرییان بۆ سەر خودی خۆیان و وەرگر هەیە "ڕاستە دەسەڵاتی دەق لەجۆرێکی ترە، بەڵام لەهەر سەردەمێکداو لەهەر زەمانێکدا کەم تازۆر دەق کەوتۆتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتە سیاسی و سەربازییەکانەوە، ڕاستە دەسەڵاتی ئەو بریتی بووە لەهێزو چەك و ئایدۆلۆژیا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کەم تازۆر لەژێر ئەو پەردەیەدا کاری کردووە، کەدەقەکان بخاتە خزمەتی خۆیەوە، دەسەڵاتی دەق ئەوەی کەمەبەستمانە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، ئەو دەسەڵاتەیە کە هەندێ جار ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە هەڵگیرسانی جەنگ و



بەرپاکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا، خۆ ئەگەر تەماشای دەقە سیاسییەکان بکەین هەر لەسەردەمی ڕۆمەکانەوە تائەم سەردەمەش، ئەو دەقانەن کەدەست نیشانی جەنگ و دەسەڵات و ئاشتی و ڕژێمی ئابوری و سەربازیان کردووە، بگرە ئەو دەقانە توانیویانە باشترین هەنگاوبن بۆ خۆش کردنی ئاشتی و جەنگ،.. بۆیە لێرەدا جێی خۆیەتی کەبڵێین دەسەڵاتی دەق کەمتر نییە لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابوری. ئەوەی دەق بەرهەمی دەهێنێ و خاوەنی داهێنانی دەقە خاوەنی هەندێ شێوازە، وەك شێوازەکانی نووسین و داهێنان و بەرپاکردن، کەسێك کە دەقی نووسراو بەرهەم دەهێنێ، شمەکەکانی بریتین لەنیشانەو ماناو ئەو دەستەواژانەی کەبەشدارن لەپێکهێنانی دەقەکەیدا، کەواتە دەق بەو تواناو دەسەڵاتەوە دەچێتە پێشێ بەمەبەستی جێبەجێکردنی ستراتیجیەتی خۆی..

هەموو دیاردەیەك دەسەڵاتێکی لەپشتەوەیە، ئایا چ دەسەڵاتێك لەدەرەوەی ئەم دیاردانەوەن، کەوایان لێدەکەن کاریگەربن لەسەر وەرگرەکەی؟ گشت دیاردەکانی دەوروبەرمان بریتین لەهێزێکی شاراوە، ئامادەن لەبرەودان بەبیرمان و لەهەمان کاتیشدا دەست و پێی دەقەکانمان شەتەك دەدەن.

چۆنیەتی دەسەڵاتی دەق و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر دەق و لەسەر ئێمە ئەو هەوڵەیە کەدەدرێ بۆ ڕوونکردنەوەی پرسەکانی پرنسیپی دەسەڵات و دەق. ئەو دیاردانەی کەدەبنە هۆی خولْقاندنی دەسەڵات لای مرۆڤ، بەڵام لەدەقدا ئەوە لەدواییدا دێینەوە سەر باسکردنی..

دیارە دەسەڵات لەچەندین ئاماژەی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێ، چ ئاماژەی کرداری بێت یان ئاماژەی نیشانەیی، دیارە ئاماژەی کرداری بێ چەندوچوون لەچەندین سەدەو قۆناغدا شتێکی ئاشکرایەو ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لەدیاریکردنی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بەخودی خۆی و دەوروبەرەوە. ئەم دەسەڵاتانەش لەپەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خواو سروشتو دەسەڵاتدارەکاندایە. بەڵام تا ڕادەیەك ئەم دەسەڵاتانە ئاوێتە بوون لەو کردارانەی کەمرۆڤ بەئاشکرا پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبوون، نەك



www.pertwk.com

بەئامازەو شاراوەیی، هەر بۆیەش وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرا بووە نەك مەجازی.

بەڵام لەدەسەڵاتی نیشانەدا، ئیمپریالیەتی نیشانە ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لەداپڵۆسین، یان کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ و دیاریکردنی ڕەوش و کاروانی ژیانی. لەدنیای ڕۆژئاوادا هەموو دیاردەکانی نیشانەی خۆیان وەرگرتووە هەر دیاردەیەك نیشانەی خۆی هەیە، هەموو ئەو نیشانانەش جووڵەو هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ و دیاردەکانی ژیان و سروشت دیاری دەکەن.

هیچ کردارێك بەبێ نیشانە مەیسەر نابێت، هیچ دیاردەیەك لەدەرەوەی نیشانەدا ناژێت و تەمەنی کورتە.. دابەش کردنێك وەك هەموو دابەشکردنەکانی تری سیستمی بەرهەمهێنان و بەکاربردن..

لەئیمپریالیەتی نیشانەدا دیاردەیەك هەیە پێی دەوترێ هێڵ و ڕەنگ و شێوە، لەم سێ کوچکەیەدا مەبەستەکان کۆدەبنەوە، هەر ئەم هێڵ و ڕەنگ و شێوانە کۆنترۆڵی عەقڵی مرۆڤ دەکەن و وەك کۆڵۆنۆڵی بەشەکانی بیرکردنەوە پارچە پارچە دەکەن. ئەم ئیمپریالیزمە لەکورترین ماوەدا هەموو کون و کەلەبەرێ داگیر دەکات و هەرچی هەیە دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەمڕۆ لەدنیای پێشکەوتووی تەکنەلۆجیادا، هەموو مامەڵەیەك نیشانە دیاری دەکات، وەك تواناو ئابوری و مۆدەو هونەرو پروپاگەندە.. هتد.

لەپرسی ڕامیاریدا نیشانە، شێوەیەکە لەدەسەڵات، لەسەرەتاکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا لەپرسە سیاسییەکاندا نیشانە ئەوەندە پەرەی سەندبوو، کەگەیشتبووە حاڵەتی پەرستن. هەردوو خاچی چەماوەی نازییەکان، سەرتاسەری ئەوروپای داگیرکردبوو. چ وەك لایەنگرو چ وەك دژایەتی کردن، داس و چەکوشی کۆمۆنیستی لەهەر پارچەیەکی جیهاندا ببووە ڕەمزی پاراستن و خەبات و فیداکاری و خەون و خەیاڵ، هەروەها نیشانەکانی تری وەك ئاشتی و پاراستن و نەتەوەپەرستی و ئایین



پەرستی و.. هتد کەس نەبوو کەم تازۆر نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەم بیروباوەڕانەوە. ئەگەر نیشانە جۆرێك لێکدانەوە بوایە بۆ پاراستن و نیشتمانپەروەری، ئەوا بێ سێ و دوو پیرۆزو نەمر دەبوو، ئەگەر نیشانە هێمایەك بوایە بۆ دژایەتی و بەگژاچوونی یاسا مرۆییەکان، ئەوا هەوڵی بێوچان دەدرا بۆ پووچەڵکردنەوەی، پاش جەنگی جیهانی دووەم، جۆرێك هێما هەر لەدەروونی گەلاندا مایەوەو پەرەی سەند، هەندێکی ئاوەژوو بووەوە، ئەو نیشانانەی کەم تازۆر بەشدار بوون لەدیاریکردن و نیشاندانی هەڵسوکەوت و ڕەوشتی مرۆڤدا، هەندێ نیشانە بەتەواوی ڕەوشتی کۆمەڵگەیان دەگۆڕی، کەم تازۆر بەشدار دەبوون لەبەگژدا چوونەوە خوڕەوشتی باوی مرۆڤەکان..

دەتوانین دەسەڵاتی نیشانە وەك یەکێك لەدەسەڵاتەکانی دەق تەماشا بکەین، چونکە هەروەك وتمان دەق بریتییە لەنیشانەو مانا، ئەو نیشانەو مانایانەش دەسەڵاتی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەربن لەسەر مرۆڤ و تواناو هەڵسوکەوت و ڕەوشتی مرۆڤ بگۆڕن، نەك هەر ئەمەش بەڵکو نیشانە بەشدار دەبێت لەپێکهێنانی ئەخلاقی کۆمەڵگاو داب و نەریتەکانیشدا. لەم پێودانگەوە دەتوانین نیشانە بکەین بەدوو بەشەوە:

1-ئەو نیشانانەی کەدەیانەوێ عەقڵ لەڕێڕەوی جوانکاری و عەقڵانیەت بگوێزنەوە بۆ دزێوی و ناعەقڵانیەت.

2-نیشانە زیندووەکان کەگیان و ژیان دروستدەکەن و مەرگ دەخەنە لاوەو بژێوی دەبەخشنە پەیوەندییەکان.

کەدێینە سەر باسی بەشی یەکەمی ئەو نیشانانەی کەدەبنە هۆی شێواندن و لادانی عەقڵانیەت بەرەو ناعەقڵانیەت، ئەمانە ئەو نیشانانەن کە لەچوارچێوەی ئامانجەکانیاندا هەندێ بەرنامەی ئاڵۆز هەیە کەئامانجیان شێواندنی خوی مرۆڤەو دەیانەوێ زەمینە بۆ چەسپاندنی خۆیان خۆش بکەن. ئەمانە ئەو نیشانانەن کەدەیانەوێ سروش و میزاجی مرۆڤایەتی بەئارەزوو حەزی ئەوان بێت.



www.pertwk.com

لەجیهانی ئەمرۆدا نازییە نوێکان و تۆرانیەت و ئیسلامە توندڕەوەکان و ناسیونالیستی ڕەگەزپەرستانەو.. هتد. دەیانەوێ لەڕێی نیشانگەلێکەوە بچنە ناخی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە، لەڕێی ئایدۆلۆژیاو پەیڕەوی تایبەت و ستراتیجییەتی ئامادەکراوەوە ئەو پردانە بشێوێنن کەمرۆڤ و مرۆڤ بەیەکەوە دەبەستنەوە، ئەو ئاسوودەییە بشێوێنن کە لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤو کۆمەڵگەو گۆمەڵگەدا بەرقەرارە.

مەرامی سیاسی و سەربازیو ئابوری، لەم نیشانانەدا کۆبووەتەوە، لەپاڵ ئەمەشدا لەهەوڵی ئەوەدان شەرعیەتی خۆیان بەبڵاوکردنەوەی نیشانەی بریقەدار بسەپێنن.

دیارە هەر یەکێك لەو گروپ و پارت و باوەڕانەی لەسەرەوە ئاماژم بۆ کردن، شێوازو بەرنامەی خۆی هەیە، بۆ مومارەسەکردنی توندو تیژیەکانی و دروستکردنی کاریگەری بۆ سەر عەقڵی وەرگر، ئەوان هەندێ جار جۆرێك لەعەقڵانیەت و ئاشتیخوازانەو فیکری جوان و نایاب بە نیشانەکانیان دەبەخشن، بەرنامەکانیان پڕن لەنیشانەی بریقەدارو مانای بەحەز پڕکراو بەکاردەهێنن، کاریگەری ئەم جۆرە نیشانانە زۆر کاریگەرە، بگرە کەم تازۆر بەشداری دەکات لەپڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ناخی مرۆڤ، بۆیە ئەو مرۆڤانەی کەبۆشایی زۆر لەناخیاندایە، زوو دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم نیشانانە لای ئەمان ماناکان دەگۆڕێن بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کەمرۆڤی پڕ لەبۆشایی لەدوای دەگەڕێ، کەسێك بەو هەموو بۆشاییەوە بێگومان پێویستی بەپڕبوونەوەیە.

وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ئەو بیرانە نیشانەی مەرگ بار بەرهەم دەهێنن، بازاڕی نیشانەکانیان سەرتاپای کوچەو کۆڵانەکان پڕدەکاتەوە، لەماڵ و قوتابخانەو دەزگاکانی دەوڵەت و فابریك و سەرشەقام و لەنێو کوونی ژوورەکاندا وەك هەوا ئامادەن، هەندێ جار لەنێو ناهۆشمەندیدا هەمیشە ئامادەن، ئەم ئامادەبوونە لەخۆیەوە نەهاتووە، بەڵکو بەرهەمی ئەو پەیوەندییە سیاسی و سایکۆلۆژییە کەدەمێکە خۆی بۆ ئامادە دەکرێ..



لەم زەمینەدا بەبەنجکردنی هەستەکان بەڕاکێشاندن بەچێژ پێبەخشین، نیشانەی مەرگ بار لەم پڕۆسەیەدا ڕۆڵی مەزن دەگێڕێ، ئەگەر لەبواری ئابورییەوە بڕوانینە ڕۆڵی ئەم نیشانە کوشندانە، ئەوا لەڕاگەیاندنەوە دەست پێدەکەین، دەزگا ئابورییەکان بەمەبەستی قازانجی زیاتر پێویستیان بەبازاڕە، بازاڕیش هەروا بەئاسانی لەناخی ئەو ململانێ ئابورییەی کە لەنێوان سەرمایەداراندا هەیە نایەتەدی بۆ ئەمە دەبێ شێوازی ڕاگەیاندن بخرێتە گەڕ، بۆ نمونە حەز ڕاکێشانی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی بەرهەمانی وەك (جگەرەو ئەلکهۆل و.. هتد)، لێرەوە ڕاگەیاندن وەك بازاڕێك بۆ پڕوپاگەندە کردن بۆ کاڵاکان، بەمەبەستی قازانج نەك بەمەبەستی بەها مەوزوعییەکانی، ڕاگەیاندن بۆ مۆسیقای پۆپی لاوازو سینەمای مردوو، هەروەها شێوەیەك لەبەنج کردنی مرۆڤ بەو یەکەو نیشانانەی کەزێدەتر سەرمایەو قازانج دەگێڕنەوە.

بەهەر حاڵ لەم باسەدا مەبەستمان لەڕۆڵی نیشانەی مەرگ بارە لەکوشتنی جوانکارییەکاندا.

نیشانەی مەرگ بار نایەوێ عەقڵ سەربەست بێت، بۆیە بەرامبەر بەهەموو دیاردەیەکی ڕاست، نیشانەیەکی قووت کردووەتەوە، بۆ ئەوەی چێژوەرگریت دەبێ بەدووی ئەوەدا بگەڕێی کەچێژ دەیەوێ نەك عەقڵ، ئەم ڕاستییە لەبواری ڕۆشنبیریدا تارادەیەکی زۆر ڕاستە، بڕوانە بەهاکانی ئەدەب و دەقی نووسراو، لەدنیای ئەمڕۆدا دەزگاکانی هەڵسەنگاندنی دەق و بەهاکانی دەق، پێش هەر هەموو شتێ بیر لەناوەڕۆکی ئەو دەقانە دەکەنەوە، نەك وەکو بەهاو توانای هونەری، بەڵکو وەك بەرژەوەندی ئەو نیشانانە، لەگەڵ بەرژەوەندی دەزگاکانی سیاسی و ئابوریدا.

ئەگەر بڕوانینە ئەو خەڵاتانەی کە لەدنیادا دانراون بۆ بەخشینی باشترین دەقی هونەری و ئەدەبی، ئەوا تاقووڵ بینەوە زیاتر هەست بەنائومێدی و زیاتر لەمەرگی ڕاستی نزیك دەبینەوە.. بەهاکانی هونەری هەمیشە لەپلەی دووەمدان، هەڵسەنگاندنی هەر دەقێ پێشترو لەپێشدا بڕیارەکەی



www.pertwk.com

ئامادەیە، تەنانەت ئەو دەقانەشی کەخۆشیان نازانن چۆن ئەگەنە ئەو جێگاو پلەوپایانە.

کەواتە ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کەبوونەتە هۆی خولقاندنی مەرگی دەق و مەرگی هونەرو زایندەی زیاتر بۆ دەقی مردوو، واتا دەسەڵاتی ئەو مەرگە لەدەسەڵاتی نیشانەکانەوە هاتووە، دەق دەتوانێ هەبێ، بەڵام دەبێ سنورەکەی دەستنیشان بکرێت کەچییەو چۆنە، چۆن دەبێت و کەی دەبێت و بەچ جۆرێك دەبێ هەبێت.

لەبەرامبەردا دێینەوە سەر بەشی دووەم لەو نیشانانە، کەئەویش ئەو نیشانە زیندووانەن کەژیان بەمانایەکی نوێ و بۆ وریاکردنەوەی عەقڵ و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نیشانانەی کەهەموو دیاردەکانیان تەڵخکردووە، ئەم لایەنانەی نیشانە ئیجابین کەناهێڵن چیتر عەقڵ لەو بازنە تەسکەدا زیندانی بکرێت.. (دیسان پرسیارێ دێتە کایەوە، ئایا ئەو نیشانانە بەڕاستی نیشانەی ئیجابین و مرۆڤایەتی لەعەقڵدا جێگیر دەکەن، یاخود بوون بەنیشانەی ئیجابی؟) بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونە، مرۆڤ بەتەنیا بەشدار نییە لەو بڕیاردانە، بەڵکو کاریگەرییەکانی دەوروبەرو حەقیقەتە موتڵەقەکانیش بەشدارن.

لێرەدا وەك نمونە لەدیاردەکانی ژیانی مرۆڤ و دەوروبەرو سروشت دەکۆڵینەوە کە "ڕەنگە".

"ڕەنگ" دێرینەترین نیشانەیە کەپەیوەندی لەگەڵ مرۆڤدا هەبووە، وەك بەکارهێنانی لەکەرنەڤاڵە ئایینییەکان، لەجەنگ، لەڕاوکردندا. لەژیانی دێریندا ڕەنگ مانای ڕۆحی هەبووە، مامەڵەکردن بووە لەگەڵ ڕۆحی شەڕخوازی و ئاشتیخوازیدا بۆ دوورەپەرێزی و نزیك بوونەوە بەکارهێنراوە، سەرەڕای ئەمانەش، ڕەنگ گوزارشت بووە بۆ پەیوەندی..

ڕەنگی سوور لای خێڵەکانی ئەفریقا نیشانەی پەیوەندیی خوێن بووە.

ڕەنگی زەردباو نیشانەی دڵڕەشی بووە، وێنەی سەر ئەشکەوتەکان دەری دەخەن کەمرۆڤ لەمێژوودا چەند پەیوەستبووە بەڕەنگەوە، بگرە ڕەنگ



بەشێك بووە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سروشتییەی کەمرۆڤی بەیەکترەوە بەستۆتەوە، تەنانەت سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگەی پێ دەستنیشان کراوە، ئەو مرۆڤانەی لەدەشت و بیابانەکاندا دەژیان زیاتر پەیوەستبوون بەڕەنگی زەق و گەرمەوە، بەڵام چیانشینەکان زیاتر بەڕەنگی ساردو کاڵەوە پەیوەستبوون. ئەمە سروشت بەسەریدا سەپاندوون، ئەوانەی کەلەو ڕەنگانەوە نزیکن حەز بەگۆڕانکاری زیاتر دەکەن.

ئەمڕۆ لەجیهانی نوێ و زەمەنی هاوچەرخدا، ڕەنگ مانایەکی تری هەیە، ڕەنگ تەنیا ڕەنگ نییە بۆ پەیوەندی کردن بەڵکو ڕێنوێنی کەرو نیشاندەرە، ئەمڕۆ تێگەیشتن و ڕوانینی مرۆڤ بۆ ڕەنگ، چووەتە قاڵبی "ئاگاداری" کردنەوە لەعەقڵدا. ڕەنگ تەنیا ڕەنگ نییەو بەس، تەنیا گۆڕانکاری نێوان شەپۆلەکان نییە، ڕەنگ چووەتە نێو عەقڵی ڕامیاری و فەرهەنگی کۆمەڵگەوە، لەکۆمەڵگە پێشکەوتوخوازەکاندا ڕەنگ ئەرکی سەنگین ئەنجام دەدات، بۆ نمونە هەر پارتێ خاوەن ڕەنگی خۆیەتی، هەر کارگەیەك چەند ڕەنگێکی تایبەت بووە بەدروشمی [بەڵام نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت کەڕەنگ بەتەنیا ئەو ئەرکە جێبەجێ ناکات، بەڵکو ڕەنگ لەگەڵ نیشانەکانی تردا] یان لەڕەوت و ژیانی ڕۆژانەدا سەرشەقامەکان، هات و چۆ، بڕیاردان، هەموو ئەمانە ڕەنگ تیایاندا بەشدارە.. مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەنگدا چووەتە قاڵبی ئەرکەوە، گەر ئۆتۆمبیل لەجیاتی سوور لەسەوزدا مۆڵەتی ڕۆشتن بەخۆی نەدات، ئەوا ئاژاوەیەك لەهاتوچۆو ڕێگاوبانەکاندا دروستدەبێت، یاخود لەکۆمەڵگەدا گەر هاتوو لەتازییە باریدا ڕەنگی جلەکان سووربوون ناماقوڵیەتێك دەخوڵقێ، کەواتە ئەرکی ڕەنگ وەك یەکەیەك بووە بەپێویستی، پێویستی بۆ ڕێکخستنی ژیان و بەرەو پێشبردنی پەیوەندییەکان.

کەواتە ڕەنگ وەك نیشانەیەك دەسەڵاتێکی تایبەتی هەیە لەچۆنیەتی ڕێنمایی کردنی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤو مرۆڤدا، مرۆڤو کۆمەڵگەو، مرۆڤ و سروشتدا. کەواتە (نیشانە) دەسەڵاتی خۆی هەیە لەباشکردن و



www.pertwk.com

بەرەو جێگیرکردنی جوانکاری کۆنترۆڵکردنی نیشانە لەدەستی کێدایە؟ ئایا مرۆڤ کۆنترۆڵی ئەو نیشانانە دەکات یاخود نیشانەکان کۆنترۆڵی مرۆڤ دەکەن؟ ئەگەر بۆ هەندێ دیاردەی مێژووی دێرین بگەڕێینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کەمرۆڤی سەرەتایی لەسێ ڕووەوە مامەڵەی لەگەڵ نیشانەدا کردووە. یەکەم لەڕووی لێکچواندنی دیاردەکانەوە. دووەم پەیداکردنی هێزو نزیکبوونەوە لەدیاردەکان، سێهەم بڕواهێنان بەو دیمەنانەی کە لەدەرەوەی هێزی ئەمدان.. هەر لەم ڕووەشەوە نیشانەی سەرکێوو ئەشکەوتەکان نمونەیەکن لەو پاشماوە دێرینانەی مرۆڤ.. ئەم پەیوەندییەی مرۆڤی دێرین لەگەڵ نیشانەدا پێشتر جۆرە پەیوەندییەکی هەبووە، لەپاشان هاتۆتە نێو ژیانیەوە، هەر بۆ نمونە، کەتەماشای بارانی کردووە بەسەر زەوی وشکدا دەبارێ و لەپڕ ئەو زەوییە هەمووی یەکپارچە سەوز دەبێت و، پڕ دەبێ لەگوڵ و گیاو میوەو درەختی بەردار واتە دەبێ بەشتێ کەئەو سوودی لێئدبینێ، بۆیە ئەو نیشانەی بارانە بووە بەهێمایەك بۆ بژێوی ژیان، بڕوای پێ هێناوەو چووەتە ژیانییەوە، باران واتە نیشانەی خێرو بەرەکەت، ئەم نیشانەی بارانە هەر لە یەك ئان‌و ساتدا لەجێگایەکی دیکەو لەسەر زەمینی دیکە بووەتە هۆی ماڵوێرانی و لافاوو خنکاندن.. بۆیە ماناو ڕوانینەکانی ئەو کۆمەڵگەیە جۆرێکی تر بووە، واتا هێما بووە بۆ شەڕو وێرانی نەك خێرو بەرەکەت، ئەم حاڵەتە لیوشتراوس پێی دەڵێ: دوولایەن بینی و دوولایەن ئەندێشەیی، یەکێکیان لەمانای دەستکەوتەوە هاتۆتەدی، ئەوی تریشیان لەمانای لەدەست دانەوە، هەر بۆیە بەدوو شێوە ئەندێشە لای مرۆڤی دێرین ڕوانراوەتە باران.

دیارە مامەڵەی وەرگر لەگەڵ نیشانەدا پەیوەندی بەو واقیعە سایکۆلۆژی و ئابوری و سوسیۆلۆژییەوە هەیە کە ئەو کەسە لەمیانەیدا دەکەوێتە نێو پەیوەندی نیشانەو ئەو مەودایانەی کەتیایدا نیشانە دەچێتە ناخی مرۆڤەوە.. وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بەڕەنگ کرد وەك شێوەیەك لەخێرخوازی و ئاسان کردنی مەرامە مرۆییەکان، بەڵام لەنێو مەوداکانی



ئایدۆلۆژیدا عەقڵ لەخولیای ئەو کارلێکردنەدایە کەئاماژە بۆ چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕەنگ و نیشانە دەکات..

بۆیە نیشانە لەڕۆڵە ئیجابییەکەیدا دەتوانێ جۆرە عەقلانیەتێك بەو دیاردانە بدات کەبەشدار دەبن لەبنەبڕکردنی سلبیەتی نیشانەکان. لەلێکدانەوەکانی نیشانەدا دوو جۆرە ڕێباز، بریتین لەنیشانەناسی و بەماناکردنی نیشانە (لێرەدا نامەوێ وەك لایەنی زمانەوانی لەم زاراوەیە بکۆڵمەوە، بەڵکو لەدەرەوەی زمانەوانییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمکەدا ئەکەم). مەودای ڕوانین بۆ نیشانە لەگەڵ ڕۆڵی مێژوویی ئەو نیشانەیەدا دەگۆڕێ، سوسێر ئەم مەسەلەیەی بەدوورو درێژی باسکردووە، بەڵام ئەو زیاتر لەڕووە مێژووی و ڕامیارییەکەیەوە مامەڵەی لەگەڵکردووە. ئەو بڕوای بەوە نەبوو کەمانا لەنیشانەدا دەردەکەوێ، بەڵکو بڕوای بەوە بوو کەمانا بەرهەمی زمانە. ئەو بڕوای وابوو کەزمان سیستمێکە لەنیشانە، کەدەبێ هاوکات لەگەڵ بابەتەکاندا شیبکرێنەوە، وەك هەموو دەزانین نیشانە پەیوەندییەکی پتەوی بەدال و مەدلوولەوە هەیە هەر نیشانەیەك لەدالێك پێکهاتووە، لەگەڵ مەدلوولێ "سێ نیشانەی ڕەشی (C-A-T) لەزەینی کەسێکی ئینگلیزی زمان مەدلولی Cat (پشیلە) دەهێنێتە ئاراوە. پەیوەندی دال و مەدلول پەیوەندییەکی دڵ بەخودایە: هیچ دەلیلێك نییە کەدەبێ ئەم سێ نیشانەیە بەمانای پشیلە بێت مەگەر قەراردادە فەرهەنگی و مێژووییەکان)[53].. ئاشکرایە کەلێکدانەوەکانی فردینان دی سوسیر لەبواری نیشانەو زماندا زۆر گرنگن و بەبناغەی یەکەمی لێکۆڵینەوەی زمانی دادەنرێن. ئەو پەیوەندییەکانی نیشانە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە مێژوویی و فەرهەنگییانەی کەمرۆڤ بەیەکترەوە دەبەستێتەوە، هەندێك لێکدانەوە هەن کەوا دەکەن ئەم تیۆرەی سوسێر جێی یەقین بێت، لەکۆمەڵگە ڕۆحییەکاندا، بینینی غەیب حاڵەتێکە کەپەیوەندیی بەڕوانینی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە بۆ نیشانەکانی، هەڵکردنی تۆفان نیشانەیەکە بۆ غەزەبی خودا، هەورە بروسکە نیشانەیەکە بۆ هۆشیارکردنەوەی مرۆڤ..



www.pertwk.com

System رۆڵی گرنگ دەبینێ بۆ دەست نیشانکردنی ئەو نیشانانەی کەتاکەکەس بەکاریان دەهێنێ، چونکە ئەم سیستەمە کۆمەڵێ یاساو بناغەی گشتییە، بەشدار دەبێت لەبەرهەمهێنانی ئەو نیشانانە. بێگومان ئەم بەرهەم هێنانی تاك پەیوەندیەکی قووڵی هەیە بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. کەواتە نیشانە کەبەشێکە لەزمان و بەشێکە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەی کەتاکەکەس تیایدا دەژی، کەواتە وەك هەر خوویەکی کۆمەڵایەتی نیشانە لایەنی سلبی و ئیجابی هەیە، بۆیە نیشانە لەڕۆڵە ئیجابییەکەیدا دەتوانێ جۆرە عەقڵانیەتێك بەو دیاردانە بدات، کەبەشدار دەبن لەبنەبڕکردنی سلبیەتی نیشانە، لەمەودای زماندا نیشانە پەیوەستە بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەکۆمەڵگەیەکی خێڵەکیدا، ئاغا جۆرێکە لەنیشانەی گەورە، لەبەرچاوی مسکێن و چینەکانی ترداو، نیشانەیەکە بۆ هێزو ترس و گەورەیی، بەڵام لەبەرامبەر ئەویشدا نیشانەی باڵاتری ڕۆحی هەیە کەجوتیار بڕوای پێیەتی، وەك نیشانەی خودا.. بەڵام ئەوە ئامادەیی ماددی نییە، بەڵکو شێوەییە هەروەها بۆ زیاتر قووڵبوونەوەی ڕووی ڕاستەقینەی نیشانە، سوسێر پێی لەسەر پەیوەندیی شێوەیی زماندا گرتووە.. ئەو کاتەش نیشانە دەمرێ کەهیچ دالێکی نەبێت، نیشانەی بێ دال ئەو نیشانەیەیە کەمەرگە یان بوونی نییە. دابڕانی نیشانە واتە تێنەگەیشتن، هەموو نیشانەیەك چالاکی و زیندوێتی لەوەدا دەردەکەوێ، کەتا چ ڕادەیەك توانیوێتی شتێ یان ئەنجامێ بەدەست بێنێ.. ڕۆح لەجستەدا بەنیشانەکانییەوە ئامادەیە، وەك جووڵەو بەردەوامی و بەخشش. ئەوکاتەش ڕۆح مانای نامێنێ کەنیشانەکانی لەدەست بدات.. لەجەستەی بێ ڕۆحدا نیشانەی ماددی هەیە، بەڵام نیشانەی بزووتن نییە، ئێمەش لەڕۆحداو لەجووڵەی نیشانەدا مانای ڕۆحمان پێ دەبەخشرێ.

نووسین لەپەیوەندی هەستەوەرەکانی مرۆڤدا لەگەڵ نیشانە بێگیانە ڕەشبووەکانی سەر سپێتیدا دەگۆڕێ، بۆ نیشانەی گیاندار، وەك



بزوواندنی شیعرێ بۆ سۆزو هەستەکانی خوێنەری ئەو شیعرە، یان بزووندنی گوتارێکی سیاسی بۆ ڕاپەڕینێکی جەماوەری، بۆ ئەنجامدانی مانگرتنێ، شۆڕشێ، و چالاکییەك.. ئەمەش بەتەواوی کاردانەوەی نیشانەی ڕووتی پەتییە بۆ سەر ڕۆحی مرۆڤ، جەستەنی مرۆڤ، هەستەکانی مرۆڤ [دیارە نیشانەش هەن لەسەر ڕووی کاغەز هیچ جووڵەیەکمان لەناخدا دروست ناکەن. ئەمە لێرەدا پەیوەندی بەزیندوێتی ئەو نیشانانەوە هەیەو پەیوەندی بەدەسەڵاتی ئەو نیشانانەوە هەیە لەجولاندنەوەی ناخی وەرگردا ].

کەواتە دەسەڵاتی نیشانە پەیوەندی بەتێکڕای توانای ئەو دەقەوە هەیە کەتیایدا بەکاردێت، نیشانە ئەگەر لەپشتییەوە هێزێکی قووڵ نەبێت ئەوا ناتوانێ هیچ کاریگەرییەکی هەبێت، هەروەها بێ بوونی دەسەڵات ناتوانێ زیندوێتی خۆی بپارێزێ.. زۆربەی زۆری لێکدانەوەکانی زمانەوانی و ئەو لێکدانەوانەی گرنگی دەدەن بەتوانای دەق و هێزی دەق و دەسەڵاتی دەق جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کەدەق جیهانێکە لەنیشانە، کەئەم نیشانانەش پەیوەستن بەدال و مەدلوولەوە، هەر نیشانەیەك دالێکە بۆ مەدلولێ. بەڵام هەندێ پرسیار هەن بەردەوام و لەهەموو سەردەم و لەزۆربەی پەیوەندییەکاندا دەخرێنە ڕوو بۆ نموونە نیشانە لەنووسیندا کەی بەتەواوی دەبێ بە نیشانە؟! ئایا نەمانی نیشانە لەدەقدا بوونی هەیە؟ ئەگەر بوونی هەبێت بۆ چ شتێك دەگەڕێتەوە؟ بۆ خودی دەقەکە یان بۆ وەرگر؟ ئایا مەرگی نیشانە چ مەرگێکە؟ پەیوەستە بەناخی خۆیەوە یاخود دەرەوەی خۆی؟ پێش ئەوەی وەڵامی ئەم هەموو پرسیارانە بدەینەوە، وا باشە ئەو پەیوەندییە ڕوون بکەینەوە کەئایا چ دەسەڵاتێ لەم هەموو پرسیارانەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ؟ ئایا خاوەن دەق یان دەسەڵاتی دەق؟ (بەڵام لێرەدا ناچینە سەر باسی دەسەڵاتی سێهەم).

لەزۆربەی لێکدانەوەی کلاسیکییەکاندا جەخت لەسەر خاوەن دەق کراوە. هەمیشە خاوەن دەق چەقەو هەموو تەوەرەکان بەدەوریدا دەسوڕێنەوە،



www.pertwk.com

واتە خاوەنی دەق تاقە دەسەڵاتە چاوی تێدەبڕن، ئەو تەنیا خاوەنێتی و تەنیا دیکتاتۆرە، بەبێ ئەو مەوداکانی دەق دیاری ناکرێن کە لەنێوان خودی دەق و دەرەوەی دەقدا هەیە. هەموو چارەنووسێ لەدەست ئەودایە.
ئاشکرایە کەداهێنەری شیعرێ، ڕۆمانێ، مۆسیقایەك، شانۆیەك، کۆمپیوتەرێ، ئامێرێکی زانستی، ڕەگەزی گرنگن و ناتوانین بەهیچ جۆرێ سەد دەرسەد وەلاوەیان نێین، بەپێی لێکدانەوە ڕەخنەییە نوێکان، تا ئەو سنورە خاوەن دەق ئامادەیە کەدەقەکەی لەدایك دەبێت، پاشان خاوەنی دەق دەبێتە پاشکۆیەکی سست و لاواز، لەهەندێ حاڵەتدا ون دەبێ (وەك لەبۆچوونەکانی بارت دەیخوێنینەوە کاتێ کەباس لەدەقێ دەکات وەك دەقی پاراو).. هەر بۆیە بارت کەدەقی شیدەکردەوە دای دەبڕی لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییانەی کەهۆکاری دروستبوونی دەقەکە بوون، ئەو زیاتر هەڵدەستا بەشیکردنەوەی نیشانەکانی دەق، هەر بۆیەش وای دەبینێ کەئەرکی ڕەخنەگر ئەوە نییە دەق بگەڕێنێتەوە بۆ مانایەك، واتە یەك مانای سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان دەروونی یا.. هتد، بەڵکو ڕای وابوو کەڕەخنە ئەرکی ئەوەیە بڕوانێتە دەق وەك کۆمەڵێ کۆدو هێما، کەئەرکی ئەو شیکردنەوەی ئەو هێماو کۆدانەیە. بۆیە بوونیادگەرییەکان و پاش بونیادگەران جەختیان لەسەر دەق دەکردەوە نەك جەختکردن لەسەر خاوەن دەق.
خوێندنەوەی بێ لایەنانەو پاکیزەیی، کارێك بوو بارت بانگەشەی بۆ دەکرد، واتە مەرگی خاوەن دەق، یان مەرگی دانەر کارێك بوو زۆر خۆی پێوە ماندوو کردبوو، مەرگی دانەر وەك بارت بانگەشەی بۆ دەکرد واتا ڕەفزکردنی بیری مانای کۆتای و نهێنی دەق، ئەمیش بەمەبەستی ئەوەبوو کەویستی دەق لەو بازنەیە دەربپەڕێنێ کەخاوەن دەق، چەقەو شتەکان بەدەوریدا دەسوڕێنەوە.
میشیل فۆکۆ دیسان لەمیانەی لێکدانەوەکانیدا لەمەڕ زمان و دەسەڵاتی زمان، تەنانەت داوای ئەوەی دەکرد کە ئەو زانستە نوێیەی کەهەیە، دەبێ



لابرێ. چونکە ئەو زانستە بۆتە هۆی ئەوەی کەبیری مرۆڤایەتی وەك سەرچاوەیەك لەزانستەوە بگوێزێتەوە بۆ زمانێك لەڕەشبینیو داپڵۆسین.
واتا نەك بڕوای بەدەسەڵاتی خاوەن دەق نییە، بەڵکو گومانیشی لا دروست کردووە تەنانەت گومانەکەی گەیشتۆتە ئاستی زمانو نیشانەکانو بانگەشەی لابردنی دەکات، ئەم بۆچوونانە هەرچۆنێك ڕەنگبدەنەوەو لەهەر سەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵابن، بەشێکن لەو هەوڵانەی کەدەدرێت بۆ خوێندنەوەی دەسەڵاتی زمان و هێزی زمان.
هەندێ لەلایەنگرانی زمان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی وەك لوسیان گوڵدمان و تیری ئیگلتۆن لەبواری تیۆری زمان و بونیادگەری زماندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بەهێزبوونی زمان و نیشانەو، دەسەڵاتی نیشانە لەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤدا گەشەی کردووەو مرۆڤ و پەیوەندییەکانی مرۆڤ گەشەیان بەزمان داوە.
واتا پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لەپێکهێنان و خوڵقاندنی دەستەواژەو مۆدەی نوێ.
ئەگەر لەسەرتاپای ئەو قوتابخانەو ڕێبازانە بکۆڵینەوە کەگرنگیان بەزمان داوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەزمان بەهیچ جۆرێك دابڕاو نەبووە لەپەیوەندییەکانی مرۆڤ، ئەگەر بڕوانینە ئەو پەیوەندییەی کەزمان بەماناو شیکردنەوەوە دەبەستێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ حوکم لەچۆنیەتی پەیوەندییەکاندا گرنگە بۆ ئەوەی بگەینە وەڵام. هایدگەر وتەنی گەر باسی زمان بکەین دەبێ بۆ شیکردنەوەو تێگەیشتن بگەڕێینەوە. ئەگەرچی زۆربەی فەیلەسوفەکان دوردەکەوتنەوە لەپرسی تێگەیشتن لەپەیوەندی مرۆڤدا، بەڵام لایەنگرانی بونیادگەری زمانو لایەنگرانی شیکردنەوەی زمان، بڕوایان بەوەبوو کەتێگەیشتن زۆر گرنگە.. تێگەیشتن بەواتای زانینو شیکردنەوەی ئەو وتانەی کە لەزمانەوە دێنەدەرێ. هایدگەر دەڵێ "نابێ تێگەیشتن وەك چالاکییەکی زەینی لەبەرچاو بگیرێ کەجیاوازە لەشیکردنەوە"[54].



www.pertwk.com

* * *

مەرگی تێگەیشتن، واتا مەرگی زمان، واتا مەرگی شیکردنەوە، واتا نەمانی دەسەڵات، واتا دابڕان لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤ و مرۆڤ و سروشتدا. تەنیا مەرگ دەتوانێ دابڕان دروست بکات، تەنیا مەرگ لەدەقدا دەتوانێ لەنێوان نیشانەکانی دەق و نیشانەکانی دەرەوەی دەقدا دابڕان دروست بکات، ئەفراندنی ڕۆح لەدەقدا، واتا ئەفراندنی تێگەیشتن و نەمری. تێگەیشتن لەنیشانەکانی خۆی و دەرەوەی خۆی یەکێکە لەسیفەتە زەقەکانی دەقی زیندوو، مەرگی زۆربەی ئەو دەقە زۆرانەی کەهەن، هۆکەی ئەوەیە کەناتوانن لەنیشانەکانی دەرەوەی خۆیان بگەن.

هەر بۆیە لێرەوە لەدەقدا سێ ڕەگەزی دەسەڵات گرنگن، دەسەڵاتی یەکەم و دووەم و سێهەم هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، دەق و خاوەن دەق و دەسەڵاتی دەرەوەی دەق.

لەهەردوو جۆرەکەدا بەتەواوی کۆڵینەوە، واتا دەق و خاوەن دەق، دەسەڵاتی سێهەم لەدەرەوەی دەقە، کەلێرەدا مەبەست لەپەیوەندییەکانی وەك کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و سایکۆلۆژی و.. هتد.. دەق بەرهەمی ئەو کاریگەرییەیە کە لەدەرەوەیدا ڕوودەدەن.. وەك ئاماژەمان بۆ کرد، هەر دەقێ لەسەدان و هەزاران و ملیۆنەها نیشانە پێکهاتووە، هەر نیشانەیەك بەرهەمی بارودۆخێکی تایبەتە، هەندێك لەو نیشانانە بناغەیین و وەك سەرەتا ئامادەن، هەندێکیان مام ناوەندین.. هەموو دەقێ نیشانەی خۆی هەیە، نیشانەی نووسراوی یان بزووتن لەباری تایبەتدا هاتوونەتە کایەوەو ژیانیان پێ بەخشراوە، هەندێکیان هۆشمەندێتی دروستیکردوون، هەندێکیان لەناهۆشمەندییەوە دروستبوون. هەندێکیان خاوەنەکەی بەئاشکراو بەڕێگایەکی هۆشمەندانە پەنا دەباتە بەر ئەو شێوازانەو ئەو ماتەریالە سەرەتاییانە بۆ دروستکردن و هێنانە ژیانی نیشانەی تایبەت، گەر تەماشای شێوازی ئەو نیشانانە بکەین کە لەمێژووی دەقەکاندا هاتوونەتە ئاراوە، هەمووی هەندێ خۆئامادەکردنیان



لەپشتەوەیە، بەڵام لەوردبوونەوە لەکون و کەلەبەری دەقەکان، هەندێ نیشانەی ناهۆشمەندی دەبینرێن کەئەمەش ڕەنگە خۆی لەپاش لەدایکبوونی دەقەکەشی هەستی پێنەکات، بەڵکو ڕەخنەگر ئەرکی دۆزینەوەی ئەو جۆرە نیشانانەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، کەئەمەش جۆرێکە لە metasymbol.. لەم مەیانەدا گەڵێ لێکۆڵینەوە کراوە بۆ نزیکبوونە لەدەسەڵاتی ئەو نیشانانە، هەندێك لەلێکۆڵەرەوان بەتایبەت فرۆید ئەوەی دەستنیشانکردووە لەچەندین دەقدا کەخاوەنەکانیان هەرگیز هەستیان بەئامادەبوونی نەکردووە، بگرە فرۆید ئەوەی دەستنیشانکردووە کەئەو نیشانانە ئەوەندە دەسەڵاتیان هەبووە، تەنانەت دەسەڵاتیان لەخاوەنەکەشی سەندۆتەوەو جۆرێك لەمەرگی دانەریان دروستکردووە..

نیشانەی ناهۆشمەندی ئەوەندە بەهێزە، هەندێ جار کاردەکاتە سەر زۆربەی ئەو نیشانانەی تر کە بەناهۆشمەندی لەدایك بوون، هەر بۆیە ئەگەر بڕوانینە کاری سیمبولیستەکان ئەوان نوێنەری سیستمەکانی نیشانەبوون، ڕەخنەگران پاش ئەوەی لەسیمبولەکانی ئەوانیان کۆڵییەوە گەیشتنە دۆزینەوەی ئەو خاڵانەی کە لەناهۆشمەندی ئەواندا ئامادەن، هەروەها توانیان بگەنە پەیامەکانیان.

مانای هەر دەقێ زادەی ئەو نیشانە هۆشمەندانەی هونەرمەند یان داهێنەر نییە یان تەنیا ئەو هێڵە هۆشمەندانە بەشدارنین لەخوڵقاندنی تواناو هێزی ناهۆشمەندی لەنیشانەکاندا. (فرۆید بوو کە بەدڵنیاییەوەو بێ سێ و دوو بەرگری لەم خاڵە کرد کەهەرسێ بەشەکانی زەین خاوەنی فەراشوودەکانی ناهۆشمەندین، واتا Supere ego, ego, id هەریەکە بەشێوەی ناهۆشمەندی کاردەکەن، کەواتە مانا بەشێوەیەکی کامڵ نایەتە دەست، بەڵکو بەشێوەی جۆراوجۆر زادەی شیکردنەوەو ڕاڤەو گوزارشتی ئێمەیە"[55].

کەواتە هەر دەقێ زایندەی هەموو بەشەکانی مرۆڤە، وەك بەشی هۆشمەندی و ناهۆشمەندی لێکۆڵینەوە لەهەر بەرهەمێکی مرۆیی



www.pertwk.com

پەیوەستە بەم یاسایەوە، لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتی هەر دەقێ دەسەڵاتی هەردوو بەشەکەیە، هیچ دەقێ تەنیاو سەد دەرسەد بریتی نییە لەهێزی ناهۆشمەندی، ئەگەر واشبێ ئەوا دەبێتە کارێك کەوەرگر تووشی جۆرێك لەهەڵهاتن دەکات، واتا پەیوەندییەکان دەپچڕێ. ئەمەش بەپێچەوانەوە هەر ڕاستە. کەواتە لێرەوە بەهەمان شێوە دەسەڵاتی سێهەم کەباسمانکرد ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەقبوڵکردن‌و ڕەفزکردنەوەی هەر کارێك یان دەقێکدا. بەهەمان شێوەیە دەسەڵاتی ناهۆشمەندی‌و ئەو نیشانانەی کەوەرگر بەدوایاندا دەگەڕێ یاخود ئەو نیشانانەی کەئەو بەناهۆشمەندی وەری دەگرێ، هەموو ئەمانە بەشدارن لەو پەیوەندییەدا. لەم کارەدا ناهۆشمەندی‌و هۆشمەندی وەرگر ڕۆڵی گرنگی هەیە، دەتوانین لەم بوارەدا ئاماژە بکەین بەکارەکانی ئیتالۆ کالفینۆ، کەجۆرێکە لەهەڵئاوسانی نیشانە، وەرگر ئەبێ لەگەڵ ئەو نیشانانەدا بەتەواوی هەوڵی دۆزینەوە بدات، فرۆید، لەشیکردنەوەی نیشانەکانی خەو، دیاردەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ چالاکییەکانی هۆشمەندی کە لەناهۆشمەندیدا کۆدەبنەوە، یان ئەو کارانەی کەهۆشمەندان ناتوانێ دەریببڕێ و هەستی پێ بکات، خەون شێوازێکە بۆ دەربڕین، پاش جەنگی جیهانی دووەم پەنابردنە بەرکاری ناهۆشمەندی و بەکارهێنانی بەلێشاوی نیشانە، وایکرد کەزۆربەی کارەکان بکەونە ژێر کاریگەری ناهۆشمەندیانەوە، لەم کارانەدا وەرگر ئەوەندەی نامەئلوفیەتی دەبینی، ئەوەندە مەئلوفیەتی نەدەبینی.. ئەوانەی کەپەیڕەوی ناهۆشمەندییان دەکرد لەکارەکانیاندا زیاتر بەدووی بوون‌و زەینی مرۆڤدا دەگەڕان.. وەرگر لەم میانەدا دەبوایە هێزی عەقڵ و هێزی زەینی بەکاربێنێ بۆ بینینی ئەو نهێنیانەی کەدەقەکان لەدووتوێی خۆیاندا حەشاریان دابوو. بێگومان ناهۆشمەندی هەمیشە جۆرێك ڕەنگدانەوەی ناهۆشمەندانەی بووە، هەروەها ناهۆشمەندیش فرۆید وتەنی لەخۆیەوە نەهاتووە، توانای وەرگریش هەروا لەخۆیەوە دروست نەبووە، بەڵکو ژیانی ئەو بریتیە لەجیهانێك لەهۆشمەندی و ناهۆشمەندی. بۆ وەرگر ئەو توانایە



زۆر گرنگە کەبتوانێ ناهۆشمەندیی دەق بەپێی لێکدانەوەی ناهۆشمەندییەکانی ناخی خۆی شیبکاتەوە..

* * *

### خەون و مەرگ:

لەڕووی لێکدانەوەی ئاساییەوە لەپەیوەندیدا، مەرگ ڕووی دووەمی خەونە، لەخەوندا لەش ئامادەیەو هۆش لەبارێکی تردایە، لەمەرگدا لەش ئامادەیەو هۆش ونە. لەهەردووکیاندا دابڕان هەیە لەگەڵ دەرەوەی جەستەدا، ئەم حاڵەتی دابڕانە لەڕووی واقعی‌و لێکدانەوەی ئاسایی‌و بارێکی ئاساییەوە جێی گومان نییە، بەڵام لەڕووی فسیۆلۆژی‌و سایکۆلۆژییەوە پرسێکی ترەو لێکدانەوەی دیکە هەڵدەگرێ، خەون ژیانە مەرگ نییە، مەرگ جەستەیە بەڵام ژیان نییە، هەستەکان لەخەوندا ئامادەن، هەست، هۆش، بۆن تارادەیەك بینینی ناوەوەو.. هتد. بەڵام هەندێ لەو هەستانە دەچنە حاڵەتی سڕبوونەوە، واتە سڕبوونی کاتییەوە، هەندێکیشیان دەچنە حاڵەتی ناهۆشمەندییەوە ئەمەیان برگسۆن پێی دەڵێ: هەستەکانی ناوەکی ئەوانەی لەهەموو ئازای لەشەوە دەرئەکەون، بەتایبەت لەناوەوەی لەشەوە "هەستەکانمان لەکاتی نووستندا سروشتی بەبێ وریاکەرەوەکانی دەرەکی ڕێی لێناگیرێ. ڕستە ئەوەندەی لەکاتی وریابوونەوەدا ئاشکرایە لەکاتی نووستندا ئەوەندە ئاشکرا نییە، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا زۆر لە وریاکەرەوە "خودییەکان" وەردەگرێت، ئەو وریاکەرەوانەی کەئەگەر هۆشیار بین درکی پێناکەین "برجستون الطاقة الروحية لا 83" خەون دنیای شتە شاراوەو نهێنیەکانە، لەخەوندا هۆشی ناوەوە سەربەستی خۆی وەردەگرێ، لەهەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی کەلەگەڵیدا لێکدان دروست دەکەن، لەخەوندا هەموو ئەو ناهۆشمەندییانەی لەدنیای هۆشمەندیدا هەستی پێ ناکەی، دەبنە بابەت. بابەتگەلێکی فەنتازییانە، ئەمەش زۆر جار لای داهێنەران بووەتە هەوێنی بابەتی مەزن مەزن، لەخەوندا ژیان دەچێتە قاڵبی هێڵ و یادو بیرەوەریی



www.pertwk.com

سەرابیانە، هۆشی ناوەوە جەغت لەخۆی دەکات ئەو هێلانەیە برازێنێتەوە کەپێویستیی خەوەکە دەستەبەری کردووە.. هەندێ لەو حاڵەتانە ناگەنە هۆشی دەرەوەو هەر لەنیوەی دابڕاندا لەگەڵ هۆشی ناوەوەدا تووشی مەرگ دەبن..

لەهەموو خەونێکدا بیرەوەری نایەتەدی، چونکە بیرەوەری لەپەیوەندیی لەگەڵ مێشکدا، هەوڵی ئەوە دەدات، شتە شاراوەکانی ناهۆشمەندی بهێنێتە سەرەوە بۆ هۆشمەندی. لەبێداریدا شت دەبینی، کارلێکردن دروستدەبێ، ڕووداوەکان نەش و نما دەکەن "بیرەوەری"، ئێمە لەبێداریدا خاوەنی گەلێ بیرەوەرین، دەردەکەون و وندەبن. سەرنجمان ڕادەکێشن. بەڵام ئەو بیرەوەریانە پەیوەندی یەك بەدوای یەك و پتەویان بەو زروفەوە هەیە کەئێمەی تیادایین و پەیوەندی بەو کارەوە هەیە کەئەنجامی دەدەین". "هنری برجسون، الطاقة الروحیة لا 85".

بەم جۆرەش ژیان بیرەوەرییە، خەونیش هەوڵدانە بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانەی کە تاکەکەس لەپەیوەندیدا لەگەڵ ئەو بیرەوەرییە تیادا دەژی.

بەڵام مەرگ ئەم حاڵەتانەی تیادا نییە، مەرگ ڕاوەستانی هۆش و هەموو ئەو جولانەیە کەعەقڵ جووڵە بەسنورەکانی ژیان دەکات لەپونتێکەوە بۆ پونتێکی دیکە، هۆشمەندی ناوەوە، هۆشمەندی دەرەوە لەمەرگدا ئامادەنین، تەنیا جەستە ئامادەیە، بۆیە مەرگ لەنێو بیرەوەری هۆشدا ئەوکاتە ئامادەیە کەدەیهێنێتەوە بەرچاوی خۆت نەك ئەوکاتەی کەتیایدا ئامادەی.

دابڕان و خەون پەیوەندی جەدەلییان هەیە، هەندێجار دابڕانێکی هەمیشەیی لەژیانی تاکەکەسدا لەگەڵ خودی خۆیدا شێوەیەکە لەخەون، خەون ناتوانێ ببێ بەبیرەوەری، بەڵام بیرەوەری دەبێت بەخەون، لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، ئەو ساتانەی کە لەهۆشمەندی دادەبڕێی لەخەونێکدا دەژیت، ئەو خەونانە لەناهۆشمەندییەوە کۆنترۆڵت دەکەن.. هەموو دابڕانێ لەهۆشمەندیدا نابێتە خەون، هەندێجار دەبێتە مەرگ،.. لەسەر زەمینەی



واقیعدا خەونی کۆمەڵگەیەك ئەو خەونانەیە کەدەیانبینێ.. لەدابینکاری و خۆشبەختی و مەرامەکاندا، بەڵام دابڕان لەهۆشمەندی، لەنێو گەلێك لەدەرەوەی دابڕانی خەونی دەبێ بەمەرگ.

* * *

ئەریك فرۆم لەباسی خەوندا ئاماژە بەلایەنێکی گرنگی خەون دەکات، کەئەوەش بەگشتی بوونی خەونە، واتا لەهەموو جێگایەك و لەهەموو پارچەیەکی دنیادا، زمانی خەون یەك زمانە، ئەویش زمانی شێوەو زمانی هێڵ و زمانی ڕەنگدانەوەی ناهۆشمەندیە.. زمانێکی ئەنتەرناسیونالیە، ڕاستە زمان لەهەموو جێگایەك و لەهەموو چالاکیەکدا هەیە، بەڵام بەپێی بۆچوونی ئەریك فرۆم کەدەڵێ: "خەون زمانێکی گشتییە کە لەهەموو قۆناغەکانی مێژووی ئادەمیزادو هەموو کلتورەکاندا هەبووە، زمانی خەونی مرۆڤی سەرەتاییە، زمانی خەونەکەی فیرعەون کەلەکتێبی پیرۆزدا هاتووەو زمانی خەونی کەسێ کە لەشتوتگارت یانیویۆرکە یەك زمانن، ئێمە هەموو شەوێ بەو زمانە دەدوێین، گەرچی عادەتەن خەون لەبیر دەچێتەوەو لەئەنجامدا وا دەزانین کەخەونمان نەدیوە، بەڵام هیچ خەونێك بێ خەون نییە".

خەون شتێکی سەیر نییە، خەونەکانمان وەك ژیانمان دەڕۆن و دێن. خەو وەکو جەنگ وایە یان سەرکەوتووی یان ژێرکەوتووی، یان خەونەکانت ڕووناکن یان تاریکن، یان شەڕی بەدواوەیە یان خێر، خەون زمانی بڕیاردەری پێشینەیە، واتا پێش ڕووداوەکان ئەکەوێ.. خەونی داهێنەرانە هەمیشە لە پاش ڕووداوەکانەوە بەدەرناکەوێ، بەڵکو لەپێش ڕووداوەکانەوەیە.

خەون و داهێنان.. لەهۆشمەندیدا زۆربەی داهێنەرە مەزنەکان ڕۆڵی مەزنیان گێڕاوە، شیعر بەشێکی قووڵە لەخەون، جاچ خەونی هۆشمەندی بێت یان ناهۆشمەندی، خەونی وێنەکێشە مەزنەکانی وەك ڤان کوخ و سلڤادۆر دالی و پول گوگان و بۆس.. ئەو دنیا سەیرو سەمەرەیان

خستووەتە سەر ڕووپەڕی تابلۆکان، یاخود خەونەکانی کافکا کە بەشێکی نەبڕاوەن لەداهێنانی مەزنو قولاییەکی بێ کۆتایی..

خەون هەمیشە سەرچاوەیەکە بۆ داهێنانی مەزن، دەبێ ئەو ڕاستیەش ڕوون بکرێتەوە کەخەون بریتییە لەداهێنانی عەقڵی ناهۆشمەندی. لەکۆمەڵگەدا خەونی تاکەکەس، خەونێکە لەبازنەی تایبەتی خۆیدا دەمێنێتەوە، لەزمانی خۆیدا دەگێڕدرێتەوە، خەونی تاکەکەس لەنێو کۆمەڵگەدا ئەبێتە دیاردەیەك و دەشتوانرێ ببێتە واقیع و جێبەجێ بکرێت، کەسێك دەتوانێ لەخەونی خۆیدا هەموو دیاردەکانی ژیان و کۆمەڵگەکەی کۆبکاتەوە، دەتوانێ سنوورەکان کۆبکاتەوەو کورتیان بکاتەوە، واتا بگەڕێ بەدوای واقعێکی تردا. بۆیە خەون لەڕاستیدا گەڕانە، گەڕانە بەدووی ئەوەی کە تاکەکەس دەیەوێ، بەڵام خۆی بۆ ئامادە نەکردووە. مرۆڤ بەهەموو هەستەکانییەوە بەدووی ئەو حەزانەوەیە، کەدەیەوێ. بەڵام ئەو حەزانە زۆرن کۆدەبنەوەو لەناهۆشمەندیدا هەر بەردەوامن، هەندێکیان لەخەونەکانیدا ئامادە دەبن، یاخود دێنەدی، یان جێبەجێدەبن.. ڕەنگە ونبوون بێ و تاکەکەس بەدووی ئەو ونبونەدا بگەڕێ، ونبوونی پێویستی بێت یان ونبوونی داواکارییەکان.. بەڵام ئەو پێویستییەو ئەو داوایە کە لەخەوندا دێتەدی و ئامادە دەبێ جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لەواقیعدا و لەدەرەوەی خەوندا هەیە، لەکۆمەڵگەدا.. ئەگەر بەگشتی تەماشا بکرێت.. کۆمەڵگە هەمیشە لەخەوندایەو دەیەوێ ئەو خەونانە بێنەدی.. کۆمەڵگەی نووستوو، خەونی ناهۆشمەندی لەواقیعی خەوتووی خۆیدا بەشێوەیەکی یۆتۆبی دەبینێ، واتە لەواقیعدا خەوتووانە تەماشای خۆی و دیاردەکانی دەوروبەری دەکات. ئەو کۆمەڵگایەشی بەم جۆرە خەون دەبینێ هەمیشە لەنێو قەیرانی گەورە گەورەدا دەتلێتەوە، واتا کۆمەڵگە ناتوانێ ئەو واقیعەی تێیدایە بیگۆڕێ، یاخود ئەو بەرنامانەی کەبۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری دایناوە، جێبەجێیان بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر جۆرێك لەململانێ لەگەڵ خۆی و



واقیعی خۆیدا، واتا واقیعەکەی خۆی لەنێو خەونی گۆڕاندا دەبینێ. بەم جۆرە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەنێو وەهمی گۆڕانکاریدا خەون دەبینن، واتە تەنیا گۆڕانکارییەکان خەونێکنو دەیبینین، نەك واقیع بێت، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، کەپابەندە بەو بارودۆخ و هەلومەرجەی کەوا لەو کۆمەڵگەیە دەکات بەم شێوەیە بڕوانێتە گۆڕانکارییەکانی ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیو.. هتد خۆیان. واتە ئەم کۆمەڵگەیە هەمیشە لەچاوەڕوانیدایە، لەچاوەڕوانی بەدیهێنانی مەرامەکانی خۆیەتی، ئەو چاوەڕوانییەی کەوای لێدەکات خەون باڵ بکێشێ بەسەر زۆربەی ئەو هەولانەی کەبۆ بەئەنجام گەیاندنی گەشەکردنەکان دەدرێت. ئەو خەونە مەرگ بارەی کەهەموو هەوڵەکانی بەپووکاوەیی دەڕۆن و بەپووکاوەیی دەمێننەوە.. نووشستی لەدوای نووشستی بەئەنجام دەگات و مەرگ وەك دیاردەیەك بەنسیبی هەموو ئەو هەولانە دەبێت، کە بۆ گەشەکردن دەدرێن. بەم شێوەیە لەنێوەندی ستراتیجیەتی جێبەجێکردنی هەموو ئەو نەخشانەی کەدادەنرێ، تاك تووشی نووشستی دەبێت، نووشستی دەروونی کەزیاتر کاریگەریی لەسەر ڕەوتی چوونە پێشەوەو گەشەکردنی کۆمەڵدا دەبێت.. بۆیە هەموو دیاردەکان لەبەردەم تاکدا دەبنە ئاستەنگی گەورە گەورە، تاوای لێدێت خۆی وەك مێروویەکی بێ دەسەلات دێتە بەرچاو، لەبەردەم ئەژدیهای ئەو کێشانەدا، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگە دەبێت.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا پەیوەندیی ناوەکی و دەرەکی هەیە، لەهەردووکیاندا تاك.. تەوەری سەرەکی کێشەکانە، چونکە خەون خەونی تاکەو دەبێ بەکارێکی گشتی.. کۆمەڵگەی خەوتوو کۆمەڵگەیەکە تاکەکانی لەحاڵەتی خەوتن و خەون بینیندان، کەئەمەش تاکەکان تووشی گێژبوون دەکات، زۆرجار ناتوانین دوو واقیع لەنێو یەك بۆتەدا ببینینەوە. بەڵام گرنگ لەوەدایە کەهەمیشە پەیوەندییەکانی دەرەوە گەورەترن و زیاتر کاریگەرییان هەیە بەسەر تاکەکان و ڕەوتی ژیانی ەگۆڕن، ئەو واقیعە



www.pertwk.com

سوسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەی تاکەکەس لەدەرەوە تووشی دەبێت و لەدەرەوەدا هێرش بۆ ناوەوەی دەهێنن زۆر گرنگە لەشێوەی دەستنیشانکردنی مەودای گۆڕینی ژیانیان.. بەڵام ئەمانەش زۆر ڕۆڵی گەورەتریان هەیە لەدرێژەدان بەخەون و درێژەدان بەوەهمەکان.
لەکۆمەڵگەی خەوتودا هەموو بارە سایکۆلۆژیو سوسیۆلۆژیەکان لەشێوەی ڕەنگدانەوەی پێکهاتەیی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن.

لەحاڵەتی کۆمەڵگەی بێداردا، واتا ئەو کۆمەڵگەیەی کەدرك ئەکات و هەموو بارە سایکۆلۆژی و سوسیولۆژیەکانی ناخی تاکەکانی ڕەنگدانەوەیەکن بۆ بێداری و عەقلانیەت و گەشەکردن. ئەو خەونانە دەهێننەدی کەهێشتا نەبوونەتە خەیاڵ و وەهم. لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ڕاڤەکردنی دیاردەکان لەدەرەوەی خەوندا دەکرێن و لەدەرەوەی خەونیشدا مرۆڤ بیر لەپێویستییەکانی بوونی خۆی و گەشەکردنی خودی خۆی ەکاتەوە، لەم بۆچوونەوە تەماشای هەموو ئەو گۆڕانکارییانە دەکەن کەبەشدارن لەهێنانەدی خەونەکانیان. واتا خەونەکان دەبنە کارو لەدەرەوەی خەیاڵدا بەردەوامی بەخۆیان دەدەن. لەکۆمەڵگەی بێداردا پەیوەندی ناوەکی و دەرەکی تاڕادەیەك یەك جۆرەو درككردن بەگشت پەیوەندییەکان سەنگی مەحەکە. کاتێ خەون ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ. ئەوکاتەی درك بەو خەونە کراوەو نەخشەی بۆ کێشراوە کەدەبێ ببێ بەچ شتێ و چۆن خەیاڵەکان ببنە واقیع و خەونەکان ببنە خەونی هۆشمەندی..

لێرەوە دیسان بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێینەوە، کەئایا ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە بێ بەشن لەو کاریگەریانەی کەکۆمەڵگەی خەوتوو پێوەی دەناڵن؟ بۆ وەڵامیش بەڵێ! ئەمان لەناخی خودی خۆیاندا ئەو دیاردانە دووبارە ناکەنەوە، کەدابڕانیان بۆ دروستدەکات و لەنێو بازنەی بەرەو پێش چونیاندا دەیانبات.



بەمجۆرە مەرگ لەناخی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ئامادە نییە. لەم کۆمەڵگەیانەدا خەون نەبووەتە واقیع و دیاردە، بەڵام لەکۆمەڵگای خەوتودا بەپێچەوانەوەیە.

## مەرگ لە نێوان هەست و دەقدا:

ئایا بۆچی دەنووسین؟ بۆ ئەوەی لەو جیهانە نزیك ببینەوە کە بەدوویدا دەگەڕێین یاخود بۆ دەستکەوتنی وەڵامی پرسیارەکانمان، یاخود بۆ تێرکردن و دەستەبەر کردنی داواکانی هەست و هۆش؟!

کاتێك کە لەئەغریقیە کۆنەکانەوە سەیری هەست دەکەین، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕاستیانەی کەئەوان بڕوایان پێ بووە، کەسێکی وەك ئەفلاتون کەشیعر و شاعیرانی لەکۆمارەکەی تڕۆ کرد مەبەستی هیچ نەبوو، تەنیا هەستی نەبێت، لەبەرئەوەی شیعر بەبڕوای ئەو هەستی مرۆڤ تیژ دەکات و ئەو هەستەش ڕەنگە جۆرێك لەخراپەکاری بەسەر مرۆڤدا بهێنێ، ئەوان بەپێی لێکدانەوەکانی خۆیان وایان دەڕوانیە هەستی، کەجۆرێکە لەپێشێلکردنی ڕاستی، بگرە بەدرۆزن ئەوانە تاوانبار دەکات کەیاری بە هەستی گوێگر یان وەرگر دەکەن. ئەمەو پاش ئەویش زۆربەی فەیلەسوفان لەو بازنەیەدا دەسوڕانەوە کەنابێ هەستی وەرگر بکەوێتە بەر هەڕەشەوە.

پاشان هەندێ لەپەیڕەوانی هەست و بەرگریکاران لەهەستن، جەغتیان لەسەر ئەوە کردوە کەهەستی شاعیرانە ڕاستترە، کەسێکی وەك (نوڤالیسن) باسی لەزەرورەتی هەست دەکرد [نوسی "ئەوەی کوپرنیك ئەنجامی دا، دەبێ کاری هەر توژەرێکی باش و فیزیك زانێك و چاودێریکەرو بیرکەرەوەیەك بێت)[56].. ئەمە لەو مەبەستەوە هاتووە کەکوپرنیك نەك تەنیا کارێکی ئەنجامداوە، بەڵکو هەستی مرۆڤی تێر کردووە "ئەو بڕوای وابوو کەزەینی شاعیرانە، زیاتر لەزەینێکی زانستانەوە سروشت دەناسێ"[57].



www.pertwk.com

کەواتە بەپێی لێکدانەوەی هەر فەیلەسوف و هەر شاعیرێ، هەست جێی ئەوەیە لێی بڕوانرێ وەك زەرورەتێ لەزەرورەتەکانی پێکهاتەیی مرۆڤ و بوونی مرۆڤ.. مارکوزە لەهەموو ئەوانەی کەلەم سەردەمەدا باسی شیلەریان کردووە زیاتر شیلەری ناسیووە وەك دەنگێك کە نزیکە لەدنیای هەستەوە. بۆیە بەبڕوای زۆربەی زۆری ئەوانەی کە لەو سەردەمەدا بەهەست لەق بوو جۆرە گومانێکیان لا دروستبوو.. هەردوو عەقڵ و هەست جێگای ململانێی ئەو سەردەمە بوو، کامیان ڕاستن، کامیان لەپێشترن، کامیان گرنگترن بەپێی ڕای مارکوزە شیلەر ڕایەك بوو بۆ ئاشتیخوازیی نێوان عەقڵ و هەست. "مارکوزە لەمێژووی جوانناسی دیالەکتیکیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەهونەر نەك ئەتوانێ ڕەنگدانەوەی دەسەڵات بێت، بەڵکو دەشتوانێ لەزۆر بواردا دژ بەو دەسەڵاتە باوەش بێت کەهەیە..

ڕاوەستانێك لەئاستی هەستدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ململانێی قووڵی فەلسەفە جیاجیاکان لەنێوان خۆیاندا، هەر یەکەو لەبوارێکەوە دەڕوانێتە پەیوەندی عەقڵ و هەست. ڕەخنەش هەمیشە لەو بوارەدا سوڕاوەتەوە، کە ئایا چ شتێك بەڕاستی ڕەنگدانەوەی هەستەکانە، بەڵام ئەو پرسیارەی کەڕووبەڕوو دەبێتەوە، ژیان بەیانکردنی هەستەکانە، کەگوایە شێوەکان هەستەکان دەردەبڕن، ئەم دەربڕینەش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ئەو هەستانەی کەبەدوایدا لەدایك دەبن، هەر بۆیە دیکارت توانی ئەو درزە قووڵەی نێوان هەردوو جۆرە ئەندێشەکە بدۆزێتەوە کەئەویش لەڕێی دۆزینەوەی درزی قووڵی نێوان دوو جۆرە بووندابوو. (بوونی ئەندێشەو بوونی ماددە).. ئەوەی لەنێو شێوەیەکی ماددیدا دەبینرێ تەنیا مرۆڤ گیانلەبەرێکە دەتوانێ هەست بەو هەستانە بکات.

دیکارت کەسێکی دوولایەنە بوو "هەم هەین و هەم نین. دیکارت بەم ئەنجامە گەیشت کەمرۆڤ گیانلەبەرێکی دوو لایەنەیە کەهەم بیر دەکاتەوەو هەم دەورووبەر داگیردەکات. بەرامبەر بەمرۆڤ لەلایەکەوە خاوەنی نەفسەو



لەلایەکی ترەوە خاوەنی جەستەی ماددییە"[58].. مرۆڤ ئەندێشەکانی خۆی لەکوێوە دەهێنێ؟ ئایا دەتوانێ هەست لەناخی خۆیدا دروستبکات، بەبێ ئەوەی پێشتر لەپەیوەندییەکدا نەبووبێ لەگەڵ ئەو شتانەی کەهەستی لەلا دروستدەکەن؟" لاك لەو بڕوایەدایە، سەرچاوەی تەواوی بیرەکان و ڕوانینەکانمان هەستەکانمانن، زەینی ئێمە تا شتێك بەهەست درکی نەکات.. (tobularasa) واتا لەوحێکی سپییە"[59].. واتا زۆربەی زۆری ئەوانەی بڕوایان بەهەست لەگەڵ پەیوەندی لەگەڵ ماددەدا هەیە، بڕوایان وایە کەزەینی ئێمە وەکو تەختەیەکی سپییە tabularasa.. پێش ئەوەی بتوانین لەزەینماندا شتێك دروست بکەین، دەبێ هەستی پێ بکەین.

ڕەنگە بتوانی لەخەیاڵی خۆتدا شتێك دروست بکەیت و بێئەوەی هیچ پەیوەندییەکی ماددیت لەگەڵدا هەبێ، ئەوە پێی دەوترێ خوڵقاندن لەناخدا، گرفتی دیکەی ئێمە ئەوەیە ناخمان ئەو شتانەی کەنایبینێ ئایا دتوانێ هەستی پێبکات؟، ئەگەر مرۆڤێ لەدارستانێکدا لەنێوانی درەختاندا گەورە بووبێ و لەدەرەوەی دارستان هیچ پەیوەندییەکی نەبێت، گەر هیچ شتێ نەبینێ لەو دیمەنانەی کە لەنێو دارستانەکەدا هەبێت بێگومان ناتوانێ هەستی پێبکات، گەر تەلەفزیۆنی پێ نیشان بدەیت پێویستی بەماوەیەکە بۆ ئەوەی هەستی لەناخدا دروستبێت، ئەو ناخەی کەپێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی بزانێ کەئەم ئامێرە چییەو چ شتێکەو چ کارێك ئەنجام دەدات، گەوهەری زانین لەوەدا نییە کەئەو بزانێ سەد دەرسەد ئەم ئامێرە چییە! بەڵام گرنگە بزانێ چییە..

هەموو کەسێ دەتوانێ بڕیاری ئەوە بدات کەچ شتێ لەناخیدا دروستدەبێ و چۆن دێتە کایەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە پەیوەندی ماددی لەگەڵدا بێت، ئەو پەیوەندییەی کە ئەو هەستانە دروست دەکات، ئەوەی لەدەرەوەی ئەم حاڵەتەدا ڕوودەدات دەچێتە خانەی تەئەمولەوە. یاخود ئیلهامەوە. کاتێك چیرۆکێ دەخوێنینەوە، ئەزانین ئەوە چیرۆکێکە، ڕووداوەکانی دەوروبەرو



www.pertwk.com

ژیانمانە هەست بەشتەکانی دەکەن، هەست بەچرکەو دیمەنەکانی دەکەین، هەست بەهەموو ئەو دیمەنانە دەکەین کەخۆمان لەگەڵیدا ژیاوین و لەگەڵیا دەژین. بەڵام چیرۆکێ لەخەیاڵی زانستییەوە چیرۆکێ باس لەجیهانی دەرەوەی دەوروبەرمان دەکات و هەست کردن پێی کارێکی گرانەو بەزەحمەت دەتوانین هەستی پێبکەین، یاخود بیرکردنەوەو ڕاهاتنی کاتێکی دورو درێژی دەوێ.

برجسون لەبارەی هەوڵی مێشك جوانترین ئاماژە کردن دەکات بەئامادەبوون و حاڵەتەکانی هەست. "کاتێ ڕووداوەکانی ڕابردوو وەبیرمان دێنەوە، یان ڕووداوێکی ئامادە شیدەکەینەوە، یاخود گوێمان لەوتووێژێ دەبێ، یان دوای بیرکردنەوەی کەسێکی تر دەکەوین، یان ئەو کاتەی بیردەکەینەوەو گوێ لەخۆمان دەگرین، واتا کاتێ مێشکمان بەکۆمەڵێ بۆچوونی ئاستەنگ سەرقاڵ دەبێت، هەست ئەکەین، دەکرێ لەدوو هەڵوێستی جیاوازدا ڕاوەستین، یان ئەوەتا لەحاڵەتی شڵەژاندا بین، یان لەحاڵەتی خاوبوونەوەدا."[60]. هەرکەس لەئێمە دەتوانێ دەربارەی ئەو شتانەی کە لەدەوروبەردان هەستیان پێ بکات. ئەو شتانەی کاریگەریی لەسەر هەستەکانمان دادەنێن، ئێمە ناتوانین هەروا لەخۆمانەوە بەبێ هیچ زانیارییەکی پێشینە هەستێکمان لەناخدا دروستبێت، مەگەر ئەو حاڵەتانە بێت کەداهێنان ڕۆڵی مەزنی خۆی دەگێڕێ، یەکێك ناتوانێ هەست بەتامی شیرینی ئەو چرکانە بکات کەنەیدیوون. تیایدا دڵخۆش بێت. کەسێك کە لەژورێکی تاریکدا بێت بۆ ماوەی هەموو ژیانی نازانێ ڕۆژو شەو چییە، لای ئەو ڕۆژو شەو بوونی نییە. بەمجۆرە مەسەلەی هەست کردن کارێکە پەیوەندی بەپەیوەست بوونەوە هەیە، بەو حاڵەتەی کەتیایدا دەژیت. هەندێك لەئەزمونگەرەکان پەیوەندی نێوان هەست و مادده ئەگەڕێننەوە بۆ پەیوەندی نێوان ژیانی ڕۆژانەو پەیوەندییەکانی مرۆڤ بەدەرەوەی خۆیەوە، ئەمەش بەپێی لێکدانەوەی ئەوان ڕەوشتی مێشك دەردەخات لەحاڵەتی پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا،



میکانیزمی مێشك میکانیزمێکە کەبڕوای بەتازەبوونەوە هەیە، واتا سڕینەوەی کۆنەکان و جێگیرکردنی نوێکان، واتە جێی لەق کردنی بۆچوونە کۆن و سواوەکان و جێ پێ گۆڕینیان لەگەڵ ئەو دیاردە نوێیانەی کەمێشك تەسکینی پێ دێت.. بۆیە مێشکی داهێنەرێ لەپەیوەندی لەگەڵ هەستدا جیاوازە لەمێشکێ کەتەنیا شتی کۆن دووبارە دەکاتەوە.

ئەم حاڵەتی مێشکە لەگەڵ دەقدا، لەدووبارە بوونەوەدا بەرەو مەرگی حەتمی دەبات، گەر پەیوەندیی مێشك لەو سنورەدا وەستا کەئیتر نەتوانێ هەست بەو شتە نوێیانە بکات کە لەدەوروبەری دەڕۆن، ئەوا تووشی مەرگ دەبێت، هەموو ئەو شتانەی کە لەدەرەوەی مێشکدا ئامادەن، گەر وەکو دەق تەماشایان بکەین، هەمیشە ئەو حاڵەتەیان هەیە کە لەپرۆسەی پەیوەندیدان لەگەڵ مێشکدا. کەسێك دەتوانێ زۆر بەئاسانی پەیوەندی دروستبکات لەگەڵ شتەکانی دەوروبەریدا، بەڵام هەستکردن بەو شتانە کارێکی گرنگە. کاتێك دەقێ لەپرۆسەی پەیوەندی دێتە نێو مێشکەوە، بەرەو نوێ بوونەوە دەچێت، گەر هاتو ئەم پەیوەندییە دروست نەبوو، ئەوا تووشی مەرگی حەتمی دەبێت، مێشك هەوڵی ئەوە دەدات کەئەو دەقانە لەقاڵبێکی نوێدا هەستیان پێ بکرێ.. دڵەڕاوکێ ڕۆڵی مەزن ئەگێڕێ لەخوڵقاندنی ئەم پەیوەندیەدا، دڵەڕاوکێ دەتوانێ ببێ بەئەفراندن و ئەگەری ئەوەش هەیە کەببێ بەوێرانبوون، دڵەڕاوکێ، واتا گەڕانی مێشك بەدووی ئەو پرسیارانەی ئامادەن و ئامادەنین، گەڕانە بەدووی نوێخوازی و بەرەو بەدەستهێنانی تێکستی نوێ، بیرکردنەوەی نوێ، بینینی نوێ، بیستنی نوێ، لەمێشکی داهێنەرەکەدا. بابەتە نوێکان ئامادەن، بەڵام هەستەکان دەیدۆزنەوەو دەیانکەن بەدەقی داهێنەرانە.

گەشەکردن و قۆناغەکانی دەسەڵاتی مێشك، بوار بەوە دەدەن کەهەندێ پەیوەندی ببنە ڕۆڵێکی گرنگ لەخوڵقاندنی دەقدا، وەك پەیوەندی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی.. بەڵام ئەم بوارانە ڕێگەش لەوە ناگرن کەدەق



www.pertwk.com

خاوەنی سەربەستی خۆی بێت، ئەم بوارانە حاڵەتی دیموکراسیانە وەردەگرن، لەقاڵبی سەپاندن دەردەچێت.. لەکرداری مێشکدا سەرەڕای پەیوەندی، هەروەها بیرەوەرییەکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەبەرپارکردنی کودەتای داهێنان، بیرەوەری یەکەیەکە لەئاستەکانی هۆشدا..

چۆنیەتی دەربڕینی دەربڕینەکان لەناوەوەی هۆشەوە بۆ دەرەوەی هۆش، واتا دەربڕینی لەدەقدا جا چ لەرێی هێڵ و هێڵکارییەوە بێ یان لەرێی نووسین یامۆسیقا یان خێگابی سیاسی یان خیتابی جووڵاوە (وەك سینەماو بالیەو ئۆپێرا..)، گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو هەستەی کەوەرگر ئەیەوێ لەدووتوێیانەدا بەدیان بکات، ئەمەش بەو کارە دەبێت کەزیاتر هەست پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەر و داهێنانی ناخی خۆیدا دروستبکات.. ئیلهامی هەر دەقێ بێگومان لەدوورو نزیکەوە پەیوەندی هەیە بەتواناو چۆنیەتی دەربڕینی دەقەکە، هەروەها دەقی داپڕاو لەدەوروبەر بەهیچ جۆرێ و هەرگیز بوونی نییە.. دیارە مێشك بۆ دەربڕینی هەر هەستێ پێویستی بەوەبیرهێنانەوە هەیە، وەبیرهێنانەوەش کارێکە زیاتر بەجۆرێك ئەنجام دەدرێت.. هەوڵی وەبیرهێنانەوە بەهەڵگێڕانەوەی وێنە نەخشەییەکان، ئەوانەی بەشەکانیان بەنێو یەکدا چووە، دێتەدی، بۆ تەسەورکردنێکی خاوەن وێنە پارچەکانی دەخرێنە پاڵ یەکتری.."[61].

لەهۆشمەندی و ناهۆشمەندیدا هەست ئامادەیەو ئەو زەمینەیەی هەیە کەهەست هەوڵی ئەوە دەدات کەلەنێو دەقێکدا ڕەنگ بداتەوە، دەقیش لەهەموو حاڵەتەکاندا دێتە بەرهەم، دەق هەرگیز سڵناکاتەوەو، هەوڵی ئەوە دەدات بێ سێ و دوو بێتەبەر، دڵەڕاوکێو هەست لەپەیوەندییەکی دیالۆگیدان، هەمیشە وتووێژ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، ئایا ئامادەبن یان نا، کەس دەتوانێ بێ سڵکردنەوە لەپاشماوەی کارەکەی بڕیار بدات؟ بەڵێ تەنیا کەسێ کەنەتوانێ هەست بکات! دڵەڕاوکێ ڕۆڵی خۆی هەیە لەدیاریکردنی چارەنووسی دەقدا، ئەم دڵەڕاوکێیە لەبناغەدا لەپێناوی



تێرکردن و پڕکردنەوەی ئەو ئارەزوو بۆشاییانەدا کەپێویستن بۆ نەش و نماکردنی هەست، واتە گەڕانە بەدووی تێربوون و وەڵام، هەروەها هەوڵێکە بۆ دەربازبوون لەتەمبەڵی دەق و تەمبەڵی داهێنان و ڕەهابوون لەسستی و نەبزووتن، ئەمەش هەر هەمووی لەپێناوی گۆڕان و داهێنانی هەستی نوێدا..

مێشك پێویستییەکی گرنگی هەیە بەپەیوەست لەگەڵ هەستەکاندا، لەپەراوێزی هەموو ئەو جۆرە ئەفراندنەدا دەژی کەدەق تیایدا دەژی.. سەرکەتوویی و ژێرکەوتوویی دەق دەکرێ لەڕووی پەیوەندی ئەو دەقە بەهەستەکانەوە لێك بدرێتەوە، کەسێك ناتوانێ بەتەنیا کەسێك بێت پڕ داهێنان، ئەگەر هاتوو ناخی پڕ نەبێت لەهەست، واتە هەستکردن بەو شتە ناسکانەی کەباسیان لێوە دەکات.

کاتێك کەهیوم دەڵێ: دوو جۆرە ئیدراك لای مرۆڤ هەیە لەخۆیەوە ئەمەی نەوتووە، بەڵکو لەئەنجامی ئەو ڕوانینانەی بووە کەلەبەرچاویدا ڕوودەدەن. هیوم دەڵێ: "مرۆڤ دوو جۆرە ئیدراکی هەیە، یەکێکیان کاریگەرایەتی و ئەوی تریان ڕوانگەرایەتی. مەبەستی لەکاریگەرایەتی (کاریگەرییەکانی) هەستە ئایینەکانی بوونی دەرەکییە، مەبەستیشی لە "ڕوانگەرییەکان" بەبیرهێنانەوەی ئەم هەستانەیە"[62] دەوروبەرو هەست ڕۆڵێکی مەزنیان هەیە لەدیاریکردنی ئاستی داهێنانەکانی مێشکدا دەقێ چ کاتێ سەرکەتووەو چ کاتێ ژێرکەوتوو؟ گەر هاتوو ئەودەقە پڕبێ لەو هەستە شاراوانەی کەمرۆڤ بەئاستەنگ دەتوانێ هەستیان پێ بکات، بەڵام داهێنەر پێشتر هەستیان پێ دەکات. هەروەها ئەو هەستانە داهێنی نوێ بن، نەك جوینەوەی هەستە سواوەکان، هەر بەم کارە زیندوویێتی دەق دەردەکەوێ. لەڕووی جوانکاری و پەیوەندییە قووڵەکانی دەرەوەی خودی خۆیەوە، حاڵەتێکە دەبێ پەیڕەوی بکات.

لەگشت سەردەمێکدا دەقی مەزن لەدایك دەبێت و لەپاشان دەقی مەزنترو مەزنترو.. بەم جۆرە ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت! بەڵام ئەوەی کەجێی



www.pertwk.com

گومان و دوودڵییە ئەوەیە، ئایا هەموو ئەو دەقانەی لەو زەمەنە جۆراو جۆرانەدا لەدایك دەبن خاوەنی یەك جوانكاری هەستین؟ ئەفراندنی مێشك لەسەردەمێكدا، جیاوازیەكی هەیە لەگەڵ سەردەمێكی تردا، یان هەمان پرۆسەیە بەڵام بەشێوازێكی تر؟! بێگومان وەڵامی پرسیارگەلێ لەم جۆرە، زۆر گرانەو پێویستی بەلێكدانەوەی قووڵی پەیوەندییە سایكۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیەكانی ئەو كۆمەڵگەیانەیە كەهەستەكان تیایاندا لەدایك دەبن.

هەستەكان لەدەرەوەی مرۆڤ لەوێنەی جۆراوجۆری ماتەریالی و ناماتەریالیدا ئامادەن، خاوەن دەق ئەوانە وەردەگرێ كە بەپەیوەندی ڕۆحی، یان بەركەوتن یان كارتێكردن، ئەم وەرگرتنانە دەگۆڕێن بۆ هەستێكی باڵاترو گەشەكردوتر وا لەداهێنەر دەكەن كەبجووڵێ و ناخ بخاتە كار بۆ داهێنانی نوێ و مەزن.. [ئەم كارە لەلای داهێنەری ڕاستەقینە بەمجۆرەیە] ئەم حاڵەتە لەمێشكی خاوەن دەقدا لەململانێی ئەوەدایە كە لەو سنورەی ناخی خاوەنەكەی دەرباز بێت، بەڵام بەشێوەیەكی ترو قۆناغێكی تر، پاش ئەوەی لەناخی هاتەدەرێ ئەوكاتە تەوەرەكەی دەگۆڕێ و بەدووی ڕێڕەوێكدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی بگاتە وەرگر، پەیوەندی وەرگر لەگەڵ هەستەكانی خۆی و هەستەكانی نێو خودی دەقەكەدا خۆی دەدا بەدەستەوە، لەكۆتاییدا وەرگر جارێكی تر ئەو هەستە لەناخ و هۆشمەندیی خۆیدا دەگۆڕێ بۆ چێژو حەزو كاردانەوە، جارێكی دیكە ئەم كاریگەرییە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەن دەق.. هەندێ جار ئەم پەیوەندییە بازنەیەكی داخراوە، بەم شێوەیە:





لەم بازنە داخراوەدا هەست کاریگەریی خۆی دەردەخات بەسەر هەرسێ بەشەکەدا، دەق و وەرگرو داهێنەر، گەر هات و داهێنان لەنێو دەقێکدا نەبێت ئەوا درزێ دەکەوێتە نێو ئەم بازنەیەوەو نایەڵێ بازنەکە کۆتایی بێت، دەتوانین بەم بازنەیە بڵێین بازنەی هەست، بە بەردەوامی هەبووەو هەر دەشبێ، ئەم بازنەیە لەگشت سەردەمێکدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی کەدەگۆڕێ چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ هەستەکاندا، لەم حاڵەتەشدا ئەوەی کەلای ئێمە گرنگەو لەهەموو زەمەنێکدا گرنگە، ئەوەیە کەچ هەستێ دەبێت بە دەقی داهێنەر.. پێش هەموو شتێ داهێنەر لەدەرەوەی خۆی هەستەکانی وەرگرتووە، لەژێر هەندێ کاریگەری تایبەتدا پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی خودی خۆیدا دروستدەکات. ڕەنگە ئەو پەیوەندییانە ڕۆحی بن یان ناڕۆحی. ئەمەش وا لەخاوەن دەق دەکات، کەبێ سڵەمینەوە بڕوانێتە دەوروبەری خۆی.. زۆرجار هەستەکانی خاوەن دەق کە لەنێو دەقەکەدا ئامادەن، ئەو کاتانەی دێنە بەردەم وەرگر یاخود دەبنە جۆرێك لەنووشستی و مەرگ لەناخی وەرگردا دروستدەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی مەرگی خۆی، ئەمەش ئەو نووشستییەیە کەدەق تووشی دەبێت، ئەمە حاڵەتێکە لەزۆربەی دەقە ناکامڵەکاندا ئامادەیە، ئەم مەرگە جۆرێکە لەدابڕانی پەیوەندییەکانی هەست، ئەو مەرگەیە کەتووشی بازنەی هەست دەبێت.. لەسەرەتادا کەهەست دەگاتە نێوەندو ناخی خاوەن دەق، هەستێکە کامڵ و ئامادەو زیندووەو لەناخیشیدا بەزیندوێتی دەمێنێتەوە، بەڵام کەدەگاتە حاڵەتی ئەوەی بازنەکە تەواو بکات، تووشی نووشستی دەبێت، لەچۆنیەتی گواستنەوەی هەستەکەی ناخی خۆیەوە بۆ نێو دەقی پێشکەشکەر، دەکەوێتە ناخی هەرەسەوە، ئەمەش ئەو مەرگە دەخوڵقێنێ کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد.. بەپێی لێکدانەوەکانی دیکارتییەکان عەقڵ پێش ئەوەی بەهەر ئەنجامێ هەستێ، پێشتر ئامادەگی خۆی وەردەگرێ، بۆیە لەم حاڵەتی نووشستیەدا ئەم ئامادەگییە لەناخدا گەشەی نەکردووە



"کەسێکی شارەزا لەیاری دووگۆڵیدا دەزانێ چ یاریکەرێکی هێرشبەری لەمەیاندا دەوێ"[63]. بەڵام ئەم شارەزاییە هەروا خۆبەخۆ دروست نابێت و پەیوەندی بەزەمینە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتنی دەق و ئەو فەزایە هەیە کەخاوەن دەق لەگەڵ دەقەکەدا مامەڵەی تیادا دەکەن. بەڵام بەشی دووەمی مەرگ لەو کاتەدا دەست پێدەکات کەخاوەنی دەق هەستێکی مردوو لەدەرەوەی خودی خۆی وەردەگرێ (واتا ئەو هەستە لەبناغەدا مردووەو بەمردووێتی دەچێتە ناخی خاوەن دەقەوە، هەروەك ئەو نووسینانەی کەتەنیا گێڕانەوەی ئاساین، بێ گۆڕانکاری یاخود هیچ ئەفراندنێك لەبوونیادی ئەو دەقە وەرگێراوەی دەرەوەدا بەدی ناکرێ، کەخاوەن دەق لەنێو دەقی نوێدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات) بەمجۆرە ئەو مەرگە بەردەوام دەبێت، کە لەناخی خاوەن دەقدا دووبارە دەوترێتەوە بەمردوویەتییەکی لەپێشینی ئامادەیە. بەمجۆرە لەگەڵ دەرەوەی خۆیداو لەگەڵ وەرگرەکەیدا هیچ پەیوەندییەك دروست ناکات.

*          *          *

## ستوونەکانی پەیوەندی

تۆژەرانی بواری دەق لەبواری پەیوەندی دەق و دەرەوەی دەقدا چەند ستوونێکی مەزنیان بۆ ئەم پەیوەندییە داناوە، کەبریتین لەستوونەکانی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و سایکۆلۆژی و.. هەریەك لەم ستوونانە، بەشدارن لەڕاگرتنی ئەو خانووانەی کەچەمك و تێگەیشتنی دەق پێکدەهێنن، دەقی زیندوو ستوونەکانی ئەوەندە مەزن و قایمن بەئاسانی ناکەون و بەرگەی بوومەلەرزەی ڕۆژگار دەگرن، بێگومان ئەمەش لەسایەی بەپێزی ئەو ماددە سەرەتاییانەی کەبناغەی ئەو ستوونانە بەکاردەهێنن.. دیارە مەنهەجە جۆراوجۆرەکان هەریەکەو هۆی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ پرسی ڕاگرتنی و پتەوی ئەو ستوونانە. لەبواری کۆمەڵایەتیدا هەر هەستێك لەدوو ڕوانگەوە شیدەکرێتەوە، ئایا ئەو کردەوە سۆسیۆلۆژیانە چین کەوا ڕەوتی کۆمەڵگەیان گۆڕیوە لەکۆمەڵگەیەکی وەستاوو مەنگەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی



www.pertwk.com

گەشەکردووی خاوەن کۆمەڵێ گۆڕانکاری مەزن؟ کەئەمەش لەڕووی سۆسیۆلۆژیاوە پێی دەوترێ تێکشکاندنی بەربەستەکان".. دەق وەك لێکدانەوەی مەنهەجە سوسیۆلۆژییەکان دەبەستێتەوە بەم تێکشکاندنەوە. لەمێژووی مرۆڤایەتیدا گەلێك نووشستی و سەرکەوتن بەنسیبی مرۆڤایەتی بووە بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەو مەرگانەی کەکۆمەڵگە بەڕاوەستاوی دەهێڵنەوەو ناهێڵن گەشە بکەن. دەق لەو بەشە سوسیۆلۆژیانەدا هەمیشە بەشداری کردووە لەتێکشکاندن‌و دووبارە بوونیادنانەوەی هەندێ جاریش بەربەست دروستکردن.. بەڵام ئەم جۆرە بەربەستانە هەرگیز نەیانتوانیوە هەمیشەیی بن، بەڵکو سەردەم لەدوای سەردەم بەربەست هەبووەو ڕوخێنراوەو بەرامبەر بەهەر بەربەستێك تێکشکاندنێ بەرپابووە، بەمەبەستی قوتارکردنی مرۆڤایەتی لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوی بوەتەوە، لەهەندێ کۆمەڵگەدا تێکشکاندنی بەربەستەکان بووەتە بەشێك لەژیانی مرۆڤایەتی بۆ بەرەو پێشچوون. هەر بۆیە دەقەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کەدەبێ ئەو بەربەستانە نوغرۆ بکرێن کەدەبنە دۆزەخ و هەموو شتە جوانەکان دەشێوێنن، هەر بۆ نمونە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەق جەنگی مەزنی بەرپاکردووە لەدژی پاشکەوتوویی کۆمەڵگەو چەوساندنەوەی ئافرەتان‌و ڕۆڵی کلێساو مزگەوت و فاشیزم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و.. هتد.

لەم ڕوانگەیەوە ئەوانەی لێکدانەوە بۆ دەق دەکەن، لەپەیوەندیی لەگەڵ پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا، بە دوای ئەو ستونانەدا وێڵن کەهەوڵی ئەوە دەدات دەقی زیندوو بەرهەم بهێنێ.

لەسەدە جۆراوجۆرەکاندا کێشەی گەورە گەورە بەرپا بووە لەنێوان دەنگە جیاجیاکانی بیرو هێزە جۆراوجۆرەکاندا هەریەکە لەهەوڵی ئەوەدا بووە دەنگی خۆی سەربخات، لەسەردەمە جۆراوجۆرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانس و بارۆك و ڕۆمانسیدا هەتا ئەم سەردەمەش هەوڵی ئەوە دراوەو دەشدرێ کەگرنگی بەهەستەکانی مرۆڤ بدرێت..



پرسی هەست یەکێك بووە لەو ستوونە گرنگانەی کەمرۆڤ سەردەم لەدوای سەردەم هەوڵی داوە زیاتر لێی نزیك بێتەوە، تەوەری سوسیۆلۆژی لەنێو دەقدا دەستێکی باڵای هەبووەو دەستێکی باڵای دەبێت، دەق لەناخی پەیوەندییە سوسیۆلۆژیەکانەوە چەکەرەی کردووە، گەر دەق بەدەوری هەر بابەتێکدا بخولێتەوە، ئەگەر ئەو بابەتە لەدەرەوەی سوسیۆلۆژیاشەوە بێت وەك خەیاڵی زانستی ئەوە کەم تازۆر نێوەندێك هەیە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەدا. لەبەرئەوەی پەیوەندی مرۆڤ بەهەر دیاردەیەکەوە، کەم تازۆر کاریگەری خۆی هەیە.. داهێنانی زانستی بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە، یاخود بۆ شێواندنی کۆمەڵگەیە، هەر داهێنانێکی دەق وەك مۆسیقاو نووسین و شێوەکاری.. لەپشتییەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی حەشارداوە کەناتوانین هەروا بەئاسانی لێی دەرباز بین، چونکە ئەو دەقانە بەمەبەستی مرۆڤ و هەستەکانی مرۆڤ خوڵقاون، دەقیش هەمیشە مخاتەبەی مرۆڤ دەکات، ئینجا هەر شێوە دەقێك بێت. ئەو بانگ کردنە گرنگ نییە چ شێوەیەك دەگرێتە خۆی، گرنگ ئەوەیە لەهەموو حاڵەتێکدا دەق پێویستی بەپەیوەندییە، کەبیری لەپەیوەندی کرد واتا دەرەوەی خۆی واتا مرۆڤ و دەوروبەرەکەی.. کۆمەڵگە بریتیە لەکۆمەڵێ دیاردەو پارچەو دەستە، بەمجۆرە فەلسەفە جۆاروجۆرەکانیش لەو بڕوایەدان کەپەیوەندییەکان کۆمەڵن، یان دەستەن یان پارچەن، ئەم جۆرە دابەشکردنە هەر قوتابخانەیەکی فەلسەفی بەجۆرێ لێکی داوەتەوە، مارکس تەماشای مێژووی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە دەکات وەك بەدوای یەکداهاتن بڕوای بەدژایەتی دژەکانە، هەروەها بڕوای بەوەش هەبوو کەگۆڕانکاری مێژوو ئەنجامەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ماددە لەسەر مێژوو.. هەروەها بڕوای بەوەش هەبوو کە لەدایك بوونی پەیوەندی مانایی لەئەنجامی گۆڕانکاری ماددییەوە ڕوودەدات.. هەروەها هەموو گۆڕانکاری و کاریگەرییە دەروونییەکانی مرۆڤی دەگەڕاندەوە بۆ ئابوری، ئەو بڕوای وابوو کەهەموو جۆرە پەیوەندییەکانی ئایینی‌و ڕۆشنبیری‌و هونەری و



www.pertwk.com

فەلسەفەی.. هتد ئەمانە هەمووی لەژێر کاریگەریی ئابوریی و کۆمەڵایەتیدان. ئەمەش هەروا بەئاسانی تەماشای نەدەکرد. هەردوو کاریگەری ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگە لەسەر یەکتری بریتین لەو هێزەی کەمیکانیزمی دەقی چاك و خراپ دیاری دەکات.. هەر بۆیەش لەژێرخانی کۆمەڵگەدا مارکس سێ رووی دیاریکرد، کەبریتی بوون لەمەرجەکانی بەرهەمهاتنی کۆمەڵگە یاخود ئەو سەرچاوە سروشتییانەی لەبەردەست کۆمەڵگەدان.. هەموو ئەمانەش ناوی لێنان، رووەکانی ژێرخان..

بەڵێ کەسێکی وەك فرۆید تەماشای سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵگە دەکات بۆ دیاریکردنی بونیادەکانی عەقڵی مرۆڤ و دیاریکردنی ستوونەکانی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دەق، بەڵام بەشێوازێکی دیکەو لەبوارێکی دیکەدا، ئەو لایەنی سایکۆلۆژیەت دەگرێتەبەر، هەموو کارەکانی ئێمە خاوەنی بوونیادە، کە لەعەقڵەوە نزیکن، مرۆڤ خاوەنی عەقڵێکە کەهەندێ جار لەهۆشمەندیدایەو هەندێ جاریش لەخەوندایە.

فرۆید پەنای بردە بەر شیکردنەوەی حەزو ئارەزوو خەونەکان و عەقڵی مرۆڤ لەرووی سایکۆلۆژیەت و شیکردنەوەی هۆو هۆکارەکانیاندا، فرۆید رای وایە کەهەموو مێژووی مرۆڤایەتی بریتیە لەحەزو چێژ، هەر ئەمانەش پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێن کەداهێنان بکات و پەیوەندی دروستبکات، ئەم ستوونی دەروونناسییە یەکێکە لەو ستوونە بناغەییانەی کەفرۆید پشتی پێبەست بۆ شیکردنەوەی رەوشتی مرۆڤ. بناغەی ئەسڵی چێژە، فێرمان دەکات کەبزانین باش چیەو خراپ چییە، جوان چییەو ناشرین چییە، بەڵام ئەم کارەش بەسەر هەمووانا موتڵەق نییە. لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی هەیە کەپەیوەستە بەدەوروبەرو پەروەردەی تاکەکەس لەنێو خێزاندا.

یاخود بەزۆری تەئکید لەسەر پرسی سێکسی دەکاتەوە، پاڵپشت و گەشەکردنی مرۆڤ بۆ بازنەی سێکس دەگەڕێنێتەوە، هەر ئەوەش وای لەفرۆید کردووە کەهەموو سروشتی مرۆڤ لەئامێری زاوزیدا کۆبکاتەوە،



بەڕای ئەو هەندێ جار سەرتاسەری ژیانی مرۆڤ، لەوەدا کۆدەبێتەوە کەچۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئامێرەدا بکات.

فرۆید بڕوای بەناکۆنترۆڵی هەیە لەلای مرۆڤ، هەندێجار مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی رەوشتەکانی ناهۆشمەندییەوە، ئەگەر چەند ئاگاداریش بێت ناتوانێ خۆی لێدەرباز بکات. ئەوەشی زیاتر ئازارەکانی لەناخی ناهۆشمەندیدا حەشاربدات و ئەو ئازارانەی کەهەیەتی دەری نەخات، ئەوا زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری ناهۆشمەندییەوە. ناهۆشمەندیی و سێکس و چێژو حەز ئەو تەوەرانەن کەفرۆید بەدەوریاندا دەسوڕایەوە، بۆ ئەوەی لێکدانەوەکانی بخاتەڕوو، زۆربەی زۆری ئەوانەی کەئەمڕۆ دەگەڕێنەوە بۆ نووسینەکان و لێکدانەوەکانی فرۆید، هەمیشە لەحاڵەتێکی دوودڵی و بڕوادا دەژین، بەبڕوای فرۆید "ئیشتیاق و خواست پێش هەر شتێك سێکسین"[64].

فرۆید لەزۆربەی کارەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستوونانەی کەدەق پێکدەهێنن، بەبڕوای ئەو دەق هیچ کاتێك بەتەواوی پێك نەهاتووە نە لەواقیع و نە لەخەیاڵدا. هەمیشە بەشێك لەپێکهاتەی دەق هەردوو لایەن دەگرێتەوە.

سەرەڕای ئەمەش ئەو کارانەی کەدەق دەخەنە خانەی هۆشمەندی یاخود ناهۆشمەندییەوە، هەندێ جار لەژێر کۆنترۆڵی داهێنەرنین و لەدەرەوەی هێزی داهێنەرن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەزۆربەی زۆری ئەوانەی دەق دەنووسن، لەحاڵەتی جیاواز جیاوازی زەینیدان، هەندێك لەوانە دەکەونە دەرەوەی دەسەڵاتی داهێنەرو هەندێکیش لەنێو دەسەڵاتی داهێنەردان.

ناهۆشمەندی یەکێکە لەو ستوونە گرنگانەی کەزۆر پێویستە لەپێکهێنانی دەقدا، چونکە هونەرمەند کاتێ دەیەوێ بەقوڵایی ئەو خاڵانەدا شۆڕبێتەوە کەدەریان دەخات، هەوڵدەدات، جیاوازییەکانی ناخی خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ناتوانێ پێشی ئەو هێزانە بگرێ کەدەیانەوێ لەنێوەندی ناهۆشمەندییەوە خۆیان بخزێننە نێو دەقەوە.



www.pertwk.com

"مەسخ"ی کافکا نمونەیەکە لەدەقی ناهۆشمەندی قووڵو هۆشمەندی، دەقێکە کەماناکانی لەپەیوەندییەکانی ئەو دووانەدا دەردەکەون، کافکا کەدەیەوێ تەعبیر لەئازارەکانی مرۆڤی سەردەم بکات لەڕێی کەسایەتی (گریگۆری سامسا)وە ئەویش بەخوێندنەوەی ناخی کەسایەتی و دەروونی کەسایەتییەکەی، بەجۆرێك کەڕەنگدانەوەیەکە بۆ حاڵەتی نائومێدی کافکا لەژیانی ئەم سەردەمەدا کەمرۆڤ تووشی نائومێدی دەکات.. سەرەڕای ئەوەش کێشە دەروونییەکانی.. شێوەیەکە لەداپڵۆسینی ژیان بۆ مرۆڤ.

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کەکێشەی دەروونی، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لەدەستنیشانکردنی ئەو مانایانەی کەدەق دەتوانێ بیگەیەنێ، هەروەها ڕۆڵی هۆشمەندی و ناهۆشمەندی دەبینێ لەدیاریکردنی چارەنووسی دەقدا، کەسێکی وەك فرۆید بەهەموو توانایەوە هەوڵیداوە ئەو دەرگایە دابخات کەدەبێتە هۆی دابڕینی ناهۆشمەندی لەنێو دەقدا، هیچ دەقێ بەبێ ناهۆشمەندی ناتوانێ تەعبیر لەناخی مرۆڤ و کێشەکانی مرۆڤ بکات..

هەرچەند هەوڵدەدەم لەژێر کۆنترۆڵداو بەوپەڕی ئاگادارییەوە، پێنووس بگرمە دەستم و دەست بکەم بەنووسینی دەقێك کەهیچ جۆرە ئاگادارییەکی تێدا نەبێت، کەچی لەپڕ، مێشك و زەینم لەناخەوە ئەمدەنە دەست حاڵەتێك لەڕەهایی و ناکۆنترۆڵی. ڕاناوێك بانگەشەم دەکات، دەنگێك ڕام دەکێشێ، هێزێك دەمپچڕێنێ لەو پەیوەندییە. فرۆید بەڕۆشنی ئەمەی دەشتنیشان کردووە هەر بۆیە بەنەخۆشی دەوت: "ئاسوودە و ئارام درێژ بەو هەرچی بەبیرتا دێت بیڵێ– گرنگ نییە ئەم وشانە تاچ ئەندازەیەك بێ پەیوەندین، خۆبەخۆیی‌و، ناداواکراو یان شەرم ئاوەربێ"[65]. بۆچی و بەچ مەبەستێ ئەمەی نووسی و ئەمەی وت و ئەوەی کرد، ئەمەیە سەرچاوەی گەڕان بەلای فرۆیدەوە. ئەمەش ئەو ستوونەیە کەوا لەفرۆید دەکات بێ هیچ هەوڵێك و دوور لەهیچ پەیوەندییەك وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

ئایا مەبەست چییە لەم پرسیارە!!



پرسیاری ڕاستییە! یاخود پرسیاری ناڕاستی..

هێزو عەقڵ..

هەموو دەقێك جۆرێکە لەمخاتەبەکردن، واتا بانگەشەکردنی عەقڵو هەستەکان.. دەق بەمەبەستی وردبوونەوە لەو مەودایانەی کەدەبنە هۆی بزواندنی هەست و زیاتر وردکردنەوەی هێزەکان و بانگەشەکردنی ئەو هەستانەی لە ناخدا دروستدەبن..

کەسێك دەتوانێ خاوەنی عەقڵ بێت، بەبێ بەکارهێنانی لەپرۆسەی بانگەشەکردندا، هەموو کارێکی عەقڵ بریتییە لەبانگەشەکردن، واتا بانگەشەکردنی ئەو ئامانجانەی کەخۆی مەبەستێتی، عەقڵ بۆ ئەوەی چالاك بێت دەبێ بانگەشەی ئەو شتانە بکات کەپێویستن بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی خۆی، کەسێك ناتوانێ بەبێ بانگەشەکردن بەرهەمێکی هەبێت.. عەقڵ هێزی خۆی هەیە، هێزیش بۆ ئەوەی کاریگەر بێت پێویستی بەعەقڵە. لەئایینی کۆندا عەقڵ تەماشای دیاردە ماددییەکانی دەکرد بۆ ئەوەی توانای هێز درك پێبکات، لەئایینە ئاسمانییەکاندا عەقڵ زیاتر تەماشای پشتی شتە ماددییەکانی دەکردو دەگەڕایەوە بۆ نهێنییەکانی هێز، بۆ سەلماندنی تواناکانی عەقڵ.. توانای عەقڵ وابەستەیە بەزەمینەی لێکدانەوەکانییەوە، هەرچەندە عەقڵ زیاتر قووڵبێتەوە بەنێو ئەو دیاردانەدا کەبەکاری دەهێنێ، ئەوا هێزێکی لەڕادەبەدەری هەیە. چەمکی هێز لەبەراوردکردنیدا لەگەڵ هەردوو ئەرکەکەی هێز وەك جۆرێك لەبەرەوپێشچوون یان وەك شێوەیەك لەوێرانکردن.

پەسەند نییە ئەگەر هێز بەتەنیا لەگۆڕێدا بێت، هێز بەتەنیا ئەو مێردەزمەیە کەتووشی نامۆیمان دەکات، نامۆیی لەبیرکردنەوە، نامۆیی لەبڕیاردان، نامۆیی لەهەڵسوکەوتدا. بەرامبەر بەمە کەسێکی خاوەن عەقڵ بەوە جوودا دەکرێتەوە لەکەسێکی خاوەن ناعەقڵ. کە ئەو کەسە هێز بەکاردێنێ!! بەپێی هێزی عەقڵ، هێزی جەستە ڕێنوێنی دەکات‌و هێزی ئیرادەی ڕێنوێنی دەکات. بەمجۆرە کەسی عەقڵدار دوو ڕێگای



www.pertwk.com

لەبەردەمدایە یان ئەوەتا خۆی تەسلیمی هێزی عەقڵی خۆی بکات، یان خۆی و عەقڵی تەسلیم بەئیرادەی هێزی پەتی بکات.. ئەمەش بناغەی کێشە بنەڕەتییەکەیە کەچۆن ئەتوانین کەسێکی دڕندە لەکەسێکی مرۆڤ خواز جوودا بکەینەوە، کەسێکی بوونیادنەر لەکەسێکی شێوێنەر لێك جیابکەینەوە. ئەو کەسەی لەژێر یاسا سروشتییەکانی عەقڵدا کاردەکات و نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەزمونەوە ئەوا ئەو کەسە بەپێی یاسای سروشتی عەقڵ کاردەکات، کەسێکی وەك ماددەیەکی سەرەتایی دەتوانێ شێوەی جۆراوجۆر بێت گەر بەر شتی تر نەکەوێ و نەکەوێتە ژێر کاریگەری هێزی پەتیەوە.

توانای عەقڵ توانایەکە بریتیە لەبەرهەمهێنان و داهێنان.. توانا بەرهەمهێنەکانی عەقڵ، لەخانەی بینین‌و بیستن‌و وتندان، هەریەك لەم بەرهەمانە مەوداکانیان هەیە، ئەیانجوڵێنێ و وایان لێدەکات کەببن بەبەرهەم یاخود داهێنان. هەر بۆ نمونە ئەگەر بڕوانینە بەرهەمی عەقڵ لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوا بێ سێ و دوو دەتوانین بڵێین هەموو ئەو کارانەی کەداهێنانی عەقڵ بووە، لەژێر کاریگەری هێزی تایبەت بەخۆیدا ئەنجام دراون نەك لەژێر کاریگەری هێزی دەرەوەی خودی خۆی.

هەر بۆ نمونە داهێنانی وێنەیەك یاخود تابلۆیەك لەسەر ڕوویەك، وا لەداهێنەرەکەی دەکات بۆ زاکیرەی بگەڕێتەوە، لەڕێگای هێزی بیرکردنەوەوە هەوڵدەدا ئەو شێوەیە لەزەینی خۆیدا کۆبکاتەوەو بیکا بەشێوەیەکی بەرجەستەو لەپاشان هێزێك لەعەقڵەوە بەدەستەکانی فەرمانی ئەوە دەدات، لەسەر ڕووی سپی ئەو هێڵ و بازنانە بکێشێ کەزەرورن بۆ دروستکردنی ئەو دیمەنەی کەدەیەوێ، ڕەنگە زاکیرە تەنیا لەو وێنانەدا هێزی کەم بەکاربێنێ کەبریتین لەکۆپی کردنەوەی وێنە وەرگیراوەکانی مێشك بۆ دەرەوەی مێشك، بەڵام ئەگەر هونەرمەندێ بیەوێ ئەو وێنەی لەواقیعەوە وەری دەگرێ بەشێوەیەکی تر بیخاتە سەر تابلۆ، ئەوا پێویستی بەهێزێکی ترە، هێزێك کەبەهێزترە لەهێزی یەکەم، دەبێ



پەنابەرێتە بەر وەبیرهێنانەوەی ناهۆشمەندی و گەڕانەوە بۆ پشتەوەی زەینی خۆی، بۆ ئەوەی بتوانێ داهێنانێکی قووڵ و پڕ مانا بهێنێتە بەرهەم.. لەم کاری داهێنانەدا هێزی چاوو هەستی بەرکەوتن ئەو هێزە قووڵە بەعەقڵ دەبەخشێ بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ داهێنان.. کەواتە عەقڵ بەکاری وەبیرهێنانەوەی ڕووداوە بیر بینراوو بیستراوو بەرکەوتراو، وا لەبیر دەکات بجوڵێتەوە لەئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر.. گرنگی داهێنەر لەوەدایە کەچۆن دەتوانێ بیری خۆی لەئاستە جیاجیاکاندا بجوڵێنێتەوە.. توانای داهێنەر لەڕێنوێنی کردنی هەر وێنەو وشەو دەنگ‌و خوڵقاندنێکدا، گرنگییەکی بێ شوماری هەیە، لەچۆنیەتی دامەزراندنی ئەو پونتەی کەدەگاتە پرسی داهێنان.

کەواتە عەقڵ بۆ ئەوەی توانای خۆی بەکاربێنێ، دەبێ لەژێر دەسەڵاتی هێزی خۆیدا بێت، بۆ ئەمەش دەبێ توانای خۆی بەکاربێنێ، توانای وەبیرهێنانەوەو شیکردنەوە..

بۆ زیاتر شیکردنەوەی عەقڵ و هێز لەچەند مەودایەکدا دەسوڕێینەوە:

یەکەم: مەودای ئایینی، دووەم: مەودای کۆمەڵایەتی.

لەمەودای ئایینیدا جۆرێك لەناکۆکی هەیە لەنێوان عەقڵ و ئاییندا، ئەم پەیوەندییە گەڕاوەتەوە بۆ بڕوا، مرۆڤ کاتێك ڕووی کردە ئایین، بەمانای تەسلیمی هێزێك بوو لەدەرەوەی هێزی خۆی، ئەو تەسلیم بوونە عەقڵ لەچوارچێوەك دادەنێ کەبواری جوڵانەوەو داهێنانی زۆر سنووردارە، "پەیوەندی نێوان ئیمان و عەقڵ هەرگیز ئارام و ئاشتیخواز نەبووە" بەڵکو هەمیشە پڕ لەدژایەتی و وتووێژئامێز بووە. لەڕاستیشدا کەسانێکی زۆر کەزۆربەیان بیرکەرەوانی ئایینی گرنگیش بوون، بڕوایان وابووە کەئیمان و عەقڵ بەهیچ ڕوویەك لەگەڵ یەکتریدا گونجاونین[66]. لەعەقڵی ئایینیدا باوەڕ ئەو هێزەیە کەڕێنوێنی و ڕێپیشاندەری مرۆڤە، لەدەرەوەی ئەو هێزە هیچ شتێك ڕوونادات، ئەم سروشتە لەعەقڵی ئاینیدا ئەوەندە زاڵە کە مرۆڤ زۆر بەزەحمەت دەتوانێ خۆی لێڕزگار بکات، زۆربەی زۆری ئەوانەی



www.pertwk.com

بەدووی پرسی پەیوەندی نێوان ئیمان و بڕواو عەقڵدا دەڕۆن، زیاتر ئەوانەن کەدەسەڵاتی عەقڵیان تەسلیم بەهێزێ کردووە کەمیتافیزیقیای پەیوەندییەکانەو، جۆرێك لە میتافیزیقای دەسەڵات بەسەریدا زاڵە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کەزۆربەی زۆری ئەوانەی کەهەڵدەستن بەم لێکدانەوەیە بڕوایان بەوەیە کەعەقڵی میتافیزیکی باڵادەستەو هەر ئەو هەڵدەستێ بەڕێکخستنێ پەیوەندی مرۆڤ و هەر ئەویش دنیا ڕێك دەخات و پەیوەندی مرۆڤ و جیهان دەستنیشان دەکات. فەلسەفە لەپەیوەندییەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، لەچۆنیەتی دەست نیشانکردنی سروشتی مرۆڤ و ناخی مرۆڤ و بوونی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ، بەڵام بڕوا کارێکی تر ئەنجام دەدات ئەم دووانە لەهیچ ڕوویەکەوە یەك نین و یەك ناگرنەوە.. بڕواکە بەشێکە لەئایین بوونی ژیان لەدڵی مرۆڤدایە زیاتر لەعەقڵ، چونکە کۆنترۆڵی پەیوەندییەکانی مرۆڤ ئەکات لەگەڵ دەوروبەر، بەڵام کۆنترۆڵی بڕیاردانی ناکات. هەرچەندە لەئاییندا ڕۆڵی عەقڵ، ڕۆڵێکی تایبەتەو بەهیچ جۆرێك ڕەفز نەکراوەتەوەو هیچ یەك لەپێغەمبەرانو پەرتووکە ئایینیەکان، باسی بەتەنیا بڕوا، ناکەن، بەڵکو ئاماژە بەهەندێك لە لایەنەکانی عەقڵ دەکەن و ڕۆڵی عەقڵ دەستنیشان دەکەن، لەبەرەو پێشبردنی مرۆڤ و دیاریکردنی بڕوای قووڵ بۆ مرۆڤ.

لەکەلەپوری ئیسلامیدا عەقڵ بزوێنەری هەموو شتێکە، هەرچەندە بواری جوڵانەوەو سەربەستییەکەی سنوردارەو وەك ئەوە وایە لەشێوەی نیمچە بەندیخانەیەکدا بێت، خاوەنی سەربەستیو ئازادی موتڵەق نییە، بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێك لەو دەقانەی لەکەلەپوری ئیسلامیدا هەن عەقڵیان بەمەرکەزی لەش داناوەو دڵیش بەمەرکەزی بڕوا. لەدڵەوە بڕوا دەردەچێ و لەعەقڵەوە ڕێنوێنی دەکرێ. گەر عەقڵ ئازادی خۆی نەبێت لەبەڕێوەبردنی ژیاندا ئەوا عەقڵ تووشی نامۆیی و وێرانکاری دەبێت، زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە لەڕاڤەکردنی قورئاندا کۆڵیویانەتەوە، ڕۆڵی عەقڵیان ئەوەندە دیاری نەکردووەو ڕۆڵێکی زۆر کەمیان پێ بەخشیووە، ئازادی عەقڵ



سنوردارکراوە، تائەو ڕادەیەی کەبڕواو خواو کتێبەکانی دەستنیشانیانکردووە، لەوە بترازێ ڕۆڵی بۆ دیاریکراوە.. دیارە ئەمە نەك تەنیا بۆ عەقڵ بەڵکو ئازادی بۆ هەستەکانیش دەستنیشان کراوە، کەسێك ناتوانێ بەبێ ئازادیی هەستەکانی ئازادیی تەواو ببەخشێتە عەقڵ. کەسێك کەبڕوای بەئاستی باڵایی عەقڵانیەتە، دەتوانێ لەپشتەوەی بڕوا کارەکانی ئەنجام بدات. هەردوو ڕێبازی بڕوابوون بەعەقڵانیەتو بڕواداری خاوەنی کۆمەڵێ یاسای تایبەتین لەدیاریکردنی بڕواکاندا، بەبڕوای کەسێکی عەقڵانی باشترین یاسا بۆ دیاریکردنی دیاردەکانی مرۆڤ و سروشت و دەوروبەر، عەقڵەو ئەزمونی عەقڵ دەستنیشانی خاڵەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی مرۆڤ دەکات.

بەڵام لای کەسێکی بڕوادار ڕۆڵی عەقڵ تەنیا لەچوارچێوەی سیستمی بڕوا ئایینییەکاندا دەدۆزرێتەوە، بڕوای ئایینی وا لەو کەسە بڕواهێنەرانە دەکات کەتەنیا بڕوایان بەو هێزە میتافیزیکییانە هەبێت، کەفریادڕەس و دیاریکەری سروشتی مرۆڤن. ڕاوەستان بوونی نییە، هیچ ڕاوەستانێ لەبڕوا جۆراوجۆرەکاندا بوونی نییە.. دواکەوتوویی کۆمەڵگەو مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی نێوان بەردەوامی و ڕاوەستان، ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگەکاندا بەجوانی ەەبینرێ، کۆمەڵگەی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی لەبوارێکی تردا گەشە دەکات. لەئاستی ڕۆیشتن لەجووڵەوە بۆ داخراوی. کەئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی مەرگی ئەو زاراوانەی کەپێشکەوتنی مرۆڤ و کۆمەڵگە دیاری دەکەن. لەئایندا عەقڵ تائەو کاتە سەربەستی هەیە کەڕووی لەو وتەو پەرتووك و جەبەرووتانەی خودا.. وەرنەگێڕێ، واتا تەنیا یەك مەودا هەیە بۆ جوڵانەوەی عەقڵ، ئەمەش لەخودی ئایینەکەوە نەهاتووە، بەڵکو لەو هەوڵو فتواو شیکردنەوەو ڕاڤەکردنانەوە هاتووە، کەهەڵگرانی بیری ئایینی دەیخەنە بەردەمی مرۆڤ و داوای لێدەکەن جێبەجێیان بکات" وتاری ئاینی بڕوای وایە کەپشت بەستن بەم مەودایە بە تەنیا لەپرسی پەیوەندی مرۆڤ بەخوداو، ترۆپکی سەربەستییەوەیە،



www.pertwk.com

کەوا ئیسلام بەمرۆڤی دەبەخشێ.. لەڕاستیدا تەرکیز کردنە سەر ئەم مەودایە، ڕەنگدانەوەیەکی ترسناکی هەیە لەسەر ئاستی پەیوەندیە تاکەکان، لەدەزگا جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا لەلایەك و هەروەها لەپەیوەندییان بەنوێنەرانی دەسەڵاتدارەوە —هەر دەسەڵاتدارێ لەهەر ئاستێ لەلایەکی ترەوە.[67] ئەم داخراوی و یەك مەودایییە ڕێگا بۆ مەرگ خۆش دەکات، مەرگ لەهەموو مەودا جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ. کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان توانیان ئەم مەرگە بنبڕ بکەن. لەسەردەمێ لەسەردەمەکان دەسەڵاتی کڵێسا گەورەترین پایە بوو لەدەستنیشانکردنیدا، دەسەڵات و ڕەوتی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی وڵات و هەڵسوکەوتیان و کڵێسا سەربەستییەکانی عەقڵی دیاری دەکرد، سەرەڕای ئەمەش سنوری سەربەستی عەقڵ زۆر سنورداربوو، تاڕادەیەك کەمرۆڤ نەیدەتوانی بەهیچ شێوەیەك هیچ یاسایەکی مرۆڤ و مرۆڤی سەردەم بگۆڕێ، سەرەڕای ئەوەش بۆی نەبوو هیچ یەکێ لەو بۆچوونانەی بایبڵ و وتەکانی کڵێسا پێشێل بکات، کەسێکی وەگ گالیلی تەنیا لەبەرئەوەی یەکێك لەیاساکانی کڵێسای هەراسانکرد، یاسای مەرگی بەسەردا درا، هەر ئەمەش نا، بەڵکو سنوردارکردنی یاسای سەربەستی عەقڵی ئەوەندە تەسك بوو، کەس نەیدەتوانی گەشە بەعەقڵی خۆی بدات، گەر ئەوەشی بکردایە تووشی یاسای توند دەبوو. هەر بۆیە کودەتاو ململانێی گەورە لەژیاندا ڕوویدا.
شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکان و تێکشکاندنی سیستەمی دەسەڵاتی ئایین لەکڵێساکانی ئەوروپادا تەنیا گۆڕانکارییەك نەبوون لەبونیادی دەسەڵاتی کڵێساو یاساکانی کڵێسادا، بەڵکو گۆڕانکاری بوون لەڕەوتی عەقڵ، زۆر کەسیش لەناخی کڵێساوە توانی عەقڵ گەشە پێبدات، [باروخ ئسپینۆزای فەیلەسوف (1632–1677) وەك نمونە لەم ڕووەوە، نمونەیەکی جێ سەرنجی مێژووییە. یەهودی زادەیەك بوو لەبەر بڕوا "کفر ئامێزەکانی" کەنیسە وەك کافرێ لەقەڵەمی دا][68].. ئسپینۆزا کەسێکی عەقڵانی



بڕوادار بوو ئەو دەیویست عەقڵ لەناو ئاییندا زۆر بەجوانی ڕێگای بکاتەوە، "زاتی خودا هێزی عەقڵانی و هێزی ئیرادی نییە"[69].
بەرگری کردنی ئسپینۆزا لەعەقڵ بەرگری کردنە، لەعەقڵ، بەخشینی سیفەتی عەقڵ بەهەموو دیاردەکانی ئایین. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کەپیتەری مەزنی ڕووسی هەر زوو ڕۆڵی ئایینی ژێرپێی خست.. پرنسیپی ئاینی ئیسلامی وەك و زۆربەی ئایینە ئیسلامیەکانی تر، دەبینین ئەرکی ئایینپەروەران و بڕواهێنەرانە ئەوە بووە کە بەدوای ئەو پرسیارەدا بگەڕێن، خودا چییەو مەسەلەی دزێوو چاکیو ژیانی پاش مەرگو ڕەوشتەکانی و.. هتد.
ئەوانەی لەبواری فەلسەفەی ئایینییان کۆڵیوەتەوە هەمیشە بەدوای ئەوەدا گەڕاون کە لەبونیادەکانی ئایین بکۆڵنەوەو لەبوونی خوداو سیفەتەکانی خوداو ئەزمونی ئایینی بکۆڵنەوە.. فەیلەسوف بەجیاوازی لەگەڵ بڕواهێنەرێکی ئاسایی و پیاوێکی دینی لەم پرسیارانە قووڵبۆتەوە: کەئایا چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ئایین و زانست، ئایین و ئەخلاق، ئایین و سروشتدا.. لەهەمان کاتدا، بەدرێژایی مێژوو فەیلەسوفان هەوڵیانداوە لەوە بگەن کەمرۆڤ بۆچی قووڵدەبێتەوە بەرەو ناخی خۆی و بۆچی مرۆڤ لەم زەمینە بەرینەدا دەگەڕێتەوە بۆ خوداو، چ تەسکینییەك لەو پەیوەندییەدا دەبینێ و چ پەیوەندییەك هەیە لەو جۆرە باندەی کەمرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ هێزی باڵاتر. گرنگترین پرسیاری فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێ، ئەوەیە کەمرۆڤ پاش ئەوەی لەئاییندا تووشی نائومێدی دەبێت، پەنا دەباتە بەر چی؟! چ دەرگایەکی دی دەکوتێ بۆ ئەوەی بزانێ مانای ژیان و خودا چییە؟!.
لەفەلسەفەدا مانای ژیان جوودایە! لەئاییندا ئەو ژیانە لەبۆتەی باوەڕدا کۆبۆتەوە لەکۆمەڵگەی ئایینیدا، کێشەی گەورە، هەروەك وتمان عەقڵە، عەقڵ ناتوانێ سەربەستی خۆی هەبێت، ڕێگاگرتن لەگەشەکردنی عەقڵ لەهەموو سەردەمێکدا لەسەر دەستی دەسەڵاتە ئایینیەکاندا جێبەجێ



www.pertwk.com

کراوە، لەکلتوری ئیسلامیدا بڕواو عەقڵ هەرگیز شان بەشانی یەکتری نەڕۆیشتوون، هەندێ جار یەکێکیان پێشکەوتووەو ئەوی تریان دواکەوتووە، هەروەها بەپێچەوانەوە.. "ئەگەر ڕێنیسانسی ئەوروپای هاوچەرخ لەسەر بناغەی ڕەهاکردنی عەقڵ لەدەسەڵاتی پەنابردنە بەر دەقەکان دامەزرابێ، ئەو دەقانەی کەوا کەنیسە شیکردنەوەو تێگەیشتنەکانی بەکاری خۆی دەزانێ، بۆیە ئاسایی بوو لەعەقڵانییەتی ڕۆشنبیری ئیسلامیدا (کەئەویش عەقڵانییەتێکە ئابڵوقەدرا تا بەتەواوی بەسەریدا زاڵبوون) سەنەدێ بێ بۆ بۆچوونەکانی"[70] عەقڵ لەمێژووی دەسەڵاتی ئیسلامیدا ڕێگای لێگیراوە، سەرکووتکراوە، بەتاوانبارو لەڕێ لادەرو شەریك بۆ خودا پەیداکەر لەقەڵەمدراوە، ئەگەر کەسانێکی وا بڕواننە بیری ئیسلامی کەپڕە لەڕەهایی عەقڵ و بیرکردنەوەو ڕەهایی بیر ئەوا لەخەیاڵێکی پەتیدا دەژین. ڕاستە عەقڵ لەئیسلامدا لەو مەودایەدا ئازاد بووە کە تا چ ڕادەیەك بەرگری دەکات لەبڕواکان و بۆچوونەکانی، گەر کەسێکی وەك فارابی و ابن سیناو ابن رشدو.. توانیبێتیان لەچوارچێوەی فەلسەفەو عەقڵدا بجوڵێنەوە، بەو مەبەستە بووە کەچۆن بتوانن سەرچاوەی ئازادی خۆیان وەرگرن لەئایینەوە، چۆن بتوانن سروشتی بەرگری کردن لەئایین پەیڕەو بکەن، نەك بەو نیازەی کەڕەهایی پەتی عەقڵیان هەبێت، بەڵکو بەمەبەستی بەکارهێنانی ڕەهایی عەقڵیان لەدامەزراندنی پردی لێکدانەوەکانیان: توانیویانە فەلسەفەی خۆیان بخەنەڕوو، هەرچەندە پەیوەندییەکی شاراوەیان بەدەسەڵاتدارانەوە هەبووە، ئەو دەسەڵاتە دەرەکی و ناوەکیەی کە کەم و زۆر سەربەستییەکانی عەقڵیانی سنوردار کردووە، سنوردارکردنی عەقڵ تەنیا لەو سەرچاوەیەوە نەبووە کەتێکستەکان و بۆچوونەکانی ئایین وا پێویست بکەن بەڵکو پەیڕەوان و دەسەڵاتی عەقڵی ئایینی ئەوەندەی بۆیان کرابێ هێزی چەوسێنەرانەیان بەکارهێناوە بۆ داپڵۆسینی، هەمیشە سانسۆری عەقڵ ئامادە بووە.. ئەم دیاردەیە مێژوو لەدوای مێژوو بەدووی یەکداهاتووە، هەمیشەش ئەوانەی



کەنوێنەری ئایین و دەسەڵاتدارانی ئایینی بوون، ئەوەندە سەربەستییان نەبەخشیوەتە عەقڵی داهێنەر، کەبەسەربەستی ڕاکانیان دەربڕن، دەسەڵاتەکانی ئایینی لەبیری ئیسلامیدا هەتا سەدەکانی دوایین و تادوا دەسەڵاتی سوڵتانەکانی عوسمانی، هیچ جۆرە ناکۆکییەکی نەبووە لەبەرامبەر ئەوەی کەدەبێت سنورەکانی پیرۆزی ئایین بپارێزرێ، بەڵام ئەم سنورە کێشراوە تائەو ڕادەیەی کەڕێی لەهەموو ئەو هەنگاوانە گرتووە کەویستوویانە بپەڕنەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی کەلتوری ئایین و ئیسلام و کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەگەر تەماشای مێژووی ئیسلامی بکەین کەدژ بەسەربەستی عەقڵ کراوە تەنانەت خودی ئیسلامە پێشکەوتوخوازەکان و ئەوانەی کە بەڕاستی لایەنگری گەشەکردنی عەقڵی ئیسلامی پێشکەوتوخوازن، بڕوایان بەم خاڵە نییە. هەمیشە مەرگی داهێنان هۆکەی بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە، بڕوانە گەشەکردنی فەلسەفە لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا، لەسەردەمێکدا ئەوەندە باڵا بووە کەترسی خستووەتە بەر فەلسەفەی ئەوروپی، بەڵام هەر لەپڕ سنوردارکردنی عەقڵ وای کردووە ئەو فەلسەفانە زوو بکوژێنەوە یاخود بەبێ هیچ سەربەستییەك بەرەو پووکانەوە بڕۆن، هەر بۆیە لەسەردەمی گریگەکاندا، هەوڵی زۆر درا کەلەپوری ئیسلامی بۆ سەر زمانەکانی ئەغریقی وەربگێڕدرێ، بەمەبەستی سوودلێوەرگرتن.. مەرگی عەقڵ مەرگێکی دەستکرد بوو، سروشتی نەبوو، هەندێ لەپەیڕەوانی عەقڵانیەت مێژووی پاشکەوتووی و کۆمەڵگەی ئیسلامی بۆ ئەو سانسۆرە دەگەڕێننەوە، ڕاستە لەعەقڵی ئەوروپیدا هەمان کار هەبوو، بەڵام ئەمە ڕێی لەوە نەگرت کەعەقڵ بەسەر کەنیسەدا زاڵ بێت، پاشان دەسەڵاتی عەقڵ بەوەشەوە نەوەستاو خۆی گواستەوە بۆ ئاستێکی باڵاتر و گەشەکردووتر.

ئەگەر بڕوانینە پاش ڕوداوەکانی ئیمپریالیزمی و داگیرکردنی سەرزەمینی وڵاتانی ئیسلامی و سەرقاڵبوونیان بەبیری ڕزگاریخوازی و خەباتی نیشتمانی و ڕزگارکردنی نەتەوەییەوە، پاشان بوونیادنانەوەی ئاستەکانی



www.pertwk.com

کۆمەڵایەتی و ئابووریو.. شێوەیەك بوو لەسەرقاڵبوون بەكاری دیكەوە لەجیاتی شارستانییەت و گەشەدان بەبەشەكانی تری چالاكی عەقڵی، ناكۆكی ئاستەكانی ژیان كەلێنێكی دروستكردبوو لەچۆنیەتی پێكهێنانەوەی كۆمەڵگەی عەقڵ و هێزی عەقڵانیەت و گەشەدان بەشارستانییەتی عەقڵ و پێكهێنانەوەی عەقڵ، ئەم دیاردەیە لەكۆمەڵگەی ئیسلامیدا ڕاستە هۆكانی دەگەڕێتەوە بۆ نالاندن بەدەست داگیركردن و ئیمپریالیزمی و نەبوونی ئازادی، بەڵام هۆكەی تریشی نەبوونی ئەو سەربەستییە عەقڵانیەتەیە كە لەمێژووی عەقڵی ئاییندا ڕەگی داكووتابوو. لەم وتارەدا ئەوەمان بۆ دەركەوت كەخیتابی ئایینی كێشەی هەیە لەگەڵ ئەو عەقڵانەی كە دەیانەوێ هێزی عەقڵی پەتی بەكاربێنن. دەبوایە لەهەر سەردەمێكدا ئایین پرۆژەیەك بوایە بۆ گەشەدان بەئازادی و ڕزگاركردنی مرۆڤ و پێشخستنی مرۆڤ، بەڵام پاش ئەوەی كەهاتە مەیدانی جێبەجێكردن و دامەزراندن و هاتنی بۆ نێو واقیعی ژیانەوە بووە جۆرێك لەنائومێدی، ئایا ئەمە ئامانجی ئایین بوو؟!

* * *

لەكۆمەڵگەی ئەمڕۆدا هێزی عەقڵ زۆر گرنگە، دەزگا ئایینیەكانیش دەیانەوێ بەو هاوكێشەدا بچنەوە كەئایا مەبەست چییە لەعەقڵ! لەفیكری ئەوروپیداو لەپاش ڕێنیسانس و هەتا ئەمڕۆش، ڕۆڵی تاك لەتێكشكاندنی ئەو دیوارانەی كەبەربەستن لەبەردەم ئاسۆی عەقڵ و هێزی عەقڵدا، زۆر گرنگ بووە، هەر تاكێ كەیاخی بووە بۆتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوانەی پاش خۆی.

داخراویی كۆمەڵگەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان عەقڵ و دەسەلاتدار، بێ بوونی ئازادی و بێ بوونی زەمینەی داهێنانی عەقڵی نوێ، هەموو هەوڵەكان دەپووكێنەوە، لەسەردەمی كۆنداو لەژێر ڕكێفی سوڵتان و خەلیفەو شاكاندا جۆرێك سەركوتكردن لەئارادا بووە، بەڵام داهێنەران نەترساون.



دەبێ عەقڵ هەستێ بەدۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی كەهێز دەبەخشنە دەسەڵاتی عەقڵ، هەروەها ئەو پاشماوانە بسڕنەوە كەتا ئێستا بوونەتە هۆی خولقاندنی هێزی پەتی و پووكاندنەوەی عەقڵ، كۆمەڵگەی ڕۆژهەلات بەدەست پاشماوەكانی دەسەلاتی هێز تائێستا دەناڵێنێ، ئەم كارەش لەو ڕەوشتە خێڵەكی و عەسكەرتاریەت و مردنی دیالۆگ و وەستانی كاری ئەقڵ و ئەقلانیەتەدا بەدی دەكرێ. ئاشكرایە لەم ڕۆژهەلاتەدا وەنەبێ عەقڵ و عەقلانیەت بوونی نەبێ، بەڵێ بوونی هەیەو پایەی بوونی بەهێزەو زەخیرەی مەزنی هەیە، بەڵام ئەوەی مەرگی بەخشیوە بەم چالاكی عەقڵ و عەقلانیەتە، زاڵبوونی دەسەلاتی هێزی پەتیە، ئەمەش وای كردووە مەرگی مەزن لەدایك بێت، لەبوارەكانی ژیان و گەشەكردنی كۆمەلایەتی و زانستی و فیكریدا، لەبەرئەوەی عەقڵ لەناو زەبرو زەنگ و لەتەك هێزی پەتیدا هەڵناكات.. تیرۆری عەقڵ لەم وڵاتانەدا ئەوەندە بەربڵاوە بوار بەهیچ جووڵەیەكی سەربەستی نادات، بۆیەش بەربەستەكانی عەقڵ هەتا دێ زیاد دەبن..

گرفتەكانی ئەم كۆمەڵگەنە تەنیا لەوەدا نییە كەعەقڵ چەپێنراوەو دۆگماییەتی هێز زاڵە، بەڵكو بەكۆمەلایەتی كردنی هێزبووە بەكارێك و بەگشتی كراوە، دەستەواژەكانی هێز زەمینەی بۆ ڕەخساوە تاببێ بەكلتورو وەك ڕیتوێڵێ تەماشای بكرێت.. هەروەها وەچە بەدوای وەچە دەگوێزرێتەوە..

كاتێ ئەم كارەش بوو بەكلتور، ئەوا مەرگی تێگەیشتن لەیەكتری دروستدەبێت، ئەم مەرگەش ئەو ترسە گەورەیەیە كەزەمەن لەدوای زەمەن مەرگی دیكە بەدوای خۆیدا دەهێنێ، سەرەڕای ئەمەش ئەو مەرگە بۆ هەموو چالاكییەكانی تری ژیان و پەیوەندییەكان دەگوێزرێتەوە.. عەقڵ لەم نێوەندەدا گەشەكردنی لەپاڵ بەربەستەكاندا زۆر ئاستەنگ دەبێت، وەك گەورەبوونی منداڵێ لەنێو بەندیخانەیەكی داخراودا، تەنیا دیوارو



www.pertwk.com

پەنجەرەو دەرگاو پاسەوان و بەندیخانەکان دەبینێ، کەئەمەش وای لێدەکات بەردەوام لەو سنووروەدا گەشە بکات.

گەشەکردنی عەقڵ لەو مەودایەدا یەکێکە لەو ئاستەنگە گەورانە.

بۆیە ئەگەر عەقڵ ئامادە بێت هاوپەیمانی لەگەڵ ئازادیدا بکات، ئەوا باشترین ڕێگایە بۆ ڕزگاربوونی لەو ژێر دەستییە، ئازادی بەمەبەستی ڕزگاربوون لەو بەربەستانەی کەنایەڵن بجوڵێیتەوەو بەرەو مەودایەك بڕوا، کەبەرفراوانتر بێت، لەو مەودایەی کەتیایدایە. لەنێو داخراویدا دەرپەڕێ و بەرەو کراوەیی بڕوا، هەروەها بەسەر هەموو ئەو کۆسپانەدا سەرکەوێ کەڕێگای جوڵانەوەیان لێ گرتووە بۆ هەنگاوهەڵهێنان، لەداخراوەییەوە بەرەو کراوەیی، پرۆسەیەك ئەنجامبدا، واتا لەشاراوەی و نهێنییەوە بۆ ئاشکرایی "گواستنەوە لەکۆمەڵگەی داخراو بۆ کۆمەڵگەی کراوە"(71) واتا لەگۆشەگیری و دوورە پەرێزییەوە بۆ دەربازبوون تابگات بەمرۆڤایەتی، واتا لەتاك سروشتی دەرپەڕێ، چونکە "کۆمەڵگەی کراوە وەك پرنسیب هەموو مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە.."(72).

کەواتە سروشتی عەقڵ ئەوەیە کەدەبێ لەزەمینەی کراوەو بەرفراواندا گەشە بکات و ئەو دەرگایانە دابخات کەدەیخەنە نێو ژووری داخراوو سنوری دیاریکراو، هەروەها دەشبێ خاوەنی هێزی خۆی بێت، واتا تەسلیمی هێزی خۆی بێت و هەمیشەش بەرگری هێزی پەتی بکات.

## وەهمی داهێنان، یان مەرگی داهێنان؟

باسکردنی داهێنان کارێکی ئاسان نییەو مەودای جۆراوجۆری هەیەو لێکدانەوەی بەرفراوان هەڵدەگرێت، هەموو نوێ بوونەوەیەك ناچێتە خانەی داهێنانەوە، هەموو دووبارە دروست کردنەوەیەك نابێتە داهێنان، ئەرکی داهێنان لەوانە گرانتر و قووڵترە، ڕۆژ بەڕۆژو زەمەن بەزەمەن کاری داهێنان سەنگینتر دەبێت، مامەڵەی ئەمرۆ لەگەڵ داهێنان گرانترە لەمامەڵەی داهێنان لەدوێنێدا.. زەمەنی ئەمرۆ داوامان لێدەکات کەقووڵتر



بچێتە نێو کاری نوێ بوونەوەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم زەمەنە داوامان لێدەکات کەقووڵتر بچینە نێو کاری نوێ بوونەوەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم زەمەنە داوامان لێدئەکات جەربەزە و سەرسەخت بین، سەردەمی ئەمڕۆ سەردەمی ململانێیە، کەواتە دەبێ شێوازو ئەرکی داهێنان چۆن بێت؟!

مەفهومی داهێنان بەپێی سەرچاوەکان دەگۆڕێ، لەبواری بەرهەمهێنانی ئابوریدا، داهێنان کاری ململانێیە لەنێوان دەسکەوت و قازانجدا، لە کۆمپانیاو بەرهەمەکانی داهێناندا بیر لەجۆری ئەو دەسکەوتە ماددییە دەکرێتەوە کە بەئەنجام دەگات. لەداهێنانی جیهانیدا پێشتر بیر لەدەسکەوتی ئابوری دەکرێتەوە ئینجا دەسکەوتی مرۆیی، هەروەك داهێنانەکانی بواری تەکنەلۆجیاو چەك و ماشین و زانستی ئەتۆم و.. هتد.

لەجیهاندا ئەمڕۆ گەورەترین بڕی ئابوری تەرخان کراوە بۆ خەرجی بەرهەمهێنانی چەك و سەربازی. "وا سەرژمێری دەکرێ کەزیاتر لە 60.000 سەری ئەتۆمی لەجیهاندا هەیە، زۆربەیان توانای وێرانکردنیان هەزاران جار لەتوانای وێرانکردنی ئەو سەرە ئەتۆمییە زیاترە، کەشاری هێرۆشیمای وێران کرد.. خەرجی دیاریکراوی ئەم چەکانە بریتییە لە 500 بلیۆن دۆلار لەساڵێکدا، واتا 1.3 بلیۆن دۆلار لەرۆژێکدا.. 5٪ ئەم پارەیە واتە 25 بلیۆن دۆلار ئەتوانێ بەشێوەیەکی بناغەیی هەموو ئەو گرفتانەی کەوتوونەتە سەر شانی وڵاتانی سێیەم چارەسەر بکات"(73).

ئەمە بەڵگەیەکە لەداهێنانی مرۆڤ، بەڵام بەمەبەستی سوودی ئابوری، بێ گرنگیدان بەلایەنە ئابورییەکەی، دیارە ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لەهەندێ بواری بەرهەمهێناندا پارێزگاری ڕووە جوانکارییەکەی کردووە، سەرەڕای گرنگیدان بەڕووە ئابوریەکەی، هەر بۆ نموونە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئەلکترۆنیاو ئامێرە نوێیەکان، هەمیشە هەوڵدەدەن تازەترین داهێنان و نوێترین ئاسانکاری بخەنە بەردەستی مرۆڤ، هەرچەندە مەسەلەکە بۆ زیاکردنی قازانجە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کەلایەنە جوانکارییەکەی لەبەرچاو دەگرێت، ئەم جۆرە کارە لەداهێنانی کۆمپیوتەرو بەرنامەکانی



www.pertwk.com

میکرۆسۆفت و سۆنی Sony و فیلیپس و کانون و.. هتد بەدی دەکرێت، شێوەی بیرکردنەوەی ئەوان لەداهێناندا، ڕوویەکی داهاتوانەی هەیە، واتا بیر لە 10 ساڵ دوای ساتی ئانی دەکەنەوە، ئەمەش زیاتر وا لەدەزگاکانی ئابوری دەکات کەهەمیشە بەرنامەی داهێنان بەردەوامیان هەبێت، گەر بڕوانینە بەرهەمهێنانی (فیلم)ی هۆلیۆد، هەمیشە نوێ بوونەوەو داهێنانی بەردەوام بەدووی یەکتریدادێ، ئەمەش نەك لەیەك ڕووەوە بەڵکو لەهەردوو ڕووی داهێنانی جوانکاری و ئابوریشەوە.

داهێنان لەکۆمەڵگەکانی ئێمەدا هەمیشە لەگەڵ زەمەنی ئێستاو زەمەنی پێش خۆیدا دەڕوات. واتا ئەڕواننە چەند ساڵی لەپشتەوەی خۆیان نەك لەپێش خۆیان، ڕوانینی ئێمە پابەندە بەو ئاستانەی کەبەسەرچووەو لەسەرابدا دەژی، هەمیشە چاوەڕوانی سەرسوڕمانێ دەکەین، سەرسوڕمانێك لەپڕ بێتە دەرێ و هیچ پابەندێکی لەپێشینەی نەبێت.

لەپرۆسەی داهێنانی فیکری ڕۆژئاواییدا، ڕابردوو ڕوویەکی ناوەکی هەیە، هەموو گرنگییەك دەدرێ بەداهاتوو، لەهەوڵی ئەوەدان بەرنامەی ئەوە دارێژن کەچی ڕوودەدات پاش هەشتا ساڵ، یان هیچ نەبێت پاش دە ساڵی دیکە. لەبواری ئابوری و زانستیدا ئەم ڕوانینە گرنگییەکی مەزنی هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێ دەستنیشانی دەسکەوتەکان بکرێت.. لەهەموو پەیوەندییەکی دیالەکتیکیدا یەکەیەکی تیۆری و پێشینەیی زەینی بۆ یەکێك لەلایەنەکانی ئەم پەیوەندییە هەیە، ئەو یەکانەی کەڕێگا بەشیکردنەوەو چاودێری و پێواندن دەدەن[74].

واتا لەپرۆسەی داهێناندا پەیوەندی لەپێشینە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بتوانرێ چاودێری دیاردەکان بکرێ. لەداهێناندا ئەم چاودێری و پێواندن و شیکردنەوەیە بەپەیوەندی لەگەڵ داهاتوودا تەماشا دەکرێ، واتا تەماشای ئێستا ناکرێ بەپەیوەندی لەگەڵ ڕابردوودا، بەڵکو تەماشای دەکرێ لەگەڵ داهاتوودا، هەموو داهێنانێکی ئەمڕۆ بەرەو داهاتوو



دەڕوانێ، نەك ئاوڕدانەوە.. ئەم ئاوڕدانەوەیە لەداهێنانی ئێمەدا مەرگ دەخولقێنێ..

ئەم لێکدانەوەیە لەبواری ئابوری و داهێنانی زانستیدا حەقیقەتێکی موتڵەقە، بەڵام لەڕۆشنبیریدا جیاوازیەکی هەیە..

دیارە ڕۆشنبیری کەم تازۆر ئەکەوێتە ژێر کاریگەری لایەنەکانی تری ئابوری و زانستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە و بێ کاریگەری نابێت.

کەم تازۆر کاریگەریی هەیە بۆ سەر ئەو پەیوەندییانەی کەمەبەستێتی لەکارەکانیدا بیانخاتە ڕوو، گەر بڕوانینە کاریگەری ڕێنیسانس بۆ سەر هونەرمەند و نووسەرانی ئەو سەردەمە تێدەگەین کە چ کاریگەریەکی گەورەی هەبووە بۆ بواری داهێنانی ڕۆشنبیری. ئەمڕۆش لەداهێنانەکانی گەلانی ڕۆژئاوادا بەجوانی ئەوە بەدی دەکەین کەبازاڕو سەرمایەو داهێنانی پیشەسازی و ئەلکترۆنی چ کاریگەرییەکی کردوەتە سەر داهێنانی نووسەران و هونەرمەندان. بەڵام ئەوە هەیە کەڕۆشنبیری تەسلیمی ئەو هەموو یاخی بوونە نەبووە، کە لەبوارەکانی پێشکەوتنی پیشەسازیدا ڕوویان داوە. هەروەها هێشتا ڕۆشنبیری و داهێنانی ڕۆشنبیری لەپێشەوەی داخوازییە چاوچنۆکیە ئابورییەکانە، واتا نەبووە بەدارەدەستی ئەو چاوچنۆکییەی کە لەئارادایە. ئەوەی کەبەدی دەکرێت داهێنانی نووسین و بیستەری لەبازنەی مرۆڤایەتیدا دەخولێتەوە، داهێنان تەسلیمی ئەو مەرگی ویژدانە نەبووە، کەعەقڵی داهێنەری ئابوری و سەربازی و پیشەسازی بیری لێ دەکاتەوە. ئێستاش کەسانێك هەن لە ناخی ئەو کوشندەیی و داپڵۆسینە بێویژدانیەدا، گۆرانی بۆ ویژدان دەڵێن و ئەخلاقی داهێنەرانەی ئەدەب و ڕۆشنبیری هێشتا پارێزراوە.

بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە کەداهێنانی ڕۆشنبیری لەوێدا شان بەشانی داهاتوو دەڕواتە پێشێ، کەئەمەش بناغەی لێکدانەوەیە بۆ هەر پێشکەوتنێ.. داهاتوو بەو مانایەی دەرگایەکە بۆ



www.pertwk.com

تێگەیشتن لەگۆڕانکارییەکان و قوتاربوونە لەمەرگ و وەستان. داهاتوو بەمانای گەیشتن بەو سنورانەی کەپێویستە بیانبڕین، گەیشتن بەو نهێنیانەی کەمرۆڤ هەمیشە بەدویدا وێڵە، بروەدان بەو بزوتنەوە نەبڕاوەی کەمرۆڤ لەڕابردووەوە لەگەڵیدا بووە.

بەمشێوەیە بەهای عەقڵ بەرەو پێشەوە دەچێ و زیاتر گەشە دەکات و لەمەرگ قوتاری دەبێ، ئەم ڕوانینە لەلای عەقڵی ڕۆژئاوایی هەندێ جار تێکەڵ بەبەها ئابوریەکان دەبێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێ بەهای ئابوری بەسەر بەهای داهێناندا زاڵبکات. تەماشا بکە، گەر داهێنانی پەرتووکێ یاخود فیلمێکی سینەمایی یان مۆسیقا لەپێشدا لەڕووی توانای هونەریی و گرنگییەوە هەڵنسەنگێرابێ، نایەتە بازاڕەوەو ئەوەندەش خەرجی و پوولی بۆ خەرج ناکرێت کە بەزیانی ئابووری گەورە بگەڕێتەوە، ئەگەر ئەمەش ڕوویدات، بەڕێژەیەکی کەم ڕوودەدات بەڕێژەیەك کەنابێتە هۆی کارەساتی ڕۆشنبیری.

توانای عەقڵی ڕۆژئاوایی هەوڵی ئەوە دەدات هاوسەنگییەك لەنێوان دەسکەوتی ئابوری و داهێنانی ڕۆشنبیریدا دروستبکات. بەو مەرجەی کەجوانکاری و ئیستاتیکای داهێنان زەرەری گەورەی بەرنەکەوێت..

دیارە داهێنان لەم گۆڕەپانەدا ڕۆڵی مەزن دەگێڕێ، هەندێ جار لەملاوئەولاوە دەنگی نارەزایی دژ بەو بڕیارانە بەرز دەبێتەوە کەدەدرێن لەبواری هونەرو ئەدەبدا بەتایبەت لەکاتی بەخشینی خەڵاتەکانی نۆبڵ و کان و ئۆسکارو پۆلیتزەرو.. هتد. ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیەو نامانەوێ لێرەدا خۆمانی لەقەرە بدەین.. بەڵام ئەو ڕاستیەش دەبێ لەبەرچاو بگیرێ، کەکاری مەزن تەنیا لەبازنەی خەڵات و خەڵاتبازیدا ناسورێتەوە، کاتێك نەجیب مەحفوز لەدنیای عەرەبدا خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا، ئەمە مانای ئەوە نەبوو کە کەسێکی تر لەو باشتر نەبوو لەجیهانی ڕۆمان نووسی عەرەبیدا، بێگومان هەبوو، لەویش بەتواناترو دەوڵەمەندتر ئەمە نەك بەپێی ڕای من یان کەسانی دیکە، بەڵکو بەڕای



خودی نەجیب مەحفوزیشی. هەروەها جارجاریش خەڵاتەکانی ئۆسکار کەتەنیا لەبازنەی فیلمی ئەمریکی و بەرهەمەکانی هۆلیودا دەسوڕێتەوە، ئەمە مانای ئەوە نییە کەهیچ فیلمێك خۆی لەقەرەی فیلمەکانی هۆلیود نادات، ڕەنگە وەك تەکنیك ئەمەیان گومانی تێدا نەبێت، بەڵام وەك بابەت و دەرهێنان و ئەکتەری باش و مۆسیقاو.. هتد دیارە گەلێ فیلمی چاکترو داهێنەرانەتر هەن.

کەواتە مەداری داهێنان زۆر بەرفراوان و گەورەترە لەوەی کەدەزگایەك یاخود ڕژێمی یان دەستەو کۆمەڵێك دەستنیشانی بکەن، بەڵام باسەکەی ئێمە لەوەدایە کە کاری داهێنان لەکۆمەڵگە جیاجیاکاندا جیاوازەو بۆچوونی جیاوازیان لەبارەوە هەیەو لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ کراوە، چەندین داهێنانی مەزن هەن لەنێو گەلە جۆراوجۆرەکاندا بەهۆی هەندێ هۆی تایبەت و هەندێ هۆکاری ڕامیاری و ڕاگەیاندنەوە ناگەنە دەرەوەی کۆمەڵگەکانی خۆیان، هەروا بەبێ دەنگ و چرپە دەمێننەوەو لەنێو خودی خۆیاندا دەخولێنەوە. هەروەك لەپێشدا ئاماژەم بۆی کرد، کۆمەڵگەکانی ئێمە ڕوانینیان بۆ هەموو شتەکان پابەندە بەو هۆکارانەی کە ئابلۆوقەی داون، هەر ئەمەش وای کردووە، کەکەسانێکی زۆر بەچاوی گومانەوە بڕواننە پاشەڕۆژی داهێنانی گەلەکەی خۆیان..

داهێنان، دیاردەی کوشتن نییە، دیاردەی ژیانیش نییە، بەڵکو بریتیە لەزیندە بەچاڵکردنی ئەو حەزانەی کە لەناخەوە دێنەدەرێ، ئەمە لەکۆمەڵگەی داخراودا. واتا لەلای داهێنەری ڕاستەقینە ئەوەی کەدەنگی ناگاتە دنیای دەرەوە، وەك زیندەبەچاڵکردنی جگەرگۆشەکەی خۆیەتی لەنێو گۆڕێکی بێ نازدا.. لەڕاستیدا داهێنەر دەیەوێ ئەو کوشتنەی ناخی خۆی لەگیانی ئەو گیانانەدا ببینێ کەبەردەوام لەبەردەمیدا گوزەر دەکەن. لەداهێناندا هەموو جوانیەك بەدی دەکرێ تەنیا جوانی گیانی نووسەر نەبێ، چونکە گیانی نووسەر ئەو گیانە مردووەیە کەبۆتە شاکارێ و لەبەردەم دەستی خوێنەردایە. لەخوێندنەوەی بەرهەمی هەر



www.pertwk.com

هونەرمەندێکدا سەرزەنشتی هیچ شتێك ناکرێ تەنیا سەرزەنشتی بێ توانایی نەبێ لەبەرهەمەکەدا، کەئەوش بۆ نووسەر دەگەڕێتەوە، بەڵام گەر ئەو سەرزەنشتەش بوو بەدەستخۆشی ئەوا نووسەرو داهێنەر ئامادەییان وەك سەرابی لێدێت.

* * *

ڕەنگە زۆرجار لەڕۆشنبیری کوردیدا بانگەشەی ئەوە کرابێ کەداهێنان یان خوڵقاندن ڕوویداوە، بۆ ئەوەی لەم بۆچوونە بکۆڵینەوە پێش هەموو شتێ، بۆ ساتێك لەبونیادی ڕۆشنبیری کوردی ورد دەبینەوە، لەهەرسێ ڕووی گوفتارو نووسین و بینیندا.

لێرەداو لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا لەمەداری ڕۆشنبیریدا دەسوڕێینەوە، ناچینە سەر لایەنەکانی تری ئابوری و پیشەسازی، چونکە ئەم لایەنانەی تر لەحاڵەتی نەبوون یان ئیفلیجیدان، کەئەمەش یەکێکە لەو سیفەتە تالانەی کەمێژووی کورد وەك زۆربەی مێژووی گەلانی ناوچەکە پێوەی دەناڵێ، بەتایبەتیش ئەم حاڵەتە لای کورد وەك ئەوەی کەخاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتی خۆی نییە لەوپەڕی لاوازی و سیستیدایە.. مەداری ڕۆشنبیری گوفتاری کوردی بەپێی لێکدانەوە مێژوویەکان لەحاڵەتێکی باشدا نییە، هەرچەندە دێرینە، بەڵام لەنێو تەمێکی چڕدایە، کەناتوانین سیفەتەکانی لەیەکتری جیابکەینەوە، ناشتوانین دەستنیشانی داهێنانەکانی بکەین، ئەگەر وەك ڕۆشنبیری بروانینە ئەو چالاکییە گوفتاریانەی کە بەئەنجامی گەیاندوون لەمێژووی خۆیدا، بێگومان لەدووریانێکی نائاشکرادا دەوەستین.. گوفتاری رۆشنبیری ئێمە لەچاو گەلانی ناوچەکە ڕەنگە مێژووەکەی باشتر بێت، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی کوردەوە سیمایەکی ئاشکرای نییە.. ئەگەر بروانینە ئەو گوفتارانەی لەحیکایەتی گوێی ئاگردان و قسەی نەستەق و حەکایەتە کۆن و پەندە پێشینانەکاندان. بەدەگمەن حیکمەتی مەزن و مێژووی خۆمانیان تیادا دەبینین، ئەوەشی ئەمڕۆ دەگاتە دەستی ئێمە، لەڕێی گێڕانەوەی زار



بەزار، جێگای دڵخۆشی نییە.. هەروەها وتم گوفتارەکانمان نەخاوەنی مێژوویەکی زۆر دێرینن، نەئەوەندەش پڕن لەمێژووی گەلەکەمان. هەروەك لەسەرەوە ئاماژەم بۆیکرد، بە هۆی پارچەپارچەبوونی سیاسی و نەبوونی دەسەڵاتداری و هەندێ هۆکاری دیکەی ترەوە کەوایکردووە بەرهەمە گوفتارییەکان زۆر بەکەمی و دەگمەن و لاوازی بگەن بەئێمە.

هەمیشە کاری گوفتاری گۆڕاوە بۆ نووسین و لەشێوەی دەستنووسی مەزندا هەڵگیراوە، هەروەك گلگامشی سۆمەری کەخۆی لەخۆیدا شێوەیەك بووە لەئەفسانەی گێڕاوە، زار بەزار گەیشتوەتە ئێمە.. ئەم سستییە لەئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا سەرەڕای هەبوونی هەندێ دەسەڵاتی سیاسی پچرپچری کورد لەزەمەنە جیاجیاکاندا، بەڵام زنجیرەی پەیوەندییەکان ئەوەندە پتەو نەبوون کەپارێزگاری ئەوە بکات بۆ نووسینەوەو دووبارە تۆمارکردنەوەی ئەو شاکارانەی کە بەزارو لەڕێگای وتنەوە وتراون، چ شیعر بێت یان چیرۆك و حیکایەت و بەسەرهاتی سەیروسەمەرە تەنانەت ڕەنگە وتاری سیاسی و لێکدانەوەی فەلسەفیشمان هەبووبێ هەروا بەبێ تۆمارکردن و گەیاندنی بۆ قۆناغی نووسین لەدەست چوون و هیچ پاشماوەیەکیان نەماوە.

لەبواری نووسیندا یاخود نووسینکاریدا، هەرچەندە ئەو گەلانەی کەنزیك بەکوردن ئەم کارە مێژوویەکی ئەوەندە دێرینی نییە. چالاکییەکانی نووسین لەچەند لایەنێکی کەم و چالاکی سست زیاتر هیچ چالاکییەکی ترمان نییە. ئەمەش ئەو ڕاستییە بەجوانی دەسەلمێنێ، کەچالاکی هەر گەلێ پەیوەندی بەو کەمە چالاکییە ڕۆشنبیرییەوە هەیە کە لەمێژوویدا تۆمارکراوە، داهێنانی ئەغریقی لەفەلسەفەو شیعرو فەلەك و پزیشکی و گۆرانی.. هتد. لەگەڵ خۆیدا دەیەها نووسەرو نووسینی بەجێهێشتووە. واتا ئەو جۆرە داهێنانە لەنێو پەیوەندی بەدوای یەکداهاتن و پتەوی داهێنانەکاندا ماونەتەوە، ئەم پەیوەندییە لەمێژووی ئێمەدا پەیوەندییەکی شاراوەیە وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد هۆکاری زۆرە، هەر



www.pertwk.com

لەدەوروبەریدا ئەدەب و ڕۆشنبیری عەرەبی و تورکی و فارسی خاوەنی پاشماوەیەکی دەوڵەمەندن لەچالاکی نووسراوو تۆمارکراوەکان، لەنێو بازنەی ڕۆشنبیری کوردیدا چەند چالاکیەکی زۆر دیاریکراو دەبینین، کەزۆر بەمەزنی لەمێژووماندا بەحەشاراوی ماونەتەوە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دابڕاوی لەنێوان ڕۆشنبیری و دەسەلاّت بەهەموو شێوەکانیەوە..

ئەگەر بڕوانینە گەشەکردنی سەدە نوێکان، ئەو نووسینانەی کەتایبەتن بەدەقی کوردی و ڕەنگدانەوەی دەقی کوردی، بەئاشکرایی دەردەکەوێت کە لەچ قەیرانێکدان، من نامەوێ لەتوانای دەقی کوردی کەم بکەمەوە، بەلاّم پێویستە پەنجە بۆ ئەو خاڵە لاوازانە درێژ بکەم کەڕۆشنبیری و دەقی کوردی (نووسراوو تۆمارکراو) پێوەی دەناڵێنێ، کاری نووسینمان هەمیشەو پاش سەدەکانی هەڤدەهەم تائێستاش لەژێر کاریگەریدا کاری بەرهەمهێنانی خۆی ئەنجامداوە، یەکەمین کاری نووشتاریمان هەر لەشیعرو حیکایەت و.. هتد. دووچاری پاشەڵی بووە، هەمیشە پاشکۆ بووە، چ لەژێر کاریگەری دەوروبەر یان لەژێر کاریگەری ئەو لاسایی کردنانەی کەبۆی ماوەتەوە.. کاتێ شەرەفخان ویستی مێژووی ئەمارەتە کوردییەکان بنووسێتەوە، بێئەوەی بەخۆی بزانێ لەژێر کاریگەری فیکرو ڕۆشنبیری فارسیدا ئەو کارەی ئەنجامدا. ئەمەو ئامارێکی زۆر لەکاری ڕۆشنبیریمان کراوەتە قوربانی ئەو پاشکۆیە چ بەهۆی کاریگەری ئاینییەوە بووبێت، یان بەهۆی کاریگەری هەر شتێکی ترەوە. دیارە لەم کارەشدا ئاینن کاریگەری خۆی هەبووە، هەروەك چۆن گەلانی تر نەیانتوانیوە لەو کاریگەرییە قوتاربن، کوردیش لەو کاریگەرییە بێبەش نەبووە، یەکەمین کاری ڕۆشنبیری کوردی و یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیش کە (کوردستان)ە، نەیانتوانی دەنگی ڕەسەنی کوردی بن، (ڕاستە کاریگەریی کارێکی ئاساییەو لەهەموو دنیا هەبووە) بەلاّم کاریگەریی لەڕۆشنبیری ئێمەدا بەناخی هەموو بەشەکاندا قووڵبووەتەوەو، کاری



کردووەتە سەر داهێنانەکانمان. هیچ یەك لەو ڕۆژنامەو چالاکی و نووسینانە نەیانتوانی ببنە داهێنان و بزووتنەوەیەك لەبوونیادەکانی بیرو بوونیادەکانی کۆمەڵگەو بناغەیەك بۆ داهێنانی کوردی دروستبکەن. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم و شۆڕشە یەك بەدوای یەکەکانی ئەو سەردەمەداو گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی و پەیدابوونی بەرەنگاری و شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودو قازی محەمەد.. ڕۆشنبیری کوردی لەنێو بازنەیەکدا دەسوڕایەوە. ئەویش لەژێر کاریگەریەکی پتەوی دەوروبەردا سەرەڕای ئەمانەش داهێنانەکان زۆر دیاریکراوو گەلێك سنوردار بوون. هۆکەشی بۆ ئەوە ئەگەڕایەوە کەتازە جۆرێك لەهۆشیاری ڕۆشنبیری سەری هەڵدابوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەزۆربەی زۆری ئەو کارانەش هەر لەپڕ دەردەکەوتن و دەکوژانەوە. ڕاستە هەندێ چالاکی تایبەت هەبوون، کە لەو کاتانەدا سەریان هەڵدابوو، بەلاّم لاسایکردنەوەیەکی دەقاودەق.. گەشەکردنی شیعری کوردی لەپاش سەرهەڵدانی دەنگی نالی و سالم و مەحوی و سەرهەڵدانی نووسین و تۆمارکردن و چاپی کوردی، شێوەیەکی تر بوو لەسەرهەڵدان و بوار خۆشکردن بۆ داهێنانی نوێ، داهێنانی مەزن و سەرهەڵدانی وتاری سیاسی و نووسینی سیاسی دەرگایەك بوو بۆ چوونە نێو جیهانی نووسین و کاری نووسینەوە بەشێوەیەکی یەکجار بەرفراوان. بەلاّم سەرەڕای ئەمانەش و سەرەڕای ئەو هەموو تۆمارکراوانەو پەرەسەندنی کاری نووشتاری، هێشتا ئەو داهێنانە نەبوو کە زۆر کەس چاوەڕوانیان دەکرد، چونکە لەئەدەب و ڕۆشنبیریی فارسیدا کەسانی وەك خەیام و حافڤ و سەعدی شیرازی و لەعەرەبدا ابو العلاو المعری و المتنبی هەڵکەوتوون.. کە لەجیهاندا دەنگی خۆیان هەبوو جێگای خۆیان کردۆتەوە، کەسێکی وەك حافز هەرچی فەلسەفەی ڕۆح و ژیان و مەرگ هەبوو لەشیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، هەروەها خەیام دیاردەیەك بوو لەدیاردەکانی شیعری جیهانی. کەچی ئێمە دەڕوانینە نالی و سالم بۆ بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەو



www.pertwk.com

زاتانەدا، بەڵام ئەم بەراوردکردنانە تووشی گومانمان دەکەن، ئەگەر بروانینە ڕاستی ئەم مەسەلەیە دیسان گومان دەکەین لەوەی کەئەمان واتا (سالم و نالی) توانیبێتیان بگەنە ئەم سنوورە. من نامەوێ لەپلەوپایەی ئەم شاعیرانە کەم بکەمەوە، بەڵام حەقیقەتی ڕەخنەیی کارەکانی ئەمان بەبەراوردکردن لەگەڵ ئەواندا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ.

ئەمە لەبواری شیعریدا، هەروەها وتارەکان و حیکایەت و نووسینەکانی تریشمان ئەوەندە دەوڵەمەندتر نین لەبەشەکانی تر.

ئەو پەیوەندییە خێڵەکییەی کەکۆمەڵگەی کوردەواری پێوەی دەناڵاند کاری کردبووە سەر هەموو گەشەکردنەکانی بواری سیاسی و ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەیەك کەزۆر بەئارامی بەرەو گەشەکردن دەڕۆیشت، هەروەها پەیوەندییە ئایینییەکان ڕێگایان گرتبوو لەهاتنە ژوورەوەی هەندێ لەو پێشکەوتنانەی کە لەدەوروبەرماندا ڕوویان دەدا، داهێنانی ڕۆشنبیریمان لەو پەیوەندیانە بوو کەبەردەوام پەیوەست بوون بەهەموو پەیوەندییەکانی دیکەوە، کەسێك لەناخی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەدا بیەوێ داهێنان بخولقێنێ پێویستی بەوردەکارییە، لەبوارە جیاجیاکانی داهێناندا جگە لەمەش پێویستی بەسەربەستییە. هەندێ دیاردە لەدەوروبەردا ڕوویان دەدا، ڕۆشنبیری کوردی نەیدەوێرا بەقەرەیاندا بچێت، نەك لەبەرئەوەی لێیان دەترسان، بەڵکو لەبەرئەوەی سڵی لێدەکردەوە، سڵکردنەوە لەشێوەی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

زۆربەی ئەو هەوڵانەی کەبۆ داهێنانی نوێ دەدران، جۆرێك لەنادڵنیایی و بروا نەبوون بەخودی خۆیان تێدابوو، هەروەها چاوەترسی زۆر بەکەمی لەو شکاندنی سنوورەکاندا دەبینرا..

لەبواری داهێنانی ڕۆشنبیری مەزندا، جۆرێك لەنادڵنیایی زاڵبوو لەبوارە جیاجیاکانی داهێنان و خولقاندندا. هەروەها کاریگەریەکان لەهەموو شوێنێك ئامادەبوون لەپەیوەندییە شێوەیی و ناوەکییەکاندا.



وەهمی داهێنان لەبیروبۆچوونی داهێنەرەکاندا زاڵبوو، هەر بۆ نموونە باس لەشیعر دەکەین، لەسەرەتاداو لەسەرهەڵدانی شیعری نووسراودا بەتایبەت لەلای نالی و سالم و مەحوی و لەپاشانیش شیعری کوردی وەرگرتنێ بوو لەهەموو ڕوویەکەوە، شێوەو فۆرم و هەندێك لەناوەڕۆکەکانیش وەرگرتنی شیعرو بەحرو وەزن و عەروزی عەرەبی بوو، هەرچەندە لەپاشاندا هەندێ گۆڕانکاری ڕوویدا، وەك گۆڕانکاری لەسەر ناوەڕۆك و بابەت و بۆچوونەکان، بەڵام ئەو کاریگەرییە هەروا مایەوە.. بگرە بناغەی شیعری کوردی و ڕێچکەی ڕاستیی لەشێوەی فۆرمدا، لەشیعرە فۆلکلۆریەکاندابوو، بەڵام ئەم کاریگەرییە ئەوەندە پەرەی نەسەند، بەڵکو پشتکرایە ئەو ڕێچکە ئەسڵییە..

هەموو ئەو گۆڕانکاریە ئابووری و سایکۆلۆژی و ڕامیاریانەی کە لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا هەبوون، هۆکاری مەزن بوون بۆ ئەوەی بتوانرێ تایبەتمەندی ببەخشنە ڕۆشنبیریەکەی، بەڵام لەپاڵ هەر هەوڵێکی ڕۆشنبیریدا وەهێمکی داهێنان هەبوو، ئەو وەهمە پێش وەخت گۆڕی بۆ داهێنان هەڵدەکەند، خاوەنی گەلەك پرنسیپ بوو، کە دەیانتوانی لەپەیداکردنی پەیوەندی لەنێوان ڕابردوو ئێستادا بەشداربن، بەڵام ئەو ڕابردووی کەلەپوورە بەردەوام لەئێستادا قەیرانی دروستدەکرد.. کەلەپووری کورد و ڕۆشنبیری کوردی بەردەوام لە قەیراندا ژیاوە، ئەمەش خۆی بۆ خۆی لە بونیادی کۆمەڵگەدا قەیرانی دروستکردووەو مێژووەکەی تووشی قەیران کردووە.

ئەمرۆش وەهمی داهێنانی ڕۆشنبیری کوردی لەوپەڕیدایە، ئەو وەهمەی کەعەقڵی ڕۆشنبیری بانگەشەی بۆ دەکات. بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەوەیە، کەئایا عەقڵ بەبێ بوونی سەرسوڕمان دەتوانێ بڕیاری داهێنان بدات؟!



www.pertwk.com

ئایا ئەوەی لەدەرەوەی سەرسوڕمان دروستدەبێت. دەکرێ ناوی داهێنانی لێبنرێت؟! ئایا ئەو داهێنانەی کەسەرسوڕمان دروست ناکەن تووشی مەرگ نەبوون؟! یاخود لەوەهمی ژیاندا ناژین؟!

ڕۆشنبیری کوردی لەسەردەمەکانەوە هەتا ئەم سەردەمەش بەو یاسای (سوودو قازانج)ە مامەڵە لەگەڵ بوونی خۆیدا ناکات. بۆیە گەورەترین وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی سەرەوە ئەوەیە کەداهێنان ئەو داهێنانەیە کەسەرسوڕمان دروستدەکات.

ڕۆشنبیری کوردی ئەو پرۆژانەی ئەیخستنەڕوو، ئەوەشی دەیانخاتەڕوو، یاخود ناکامڵن یان بێ هیچ بەرنامەیەکی داڕێژراو دێنە بەرهەم، پرۆژەیەك نین تایبەت بن بەواقیعی ڕۆشنبیری کوردی و لەزەمینەو سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەڵقولاّبن، ئەگەر لەبواری ڕۆشنبیریدا بڕوانینە بەرهەمە بەرهەم هاتووەکان، بێ هیچ دوودڵییەك، هەست بەو ناکۆکیە دەکەین کەبووەتە هۆی پاشکەوتووی ڕۆشنبیریمان، لەبواری سیاسیدا ئەم ناکۆکیانە ئەوەندەی تر قووڵ و ئاڵۆز بووە، پرۆژە سیاسیەکانمان نەك گەشەی نەداوە بەبزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری، بەڵکو تووشی نەهامەتی و ماڵوێرانی کردووە (ئەزموونەکانی پرۆژەی سیاسی ڕابردوو و ئێستامان شایەدی ئەم واقیعە تاڵەن)، نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان زەمینەی جیهانی و ناوخۆیی، وای کردووە پرۆژەکانمان بەناهاوسەنگی بێنە بەرهەم.

عەقلّی داهێنەری سیاسی بەدەست ئەو نەهامەتییە تیۆریانەوە دەناڵێنێ کە نائامادەن بۆ لێکدانەوەی کێشەکانمان.. گەر بڕوانینە چین وتوێژو چینە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، دەبینین نەتەوە پەرستەکان لەڕوانگەی بیری خێڵەکییانەوە دەڕواننە چارەسەرە نەتەوەیی و کێشەکانی سەردەمی نوێ و دەوڵەت و سیستم و یاسا، مارکسییەکان ئێستاش لەو بازنە داخراوانەدا دەسوڕێنەوە، کەبوو بەهۆی ماڵوێرانی بۆ هەموو بزوتنەوە مارکسییەکانی جیهان و ئێستاش قورئان ئاسا مامەڵە لەگەڵ



چەمك و وتەو بۆچوونەکانی مارکس و لینیندا دەکەن. نەدەتوانن لەگەڵ یاسای نوێی دنیادا هەڵکەن و، نەدەشتوانن ئاسۆی ڕوانینەکانیان بگۆڕن، لەم سەردەمەشداو پاش ئەو هەموو هەرەسانەی بەسەریاندا هات، پرۆژەو بەرنامە ڕۆشنبیرییەکان لەم ڕوانگەیەوە دادەڕێژن.. بزوتنەوە ئیسلامییەکانیش هیچیان لەوانی تر زیاتر نییە، ئەمانیش کۆپییەکی دەقاودەقی ئەو بزووتنەوە ئیسلامیانەن کەئەمڕۆ لەجیهانی ئیسلامیدا بلاّوبوونەتەوە، ئەوانەی کۆمەڵگەی کوردەواری بەهەندێ ناکۆکی زیاترەوە و بەلەبەرچاونەگرتنی بارودۆخی کۆمەڵگەکەیان، دەیانەوێ سیستمی ویلایەت و مەمالیکی ئیسلامی دامەزرێنن و پێش وەختەش ڕەفزی هەموو جۆرە دیموکراسیەتی بیر دەکەن..

نوێگەری ڕۆشنبیری بوارەکانی ئەدەب و هونەر.. لەبونیادی ڕۆشنبیری کوردیدا سیستمێکە ڕەگی داکوتاوە، ئەو تازەگەرییەش کەبزووتنەوەی ڕۆشنبیری شاباشی بۆ دەکەن و لەخەیاڵی خۆیاندا گەیشتوونەتە دوا ترۆپکی نوێخوازی و پاش نوێخوازی و بگرە هەندێ جار پاش نوێخوازییان پەڕاندووە. زێدەتر ئیفلیجی خستووەتە نێو ڕۆشنبیرییەکەوە. بگرە زمانی دایەلۆگ و وتووێژی چارەسەرکەرانەی تووشی ڕاوەستان کردووە.. هەر بۆیە دەبینین هەوڵەکان هەمیشە تاکەکەسین و نەچوونەتە قاڵبی چارەسەریەکی سەرتاسەری وتووێژی بەرفراوانەوە، دەزگای تایبەت نین بەباسکردنی مەسەلەی برەودان بەڕۆشنبیری و کودەتای ڕۆشنبیری، هەرچەندە هەوڵە تاکە کەسییەکان هەندێ جار دەبنە جێی وتووێژو ململانێ، بەلاّم ناتوانن لەنێو بۆتەیەکدا کۆببنەوەو بین بەدەنگ. هۆکەشی بۆ لاوازی ئەو بازنانە دەگەڕێتەوە..

شێوە وەهمیٚ لەناخی ڕۆشنبیری کوردیدا ئامادەیە، ئەمەش بووە بەهۆی کوشتنی و تووش کردنی بەکوشندەترین نەخۆشی، ئەم وەهمە وا دەکات کەجۆرێك لەڕاوەستان دروست بێت بەو وەهمەی کەئێمە لەوپەڕی داهێناندایین و هەموو سنورەکانی داهێنانمان بڕیوەو پێویست ناکات



www.pertwk.com

خۆمان لەوە زیاتر ماندوو بکەین، بەڵام لەڕاستیدا مەسەلەکە ئەوە نییە، ئەم وەهمە دروستکەری مەرگی ڕۆشنبیریە، هەندێك پەیدا دەبن و ئەڵێن ئێمە ترۆپکی نوێخوازین و هەموو سنورەکانمان بڕیوەو پێویست ناکات زیاتر بڕۆین و خۆیان لەباڵاترین ئاستی داهێنان دادەنێن و وا دەزانن ئیتر ئەوە دوا سنورە کەبڕیویانە.. ئەم دیاردەیە نەك ڕۆشنبیری بەرەو پێش نابات، بەڵکو تووشی مەرگ و ئیفلیجیشی دەکات.. ئەوەشی وا دەکات کە لەیەك پونتدا بمێنێتەوە ئەم وەهمەیە، ئەو وەهمەی وا دەزانی هەموو شتێکی بەڵام لەڕاستیدا هیچ نیت. ئەو وەهمەی وا دەزانی هەگبەکەی پڕە، کەچی لەڕاستیدا خاڵییە، ئەو وەهمەی وا دەزانی هەموو گیرفانی پڕە لەزێڕو زیو، بەڵام لەڕاستیدا پڕە لەخۆڵ..

داهێنانی ڕۆشنبیری کوردی لەچاو داهێنانەکانی دەوروبەری خۆیدا لەقەیراندایە هۆکەشی ئەو پەیوەندییە ڕۆشنبیریە دیاری دەکات، کەگروپە ڕۆشنبیرەکان لەهەوڵی ئەوەدان گەڵاڵەی بکەن. هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ چەمکدا مامەڵەیەکی لاواز بووە، ئەو چەمك و لێکدانەوانە دەبێ سەرلەنوێ هەڵبوەشێنرێنەوەو خوێندنەوەی تازەیان بۆ بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەو سستیو لاوازیو ناتەواوییەی کەتووشی جەستەی ڕۆشنبیری بووە، چارەسەر بکرێ، هەروەها دەشبێ لەو قۆزاخەیە بێتە دەرێ کەخۆی تیایدا حەشارداوە، ڕۆشنبیری کوردی بەشێوەیەك دابڕاوە لەو پەیوەندییە جیهانییەی کەئابلۆقەی داوە، پەیوەندی بەدەرەوەی خۆی زۆر سنوردارە، شارستانیەتو تەکنەلۆژیاو گۆڕانکارییەکانی دەوروبەری کۆمەڵگەی کودەواری ئەوەندە بەخێرایی دەڕۆن، کەپێویستە ئاوڕیان لێبدرێتەوە، جیهانی پاش جەنگی ساردو پەیدابوونی تاك هێزیو پەرەسەندنی جەنگە نەتەوەییەکانو توندوتیژبوونی ململانێی نێوان هێزەکان و گەشەکردنی تەکنەلۆژیا بمانەوێ و نەمانەوێ دەبن بەبەشێك لەژیانی ڕۆشنبیری ئێمە، بەڵام ئەوەی جێی داخە هێشتا بابەتەکانمان لەدەوروبەری گەلێ بابەتی ئاساییدا دەسوڕێنەوە، بۆیە پێویستە



کودەتایەك بەسەر دەستەواژەکاندا بکرێت، لێرەوە پێویستی بەکودەتایەکە بەسەر پەیڕەوەکان و شێوازە تەقلیدیەکاندا لەهەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەقەکاندا و لەگەڵ دەوروبەری خۆمان و لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە لەسنورە دوورەکانی ئێمەوە ڕوودەدەن.

پێویستە لەسەر ڕۆشنبیری کوردی هەموو ئەو دەقانە بخوێنێتەوە کەبەشدارن لەچارەنووسیو، بەشدارن لەگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو سیاسیو فیکرییەکانی.

خوێندنەوەی دەق بەشداری دەکات لەگەشەدان بەماناکانی بوونو گەشەکردنی "لەبەرئەوە خوێندنەوەی دەق خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیانەی نوێ، ناتەقلیدی، بەشداری دەکات لەئاشکراکردنی شاراوەکان، واتا بەشداری دەکات لەدامەزراندنی پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ خودی عەقڵ و ماناو جیهان و شتی تردا.."[75].

خوێندنەوەی ئەو دەقانەی کەپێویستن بۆ ئەوەی لەمێژووی خۆمانو دەوروبەرمان بگەین، لەبوونیادی خۆمانو دەوروبەرمان بگەین، بزانین چ ڕێگایەك پێویستە بۆ گەیشتن بەو لوتکانەی کەدەمانگەیێنن بەجیهانی بوون، یان نزیك بوونەوە لەجیهانی دەرەوەی خودی خۆمان.

خوێندنەوەی دەق گرنگییەکە، هەمیشە ئەوە دەردەخات کە لەدووتوێی ڕاستیەکاندا خۆیان حەشارداوە، خوێندنەوەی دەق واتا وردکردنەوەی ئەو گرێیانەی کەئاڵۆزن، ئاشکراکردنی ئەو کەلێنانەی کەبۆ ئێمە نائاشکران.

خوێندنەوەی دەق واتا گەیشتن بەو پونتانەی کەنەخشە ونبووەکان ئاشکرا دەکەن.

ئەگەر هاتوو ڕۆشنبیری هەروا لەنێو دووتوێی دەقە مردووەکاندا سوڕایەوە، هەروەك لەنێو ڕۆشنبیری کوردیدا بەدی دەکرێ، ئەوا مەرگی هەمیشەیی لەدایك دەبێت و مەرگ خۆی بەهەموو دەقەکان دەگەیەنێ، بەڵام خوێندنەوەی دەق بەقووڵی و بەشێوەیەکی زیندووانە گیانێکی نوێ و دەقێکی نوێ دەبەخشێتە ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیران.



www.pertwk.com

"میشال فۆکۆ بەخوێندنەوەیەکی نوێ و گۆڕانکارییەوە دەقی ئەفلاتۆنی خوێندەوە، بەم شێوەیە نوسخەیەکی نوێی لەبارەی ئەفلاتۆنەوە پێشکەشکرد، ئەویش زیندووکردنەوەی دەقەکەی ئەفلاتۆن و لەهەمان کاتدا خوێندنەوەیەکی نوێ بوو بۆ خودو ڕاستی و بوون.."[76].

* * *

## دەوروبەرو ڕۆشنبیری کوردی:

دەوروبەر تەنیا ئەو ڕووبەرە جوگرافییە نییە کە ئابلۆوقەی داوین و لەمەداریدا دەسوڕێینەوە. بەڵکو دەوروبەر هەموو ئەو پەیوەندییە ڕۆحی و ژینگەیی و هەستیانەیە کەبەردەوام خوود لەنێوەندیاندا پەیوەندی پەیدا دەکات، لەم جیهانی پەیوەندییەدا، پێویستییەکان ئاشکرا دەبن و داهێنانەکان دەتوانن بەجوانی ڕێڕەوی خۆیان بدۆزنەوە. مرۆڤ لەپەیوەندیدایە، ئەم پەیوەندییەش وای لێدەکات کەنوێ بوونەوە لەناخی خۆیدا دروستبکات، لەم جیهانی پەیوەندییە پێویستییەکان ئاشکرا دەبن، ئەو کاتەش دەزانرێ کەچ ناکۆکییەك لەجەستەدا هەیە بۆ ئاشکراکردن و چارەسەرکردنیان. بۆیە پەیوەندی زەرورەتە، پەیوەندی کۆمەڵ لەگەڵ کۆمەڵدا یاخود تاك لەگەڵ تاکدا، خود لەگەڵ ناخی خۆیداو تاك لەگەڵ ناخی خۆیدا، بەم جۆرە دەوروبەر دەستنیشان دەکرێت و تاك پەیوەندی خۆی دەدۆزێتەوە..

کەواتە دەوروبەرەکان گرنگن، بەڵام ئایا چ دەوروبەرێ، تاك لەپەیوەندیەکانی خۆیدا بەدووی ئەو دەوروبەرانەدا دەگەڕێ کەپێویستن و نزیکن لەسایکۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیای خۆیەوە. هەروەها بۆ کۆمەڵگەش ئەم نزیکییە گەلێك پێویستە، نزیکبوونەوە لەو مەودایانەی کەبەشدار دەبن لەپێکهێنانی یەکەی بوونی خۆی و هەستەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەرە نزیکەکەدا، پەیوەندی لەکاتێکدا گەشەدەکات گەر هات و دەوروبەرەکان لەگەڵ خودی کۆمەڵگەو تاکدا گونجان.. لەسایکۆلۆژیای کۆمەڵگەدا، پەیوەندی ڕۆحی و دەروونی تاکەکەس لەکاتێکدا



گەشەدەکات، ئەگەر هاتوو ئەو حەزانەی کەخۆی بەدوایاندا دەگەڕێ لەدەوروبەرێکدا بیانبینێ.

عەقڵ و هەست لەپەیوەندیدا لەگەڵ دەرەوەدا ململانێی ئەوە دەکەن کەناتەواویەکانی خۆیان بەو پێویستیانەی دەوروبەر تەواوبکەن و بیگەیەننە کەماڵ، ئەمەش جۆرێکە لەحەزی بەکامڵبوون، بەڵام بەپەیوەندی لەگەڵ خۆیاندا هەوڵدەدەن دووبارە خوڵقاندن دروستبکەن.. واتە داهێنان.

* * *

ڕۆشنبیری کوردی لەگەڵ دەوروبەردا لەپەیوەندییەکی تەسکدایە، لەبەر چەند هۆیەك، لەڕووی دەزگای دەوڵەتی و دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵگەو دام و دەزگاکانی لەقەیرانێکی تایبەتدا دەژین، ئەم قەیرانە دەرئەنجامی نەبوونی دەوڵەتی کامڵ و دام و دەزگای ڕۆشنبیری کامڵەو قاڵ نەبوونی تاکەکانیەتی بەیاسا بناغەییەکانی ژیانی ڕامیارییەوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ئابڵۆوقە بەردەوامەکانی دەوروبەرو بەرتەسکی ئاسۆی ڕوانینەکانی و نەبوونی هەزینەیەکی ڕۆشنبیری دەوڵەمەند کەبتوانێ بەردەوامی بەم بارودۆخە ئاڵۆزە بدات، هەروەها پێکهاتوویی ڕۆشنبیرییەکەی، پێکهاتوویەکی دواکەوتووە، بەرهەمی کۆمەڵگەیەکە کەناکامڵی ئابڵۆوقەی داوە، ناکامڵی لەڕووی گەشە چینایەتییەکان و پێشکەوتوویی ئابوری و نامۆبوون بەو زاراوە نوێیانەی کەهاتوونەتە نێو کۆمەڵگەوە.. سیفەتی "داخراوی" بووەتە سیمایەك لەسیماکانی کۆمەڵگە.. شێوەیەکی تەماوی لەزۆربەی دیاردەکاندا بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە. ئەو تەمە تووشی سڵکردنەوەی کردوون، نایەڵێ دەرگاکانی داهێنان بدۆزرێنەوە، هەروەها خۆبەستنەوە بەو زاراوە دێرینانەی کەوەك پیرۆزی تێی دەڕوانرێ ڕێگا دەگرێت لەبەردەم هەموو داهێنانێکی نوێدا. کڵۆمدانی دەرگاکان وایکردووە کەنسرمی بای داهێنان بەئاستەم خۆی بەژووردا بکات، ئەم کڵۆم دانە ساڵانێکی دوورو درێژە لەگەڵیا ئامادەبووە، ئەم حاڵەتەش وای کردووە کەسەردەمێکی زۆر ئاگای لەدەرەوەی ماڵەکەی



www.pertwk.com

خۆی نەبێت، کەوریاش بوەتەوە تەنیا لەپەنجەرەو، درزی دەرگاکانەوە توانیویێتی بڕوانێتە دەرەوە.. بۆیە لەزۆربەی لێکدانەوەو قوڵبوونەوەکانیا بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، بۆ ناخی خۆی گەڕاوەتەوە، ڕوانیویێتیە ڕووداوە بەرتەسکەکانی دەوروبەری خۆی، لەڕابردوودا ژیانی خۆی بینیووە، بەڵام لەئامادەییەکانیدا هەستی بەمەرگ کردووە.. داخراوی.. ئەو سیفەتەیە هەوڵی ئەوە دەدات ئەوانە بپارێزێ کە هەن و لەلەناوچوون ڕزگاریان بکات.. بۆیە ئەمڕۆش داخراوییە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەداخراوی کۆمەڵگەکەوە سەری هەڵداوە، بۆیە ڕزگاربوون لەداخراوی.. گرنگترین ڕێگایە بۆ ڕزگاربوون لەمەرگ.. ڕاستە هیچ شتێك داخراوی موتڵەق و کراوەیی موتڵەق نییە، دیاردەکان بەپەیوەندییان لەگەڵ مرۆڤدا دەبنە موتڵەق و گەشە دەکەن.

داهێنان لەداخراویدا ئەگەر ببێتە بەرهەمیش، هەر بەبێدەنگی و بەنەناسراوی دەمێنێتەوە، لەئەزمونی ڕۆشنبیری دنیادا ئەو ڕاستییە ئاشکرایە، کەهەر گەلێ نەیەوێ داهێنانەکانی گەشە پێ بداو شتی نوێ پێشکەش بکا، یاخود نووسینە نوێکانی لەناخی خۆیدا نەهێڵێتەوە، ئەوا هەر بەبێدەنگی و بەبێ ناو دەمێنێتەوە.. واتا ئەم جۆرە ڕەوشتە دەچێتە ناخی تیۆری ڕاوەستاوو هەموو گەشەکردنێ بەمردوویی دەهێڵێتەوە.

ڕۆشنبیری کوردی لەنێو ئەو ململانێ گەورەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیادا بمانەوێ و نەمانەوێ ڕۆشنبیریەکی داخراوەو لەگیانەلادایەو ئەزمونەکانی ناگەنە حاڵەتی جێبەجێکردنەوە، لەزۆربەی هەوڵەکانیاندا تووشی نووشستی دەبن، ئایا بۆچی؟! ئەمەیان گرنگترین پرسیارەو چەندین لێکدانەوە هەڵدەگرێ بۆ گەیشتن بەوەڵام و دەستنیشانکردنی هۆیەکانی قەیرانی گەورەی ڕۆشنبیری کوردی.

ڕۆشنبیری ئێمە تەنیا لەوەدا تووشی نووشستییە کەخۆی بەڕابردووەوە گرێ داوە، هەروەها داخراوی ئەزمونەکانی وای کردوە کە بەئاسانی نەبێتە دەنگێکی جیهانی. هەروەها دەبێ وا بڕوانێتە خۆی کە لەقۆناغی



ناکامڵیدایەو دەبێ بەرەو کامڵبوون بڕوات، گەر بڕوانێتە خۆی وەك دەنگێکی کامڵ، ئەوا مانای وایە کەبڕیاری مەرگی خۆی داوە.

باری گەشەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد وەك نەتەوە ئەوەندە لەئاڵۆزیدایە تەنانەت لێکۆڵەرەوە ستراتیجی‌یە سیاسی و فیزیۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەکانیش ناتوانن بڕیارێك و چوارچێوەیەکی ڕاست و دروست بۆ ئەم تەرکیبەیە دەست نیشان بکەن. لەڕووی باری جوگرافی و سۆسیۆلۆژییەوە، هیچ کێشەیەك لەو واقیعەدا لەئارادا نییە کەئێمەش وەك و زۆربەی زۆری مرۆڤەکانی ئەم گەردوونە هەین، پێکهاتووی سۆسیۆلۆژی و فیزیۆلۆژیمان پێکهاتوویەکی تەواو و کامڵە.. لێکدانەوەکانمان بۆ واقیعی خۆمان وای لێ کردوین زۆر ڕەشبینانە بڕوانینە خودی خۆمان، هەروەها ئەو ئەزمونانەی کە بەپێی مێژووی بوونمان پێیدا تێ دەپەڕین، تووشی وەستانی کردوین، ئەمە سەرەڕای باری دەرەکی و پەیوەندییەکانی دەوروبەرمان، لەسەرتاپای مێژوومانداا تەنیا وشەیەك باڵادەستە ئەویش ئەوەیە کەئێمە (چیمان کردووە).. لەڕۆشنبیریدا هەمیشە ئەو پرسیارە ئامادە بووە، گەڕانەوە بۆ شتە کراوەکان!! نەك هەنگاو هەڵهێنان بەرەو ئەو شتەی کەپێویستە بکرێ.

پرسیارەکانی بوونی مێژوویی و ڕۆشنبیریمان لەو خاڵەدا دەسوڕێتەوە کەئێمە چیمان کردووە؟ چیمان کردووە!!. چ شارستانیەتێکمان هەیە، چ سەروەرییەك، چی بەرهەمێ.. هتد بەڵام گەر واقیعی مێژووی خۆمان بەدەوروبەر بەراورد بکەین، ڕەنگە شایانی ئەوە نەبێت کەباسکرێ، هەمیشە وەڵامی حازربەدەست هەیە؟ بەڵام پرسیارمان کەمە، لەوەهمی ئەوەدا دەژین کەئێمە هەموو شتێکین، ئێمە مێژووین، ئێمە خاوەنی شارستانی گەورەین، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە هیچ یەکێ لەوانە نین، ڕەنگە تەنیا لەهەر شتێك شتێکمان هەبێت، بەڵام ئەمەش ئەوە هەڵناگرێ کە لەوەهمی هەمیشەییدا بژین، نەگەڕاوین بۆ ئەو پرسیارانەی کە لەکون و کەلەبەری بوونماندا بێ وەڵام ماونەتەوە. بەڵکو بۆ ئەو وەڵامە حازر



www.pertwk.com

بەدەستانە گەڕاوینەتەوە، کەهیچ شتێك لەمێژوومان ناگۆڕن. نەگەڕاوین، کەچی پێویست بووە بگەڕێین، بۆ ئەوەی بتوانین عەقڵ و بوونی خۆمان بخوێنینەوە، واز لەو وەهمە بێنین کەوامان لێدەکات هەست بکەین لەدوا ترۆپکی گەشەکردنی شارستانی و گەشەکردنی ڕۆشنبیریداین. زەمەن و زاکیرەمان لەوپەڕی چوست و چالاکی و داهێنانداپەو دەقەکانمان هێماکانی گەیشتوونەتە دوا ترۆپك.. ئەو وەهمەی کەداهێنانە سەربازی و تاکتیکە سەربازی و بالیستی و بەرگری و پارتیزانەکانی بەبەشێك لەمەزنی و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەزمونی هێزە زلەکاندا دادەنا. کەچی هەر مێژووی سەربازی و خەباتمان پڕ بووە لەهەرەس و نووشستی و چەك فڕێدان، بەرگە نەگرتن لەبەردەم ئەو سوپایانەی لەجەنگی دۆڕاودا دەگەڕانەوە، ئەو وەهمەی کەداهێنانە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی شەڕی نێوان پارتەکان لەجیاتی شاری دیالۆگ، دەیکا بەشەڕی خوێناوی و دایەلۆگی خوێن، ئەو وەهمەی دەزگای نهێنی و دەزگای پاراستنەکان ئەوەندە بەکامڵ دەزانن کەناتوانن کەسەکانی خۆیان بپارێزن هەر بۆیە سەرکردەکانیان لەدواترین خاڵی دوور لەمەیدانی جەنگ، بەچاو بەستراوی و دەست بەستراوی وەك نێچیرێکی ئاسان تەسلیم بەدوژمنەکانی خۆیان دەکرێتەوە. ئەمانەو دەیەهاو سەدەها وەهمی تر، کە وامان لێدەکەن بپرسین، ئایا بەڕاستی ئێمە لەنێو وەهمدا دەژین؟!

بێگومان!! هەتا ئەم وەهمانەش ئامادەبن زیاتر لەناخماندا مەرگ دەچێنن، هەتا ئامادەبن زیاتر بەرەو داتەپین پەلکێشمان دەکەن. کێ بەرپرسیاری ئەم هەموو وەهمانەیە؟! کێ ئەو وەهمانە لەهەموو کەس زێدەتر قووڵ دەکات؟! بێگومان و بێ سێ و دوو بەرپرسیاری یەکەم ڕۆشنبیرە. ئەو لەهەموو کەس زیاتر بەرپرسیارە، هەر ئەمانیش بەرپرسیارن لەوەی ئەم وەهمانە زێدەتر قووڵببنەوە: هەر ئەوان بەشدارن لەداهێنانی وەهمی نوێ تر و نوێ تر "ئەوان بەشداربوون لەدروستکردنی ئەو رووخاندنانە، هەر خۆشیان لەئەنجامدا تووشی سەرسوڕمانی و کتوپڕ بوون. چونکە ئەوان



زۆر لەوە دورن کەنوێنەرایەتی واقیع بکەن و بەباشی ڕووداوەکان بخوێننەوە، ئەویش بەهۆی هەڵۆیستی دۆگمایانەو ڕوانینە ڕوکەشیانە و تیۆرە خەیاڵیەکانیانەوەیە[77].

* * *

## شیعری کوردی و مەرگ

"لێرەدا بۆ ساتێك لەکەناری شیعری کوردیدا ڕادەوەستین، بۆ ئەوەی بڕوانینە ئەو لایەنە هەرە گەشەکردووەی بواری ئەدەبی کوردی، وەك بەشێك لەڕۆشنبیری".

چۆن دەتوانین لەمەرگ بگەین؟! چۆن دەتوانین مەرگ بناسین؟ کێ دەتوانێ پەیوەندی خۆی لەگەڵ دنیای دەرەوەی ڕۆحی خۆیدا بناسێتەوە؟ مەرگی شاعیر وەك و مەرگی شیعر نییە، مەرگی شاعیر بەسەر دەچێ و ئەچێتە دووتوێی مێژووەوە، مەرگی شیعر ژیان بەڕۆح و هەست و پەیوەندییەکان دەگەیەنێ، مەرگی لۆرکا مێژووی ئیسپانیای هەژان، مایاکۆفسکی بەمەرگی خۆی تەمەنێکی تری بەخشییە شیعری ڕوسی، مەرگی پۆشکین کەوتە دواوەی ژیانی شیعرەکانییەوە، مەرگی فروخی فروخزاد تەنیا مەرگێکی ئاسایی بوو، هەستەکان پێی بریندار بوون.. ئەگەر ئەو هەموو مەرگانە بەراورد بکەین بەمەرگی شیعرێ، هێشتا مەرگی شیعرەکە دەردی گرانترە لەمەرگی ئەوان، مەرگی شیعر، واتا مەرگی زمان و ڕاوەستانی هەست و دابڕانی میلۆدیای ژیان.. جوانناسی شیعرێ لەژیانی شیعرێکدا ئەوەندە گەورەیە بەمەرگی شاعیرەکەش تەواو نابێ.

ئەو پرسیارانەش کە بەپەیوەندی لەگەڵ ژیانی هەر دەقێکی شیعریدا پێویستە بخرێنەڕوو، ئەو پرسیارانەیە کەناوەڕۆکی مانا دەردەخەن. ئاشکرایە لەدەرەوەی پێکهاتەکانی هەر دەقێکدا مانا بوونی نییە، ئەگەر بەپەیوەندی لەگەڵ ئەو دەقەدا لێك نەدرێتەوە، کەسێك ئەتوانێ بەڕۆح و گیان ئامادەبێت بۆ ئەوەی بەشداری لەچالاکییەکانی ژیاندا بکات، بەڵام ئەگەر هات و ڕۆح بەتەنیاو گیان بەتەنیا ئامادەبوون، بۆ دەرەوەی خۆیان



www.pertwk.com

هیچ مانایەکیان نابێت. ئادەمیزاد پێکهاتەی زەینی خۆی هەیە، بەپێی ئەو پێکهاتەیە، زمان و ماناو پەیوەندییەکان لێکدەداتەوە.
مرۆڤ بەردەوام لەڕێی زمانەوە پەیوەندی دروستدەکات، بەڵام پەیوەندیەکە پەیوەندییەکی ئاساییە، دوورە لەوروژاندنی هەست و خولّقاندنی جۆرێك لەپەیوەندی دەروونی و خەیاڵی، لەزمانی ئاساییدا زمان ئەو بۆشاییە پڕئەکاتەوە کەمرۆڤ پێویستێتی بۆ ئەوەی بێدەنگی پێ بشکێنێ.. بەڵام زمانی شیعر پێویستە بۆ ئەوەی هەست و گیان بکاتە جیهانێك لەیەکبوون..
هەموو شیعرێ لەدایك دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ بژی و گەورە بێت. بەڵام لەبیردا ئەم تیۆرە جۆرێکی ترە. هەر بیرێ لەدایك دەبێت بۆ ئەوەی ببێ بەبیرێکی ترو پەرەبسێنێ بۆ بیرێکی فراوانتر. "کەسێك دەتوانێ یەك جار لەدایك بێت و گەورە بێ کەسێك یەك جار دەمرێ و نامێنێ، لەبیردا ئەم دیاردەیە جۆرو شێوەیەکی ترە. بیر لەدایك دەبێت بۆ ئەوەی بگاتە خەڵکی، ئەو بیرە خۆی گەورە نابێ، بەڵکو بەپەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا گەورە دەبێت.
نزیکەی نیو سەدەیە مرۆڤ ئەیەوێ بەپەلەقاژە هەموو شتێك بگەیەنێ، بەڵام لەنیو سەدەدا بیرێ یان دەقێ دەتوانێ ببێ بەبیرێکی تر، کاتێك "کافکا" لەسەرەتای نووسینەکانیدا باسی نائومێدی و مەرگی مرۆڤ و تورهاتی ژیانی کرد، زۆر مەسەلە لەکۆمەڵگەکەی ئەودا هێشتا بەو ڕادەیە نەگەیشتبوون کەمرۆڤ وا بەڕەشبینی بڕوانێتە دەوروبەرو ڕووداوەکان بەڵام کافکا لەبوونی مانای گشتی و کاملّدا لەواقیع گەیشتبوو هەر بۆیە هەموو شتەکانی بەزیرەکانە لێکدەدایەوە.. هەرچەندە وەك پێویستی ئازادی دەیڕوانیە ژیان، بۆیە بناغەی هەر ترس و ڕەشبینی و دڵەڕاوکێ و ئازارێکی بوون لای کافکا ئازادی بوو، کەسایەتی هەموو ڕۆمانەکانی کەسانێکی ناجێگیرو دڵەڕاوکێ کەرو ڕەشبین بوون.



بەمجۆرە زەرورەتی کار لەهەر بەرهەمێك چ شیعر بێ یان چیرۆك یان ڕۆمان بەرەو ترس و دڵەڕاوکێمان دەبات.. نەك ترس بەمانا نەخۆشییەکەی بەڵکو ترس بەو مانایەی کەدەبێ بەرهەمێ بەرهەم بهێنێ کەمەرگی تێدا نەبێت.. کەسێك کەنەتوانێ بوونی خۆی زامن بکات لەدڵەڕاوکێی هەمیشەییدایە.
بەمجۆرەش بوونی شیعرو مەرگی شیعر پەیوەستە بەبوونی دڵەڕاوکێ و ترسەوە.. شیعری ڕاستەقینە باسی ئەو دیاردانە دەکات کەنەمرن لەژیانی مرۆڤدا، نەمرن لەبووندا، گەلێ تیۆری جۆراوجۆر دانراون لەمەڕ بوونی مەرگ و دەقی مەرگاوی.
دەبێ ئەوە بەڕاستی بخەینە ڕوو کەبوونی مرۆڤ لەم گەردوونە بەرفراوانەدا پەیوەستە بەشتە ناسکەکانەوە، هەرچی هەوڵی مرۆڤە بۆ ئەوەیە تا لەژیان بگات، ژیان شیعرێکی درێژە، گەر ئەو شیعرە درێژە نەتوانێ دەروونی مرۆڤ جوان بکات ئەوە دەبێ بەمەرگ.
لەپەرستگاکانی شاری سۆمەرو لەشوراکانی بابل و لەسەر بەردەکانی ئەهرامەکان و لەسەر ڕوخساری نەفەرتیتیدا، شیعری ژیان دەخوێنینەوە، هەموو مێژووی مرۆڤایەتی شیعرێکی درێژە، پڕە لەگۆرانی پڕە لەجوانترین گوڵ و جوانترین بۆنی ژیان، بەڵام زۆرجار ئەو شیعرە ئەگۆڕێ بۆ مەرگەسات.. هەروەك لەکارەساتەکانی ئەو شیعرە درێژەدا ڕوودەدات کەباس لەدەرکردنی مرۆڤ لەبەهەشت و کوشتنی براو سەربڕینی ژن و چاندنی تۆوی شەڕخوازی.. دەکات. شیعر لەهەموو زەمەنێکدا دایکە، هەرچەندە هەندێك دەڵێن شیعر لەم زەمەنەدا بەرەو مەرگی ڕاستەقینە دەڕوات، ڕاستە ئەمڕۆ قەیرانی شیعرو هەڕەشە لەبوونی شیعر بەتەواوی ئامادەیە.. قەیرانی ئەمڕۆی شیعر لەهەموو زەمەنێکدا هەبووە.. هەمیشەش لەمەرگ نزیك دەبێتەوەو لەپاشان ڕادەپەڕێتەوە. هەرەسی شیعر هەرەسی کاتییە، بەڵام لەئاستی تاکدا شیعر ئەو کاتە شیعرە کەبتوانێ بەشێك بێت لەبوونی ئەو و لەئاستی بیرکردنەوەی ئەو.



www.pertwk.com

لەئاستی مێژوویی و جیهانیدا شیعر ئەو مەیدانەیە کەهەمیشە ئامادە بووە، ئاستی هەبووە، قووڵایی هەبووە، نشێوو هەڵدێرو بەرزایی هەبووە. شیعر هەرچەندە لەمێژووی فەلسەفیدا ئەوەندە گرنگی پێ نەدراوەو فەیلەسوفەکان ئەوەندەیان لەشیعر نەکۆڵیوەتەوە، بەڵام ئەوەش نەبووەتە هۆی کەم کردنەوەی توانای شیعر..

شیعر لەمێژووی هەر گەلێکدا ئامادەیی خۆی هەیە، لەبچووکترین میللەتەوە تاگەورەترینی، لەهەوارنشنیەکانەوە، تادانیشتوانی شارە مەزنەکان، جوتیارێ لەکێڵگەو کرێکارێ لەنێو زەحمەتی کار، شیعر سنووری نییە، لەهەموو شوێنێ ئامادەیە. ئەم ئامادەییە ئەرکی سەرەکی شیعر دیاری دەکات، ئەویش ئەوەیە (شیعر ژیانە) ئەم ژیانەش بێ مەرگ نییە.

لێرەداو بۆ ساتێ لەشیعرگەلێك دەکۆڵمەوە کەرەنگە لەسەر نەخشەی ئەم جیهانەدا ئەوەندە بەهایان بۆ دانەنرابێ، بێگومان بەهای شیعریم مەبەستە. گەلێکە لەمێژووی شیعریدا بەهەمان شێوەی بوارەکانی تری مێژووەکەی، مێژوویەکی کورتە.. ئەم کورتیەش بەمانای ئەوە نییە کەهیچ نییەو پوتتێکە لەنێو تێکستی دنیای شیعردا. بێگومان نا. بەڵام چییەو چۆنە؟! ئەمە پرسیارێکی گرانەو وەڵامەکەشی لێکدانەوەی قووڵ هەڵدەگرێ.

ئاشکرایە کەشیعر زەمینەی هەیە، زەمینەی ڕۆحی و زەمینەی زمانەوانی.. ئەم دوو زەمینەیە گەر هەبێت، ئەوا لەسەر زەمینی ئێمەی ڕۆژهەڵاتیدایە. گەر بڕوانیتە مێژووی شیعری جیهان، سەرچاوەی شیعرو ڕۆح لەڕۆژهەڵاتەوەیە هەر لەئاشوری و سۆمەری و ئەکەدیو.. هتد پڕە لەنمونەی شیعری مەزن، هەتا دەگاتە شیعری هیندی و فارسی و عەرەبی.. هتد.. بۆیە گومان لەوەدا نییە کەسەرزەمینی ئێمە سەرزەمینی مێژووی شیعرو، مێژووی ڕۆح بووە. لەسەرزەمینی ئێمەدا مانای وشە



سەری هەڵداوە. ئێمە بەشێك بووین لەو مێژووە دێرینەی شارستانیەتی کۆن.

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە ئەوەیە کەئایا ئێمە شیعرمان هەبووە؟! شیعرمان هەیە؟ یاخود شیعرمان هەیەو مەرگی لەناخدا چێنراوە؟

مێژووی شیعریمان ڕوون نییە، گەر لەدەوروبەرمان بکۆڵینەوە هەست بەوە دەکەین کەشیعرمان لەدوریانێکی ترسناکدا ژیاوە، دوریانی لاسایی کردنەوەو نەگۆڕان، یەکەمجارو لەسەرهەڵدانی بزووتنەوەی شیعری کلاسیکی کوردیدا بێ سێ و دوو لەژێر کاریگەرییەکی گەورەی شیعری عەرەبی و فارسیدا بووە، هەروەها بێ سێ و دوو دەستەواژەو بابەتەکان زۆر لەوانە نزیك بوون، شیعری کلاسیکی کوردی لەگەڵ هەوڵەکانی سالم و نالی و مەحویدا.. پڕبوون لەکاریگەری شیعری عەرەبی و فارسی، ئەم کاریگەرییە لەڕووی فۆرمەوە بەزەقی دەبینرێ. لەناوەڕۆکی بابەتەکاندا، ئەوە بێ سێ و دوو هەست دەکەین کەزۆر لەبابەتە شیعریەکانیان دەقاودەق وەرگیراوە.. ئەمەش جۆرێك بوو لەقەیرانی داهێنان. هەرچەندە هەوڵەکانی ئەمان نوێتر بوو لەشاعیرانی پێش خۆیان، هەروەك بەکارهێنانی زمانی نوێ و وێنەو ڕوانینی شیعری نوێ.. بەڵام نەشیانتوانیوە سەد دەر سەد لەژێر ئەو کاریگەرییەی شیعری سەردەمی خۆیان بێنەدەرێ، واتا لەژێر کاریگەری شیعری عەرەبی و فارسیدا. گەر بڕوانینە شیعرەکانی نالی.. بەئاشکرا کاریگەریی حافز و سەعدی شیرازیی دەبینین.

بەهەرحاڵ مەبەستم لەلێکدانەوەی تەکنیکی شیعری ئەم شاعیرانە نیە، بەڵکو مەبەست لەو توانایە کەوا دەکات شیعر لەبونیادنانی کەلەپوری گەلێك کاریگەری بەجێ بهێڵێت، زۆرجار بیری ڕۆشنبیری ئێمە شیعر دەکات بەبەشێك لەکەلەپورو بۆ هەڵگیرساندنی هەستی نەتەوایەتی و بونیادنانی بیری نەتەوایەتی و شوناسنامە. ڕاستە پەیوەندییەکی مێژوویی هەیە لەنێوان کەلەپورو شوناسنامەو ڕۆشنبیریدا. ڕەنگە شیعرێ



www.pertwk.com

لەمێژووی گەلێکدا نیشانەیەك بێت بۆ شوناسنامەو ڕۆشنبیری ئەو گەلە..
ئێمە ئەمڕۆ بەڕاستی پێویستیمان بەهەموو شێوازێکە بۆ ئەوەی شوناسنامەی خۆمان بچەسپێنین، هەموو شێوازەکانی کەلەپورو ڕۆشنبیری.. مەسەلەی بوون لەشیعرماندا مەسەلەیەکە لەساڵەکانی پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەستمان پێ کردووە، کاتێك هەستمانکرد بەقووڵی شوناسنامەی ئێمە لەلایەن هەموو دەوروبەرەکانەوە ڕەفز دەکرێتەوە. ئەم تەعبیرکردنەش لەشیعرماندا زیاتر بەدیوی سیاسیدا قووڵبۆتەوە. مەسەلەی کەلەپورو ڕۆح لەشیعردا زیاتر بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کەئامادەمان بەرەو ڕاستی دەڕوات، دەبێ بیسەلمێنین کەهەین.

سەرەڕای هەموو ئەو مەسەلانەی کەباسمانکردن، شیعر وەك دیاردەیەکی ڕۆشنبیری لەکەلەپوری ئێمەدا بریتییە لەبونیادی بنەڕەتی، بەڵام ئەوەی کەزیاتر شیعری تووشی دابڕانکردووە، ئەوەیە کەشیعر ویستوویەتی بەپەیوەستی بمێنێتەوە لەو چوارچێوەیەدا کەبۆی دیاریکراوە، هەر بۆیە دەبینین شیعرمان گەشەکردنێکی ستوونی هەبووە.

گرفتەکەش لەوەدا بوو کەتوانای داهێنان و هێزی داهێنانی شاعیرەکانمان لەسەربەخۆیی تەواودا نەبووە، بەڵکو بەدەست کۆمەڵێ کاریگەرییەوە ناڵاندویانە. کاریگەری ئایینی، سەرچاوەو تەوەرەی هەموو بوو، هەروەها کاریگەری سیاسی.. بونیادەکانی شیعریمان بەدەست ئەم دوو تەوەرەوە هەمیشە ناڵاندویەتی. وە نەبێ ئەمە هەر هەمووی زیان بووبێ، بەڵکو سوودیشی هەبووە، بەڵام کەمتر. یەك ئاسۆیی لەڕوانیندا وای لەشیعری کوردی کردووە کە لەشوێنی خۆیدا بخولێتەوە، ئەگەر زیاد لەواژەکانی وردبینەوە هەست بەوە دەکەین کەبابەتەکانی ئەو سەردەمەش (واتا سەردەمی کلاسیکی و پاش کلاسیکی تادەوروبەری ڕوانگە) دوورە پەرێز بووە لەواقیعی کۆمەڵگەوە، واتا ئاسۆی ڕوانینی شاعیرەکان ئاسۆیەکی داخراوبووە، چەند ئاسۆیی نەبووە لەڕوانیندا، ئەگەر تاك تاکە ڕستەو



توانای داهێنانە بەدی بکەین، ئەوە تەنیا تروسکاییەك بووە بۆ هەوڵی دەربازبوون، بەڵام لەئەنجامدا گەڕاونەتەوە نێو قاوغەکەی خۆیان، دەسەڵاتی زمان، دەسەڵاتی ئایین بووە، جوانکاری هەبوە، بەڵام جوانکاریەك لەمەودای بەرفراواندا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەرفراوانی زمان لەبەلاغەتدا ڕەنگی داوەتەوە نەك لەبەرفراوانی سۆسیۆلۆژی زمانەوانی، ئەمانەش وایان لەشیعر کرد کە لەبازنەکەی خۆیدا بمێنێتەوە.

شیعری سەردەمی نالی و سالم و زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کورد، فەلسەفەیەك نەبوون کەتایبەتمەندی ببەخشنە بونیادی شیعرییان، وەك ئەو فەلسەفەیەی کە لەشیعری شاعیرانی وەك حافز و سەعدی شیرازیدا بەدی دەکرێ، فەلسەفە بەمانای فەلسەفە.

ئەو سۆزی دەربڕین و فەساحەت و ڕەوانبێژییەی کە لەشیعرەکانیاندا بەدی دەکرێ، بەرهەمی مۆدەی شیعری ئەو سەردەمە بووە، نەك ئەنجامی بیری داهێنانەی خۆیان، هەر بۆیە لەشیعری زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکاندا یەك جۆر شیعرو یەك مۆدە دەبینین، ئەوەی دەگۆڕێ هەندێ توانای زمانەوانیە.. بەڵام بەدەگمەن، فەلسەفەی مرۆڤایەتی و فەلەك و پەیوەندییە مرۆییەکان.. بەدی دەکەین. گەر بە تاکە تاکەش لای شاعیرێ دیمەنێ هەبووبێ ئەوەندە کاریگەریی نەبووە.

ئەمەش جۆرە مەرگێ بووە لەناخی شیعردا، هەستیان پێی نەکردووە، ئەم مەرگەش سەردەم لەدوای سەردەم لەگەڵیدا بەردەوام بووەو نەیتوانیوە بەئاسانی لێی ڕزگار بێت..

لێرەدا مەودای ئەوە نییە یەك بەیەکی شاعیرانی ئەو سەردەمە شیبکەینەوە بەڵام ئەگەر بەگشتی وەك دیاردەیەك تەماشای شیعری ئەو سەردەمەی کوردی بکرێت، تراژیدیای ژیان و سیاسەت تیایاندا ڕەنگی داوەتەوە.

* * *



www.pertwk.com

لەئێستای شیعری کوردیدا کێشەکە لەچەند ڕوویەکی دیکەوەیە، بەڵێ "نووسین"مان چەند لایەنێ دەگرێتەوە، بەڵام باسەکە لەسەر شیعرە وەك شێوازێکی باو لەدەقی نووسراودا. لەناخی دەقی شیعریماندا عەقڵی کیمیاگەری شیعریمان نەیتوانیوە مامەڵە لەگەڵ ماتەریالە زیندووەکاندا بکات و هاوکێشەی نوێ بخوڵقێنێ، ئەم قەیرانەش لەدوو سەرچاوەوە بووە: یەکەمیان: ناچوونیەکی لەهەوڵە نوێکانداو ناچوونیەکی لەکۆکردنەوەی تەوەرە داهێنراوەکاندا لەیەك بۆتەدا.. دووەمیان: جوینەوەو بەدوای یەکداهاتن لەبناغەدانانی ئەو بونیادانەی کەزنجیرەی شیعریمان پێکەوە ئەبەستنەوە. شڵەقاوی گۆمی مەنگی شیعریمان بەرهەمەکەی تەڵخی و لیڵی و قوڕو لیتەبووە، ئێستاش ئەو لێڵییە لەسەر ڕووی شیعری کوردی نەڕەوییوەتەوەو شیعری کوردی نەیتوانیوە خۆی لێدەرباز بکات..

لەهەردوو ڕووی بابەتی و زاتیدا کۆمەڵێ دەستەواژەو بابەتی چوونیەك هەبوون، بۆ نمونە ئەگەر زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکان بەبێ ناو نووسین لەسەر قەسیدەکانیان، ناتوانی جیاوازی لەنێوانیاندا دابنێی. قەیرانەکەش لەئاسۆی ڕوانین و مەودای تێفکرینە لەچۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ سەردەم و زمان و نوێخوازیدا.. ئەگەر هەندێکیان لەوی تریان کەمێ زێدەتر هەنگاویان هەڵهێنابێ، ئەویش بریتی بووە لەیاخی بوون لەسەردەم و یاخی بوون لەبۆچوونی ئەوکاتە، بۆ نمونە شێخ ڕەزا شێوەیەکە لەو یاخی بوونە..

گرنگترین مەسەلەی نوێخوازی و یاخی بوون لەمیتۆدو ڕەوشی سەردەمێ مامەڵەکردنە لەگەڵ زماندا، زمان لەڕووی دەستەواژەو داڕشتنەوە، هەروەها یاخی بوون لەیاسا باوەکان و بەدەرخستنی ڕاستییەکان، ئەم حەقیقەتە لەوەوە بەدەردەکەوێ کە تاچ ڕادەیەك شاعیر دەتوانێ جیاوازییەك لەنێوان شیعری سەردەمی خۆی و شیعری خۆیدا بەدی بکات، ئەمەش بەوە نایەتەدی کەخودی خۆی تەسلیمی ئەو شەپۆلانە



بکات، کە لەدەریای ئەو سەردەمەوە بەرەو کەناری ئەودێن، ئەمە ناچێتە خانەی داهێنانی نوێوە، زمان دەبێ بەپێی ڕۆژگاری خۆت بەکاری بێنی و خۆشت خاوەنی زمانی خۆت بیت، خۆت تەسلیمی ئەو زمانە باوانە نەکەی کە لەدەورووبەرت ئامادەن ئەمەش شێوازی داهێنانە.. زمان پەیامێکە هی قەدیسەکان نییە کەنەگۆڕێ، زمان لەهەموو سەردەمێکدا ماتەریالێکە بەدەست داهێنەرەکەیەوە "زمان وەك دەنگی زەنگ بە ئارامی دەدوێ"[78].

هایدگەر لەباسی هیلدرین ئەم حەقیقەتەی بەجوانی بەدەرخستووە کەشیعرو زمانی شیعری باسی هەموو شتێك دەکەن و دەشتوانن لەهەموو شتێ دەم بکوتن، زمان مەرگ نییە، زمان زیندوێتییە. حەقیقەتی زمان ڕەهابوونە لەکۆت و بەندی ئەو مەودایانای کە لەدایك ئەبن و ئەو مەودایانەی کەدەمرن، مەزنی شاعیر لەو چرکانەدا دەردەکەوێ کەبتوانێ لەدەقی مردوودا، ژیان دروستبکات، شتە مردووەکان بێنێتە زمان و ئەو سنوورە جوگرافیانە ببەزێنێ کەڕێگا لەبڵاوکردنەوەی شیعرەکەی دەگرن "شیعر زمان بەماددەیەکی خام دانانێ کەئامادەیە بۆ چارەسەرکردن. لەڕاستیدا شیعر خۆی وا لەزمان دەکات کەببە پلەی یەکەم مومکین بێ.."[79].

لەشیعری نوێی کوردیدا ململانێی زمان و شیعر، ململانێی نوێگەری بووە، واتا نەچووەتە نێو ململانێیەکی تەواوی زمان و شیعرەوە، لەبەرئەوەی هێشتا نوێگەری شیعر لەوپەڕی کەماڵدا نییە.. پاش کلاسیکیەت و قۆناغەکانی پێش هەفتاو پاش هەفتا.. شیعر ویستوێتی لەو بازنەدا دەربچێت کەپیووەی دەناڵێ، واتە لەزبانەی جوینەوەو بەدوایەکداهاتن سەرکەوتنەکان لەفۆرمدا، لەفۆرمی شیعرەکاندا ڕاستە، بەڵام زمانی شیعرەکان، زمانی دووبارە بوونەوەی بەردەوام بوون، بزووتنەوەی شیعری بزووتنەوەی ململانێی ئایدۆلۆژی بووە لەگەڵ فۆرمدا، نەك زمان لەگەڵ فۆرمدا، ئەگەر شاعیرانی نوێخوازی، ڕوانگە لەگەڵ شاعیرانی پێش ڕوانگە لەڕووی ململانێی زمانەوە بەراورد بکەین، جیاوازییەکی زۆر کز بەدی



www.pertwk.com

دەكەین لەنێوانیاندا. قەیرانەكەش لەوەدا بووە كەزمان سەرچاوە نەبوو بۆ پرۆژە شیعرییەكانی، مامەڵەكردن لەگەڵ میتۆدو بونیادو وشەدا نەبوو، مامەڵەكە لەگەڵ ئایدۆلۆژیاو بونیادی شێوەیی شیعری بوو، ئەم ڕاستییە ئینكار ناكرێ و شیعری كوردی تائێستاش پێوەی دەناڵێنێ، تائێستاش تەوەرەكانی شیعری لەزۆر بواردا كورت دەهێنن.

بەكورتی شیعر لە قەیراندا بوو، هەر لەو سەردەمەدا قەیرانێك لەشیعردا هەبوو لەنێوان خودی شیعرو جەماوەردا، لەو بڕوایەدام كەجەماوەری شیعری سەردەمی نالی و سالم و بێكەس و پیرەمێرد زیاتر بوون لەو سەردەمەی ڕوانگە، مێژوومان لەو شیعرانەدا ڕەنگی دەدایەوە، بەڵام پەیوەندییەكی كز بوو قەیرانی شیعر لەو سەردەمەی ڕوانگەو لەم سەردەمەشدا ئەو هەستەیە كەشیعر لەمەرگدا بووەو ئێستاش لەو حاڵەدا دەژی.

ئەگەر هەشتاكانی شیعری كوردی بكەینە پێوانە بۆ مامەڵەكردنی زمان و ململانێ لەگەڵ مەرگی زماندا لەسەردەمەكانی پێش خۆی، هەشتاكان ئاوڕدانەوەیەك بوو لەبونیادی نوێی زمان. (لێرەدا كەدەڵێم زمان مەبەستم تێكشكانی مانای زمان و بەرەو بێ سەروبەری نییە، بەڵكو مەبەستم لەزمان وەك داهێنان لەبونیادو ڕستەسازی نوێ و داهێنانی فۆرمی نوێیە)..

شێركۆ بێكەس لەهەشتاكاندا (لەپشتەوەی ئایدۆلۆژیەكەیەوە) توانی وەرەیەك بداتە زمان، ئەم وەرەیە لەو هەستەوە هات كەئەو لەناخیدا هەستی بەسەربەستی كردبوو، سەربەستی لەناخیدا ڕوابوو، مەحرەم و قەدەغەی سیاسی نەك ئەوی تووشی وەستان و بێدەنگی كرد. بەڵكو بەپێچەوانەوە ئەم قەدەغەو مەحرەمییە وای لێ كرد كەسنوورەكانی بەرفراوانتر بكات، ئەم ڕاستیەش لە"دوو سروودی كێوی"یەوە دەست پێ دەكات، ئەگەر ئەو پچڕانە دوورو درێژە نەبوایە كەپاش ئەم دوو سرودە تووشی بوو، ڕەنگە بونیادێكی نوێی بنایە بۆ (زمان) و بونیادی زمانی شیعری كوردی، بەڵام



توانی هەندێ گیان بكاتەوە بەبەری زمانە مردووەكەی شیعری كوردیداو ئەو جەستەیەش كەدەمێك بوو لەچوارچێوەی ڕستە سواوەكاندا یاخی كرابوو، توانی ڕەهایی پێ ببەخشێت، ئەمەش شڵەقانێ بوو، كە لەو ساتەدا بەدووی خۆیدا دەنگی نوێی هێنا، تواناى زمان لەو سنووردەدا قەتیس نەكرا كەشێركۆ ئەیویست، بەڵكو لەكارەكانی پاشتردا ئەو زمانە پەرەی پێدرا. شێركۆ لەململانێی زماندا لەگەڵ زمان و ململانێی زمان و فۆرمداو بونیادی كۆدگوزاری و دێرین ناسی.. لەم دوو تەوەرەدا توانی بونیادەكانی زمان هەڵوەشێنێتەوەو جارێكی ترو دووبارە دایانڕێژێتەوە، لەمامەڵەكردنی لەگەڵ لۆژیكی زماندا، گوزارشتەكانی داستان و مێژووی گەلەكەی لەناخی ئەو فۆرمە نوێیەدا دارشت، كەشاعیرانی سەردەمی ئەو هەستیان پێ نەكردبوو. هەر بۆیەش ئەم تێگەیشتنانە بەجوانی لە (دوو سروودی كێوی)دا ڕەنگیان دایەوە، بەڵام جێگیریەكەی بەتەواوی لەدەربەندی پەپوولەدا بوو.

شێركۆ ئەندێشمەندانە لەنێوان دەستەواژەكاندا دەگەڕێ بەدووی ئەو خاڵانەدا كەبەشدارن لەگەڵ یەكتریداو، پاشان لەیەك زنجیرەی پەیوەندداردا كۆیان دەكاتەوە بۆئەوەی مەوداكان بۆ ڕوانین ئاشكرا بن، ئەم پەیوەندارییە لەشیعری نوێی كوردیدا، لەقەیرانێكی گەورەدا دەژیا، دیارە "دۆزینەوەی مانا" لەشیعردا بەوە نابێ كەماناكان بەئاشكرا لەنێو دەقەكەدا ئامادەبن، بەڵكو دەبێ زنجیرەی پەیوەندیەك هەبێ بۆ لێكدانەوەو شیكردنەوەی دەقەكە. هوسرل ئەم پەیوەندییە ئاشكرایە لەبواری دیاردەناسیدا دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند هۆكارێ بەڵام دوو دەستەواژەی گرنگی بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لەنێوان ماناو دەستەواژەیەك لەگەڵ شێوازدا وابەستەن بەتواناى دیاردەی ئەو زمانەوە كەپێی دەدوێ..

خوێندنەوەی شیعری شێركۆ بێكەس بۆ مێژووی زمان بووە، ویستوویەتی ببێ بەدەنگێ تایبەت بێت. بەڵام ئەو پرسیارەی كەلێرەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە، ئایا بۆچی شاعیرێ دەبێ بە دەنگ و ئەوی تر نابێ؟



www.pertwk.com

پێموایە پرسیاری لەم شێوەیە وەڵامی پەتی نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، شتێك لەناخماندا دەمانجولێنێ. شتێك ختووكەمان دەدات. هەر هەمان شت لەناخی شاعیردایە، ئەو پێش هەموو هەستی پێ دەكات و دەری دەبڕێت، كەواتە ئەو توانای هەیە ئەو شتە بگەیەنێتە ئێمە كە لەناخماندابووە.. ئەم حەقیقەتە لەهاوتەبایی شیعری و هەستی شیعری شێركۆ بێكەسدا دەردەكەوێ.

خاڵێكی تری گرنگ لای شێركۆ مامەڵە كردنە لەگەڵ كەلەپوردا، ئەمەش ئەو بەدوای یەكداهاتنەیە كەدەق لەمەرگ قوتار دەكات، مامەڵەكردنی لەنێوەندا نەبوو، بەڵكو بەرەو ئەودیوی كەلەپور هەنگاوی ناوە (فەرهاد، خۆشەویستی، خاك، ئاو، دەربەند، ئاسك، پەپوولە، كچ،.. كوڕ..) ئەو واژانە هەڵبژاردنێكە لەنێو مێژوودا، واتە هەندێكی هەڵبژاردووەو هەندێكی دورخستۆتەوە. پاش ئەوەی ئەم چەمكانە چوونە شیعری ئەمەوە مانایەكی نوێیان وەرگرت. هەر ئەم چەمكانە چەند سەدەیەك لەنێو شیعری كوردیدا لەقەیراندا بوون، لەلای ئەم بوونە ماناو چێژ.. گەڕانی شێركۆ هەروا بێ بەرنامە نەبووە، بەڵكو بەدووی بوونی حەقیقیدا گەڕاوە، ئەگەر وردبینانە بڕوانینە هەموو ئەو كون و كەلەبەرانەی كە لەشیعری كوردیدا هەن، لەلای شێركۆ ئەم ناكۆكیانە بەدی ناكرێ، كەماڵی ئیستاتیكاو كەماڵی شیعری دیاردەیەكن شێركۆ لەو مەودایەوە كاریان بۆ دەكات، بێ سڵكردنەوە لەئەنجامەكان بەرەو هەموو وشەیەك هەنگاو دەنێ.

شێركۆ لەدەرگا جۆراوجۆرەكانی شارستانییەتەوە خۆی بەنێو شیعردا دەكات، تاكو بتوانێ كاربكاتە سەر ڕۆشنبیری شیعری خۆی، هەوڵەكانی شێركۆ توانیویانە لەمەودای كاركردنە سەر هێزی شیعری خۆی نزیك بێتەوە لەبەرئەوە شیعری ئەو خاوەنی سێ چەمكی گرنگە، یەكەمیان: چەمكی پەیام، دووەم.. پەیوەندی، سێیەم: بەردەوامی.

پەیام لەشێوەی ئەو پەیوەندییە زمانەوانییەی كە لەنێوەندی دەقەكانیدایە دەچێتە دەرەوەی دەقەكەو لەگەڵ وەرگر پەیوەندی ڕۆحی دروستدەكات و



لەبەرئەوەی لۆژیكی پەیامی زاڵەو هەمیشەش لەبەرامبەر كەسی دووەم و كەسی سێیەمی ئامادەیە، پەیامەكانی تەنیا بۆ نێو خۆی نییە، بەڵكو دەچنە دەرەوەی خودی دەقەكەوە. دووەم پەیوەندی تەنیا لەگەڵ دەقەكەو دەرەوەی دەقەكەدا ئامادە نییە، بەڵكو پەیوەندییەكە هەندێ جار دەگاتە ئاستی سێیەم مەودا، واتا بۆ پەیوەندی وەرگر لەگەڵ خودی شیعرەكەو پەیوەندی شیعرەكە لەگەڵ خودی دیاردەكاندا، ئەمەش پێی دەوترێ سێ كوچكەیی پەیوەندی.

بەردەوامی وەك سێیەم چەمك، بریتییە لەبەدوایەكداهاتنی كارلێگەریەكان لەدەقەكەوە بۆ خوێنەر، لەخوێنەرەوە بۆ دەق، لەخاوەنی دەقەوە بۆ خودی دەقەكەو، دووبارە گەڕانەوەی خودی خوێنەر بۆ مەوداكانی دەق.. هتد. ئەو توانایەی شێركۆ لەشیعردا تەنیا لەو مەودایانەدا نەوەستاوە، بگرە هەنگاوی نوێی هەڵهێناوە.. بەڵام دوابەدوای ئەویش شیعری كوردی هەروا بەردەوام هەوڵی داوە لەشیعری نوێدا ئەم جۆرە مامەڵەكردنە لەناخی خۆیدا زیندوو بكاتەوە، لەساڵەكانی نەوەدەوە هەوڵی نوێ سەریان هەڵداوە، وەك هەوڵەكانی بونیادنانی زمان و گەڕان بەدووی شێوازی نوێ، هەروەها لەبەرامبەریشدا هەوڵی نوێی نابونیادگەرانە دراوە بۆ تێكشكاندنی زمان و دووركەوتنەوە لەو بونیادانەی گەشە بەزمانی شیعری دەدەن، بگرە هەوڵدان بۆ گۆڕهەڵكەندن و لەچاڵنانی شیعر.. واتا مەرگی شیعر دروستكردن، نەك ژیان دروستكردن.

بەڵام دەنگی ژیان لەشیعری نەوەدەكاندا ڕەنگە هەروا بەبێدەنگی بمێنێتەوە، بەهۆی مەرگی ڕەخنەیی و سستی لێكدانەوەكانەوە، دەنا دەنگگەلێك هەن كەنابێ هەروا بەبێ دەنگی بڕوانرێتە هەوڵەكانیان. نەك لەبەر ئەوەی داهێنەرانە مامەڵەیان لەگەڵ دەقی شیعریدا كردووە، بەڵكو گرنگییەكی پێویستە بۆ لێكدانەوەی ئەو بازنەیەی كەشیعری كوردی پێكدەهێنێ. وەك چۆن مامەڵە لەگەڵ زماندا كراوە، ئاوەهاش (سەیری شیعرمان وەك و بونەوەرێكی سەربەست نەكردووە، بۆیە دەتوانم بڵێم



www.pertwk.com

شیعرمان چەوساندۆتەوە، کردوومانە بەپاشکۆی زانستە مرۆییەکانی تر[80].

* * *

شیعری کوردی لەقۆناغی شێرکۆوە بازدانێکە بەرەو ئەودیوی ماناکان، ئەمە مانای ئەوەیە کەشیعر لەم حاڵەتەدا پەیوەستدارە لەگەڵ مرۆڤ، مرۆڤ لەشیعری ئەودا تەنیا مانای مرۆڤ نییە، بەڵکو وشەیە، مانایە، شیکردنەوەیە، دابڕانە، شێرکۆ لەپاش کاریگەرێتی شیعری بەسیاسەتەوە، توانی ئەو پەیوەندییە بچەسپێنێ کەئایدۆلۆژیا شیعر ناکوژێ، بەڵکو ئەوەی شیعر دەکوژێ کۆیلەکردنی شیعرە بەئایدۆلۆژیاوە گێژبوونی شیعر بەئایدۆلۆژیا، واتا تەماوی بوونی پاشەڕۆژەکەیەتی، ئەم حاڵەتە لای شێرکۆ بەشێوەیەکی تر ئەشکێتەوە، کەئەویش پەلکێشکردنی تێماکانە بۆ نێو درزەکانی ئایدۆلۆژیا، هەڵبەتە ئەم ڕاستییە بەسەر هەموو شیعرێکی شێرکۆدا ناچەسپێ، بۆ نمونە شیعرەکانی کەشکۆڵی پێشمەرگە، جۆرە هەڵچونێکی سیاسیانەیە لەدووتوێی وشەی جواندا، بەڵام تەماوین تابلێی.

ئەم حاڵەتە لەزۆربەی شیعرە ڕامیاریەکانی کوردا دەردەکەوێ. بەڵام لەولاوە هەندێ حاڵەتی تر هەن شێرکۆ بەجێی هێشتون و خۆی بەدەستەوە نەداوەو تەسلیمی ئەو تەزووە ئایدۆلۆژی و دروشمانە نەبووە کەببێتە هۆی کوژرانی شیعرەکانی، ئەگەر هەروا بەئەسپایی بۆ نێو دێڕەکانی (دەربەندی پەپوولە)دا شۆڕبینەوە، دەچینە نێو ئەو چەمەن و گوڵزارو باخ و بێستانەی کەگوێمان لەباڵندەو هەڵفرینی چۆلەکە ترساوەکان و هەنگە نووستووەکان دەبێت، ئەم مۆسیقاو وردبینییە، لەلای شێرکۆ شێوەیەکە لەخوڵقاندنی ژیانێکی نوێ لەنێو بەندەرێکی مردوودا.

ئەگەر هەر ئەم کارەی شێرکۆ وەك بەراوردکارییەك بەکاری بێنین بۆ لێکدانەوەکانمان لەمەڕ مەسەلەی مەرگ و ژیانی دەق، بێ سڵەمینەوە جێی ئەم دەقە لەنێو ژیاندایە.



## نامۆبوون و مەرگ

چەندێ لەم گەردوونەدا نامۆین، ئەوەندەش لەبەردەم مەرگدا نامۆین، هەر جووڵەیەك کەلەنێو جەستەو دەرەوەی جەستەدا ڕوودەدات، لەژێر کۆنترۆڵی نامۆبووندایە. بەڵام چ جۆرە نامۆبوونێك، هەمیشەیی یاخود کاتی؟ نامۆبوونی کوشندە یاخود نامۆبوونی گێژکەرە؟ لەژێر کۆمەڵێ یاسای نامۆبووندان. ئەو یاسایانە شێوەیەکن لەهەڵگێڕانەوەی ماقولیەت بۆ ناماقولیەت، نامۆبوون تێکشکاندنی یاسا باوەکانە بۆ یاساگەلێکی ئاڵۆز هەموو کەسێ لەبەرامبەر ئەو یاسایانەدا دەکەوێتە ململانێ، بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، بەڵام کەسێك نەتوانێ هۆشمەندی خۆی بدۆزێتەوە ئەوا تەسلیمی ئەو یاسایانەی نامۆبوونە دەبێ.

کەسی داهێنەر پێش ئەوەی هەر دیاردەیەك شیبکاتەوە دەکەوێتە پرسیارکردن، پرسیارکردن لەچۆنیەتی زیندووکردنەوەی ئەو شتانەی کەمردوون، یان خوڵقاندنی ئەو زیندووانەی کەبوونیان نییە، واتە خوڵقاندنی شت لەهیچ.. یان هەڵگێڕانەوەی شتە باوەکان بۆ شتێکی سەرسوڕهێنەرو نامەئلوف.. داهێنەر کەتەماشای ئەو شتە هیچ و باوانە دەکات پێشتر درکی بەوە کردووە کەهەموو هیچێك و شتێکی باو لەناخی خۆیدا کۆمەڵێ نوێخوازیی هەڵگرتووە، بەڵام ئەو حاڵەتە هەروا بەمانەوەیی و بێ دەستکاری بێگومان ناگاتە هیچ گۆڕانێك، بەڵکو پێویستی بەعەقڵی شیکەرەوەو داهێنەرانە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

نامۆبوون وەك حاڵەتێك لەپەیوەندی و دیاردەیی بەسێ ڕوو دەبینرێ:

1-نامۆبوون لەپەیوەندیدا.

2-نامۆبوون لەدەرەوەی پەیوەندیدا.

3-نامۆبوون لەناخی مەرگدا.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم چەمکانە لەیەك بەیەکیان وردەبینەوە.

1-نامۆبوون لەپەیوەندیدا



www.pertwk.com

لەهەموو بارەکاندا دوو سەرچاوە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەو دوو پەیوەندییە بەیەکتریەوە ببەسترێ، ئەو دوو پەیوەندییەش بریتین لەنێوەندی فەرزکراو ئەویش پەیوەندییە لەنێوان هەردوو جۆرەکانی Act فیعل و نێوەندی دانراو ئەمەش ئەو حاڵەتانەن کەچاو خۆی بەدوویدا دەگەڕێ و تەسلیم بەمێشکی دەکات، لەم دوو نێوەندەدا سەرچاوەی پەیوەندییەکان زۆر گرنگن (واتا چ پەیوەندییە ئەو نێوەندە فەرز دەکات).. دیارە سەرچاوەش بەبێ Act هیچ ڕۆڵێکی نابێت، گەشەکردنی کارەکان دەبنە هۆی پتەوبوونی سەرچاوەکان. سەرچاوە بەبێ ئەنجام و بەبێ فیعل هیچ مانایەکی نابێتو، ناشبێ بەدیاردە، لەکۆمەڵگە خێڵەکییەکاندا، کۆمەڵێ Actدەبنە سەرچاوە بۆ بەدیهێنانی ئەو یاسایانەی کەبۆی دەژین، لەکۆمەڵگەیەکی تەواو خێڵەکیدا Act میوان و میوانداری سەرچاوەیە بۆ دەربڕینی کۆمەڵێ ڕەوشت، وەك ڕێزگرتن، دەست و دڵ فراوانی و بەرزکردنەوەی ناوی خێڵو زاڵبوون بەسەر خێڵەکانی تردا، یاخود Act مەردایەتی سەرچاوەیە بۆ پاڵپشتی کردنی بێ هێزو پەنابەرو پاراستنی سنوری خێڵ و زەوی خێڵ.. ئەم کارانە سەرچاوەیەکن بۆ پێکهێنانی ئەو هەیکەلانەی کەبناغەی خێڵ پێك دەهێنن لێرەدا، پەیوەندی نێوان قەبیلە، پەیوەندی پتەوکردنی ئەو سەرچاوانەیە ئەمەش بەئەنجامدانی فیعلەکانی دێتەدی. ئەم جۆرە دیاردەیە ئەمڕۆش لەکۆمەڵگەی پێشکەوتووشدا بەشێوەیەکی دی ئەنجام دەدرێ لەپێناوی پاراستنی سەرچاوەکانی دەوڵەت و یاساکانی مرۆڤ و.. هتد.

گرنگ لەو جۆرەدا (نێوەندی فەرزکراو) ڕۆڵی خۆی ببینێ بۆ دەستنیشانکردنی سەرچاوەکان، لەکۆمەڵگەی خێڵەکیدا سەرچاوەکان جێگیرن و یاسای فەرزکراو ئەو جۆرە فیعلانە دەستنیشان دەکەن، واتە خێڵ بیەوێ و نەیەوێ ئەو سەرچاوانە بوونەتە یاسایەك و لەنێوانی خێڵەکاندا یاسان بۆ ئەنجامی کار بەرامبەر بەجێگیرکردنی سەرچاوەکان.



کەواتە بۆ ئەوەی زیاتر ئەم لایەنە ڕوون بکەینەوە، ڕوودەکەینە شیکردنەوەی سەرچاوەو کار، ئەم دوو چەمکە لەهەموو پەیوەندییەکدا ڕەگەزێکی گرنگن بۆ مانەوەو خوڵقاندنی پەیوەندی.. سەرچاوە لەهەموو دیاردەیەکدا بوونی هەیە، بەڵام سەرچاوەش شتێکی نەگۆڕو ئەزەلی نییە، هەموو دیاردەیەکی سوسیولۆژی و سایکۆلۆژی و ڕامیاری و ئابوریو.. هتد.. بەسەرچاوەوە بەندن، بەڵام سەرچاوەیەك ئەمڕۆ جێگیرە، ڕەنگە پاش (10) ساڵی تر بوونی نەبێ یان هەر هیچ سەرچاوەیەکی نەبێت، یان ئەوانەشی کە لەڕابردوودا هەبوون ڕەنگە بەتازەبوونەوەیەکی نوێ تر بێنەوە گۆڕێ، بەڵام بەبێ سەرچاوە هیچ دیاردەیەك ناتوانێ بەردەوام بێت، دیاردەکانی سروشتیش، سەرچاوەیەکن بۆ دیاردەکانی دەوروبەری خۆیان و لەو فیعلانە سەرچاوە وەردەگرن کەئابلۆوقەیان داون.

یاخود ژیانی مرۆڤ هەر لەسەرەتای گەشەکردنییەوە لەدەوروبەرەوە سەرچاوەی ژیانی خۆی و ڕەوشتی خۆی دیاری کردووە، هەر سەرچاوەیەو لەگەڵ خۆشیدا Act ێکی بەرهەم هێناوە، لەبیری فەلسەفیدا زۆربەی عەقڵە فەلسەفییەکان لەکارە فەلسەفییەکانیاندا سەرچاوەیان وەرگرتووە لەبیرو عەقڵی پێشڕەوی خۆیانەوە، ڕەنگە کەسێ بڵێ ئەی یەکەمین فەیلەسوف لەکوێوە سەرچاوەی وەرگرتووە؟! ئەم پرسیارە بەوە وەڵام دەدرێتەوە، کەهەموو عەقڵێ سەرچاوەیەکی هەیە، بەڵام خۆشی دەستەوەستان نییە بەرامبەر بەو سەرچاوەیە، بۆیە سەرچاوەی یەکەمی فەیلەسوف دەبێ دیاردەکانی سروشت بێت.

لەدیاردە ڕۆشنبیرییەکاندا ئەم کارە بەزەقی دەردەکەوێو.. دەکرێ بوترێ هەموو دەقێکی ڕۆشنبیری سەرچاوەیەکی وەرگرتووە لەدەقەکانی پێش خۆیەوە، هیچ دەقێ لەبێ سەرچاوەیی بەری نییەو پێش خۆی دەقێکی تری لەباوەش گرتووە، بۆیە لەپشتی هەر دەقێکەوە دەبێ سەرچاوەیەك هەبێتو لەپشتەوەی ئەو کارە دەبێ سەرچاوەیەکی نوێ بێتە بەرهەم، لەزمانناسیدا، دەکرێ بوترێ جیهانێکی ئاڵۆز لەپشتەوەی لێکدانەوە



www.pertwk.com

زمانەوانییەکانەوەیەو لەیونانەوە زمانەوانی لەسەر دەستی پروتاگوراس و ئەفلاتون و ئەرستۆو ئاپولونیوس تاگەیشتۆتە پریسکیانوس. ئەم کابرایە بەپاڵپشتی هەموو سەرچاوەکانی پێشووی خۆم توانی یاساکانی زمانی لاتینی پتەو بکاتو بەگەورەترین مامۆستای ئەو سەردەمەی زمانی لاتینی دائەنرێ.. ئەم لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە لەسەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمیشدا هەر بەدووی یەکدا هاتنێکی بەردەوامی سەرچاوەکانی پێشووی خۆیانو دانانی سەرچاوەی نوێی زمان بووە، هەر بۆ نمونە ئەگەر لەیاساکانی زمانداو لەئەمڕۆدا تەماشای کارەکانی شیلایخەرو G.R. FIRTH و فردنیان دوسوسور بکەین بەئاشکرا ئەو کاری سەرچاوەیە بەدی دەکرێ. بەڵام بەکاری پتەوترو دانانی بناغەی نوێترەوە بۆ سەرچاوەکانی زمان، ئەمەش وایکردووە کەهەر سەرچاوەیەکی نوێ، جۆرێك لەنمونەی سەرچاوەکانی پێشووتر هەڵبگرێ، بەڵام ئەو کارەی داهێنەرێ لەگەڵ ئەو سەرچاوە کۆنانە بەداهێنانێکی نوێ ئەنجامی دەدا، ئەو سەرچاوەیە دەکات بەموڵکی خۆی.. لەشیکردنەوەی سوسیالیستیدا، گەلێ نووسەرو داهێنەری سیاسی مەزن داهێنانیان پێشکەش کردووە، بەڵام کارل مارکس توانی سەرچاوەیەك بۆ بیری خۆی دانێ و لەمێژووی لێکدانەوەی سیاسی و فەلسەفیدا بیکات بەموڵکی خۆی.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، ئەم کارە بریتییە لەوەقسەهێنانی ئەو سەرچاوە کۆنانە بەڕێگای فیعلی نوێ و پێشکەشکردنی دەلالاتی نوێ، واتا بتوانرێ لەپشتەوەی سەرچاوەکاندا بەدووی ئەو پەیوەندییەدا بگەڕێین کەبتوانێ کارو سەرچاوە لەیەکتری نزیك بکاتەوەو پەیوەندی دروستبکات نەك نامۆیی پەیوەندی، نامۆیی پەیوەندی بەواتای دابڕان و تێنەگەیشتن لەو سەرچاوانەی پێش خۆت.. کامڵ نەبوونی پەیوەندی لەنێوان عەقڵی داهێنەرانەو سەرچاوەکان. وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، هەموو دەقێ بەرهەمی سەرچاوەو کردارە.. ئەمەش پەیوەندی وەدی دێنێ..



کامڵ بوونی ئەم پەیوەندییە لەگشت دیاردەکاندا، ئەوکاتە بەئەنجام دەگات کەنامۆبوون لەپەیوەندیدا دروست نەبێت واتا هیچ درزو کەلێنێ نەکەوێتە ئەو پردەی کەپەیوەندییەکان بەیەکتریەوە دەبەستێتەوە. گەر هەشبوو هەوڵی پڕکردنەوەی بدرێت، چۆن ئەم کارە دەکرێ؟!

وەرگر لەو نامۆبوونەدا بەشدارە کە لەنێوان سەرچاوەو کاردا دروستدەبێ لەبەرئەوەی ئەو پەیوەندیەی پێویستە.. پەیوەندییەکە لەبناغەدا بۆ ئەوەو بەبێ ئەو پەیوەندییە ئەو ناگاتە مەبەستەکانی.. وەرگر توانای ئەوەی نییە کەپەیوەندییەکە دەستنیشان بکات، بەڵکو داهێنەری سەرچاوەکە دەتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدات.. ئەگەر هاتوو سەرچاوە لەپەیوەندیدا پڕ بوو لەکەلێن و درز، ئەم حاڵەتە دەگوێزرێتەوە بۆ وەرگر ئەویش جۆرە نامۆبوونێکی لا دروست دەبێت چونکە ئەو "بۆشاییەش پەیوەست دەبێ کەدابڕانی مەعریفییە.."(81).

* * *

**نامۆبوون لەدەروەی پەیوەندیدا:**

ئەو دیاردانەی لەدەرەوەی پەیوەندیدان واتە بەجوودایی لەگەڵ پەیوەندیدا دەژین. بۆ ئەم حاڵەش دەتوانین لەم دوو چەمکەوە دەست پێ بکەین (چەمکی عەقڵ و چەمکی وەهم).

زۆرجار وەهم لەناخی عەقڵدا دروست دەبێت ئەم وەهمە لەو پەیوەندییە نامۆییەوە دروست دەبێت کەعەقڵ بەرامبەر بەدیاردەکان پەیدای دەکات. زۆرجار ئەم وەهمە بەردەوام دەبێ و گەشە دەکات، دەگاتە دوا پلەی کەئیتر ناتوانێ لەبەردەمیدا خۆت ڕابگری، تاڕادەیەك وای لێدێت ئەم عەقڵە لەنێو ئەو وەهمەدا ون دەبێ و هەموو پەیوەندییەکان دەچنە دەرەوەی ماقولیەتەوە، واتا دەرەوەی پەیوەندییەوە. بەو مانایەی هەموو کارەکان لەدەرەوەی سەرچاوەوە بەئەنجام دەگەن. ئەمەش شێوەیەك لەناعەقڵانیەت دروست دەکات. کە بەناچاری بەرەو شێوەیەك لەنامۆبوون دەڕوات، بەڵام نامۆبوونێ لەدەرەوەی پەیوەندیدا..



www.pertwk.com

لەدنیای ئەمڕۆدا ڕۆشنبیری و عەقلانیەت لەهەوڵی ئەوەدان کەنەکەونە دەرەوەی پەیوەندییەکانەوەو بەچاکی دەست بەو سەرچاوانەوە بگرن کەبەرەو نوێبوونەوەو داهێنانیان دەبات، ئەمڕۆ زۆر لەم حاڵەتانە لەبوارە شەڕخوازییەکانیاندا ئەو ڕێرەوەی گرتووە کەداهێنان لەدوای داهێنان بەئەنجام دەگەیەنێ لەگەڵ سەرچاوەو کاری بەردەوام، بۆ نمونە بەرهەمهێنانی چەك و تەقەمەنی و مووشەکی مەزن و فڕۆکەی جەنگی پێشکەوتوخوازو هێزی تەقینەوەی لەرادەبەدەر. کەئەمانەش بمانەوێ و نەمانەوێ دەچنە خانەی گەشەکردن و پەیوەندی سەرچاوەو کارەوە، بەڵام بەکارهێنانو مومارەسەکردنی شێوەیەکە لەنامەئقولیەت، بێگومان ئەگەر شێوەی بەکارهێنانەکەو ڕەوتی بەکارهێنانەکەی بگۆڕێت، ئەوا کارەکە بەرەو ئەو ئاستە دەڕوات کەبتوانێ پەیوەندییەك بێت لەماقولیەت.. بەڵام هەر هەمان ئەو کارە دەکرێ شێوەیەك بێت لەبەرەو چوونەپێشەوەی عەقڵ و داهێنان و ڕزگاربوون لەوەهم..

هەندێ دیاردەی دیکەی عەقڵ ئەمڕۆ لەبەردەم ڕووداوەکانی ژیانو گۆڕانکارییە ئابوورییەکاندا تووشی سەرسوڕمان بوون، نازانن لەچ سەرچاوەیەکەوە هەنگاو هەڵێنن و دەستنیشانی پەیوەندییەکانیان بکەن، هەروەك ئاماژەمان بۆی کرد عەقڵی ڕۆشنبیری زۆرجار لەبەردەم هەندێ دیاردەی مەزندا تووشی وەستان بووە، تەنانەت ناتوانێ دەستنیشانی ڕێرەوی کاری خۆشی بکات، بەڵام لەهەندێ ڕووی دیکەوە تەسلیم دەبێ بەوەهمو تووشی جۆرێ لەنامەئقولیەت دەبێت، داهێنانە ڕۆشنبیرییەکان لەو سنورە خۆیان دەترازێنن کەبۆیان دەستنیشان کراوە، بیر لەئازارو کێشەکانی کەون ناکەنەوە، بەڵکو دەچنە خانەی سوان و خۆ بەو پەتە تەنکە دەبەستنەوە کەرەنگە بەئاسانی بپچڕێ و بکەونە هەڵدێرەوە، زۆرجار عەقڵی ڕۆشنبیری تەسلیمی ئەو واقیعە شەڕخوازیە دەبێ کەوەهمی بۆ دروست دەکات و وەهمەکەی قووڵ دەکاتەوە بۆیە ئەویش لەگەڵ ئەو وەهمەدا دەڕوا، وەرگریش بەو وەهمە دەرمان خوارد دەکات.



بەم جۆرە نامۆبوونێك لەپەیوەندیدا دروستدەبێت لەنێوان وەرگرو داهێنەرو دنیای وەرگردا. بەڵام ئەمەش کارێك نییە کەئیتر نەتوانێ ڕۆشنبیر خۆی لێ دەرباز بکات، بەپێچەوانەوە، عەقڵی داهێنەرانە بەدووی ئەو کەلێنانەدا دەگەڕێ کەوەهمەکان لێوەی دزە دەکەن بۆ عەقڵ، خۆی لەو قاڵبە تەسکە دەردەپەڕێنێ، ئەگەر لەو بەرگە کۆنەشدا بمێنێتەوە ئەوا خۆی نوێ دەکاتەوە "بیرکەرەوە توانای نوێ بوونەوەی هەیە، ئەویش بەپەیڕەوکردنی بیری نوێ، یاخود بەخوڵقاندنی مەرجی نوێ بۆ بیرکردنەوەی، یاخود بەدامەزراندنی پەیوەندی نوێ لەنێوان خۆی و بیری خۆیدا. ئەگەر وازی لەوە هێنا کەبگۆڕێ و جیاواز بێت لەبیرو خودی خۆی، ئەوا دەگۆڕێ و دەبێ بەداعی و تەنیا موبەشرێك"[82].

وەهم لەگەڵ عەقڵدا گەلێك ئاسانە کەبچنە پاڵ یەکترییەوە، بەڵام ئەمەش بەو شێوەیە بەئەنجام ناگات کەبتوانی چۆنیەتی سەرچاوەو پەیوەندییەکان دیاری بکەین، هەروەها دەشبێ وەهمەکان تادەکرێ لەعەقڵەوە دووربخرێنەوە، بەبرەودان بەچۆنیەتی داهێنان.

وەهم گەورەترین کوژەری داهێنانە، لەوەهمدا سەرچاوەکان لەکار دووردەکەونەوە، سنورەکان تەسك دەبنەوە، کەلێنەکانی نێوەندی پەیوەندی بەرفراوان دەبن و نامۆبوونیش لەم حاڵەتەدا مەزن دەبێت.

نامۆبوون لە ناخی مەرگدا:

عەقڵی باو پەیوەندیی باو دروستدەکات، ئەو پەیوەندییانەی لەجیهانی سێهەمدا هەن، زۆربەیان لەناخی مەرگەوە لەدایك دەبن، هەموو جوڵانەوەیەکی فیکری لەو ڕووبەرەدا دووبارەکردنەوەی جووڵانەوەی فیکری دەرەوەی خۆیەتی [واتا لەناخی خۆیەوە هەڵناقووڵێ، بەڵکو وەرگیراوە یان خواستراوە] ئینجا زۆرجار ئەو بیرانە لەزەمینەو سەردەم و کاتی خۆیاندا تووشی نووشستی بوونو هیچ ئەنجامێکیان بەدەست نەهێناوە، دەمانەوێ لێرەدا هەر بەهەمان ڕۆحەوە بیهێنین و داهێنانی



www.pertwk.com

لێدروست بکەین، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش زۆر جار بەهەڵە دەشکێتەوە.
هەر بەنمونە، گواستنەوەی بیری مارکسیستی لەزۆربەی دنیای سێهەم‌و کوردستانیشدا، وەك بەشێك لەو خێزانی وڵاتانە لەقەیرانی تووندو تیژدا دەژیا لەگەڵ ئەو واقیعانەی کەڕووی تێدەکرد، چونکە ئەو بیرە بەزەمینەی ئەو شوێنانە نامۆبوون، جێبەجێ کردنی پێویستی بەموتوربەکردن‌و گۆڕانکاری‌و دروست کردنێکی داهێنەرانەبوو، واتا هەوڵدان بۆ زیاتر پتەوکردنی ئەو زەمینەی کە لەسەری جێبەجێ دەکرا. هەر بۆیە لەپاش ئەو هەموو ئەزمون و خەباتانەش، تووشی نوشستی مەزن دەبوون. هەروەك تووش بوون، واتا گرفتەکە لەوەدابوو کەهێنانی ئەو بیرە لەگەڵ پەیوەندییەکانی وەرگرو داواکانی وەرگری ئەو زەمینەدا نەدەگونجێنرا. بەمەش نامۆبوونێ لەناخی ئەو مەرگەدا دەگونجا، چونکە ئەو بیرو بەرهەمانە بەمردوویی دەهاتنە نێو خەڵکی و لەپەیوەندییەکی نامۆییدا لەگەڵ وەرگردا دەژیان.

بەهەمان شێوە لەبیری ئیسلامیدا. هێنانی ئەو یاسا بنەڕەتیانەی کەدەمێکە زەمینەی جێبەجێکردنیان مردووەو نەماوە، بەڵکو ئەو بیرانە پێویستیان بەپەرەپێدان و گونجاندنە، جێبەجێکردنێکی یاسای دابەشکردنی دەستکەوتەکانی دەوڵەت بەپێی ئەمرۆی قورئان و لەمرۆی کۆمەڵگەکاندا هەندێ ناتەواوی ئابوری بەرهەم دەهێنێ نەك چارەسەری ئابوری، لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا کەخاوەنی زەمینەی ئایینی پتەوەو خەڵکی ئەرکە ئایینییەکانی سەرشانی جێبەجێ دەکات و پەیوەندییەکی قووڵ هەیە لەگەڵ ئەو ئایەت و داواکارییەی کەخودا داوای دەکات، بۆیە جێی سەرسوڕمانە کەبیرێك یان بزووتنەوەو جوڵانەوەیەکی ئیسلامی سیاسی لەلا نامۆبێ و مەرگی تێگەیشتنی لا دروست بکات و لێڵیەکان لەبەردەم‌و چاویدا بەرفراوانتر بێ.. ئایا ئەمە تێنەگەیشتنە لەو یاسایانە یاخود نامۆبوونە؟! بێگومان نامۆبوونە.. ئەو یاساو بەرنامانەی کە ئەو سیاسی و ئیسلامیانە دەیانەوێ ئەگەر لە ناوەرۆکدا بۆ زیاتر چەسپاندنی ئیسلام



بێت، بەڵام لەڕاستیدا زیان گەیاندنە بەئایین و زیان گەیاندنە بەو پەیوەندییەی کەساڵانێکە لەنێوان ئایین و مرۆڤدا هەیە، ئەوان دەیانەوێ ئەو بازنەیە تەسك بکەنەوە کەعەقڵ لێوەی دەڕوانێتە پێویستییەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئاییندا بەپێی سەردەم و زەمینەو هەلومەرجی ڕۆژگار، ئایین بۆ ئەوەیە کەئازارەکان کەم کاتەوە نەك زێدەتریان بکات، ئایین بۆ ئەوەیە ئەو تێکستانە بگاتە هەموو کەسێك بەپێی داواکاری و پێویستییەکانی، نەك ئاڵۆزکردن و گرانکردنی بەسەر شانی ئیماندارەکانەوە.

بەهەرحاڵ ئەم ڕاستییە لەزۆر بواری دیکەشدا ئاشکرایەو بەزەقی دەبینرێ. ئەبێ هەموو چالاکییەکی عەقڵ، لە بازنەی مەرگ بچێتە دەرەوە، بەڵام لەلای هەندێ کۆمەڵگە (کۆمەڵی کوردەواری وەك بەشێ لەو کۆمەڵگەیانە) لەجیاتی ئەوەی پێداچوونەوەیەکی ماقووڵی بۆ هەموو گرفتەکان هەبێت، هەوڵدەدەن لەنێو مەرگی ئەو بیروبۆچوونانەوە عەقڵ بخەنەکار، بەم کارەشیان نامۆبوونەکە لەنێوەندی مەرگەوە دروستدەکەن، هەر بۆ نمونە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەو چارەسەرانەوە دەست پێ دەکەن کەتایبەتن بەسەردەم و قۆناغێکی جیاواز لەئێستاو یاساکانی ئەو سەردەمە بەکاردەهێنن، کە لەزەمەنی خۆیدا تەواوبوەو لەزەمەنی خۆیدا تووشی مەرگ بووە، بۆ نمونە بۆ چارەسەری کێشەی ئافرەت بەدووی ئەو کێشانەدا ناگەڕێن کەئافرەتیان بەو حاڵە گەیاندووە، واتا لەچارەسەرە فیکری و سیاسییەکانەوە دەست پێ ناکەن، بەڵکو لەچارەسەرە شکڵییەکان دەست پێ دەکەن، وەك دانانی یەکێتی و ڕێکخراوی ئافرەت، بەڵام یاساکانی دادگاو دادگوزاری ئافرەت بەنیوە تەماشا ئەکات، یان بەکارهێنانی ئافرەت لە بەشەکانی وەزارەت و پەرلەمان و دەزگاکانی دەوڵەتدا، بەڵام قەرارات و بڕیاردان بەدەستی پیاوانەو لەچۆنیەتی بەڕێوەبردندا تەنیا هەندێ دەسەڵاتی سستیان هەیەو بەس، هەروەها کێشە بنەڕەتیەکان لەبەکارهێنانی ئەو بیرە مردووانەیە لەدەستنیشانکردنی و گۆڕانکاری باری ژیانی ئافرەت، ئەم حاڵەتە نەك



www.pertwk.com

تەنیا ئافرەت وەك كەسی دووەمی چەوساوە دەگرێتەوە، بەڵكو پیاویش ئەگرێتەوە. وەك بەشێك لەداهێنانی یاسای كوشندەو مردوو، كە لەئەنجامدا ژیانی هەموان دەشێوێنێ. یەكێ لەو مەسەلە گرنگانەی تر كە زۆر جار لەدووتوێی وتارەكان و لەهەندێ شەتەحاتی بەناو موفەكیرەكاندا گوێمان لەدەستەواژەی گەورەو دانانی بەرنامەی مەزن دەبێ، بەڵام لەجێبەجێكردندا تووشی نووشستی دەبن، هەر بۆیە "قسەكردن لەسەر ئەو ڕێگرانەی بەردەمی تێگەیشتن و مەعریفە، بەرەو قسەكردنمان دەبەن بەرەو چەمكێكی نوێ"[83].

كەواتە نامۆبوون كێشەی مەرگ و ژیانە، سنورێكە كەئیتر پەیوەندییەكان تووشی سەرسوڕمانی دەبن، عەقڵی داهێنان دەیەوێ لەو نامۆبوونە خۆی قوتار بكات، ئەویش بەڕزگاربوونی لەو مەودایەی كەدەیەوێ سنوری بۆ دابنێت و نایەڵێ ببزووێ، تاڵە ئەنجامدا دەیخاتە نێو وەهمەوە، ئەو وەهمەی كەنەتوانێ لێی دەرباز بێت.

* * *

## ئازادی و مەرگی ئازادی:

كەهەستتكرد دەتوانی هەموو كارێ ئەنجام بدەی كەواتە ئازادی، هەر كاتێ هەستتكرد ناتوانی لەپێستی خۆتدا بجوڵێیتەوە كەواتە ژێردەستەی. ئایا ئەم پێناسەیە دەكرێ ڕاست بێت؟ یان نوقستانییەكی لەدووتوێی خۆیدا هەڵگرتووە. بەهەرحاڵ تێگەیشتن لەچەمكێكی لەمجۆرە هەروا بەپێناسەیەكی ئاوەها سادە كۆتایی نایا، دەیەهاو سەدان مشت و مڕی هەمەچەشنەو سەر بەفەلسەفەو بیروباوەڕی جیاواز ئەنجام دراوە بۆ تێگەیشتن لەم چەمكە. دیارە هەر فەلسەفەیەو هەر قوتابخانەیەكی فیكری و ئایدۆلۆژی پێناسەی تایبەتی خۆی بۆ ئەم تێگەیشتنە هەیە، لەسەردەمی سوكراتەوە ئەم پێناسەیە ڕەگی داكوتاوەو وەك فەلسەفەش خراوەتە دووتوێی لێكدانەوەی قووڵەوە، جیهان هەر لەبناغەوە ململانێیەتی بۆ جێگیركردنی مانایەكی تەواو بۆ ئەم چەمكە.



بەهەرحاڵ مەسەلەكە لەم باسەدا لێكدانەوەو پەیدابوونی ئەم چەمكە نییە، بە قەدەر ئەوەی هەوڵێكە بۆ گەڕان بەدووی ئەو وەهمانەدا كە مرۆڤ تیاندا هەست بەئازادی دەكات، واتە گەڕانە بەدووی هۆكانی سەرهەڵدانی وەهمی ئازادی و جێگیربوونی لەبیرو لێكدانەوەكانی مرۆڤدا. بەڵێ زۆربەی بیرو تیۆرو ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەكان بەرخوردیان لەتەك ئەم چەمكەدا كردووە، بەدووی ئەسڵی مانای ئازادیدا گەڕاون. هەندێك پێیان وابووە كەئازادی دیاریكردنی ئیرادەیە، هەندێك پێیان وایە دەستنیشانكردنی بوونی خودەو دۆزینەوەی سنووری خودە، یان توانای هەڵبژاردنە یاخود دیاریكردنی سەرنویشتە یان سنووردار نەكردنی ئەو مەودایەیە كەمرۆڤ دەیەوێ تیایدا بجوڵێتەوە، یاخود هەن دەڵێن ئازادی بەواتای ئەوەی كەئازادی كەسانی تر پێشێل نەكەی. یاخود سپینۆزا ڕای وایە كەدرككردن بەزەرورەت مانای تێگەیشتنە لەئازادی.. هتد ئەم بۆچوونانەو چەندان بۆچوونی تر مەبەستی جوانكردنی ئەم چەمكەیە، گەیاندنی بووە بەمرۆڤ، بەڵام ئەم كارە زۆرجار بەپێچەوانەوە شكاوەتەوەو، كۆت لەجیاتی ئازادی پێشكەش بەمرۆڤ كراوە. ئازادی لەنێو دووتوێی مانای خۆیدا هەندێ بەربەستی دروستكردووە، كە لەلێكدانەوەی عەقڵێ بۆ عەقڵێكی دیكە جیاوازی هەیە، ئەمەش لەوەوە هاتووە كەئایا كەسەكان چۆن دەڕواننە ئەم چەمكە.. ئەو پرسیارەش كەبەردەوام ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئایا ئەم چەمكە ڕوویەكی ڕێژەیی هەیە یاخود موتڵەق؟..

هەڵگری ئایدۆلۆژیەكان هەریەكەو لەڕوانگەی خۆی و بەرژەوەندی و تێگەیشتنی خۆیەوە ئەم چەمكە شیدەكاتەوە، پەیڕەوانی قوتابخانەی سوسیالیستی و كۆمۆنیستی لەكۆمەڵگەیەكی بێ چین و نەمانی موڵكایەتی تایبەتی.. هتد. ئازادی دەبینن، كەسێكی ئایین و مەزهەبی لەدەسەڵاتی پەرتووكە ئاسمانی و یاسا ئایینیەكانەوە بەرپابوونی دەسەڵاتی خوایی لەسەر زەوی ئەوپەڕی ئازادی و خۆشبەختی دەبینن، یاخود كەسێكی خاوەن ئایدۆلۆژی تیۆری دیموكراتی لیبراڵی تروسكایی



www.pertwk.com

ئازادی بەدی دەکات.. کەواتە ئەگەر ئەوانە هەموو ڕاست بکەن، دەبێ کامیان هەڵەبن و کامیان ڕاست بن، ناکرێ مرۆڤ لەنێوان ئەو هەموو ڕاستیەدا بەدووی ڕاستیدا بگەڕێ.. لەململانێی عەقڵانیدا، وتوویژو لێکدانەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی بیری چەمك گەلێکن دەتوانن وەڵامێکی پەتی بەدەستەوە بەن، بەڵام لەململانێی ناعەقڵانیدا وتوویژ بەبێدەنگی و لێکدانەوە دەگاتە بنبەست و ڕووبەڕووبوونەوەکەش ڕوویەکی توندوتیژانە وەردەگرێ.. بۆیە گەیشتن بەئەنجام مەحاڵە.. (ئەممەش ئەو حاڵەتەیە کە لەهەموو ئەو ململانێیە ناعەقڵانیانەدا ڕوودەدات کەئەمڕۆ لەپارچە جۆربەجۆرەکانی دنیادا دەیبینین).. چەمکی ئازادی وەك ئاماژەمان بۆی کرد، لەڕووی لێکدانەوە فیکرەکانەوە تائێستا پێناسەیەکی موتڵەقی بەخۆوە نەگرتووە، هەر لایەو هەر بۆچوون و فەلسەفەیەك بیری خۆی دەسەپێنێ..

بەڵام لەحەقیقەتدا ئازادی وەهمە یاخود واقیعە، ئازادیەك کە لەمانای پڕ بەچەمکی خۆیدا پەیوەستە بەدەسەڵاتەوە، هیچ ئازادیەك لەدەرەوەی دەسەڵات بوونی نییە، بەڵام کەدەڵێین دەسەڵات مەبەستمان ئەو دەسەڵاتەیە کە تووڵەڕێی ئەم چەمکە دیاری دەکات، هەندێ جار ئەو دەسەڵاتە ئەم چەمکە بەرەو هەرەس دەباو تووشی هەڵدێری دەکات، بەڵام هەندێ جار ڕێڕەوی دەگرێ و دەیەوێ بگاتە مانای پڕ بەپێستی خۆی.. بەڵام زۆربەی لێکۆڵەرەوەو بیرکەرەوەکانی ئێستا ئەم چەمکە بەدنیاوە دەبەستن، کەوا مرۆڤ لەپەیوەندیدایە لەگەڵ سروشتدا، کەواتە مرۆڤ ئازاد نییە چونکە ئەم سروشتە ئازادی ئەو دەستنیشان دەکات ئەوەش هەست بەئازادی دەکات ئەوا لەوەهمدا دەژی. کەسێ نییە لەم کەونەدا ئازادبێ، گەر ئازادبێ بەرامبەر مرۆڤ و لەگەڵ مرۆڤدا، بەڵام ناتوانی لەدەسەڵاتەکانی سروشت و هێزەکانی سروشت و بوون قوتاربێ ئەو هێزانە زۆر لەو هێزانە گەورەترن کەمرۆڤ دەستنیشانیان دەکەن.



کەواتە مرۆڤ لەپەرێشانیدایە.. زۆربەی تیۆرەکان بەدووی ئەوەدا دەگەڕێن کەوەڵامێ بۆ ئەم پرسیارە بدۆزنەوە.. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم چەمکە لەپەیوەندیدا لەگەڵ مرۆڤ و مرۆڤدا دوو چەمکی ئیرادەو زەرورەت دەکەینە لەئیرادەدا ئەو کایانە ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن کەدەستنیشانی ئەو ئازادییە دەکەن، لەئیرادەدا دەسەڵاتەکانی مرۆڤ دەست نیشان دەکرێن بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کارێ بکات یاخود نەیکات. ئیرادە بنەبڕکردنی ئەو عەفەویەتەیە کە وا لەناخی مرۆڤدا جێگیرە، بەڵکو سنوور دانانە بۆ جوڵانەوەکانی عەقڵ، واتە دەسەڵات لەپەیوەستدا دەبێت لەگەڵ عەقڵدا بۆیە لەم نێوەندەدا عەقڵ، خاوەنی ئەو ئیرادەیە کەبڕیاری چارەنووسی خۆی دەدات، ئیتر گرنگ نییە ئەنجامەکانی چییە. ئیرادە واتە ئاشکرابوونی دەسەڵات، لەلای تاکە کەس ئیرادە بەمانای ئازادی تاکە کەس و ڕەهابوونی لەبەندەکانی دەرەوەی خۆی (ئەویش بەمەرجێ ئەو ئیرادەیە نەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دەرەوەی خودی تاکەکەسەوە) مرۆڤ لەم ساتەدا کەخاوەنی ئیرادەی خۆیەتی، واتا خاوەنی سنووری خۆیەتی، خاوەنی جووڵەی خۆیەتی، بەڵام لەحاڵەتی کۆیلایەتی و ژێردەستایەتی عەقڵی خوددا، ئیرادەی تاکەکەس ئەبێتە پاشکۆ، لەچەمکی زەرورەتدا.. دەتوانین بڵێین ئەو هۆکارانەی جووڵەی خود دیاری دەکەن زەرورەتەکانن، ئەگەر مرۆڤ تینوو بێت زەرورەتی تینوێتی بەرەو ئاوی ئەباو، ئەگەر لەچوارچێوەیەکی داخراودا بژی زەرورەتی بینینی ڕووبەرێکی بەرفراوانتر بەرەو هەڵهاتن و دەرچوون لەو چوارچێوەی دەبات.. هتد. زەرورەت بەمانا سایکۆلۆژییەکەی تێرکردنی ئەو بەشە چەپێنراوانەیە کەدەیانەوێ زیاتر حەزەکانیان تێرووپڕ بکەن.. بۆیە زەرورەت یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی پەیوەستە بەئازادی مۆڤەوە، مرۆڤ کەبەدوی ئازادیدا دەگەڕێ، زەرورەتە عەقڵ و جەستەییەکان وای لێدەکەن بگەڕێ و وێڵی ئەو ساتانە بێت کەتیایدا موماسەرەی پێویستییەکانی دەکات. واتە ئازادی زەرورەتێکە بۆ تێرکردنی کەمبوودییە عەقڵی و جەستەییەکان. هەندێ جار



www.pertwk.com

بارودۆخەکانی دەرەوەی خود وا پێویست دەکات عەقڵ بەرەو ئازادی بڕوات، لەبەرئەوەی دەرەوەی خود خۆی لەنێو چوارچێوەیەکی نامۆ لەخودی خۆیدا دەبینی، کەگۆڕانکاری زۆر پێویستە بۆ گەیشتن بەو چوارچێوە نوێیە ئەم کارەش بەئازادی ئەنجام دەدرێ و دێتەدی..

هەروەها لەتێگەیشتن بۆ چەمکی ئازادی، حاڵەتی ململانێ لەئارادایە، ململانێی گەیشتن بەو ئامانجەی هەوڵی بۆ دەدرێ، ململانێ لەپێناوی ڕەفزکردن و نوێ بوونەوە، ڕەفزکردنی ئەو دیاردانەی سنوور بۆ جوڵانەوە دادەنێن نوێ بوونەوەی ئەو یاسا و ڕەوشت و جوڵە کۆنانەی کەناهێڵن گەشەکردن لەهەموو مەوداکانی عەقڵی مرۆڤدا دروستبێت. هەروەها هەوڵی ئەوە بدرێت کە هەر سەردەمێ عەقڵێکی نوێ پێشکەش بکرێت، ئەمەش بەو مانایەی عەقڵی مرۆڤ نابێ دەستەوەستانی شتە بەستەڵەکەکان بێت. لەفەلسەفەدا.. گەشەکردن و پەیدابوونی قوتابخانە جۆربەجۆرە فەلسەفیەکان لەڕێگای ململانێ و نوێ بوونەوەوە ڕوویداوە، هەمیشە پرسیاری تازەی داواکردووە پرسیاری نوێی هێناوەتە گۆڕێ..

ململانێکانی مرۆڤ تەنیا لەگەڵ دیاردەکانی دەرەوەی خۆی نەبووە، بەڵکو ئەم ململانێیە لەناخی خۆشیدا بەردەوام بووە. واتە لەناخی مرۆڤدا لەئاستەنگێکی مەزندا بووەو ویستویەتی هەمیشە ناخی خۆی لەو کۆتانە ڕەها بکات کەنەیاندەهێشت بزووتنەوەکانی ناخی جۆرە ئازادیەك بەدەست بهێنن، بۆ بزواندن و دابڕان و خۆپساندن لەو مەودا تەسکانەی کەنەیان ئەهێشت بجوڵێ و گەشە بکات، ئەمەش لەو هەوڵانەدا بەدی دەکرێت کەفەیلەسوف و بیرکەرەوە مەزنەکان بەرامبەر دیاردە شاراوەکان نواندویانە.. هەروەك بۆچوونەکانی سوقرات لەبەرامبەر عەقڵی باوی ئەو سەردەمەداو ئەو فیکرە نوێیانەی کە لەناخیا پەنگیان خواردبۆوەو دەرەوەش ڕێگر بوون لەبەردەم ئەوەی کەبگاتە دەوروبەری خۆی، بۆیە ئازادی وتنی هەڵبژارد، چیتر ڕێگای بەبێدەنگی نەدا هەروا بەرەو کپ بوونی بەرێ. بەڵام قوربانی ئەو ئازادی وتنەش جەستەی بوو. ئەم



حەقیقەتەش لای گالیلۆ لەو گرانەدا بەدەردەکەوت کە لەجەستەیا بەرزبوونەوە، گالیلۆ عەقڵی ئازادی خوازانەی خەیاڵ نەبوو، بەڵکو سەرچاوەو زەمینەیەکی عەقڵانی زانستی لەپشتەوەی بوو، بۆیە بۆ شڵەقاندنی مەرگی ئەو سەردەمە پێویست بوو کەشتێ بڵێ. لەمەڕ حەللاجیش، تەنیا گرنگ نییە کەچی وتووە لەسەر حەق بووبێ یاخود ناحەق، بەڵام گرنگ ئەو هاوارەوئەو ململانێیە بوو بۆ دەربڕینی دیموکراسیەتی وتووێژو لێکۆڵینەوە، ئەو وتانەی ئەو بانگەوازێ بوو بۆ نوێ بوونەوەو ڕەهابوون لەبەستەڵەکی ڕوانین و بیرکردنەوە.. ململانێی دەرەوەو دیاردەکات دەچنە قاڵبی بەیەکدادان لەپێناوی جێگیربوون و ئاشکرا کردنی پەردەکانی حەقیقەت و گەڕان بەدوای پرسیاردا نەك خۆبەستنەوە بەوەڵامە ئامادەکانەوە.

لەململانێی ناوەوەشدا دەبێ عەقڵ بڕیاردەر بێ. ئازادی لای هیگل لەچەمکی aufheben ەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەم زاراوەیە، پڕ بەپڕ ئازادی ناگەیەنێ بەڵکو بالآیی و ڕەهایی دەگەیەنێ کەئەم بالآیی و مەزنییە لەحاڵەتی ئازادیدا بەدی دەکرێت "ئەم زاراوەی aufheben واتە سنورو کۆت بەسێ مانا:

1-نەفی کردنی سنورو پووچ کردنەوەی.

2-بەرزکردنەوەی سنور بۆ ئاستێکی بەرزترو نوێ.

3-پاراستنی سنور.

ئەم سێ مانایە لەدانانی هیگل نییە، بەڵکو سێ بەکارهێنانی ئاسایی کاری "aufheben"ە لەزمانی ئەڵمانیدا"[84].

کەواتە بالآبوون و بەرزبوون، بەپێی مەفهومەکەی هیگل واتا پەیوەندی لەگەڵ سنوردا.. هەمیشە لەمێشکماندا کەبیر لەسنور دەکەینەوە بیر لەحاڵەتی داخراوو دیاریکراوو ماف و جووڵەو بەستراوی دەکەینەوە، هەروەها پەیوەستە بەئابڵووقەدان و دەست بەسەرا گرتن و هەندێ جار موڵکایەتی، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا سنور لەگەڵ چەمکی ئازادیدا دژە..



www.pertwk.com

سنور لەسەر بناغەی جوگرافی ڕەنگدانەوەی بناغەی دەروونییە، سنور لەدەروونداو واتا دەست بەستراوی بەرامبەر هەندێ دیاردەو کۆتکردنی جووڵەو بۆچوونەکانت، سنور لەناخدا واتا ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ناخ، کەسێکی نائازاد، هەمیشە لەهەستێکی نامۆبوون و چەپێنراودا دەژی و، ئاسۆکانی بەرەو سنورە بەرفراوانەکان ناڕۆن. بەڵام ئەو سنورەی کەهیگل وەك زاراوەی aufheben دیاریکردووە، ئەو سنورەیە کەبەرەو بالابوون دەچێت، واتا مەزن دەبێت، هەر بۆ نمونە لەئاستی جوگرافیدا ئەو سنورە تەسکەی کەهەیە فراوان دەکرێتەوە بۆ ڕووبەرێکی بەرفراوانتر و زۆرتر بەمە ئەو سنورە کۆنە پووچەڵ کرایەوە، سنورەکەش چووە ئاستێکی گەورەترو مەزنترەوە، پاشان کەگەورەو مەزن بوو، بیر لەپاراستنی دەکرێتەوە. لەعەقڵ و بیردا سنوری ئەو بیرانەی کەهەن مەرج نییە بەتەسکی بمێننەوە ئەگەر بەتەسکی بمێننەوە ئەوا دەبنە بیرێکی تەسك و لەشوێنی خۆیان دەپووکێنەوە، بەڵکو ئەو سنوری بیرکردنەوانە پێویستیان بەبەرزبوونەوە هەیە بۆ ئاستێکی نوێ و بیرکردنەوەی نوێ و بۆ ئەوەی لەکۆتی ئەو بیرە سنورکراوە دەرچین. لەپاش ئەم حاڵەتە بیرەکانمان لەگەڵ بیری تازەو داهێنانی تازەدا ئازادی خۆیان بەدەست دەهێنن و لەو بیرە کۆنە ڕزگاریان دەبێت، بەم جۆرە دەچینە حاڵەتی ئەوەی کەدەبێ ئەو دەسکەوتە بپارێزرێ و نەهێڵین تووشی جمود ببێ ئەویش بەپاراستنی فیکرە باشەکان و پووچەڵکردنەوەی خراپەکانە.

* * *

## لاسایی کردنەوەی ئازادی:

ئازادی و ژیانی ئازادی نەلاسایی کردنەوەیەو نەوەرگرتنە، بەڵکو داهێنانە، عەقڵ دەتوانێ بۆ ماوەیەك لاسایی عەقڵێکی تر بکاتەوە بەڵام کەلاسایی کردەوە نابێ بەخاوەنی ئازادی خۆی، بەڵکو دەبێت بەکۆیلەی



عەقڵێکی تر.. لاسایی کردنەوە لەبیردا ئاساییە، بەڵام کام لاسایی کردنەوەو چ جۆرێك لەلاسایی کردنەوە..؟

لاسایی کردنەوە دیاردەیەکە پەیوەندی بەگەڕان و نوێ بوونەوەوە هەیە، دەبێ لەدەرەوەی ئەو لاسایی کردنەوەیە بەدووی داهێنانی خۆیدا بگەڕێ، نەوەك لەنێو ئەو لاسایی کردنەوەیەدا بمێنێتەوە، ئەگەر وایکرد ئەوا مەرگی تووش دەبێ.. سلبیەتی لاسایی کردنەوە، ئەو سلبیەتەیە کەتووشی زۆر لەو کەسانە دەبێت، ئەوانەی دەیانەوێ لەنێو قاڵبی عەقڵ و بیرکردنەوەی دەرەوەی تایبەتمەندی خۆیان و دەوروبەرەکەی خۆیاندا، شیکردنەوەو چارەسەرو تیۆری تایبەت پێشکەش بکەن، ئەمەش ئەو حاڵەتە مەرگ بارەیە کەزۆر لەنووسەرو بیرکەرەوەکانی ڕۆژهەڵات تووشیان بووە، هەروەها ڕۆژئاواش، ئەمە دەرئەنجامی ئەو تێنەگەیشتنانەیە کەناتوانن واقعی لێکدانەوەکانی خۆیان لەژێر ڕکێفی ئەو لاسایی کردنەوانەدا دەرکەن.

سلبیەتی لاسایی کردنەوە، لەو زەمینەیەوە سەرهەڵ دەدات کەنەتوانی واقعیەتی خۆت بەشێوەیەکی ورد شیبکەیتەوەو بەدووی خاڵە لاوازەکانی ڕۆشنبیری خۆتدا بگەڕێی، بۆ نمونە لەچارەسەرکردنی عەقڵی سیاسی گەلی کورددا، بەوە ناکرێ ئێمە سیاسەتی گەلەکەمان و مێژووەکەی لەسەر یەکێك لە نەهجەکانی شۆڕشی فەڕەنسی یاخود شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917ی ڕوسیا لێك بدەینەوە، بەڵکو لەو زەمینەوە ئەگەینە لێکدانەوەیەکی ڕاست و دروست کەدەبێ ئێمە سروشتی فیکری و سیاسی و مێژووی عەقڵیەتی سیاسیمان لەسەر زەمینەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی تایبەت بەخۆمان شیبکەینەوە بەسوود وەرگرتنیش لەلێکدانەوەو تیئۆرە سیاسییەکانی جیهانی سیاسی و مێژووی سیاسی لەدەرەوەی خۆمان، لاسایی کردنەوەی ڕووت زەرەر بەو شیکردنەوانە دەگەیەنێ و تێگەیشتنێکی چەواشە دەگاتە خەڵکی، بەمەش دووبارە



www.pertwk.com

تووشی تراژدیای تێنەگەیشتن دەبینەوە لەمەڕ کێشەکانیشمان، دەکەوینە نێو هەڵەی مەزنەوە.

دیارە بۆ ئەو چارەسەرەش دەبێ لاسایی کردنەوەیەکی تەندروستیانەمان بۆ هەموو ئەو واقعانە هەبێت کەپێویستیان بەچارەسەرکردنە، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیان. لەبواری ڕۆشنبیریدا ئەم لاسایی کردنەوەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە، نکوڵی لەوە ناکرێت کەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەمڕۆ بووە بەگوندی مرۆڤایەتی، جیهان وەك گوندێکە بەهۆی گەشەکردن و پێشکەوتنی شێوازەکانی پەیوەندی کردنەوە، وەك ڕاگەیاندنەکان تەلەفزیۆن و ڕادیۆو سەتەلایت و سینەماو پەرتووك و ڕۆژنامەو گۆڤارو وەرگێران.. هتد.. هەموو ئەم شێوازانە بەشدارن لە تێکەڵ کردن و تووندوتۆڵ کردنی پەیوەندییەکانی دنیای ڕۆشنبیری، هەموو جیهان پێکەوە ئەم دیاردەی لێك نزیکییە ئەنجامی زیاد تێکەڵ بوون و نزیك بوونەوەی ڕۆشنبیرییەکانە لەیەکتری، تەنانەت لەزۆر بەشی دنیادا ناتوانن بەئاسانی جیاوازی لەنێوان دوو ڕۆشنبیری چەند کۆمەڵگەیەکی جیاواز دابنێن، ئەمەش بێگومان ئەو حاڵەتی لێك نزیکبوونەیە وایکردووە کەکاری لاسایی کردنەوەو چاو لەیەك کردن زۆر پەرەبسێنێ ئەمەش دیاردەکانی زەقتر کردۆتەوە، ئەم حاڵەتە لەڕۆشنبیری کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر بەکەمی دەبینرا، هەر بۆیە تایبەتمەندیی ڕۆشنبیریی کۆمەڵە جیاوازەکانی ئەو سەردەمانە زۆر بەزەقی دەردەکەوتن و هەریەکەشیان تایبەتمەندی خۆی پاراستووەو، توانراوە داهێنانەکانیان بەئاسانی لەیەکتری جیابکرێتەوە.. واتە حاڵەتی داهێنانە خودیەکان بەئاسانی جوودا دەکرانەوە..

لەئەمڕۆدا ئەو لاسایی کردنەوەیە بەهۆی ئەو هۆی ڕاگەیاندنە ئاڵۆز بووە، بەئاسانی ناتوانرێ دەستنیشانی تایبەتمەندییەکان بکرێ، مەگەر تەنیا لەڕووی قووڵبوونەوەو زیاتر وردبوونەوەوە لەهەموو ئەو چالاکییە ڕۆشنبیرییانەی کەبەرهەم دەهێنرێ، ئەم حاڵەتە زادەی لێك نزیکبوونەوەی



بەردەوامی کۆمەڵگەکانە، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش داهێنان و تایبەتمەندی لەکەسی داهێنەردا هەر دەمێنێ و حاڵەتێکە پەیوەستی بەتواناو قووڵبوونەوەی تاکەوە هەیە.. لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دیاردانەدا کەدەیەوێ شیان بکاتەوە، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر عەقڵ لەو هەموو دیاردانە یاخی ببێت و لەنێو خودی خۆیدا خاوەنی داهێنانی خۆی بێت.

یاخود ئەگەر لاسایی کردنەوەکەش کاریگەری بەسەرەوە هەبێ دەبێ لاسایی کردنەوەیەکی ئیجابیانە بێت و گەشەکردنێك بێت بەو عەقڵی داهێنانە.

ئەمەش پەیوەستە بەتوانای تاکەکەسەوە، کەسێکی وەك (میشیل فۆکۆ) پاش خوێندنەوەی هەموو فەلسەفەی مرۆڤایەتی توانی تیئۆرو داهێنانی خۆی هەبێ بۆ خوێندنەوەی مرۆڤ و ژیان، بەڵام لاسایی کردنەوەی ئەم لاسایی کردنەوەی دەقاودەق نییە، بەڵکو لاسایی کردنەوەیەکی داهێنانەیە. هەموو فەیلەسوفەکان باسی خوێندنەوەی ژیان دەکەن، بەڵام کەمیشیل فۆکۆ باسی خوێندنەوەی ژیان دەکات ئایا وەك هەموو ئەوانەی پێشوو خۆی باسی دەکات؟! بێگومان نا. بەڵکو باسکردنێکە بەخوێندنەوەی نوێوە.

"هەر بۆیە دەڵێ" پێموایە گرانی بەکارهێنانی ئایدۆلۆژیا بۆ سێ هۆ دەگەڕێتەوە یەکەمیان بمانەوێ‌و نەمانەوێ ئەوەی قبوڵە شتێك وەك ڕاستی.."[85].

ئەمە بۆچوونێکە لەبۆچوونەکانی دووبارەکردنەوە کە بەبۆچوونی میشیل فۆکۆ لەپرسی دووبارە بوونەوەو دووركەوتنەوەی شتەکان لەیەکتری..

سەرەڕای ئەوەی کەلێکدانەوەی لاسایی کردنەوە، لێکدانەوەیەکی سەنگینە، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە ئەوە دەگەیەنێ کەمرۆڤ خۆی ناتوانێ لەژێر ڕکێفی لاسایی کردنەوەدا ڕزگار بکات، بەڵام دەبێ جیاوازبێت



www.pertwk.com

لەداهێنان، دووبارەکردنەوەی شتێك واتە خودی دووبارە لەناخی داهێنەردا ناگەڕێتەوە، بەڵکو دووبارە جیاوازیو ناتەبایی دروستدەکات.

**بێدەنگی و مەرگ**:

هەر دیاردەیەك کۆمەڵێ پرسیاری لەناخی خۆیدا هەڵگرتووەو کۆمەڵی وتاری پێیە، هەندێ جار ئەو پرسیارو وتارانە بریتین لەدەربڕینی واقیع و بیری نوێ و بەشدار دەبن لەسەرکوتکردنی ئەو بیرە کۆن و پاشەڵ و چەوتیانەی کەهەوڵی ئەوە دەدەن مەرگ لەنێو ئەو دەنگانەدا دروستبکەن کەڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە.

وتارو گفتوگۆ کۆمەڵێ دیاردە لەبونیادی عەقڵدا دروستدەکەن، ئەو دیاردانە دەتوانن مەبەستەکان پێکەوە گرێ بدەنو دیاردەکان بەرەو پێشەوە بەرن، دەشتوانن بەهەموو ئەو شتانە مانا ببەخشن کە لەسەری دەدوێن.. واتا بونیادێك دادەڕێژن یەکەکانی پتەوە.. بەڵام ئەو پرسیارە لێرەدا قووت دەبێتەوە کەئایا چ جۆرە وتارو گفتوگۆیەك مەبەستە؟ وە لەچ عەقڵێکدا دروستدەبێت؟.. هەڵبەتە تەرزی وتارو گفتوگۆکە دەبێ لەدەرەوەی خانەی بێدەنگیدا بێت. واتا شێوەیەك نەبێت لەوتارو گفتوگۆی بێدەنگی.. لێرەشدا دەبێ ئەوە بڵێین مەبەست لەبێدەنگی، ئەو دەنگانەیە کەیەك فرسەخ لەخۆیان جودا نابنەوەو ناگەنە دەرەوەی خۆیان. ئەو گفتوگۆیانەش ئەوانەن کەبازنەیەکی داخراویان هەیەو ناکەونە دەرەوەی بازنەی خۆیان..

دەنگداری و بێدەنگی.. هەردووکیان لەعەقڵدا ئامادەن و لەشێوەی وتارو گفتوگۆکاندا ڕەنگ دەدەنەوە، باوەڕە فەلسەفییەکان لەسەر ئەوە سوورن کەعەقڵ ناتوانێ لەبەردەم دیاردەکاندا هەروا لەسنوری خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵام عەقڵی داهێنەرانە ئەو سنورانە دەبەزێنێ، کەعەقڵ بەدەست بەستراوی دەهێڵنەوە.. دیکارت لەشیکردنەوەی عەقڵی زانستی و ڕەخنەی عەقڵدا، ئەوە دووپات دەکاتەوە کەسنوری ڕۆیشتنی عەقڵ، سنورێکە



ناتوانرێ پێوانەکانی دەستنیشان بکرێت، عەقڵ بەبڕوای دیکارت لەناجێگیری و جێگیریدا لەهەوڵی تازەگەریدایە.. واتە عەقڵ بڕوای بەو دەنگە نەزۆکانە نییە کەتەنیا وەچەی وەهمی دەخەنەوە..

دیکارت وەهمی عەقڵ لەخانەی ئەو دەنگانە دادەنێت کەهەرگیز نابنە دەنگ و قەیرانێك بۆ تێگەیشتن دروست دەکەن. لەنێو مەودای گۆڕینەوەدا نامێننەوە، هەر بۆیە ئەم کارەش بەنەمانی پەیوەست بوون دادەنێت لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤداو بەوەشی دادەنێت کەعەقڵ دووچاری ڕاوەستان دەبێت، ڕاوەستانی فیزیولۆژی نا، بەڵکو ڕاوەستانی داهێنەرانە.

لەلای زۆربەی بیردۆزەرەکان و فەیلەسوفەکانی دیکە جوینەوەی پرسیارە بێ وەڵامەکان بێدەنگی گەورە دروست دەکات، ئەو پرسیارانە دەنگ دروستدەکەن، کەگفتوگۆ دروستدەکەن. هەر پرسیارێ بوو بەگفتوگۆ کەواتە بەرهەمێك دەخاتەوە. ئەو بەرهەمەش حەتمەن دەنگی دەبێت.

هەر سەردەم و قۆناغێك بێدەنگی تایبەت بەخۆی هەبووە، لەهەر سەردەمێکدا عەقڵ پرسیاری خستۆتەڕوو لەبارەی مرۆڤ و دنیاو ئیستاتیکاو زانستەوە. بەڵام هەموویان نەبوون بەوەڵام و نەبوون بەگفتوگۆ، بەڵام هەندێ لەو پرسیارانە وەچە دوای وەچە لەگەڵ مرۆڤدا پرسیاری نوێتریان دروستکردووەو، هەندێکیان پرسیاری سەردەمێکی تایبەت بوون لەسەردەمێکی تردا بوون بەبێ دەنگی، یاخود هەندێ پرسیار لەم زەمەنانەدا هاتنە گۆڕێ لەپێش خۆیاندا بوونیان نەبوو، ئەمەش لەو سەرچاوەیەوە سەر هەڵدەدا کەعەقڵ لەهەموو سەردەمێکدا بەدووی دیاردەکاندا دەگەڕێ.

ئیمکانیەتی جێبەجێکردن لەهەموو سەردەمێکدا هەبووە، ئیمکانیەتی جێبەجێ کردنی ئەو پرسیارانەی کەمرۆڤ بۆ ژیان، بۆ زانست بۆ دنیا.. هتد دەیکردن.. لەعەقڵی فەلسەفەی کلاسیکیدا ئەوەندەی مرۆڤ و کەون جێی پرسیار بووە ئەوەندە زانست و تەکنەلۆژیا جێی پرسیار نەبووە، ئەمەش بۆ ئەو پەیوەندییە دیاردەییانە دەگەڕێتەوە کەوا عەقڵ لەگەڵ



www.pertwk.com

دەوروبەردا هەیبووە، بەگشتی کێشەکە لەوەدا بووە کەچ پرسیارێك پرسیاری گرنگ و مەزن بووە، چ پرسیارێ بەزۆری کراوەو خراوەتە ڕوو، لەم ڕوانگەیەوە وتارو گفتوگۆکان سنووری ئەو لێکدانەوەیان دیاریکردووە.

ئەمڕۆ تەوەری پرسیارە فەلسەفی و فیکریەکان هەندێ لەو پرسیارە ئەزەلیانەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەو ئێستاش هەر ماون و دەنگن و نەشبوون بەبێدەنگی "ژیانی مرۆڤ.. لەهەموو پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ئێستاو داهاتوودا واتا لەگەڵ دنیای دەرەوەو ناوەوەی ژیانی پاش مەرگ، چارەنووسی مرۆڤ لەپاش مەرگ.. ژیانی ئەو دنیا، ماتەریالیزمی و دیالەکتیکی بیر.. هتد.. هەروەها پرسیاری ئەزەلی مرۆڤ دەربارەی جوان و کەماڵ.. ڕۆح.. ئەم جۆرە پرسیارگەلانە بەردەوامن و هەر دێن و سەردەمێك دوورو درێژە عەقڵی مرۆڤیان سەرقاڵکردووە.

میشێل فۆکۆ پاش ئەو هەموو سەدانەی فەلسەفەو بیر لەبارەی کێشە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفەوە.. دەگاتە ئەو بڕوایەی کەمرۆڤو بیری مرۆڤایەتی هێشتا لەسەرەتای وەڵامدانەوەی پرسیارە مەزنەکانی بوون و کەوندان.

لەسەردەمێکی ئاوهاو پاش ئەو هەموو گۆڕانکاریو تەکنەلۆژیاو گەشەکردنی کۆمەڵگەیە دەبێ چ شتێکی تر هەبێ؟! ئەمەیان لای میشیل فۆکۆ ئەو دیاردانەن کەمرۆڤیان تووشی سەرسوڕمان کردووە، دەنگی مردوو، لای میشیل فۆکۆ ئەو دەنگانەیە کەناتوانن پایەگەیەکی دامەزرێنەریان لەسەردەمە جۆربەجۆرەکاندا هەبێ، لەزەمەنێکدا هەن و لەزەمەنەکانی دواتردا دەسڕێنەوە، فەلسەفەی مەزن ئەوەیە کەپایەگەی لەهەموو سەردەمێکدا هەبێ بۆ دووبارە بوونەوەو بەردەوامی.. بەمجۆرەش دەتوانێ بەسەر ئەو تەگەرانەدا زاڵ بێت کەسەردەم لەدوای سەردەم تووشی دەبێت.



لای ئەغریقییەکان مانەوەی جوانی لەسەر زەوی پەیوەست بووە بەمانەوەی حیکمەت و بیرەوە، واتا مانەوە بەمانای تێکشکاندنی هەموو ئەو بەربەستانەی ڕێگرن لەبەردەم جوانیدا.. هەمیشەش خواکانی عەقڵ و جوانی.. خواگەلێك بوون شێوەی دەرەوەی پەیکەرەکان و لێکدانەوەکانیان بریتی بوو لەئیستاتیکای دروست بوون و پێکهاتن..

میشیل فۆکۆ، لەباسێکی تایبەتدا لەمەڕ نووسەرو مەرگ، ئاماژە بە "هەزارو یەك شەو" دەکات، ئاماژە بۆ بێدەنگی شەهرەزاد دەکات وەك خۆ تەسلیم کردنێ بەمەرگ، بۆ ئەوەی ئەم مەرگە لەناوبەرێت و نەهێڵێ زەفەر بەژیانی بەرێ، ناچار دەست دەکات بەوتن، بەوتنێکی بەردەوام لەپێناوی مانەوەدا، ئەمیش بۆ پاراستنی (ژیان) لەنێو بازنەی (مەرگ)دا..

کەواتە سنوری بێدەنگی، واتا سنوری مەرگ، دەشکرێ ئەم مەرگە بەبێدەنگیەکی بەردەوام، مەرگێکی بەردەوام بێت.. وەڵام دانەوەی عەقڵ بۆ ئەو ساتانەی کەپرسیاری وەڵامداری ڕووبەڕوو دەبێتەوە، جۆرێکە لەبەگژداچوونەوەی ڕاوەستان، لەفەلسەفەدا ڕاوەستان واتا نەمانی گفتوگۆ [نەك تەنیا بە زمان.. ڕەنگە گفتوگۆی ڕۆح بێت یان ئاماژە].. کەڕولاڵەکان زمانی ئاماژە بەکاردەهێنن بۆ تێگەیشتن، بەڵام لەواقیعی ئەواندا مەرگی ئاماژە تاقە بێدەنگییەکە کەهەستی پێدەکەن، ئەوان لەگفتوگۆی وتاریدا مەرگ دەبینن، بەڵام لەگفتوگۆی ئاماژەییدا ژیان دەبینن،. لەعەقڵیشدا گرنگ نییە ئەو دەنگانە چۆن دەگەنە یەکتری، گرنگ ئەوەیە شێوەیەك بن لەگۆڕینەوەو شێوەیەك بن لەمانا دروستکردن.

هەر لەنێوەندی ئەو هەموو گۆڕانکاری و ڕووداوە مەزنانەدا مرۆڤایەتی پێویستی بەدەنگ هەیە.. بەڵام کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ، بەردەوام و هەتا ئێستاش مرۆڤیان تووشی ڕامان کردووەو کۆمەڵی دیواری مەزنیان لەبەردەمدا قووت کردۆتەوە. لێرەشدا پرسیارێك ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئایا ئەو دیوارو پرسیارانە دوا سنوری جوڵەی ئێمەن و دەبێ لەوێدا ڕاوەستین،



www.pertwk.com

یان ئەوانە بەربەستن و دەبێ تێکبشکێنرێن، پرسیارن و دەبێ وەڵام بدرێنەوە!

لەهەندێ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ تووشی بێدەنگی دەبێت بێدەنگییەکی کووشندە! ئەویش هۆکارەکانی نازانرێ ئایا هۆی ناتەواوییە لەچۆنیەتی بیرکردنەوەو لێکدانەوەکاندا، یان ناتەواوییە لەعەقڵی فەلسەفی و ئایدۆلۆژی و ڕۆشنبیریدا.

یەك مەودایی لەبیرکردنەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دیاردانەدا بەشێوەیەکی دۆگمایانە "لەکاتێکدا چەمکی یەك مەودایی تەنیا جیاوازی و شپرزەیی بەرهەم دەهێنێ، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی کۆکراوەی بۆمبڕێژکراو بەرهەم دەهێنێ، چاوەڕوانی چرکەکانی تەقینەوە دەکات"(86).

ئەبێ ئاسۆکانی ڕوانین بەرفراوان بکرێنەوە، واتا بیر لەسەر یەك ئاستی ڕوانین جێگیر نەبن، وەك چۆن لەهەندێ بۆچوون و ڕوانینی و لێکدانەوەی شپرزەدا دەبینرێ کەسێك لەپاش هەموو گەشەکردنە مرۆییەکان بگاتە ئەو بڕوایەی کەگەشەکردنی مرۆڤ لەئاستێکدا دەوەستێ، ئەوا لەوەهمێکی کوشندەدا دەژی، وەك چۆن هەندێ کەس بڕوایان وایە کەدیموکراسییەتی لیبراڵی دوا قۆناغی گەشەکردنی دیموکراسییەو ئیتر لێرەدا گەشەکردن دەوەستێ. یان فۆکۆیامای ژاپۆنی* بڕوای وایە کەکۆتایی مێژوویی لەدیموکراتیەتی لیبراڵیدا خۆی دەبینێتەوە. واتا پاش ئەم دیموکراسییە کەبە بڕوای ئەو تاقە ڕێگایە بۆ بیرکردنەوەو تاقە ئایدیۆلۆژییەتێك کەتوانی بەرگەی ئەو هەموو گۆڕانکارییانە بگرێت لەئەنجامدا بەسەر هەموو ئایدیۆلۆژییە دژەکانی تردا سەرکەوت.. هەروەك بڕوای وایە کەدیموکراسییەتی لیبراڵی دوا پوونتی گەشەکردنی ئایدۆلۆژی پێك دەهێنێ.. بەو مانایەی کەئیتر لەم خاڵەدا، هەموو شتەکان کۆتاییان دێ

* فرانسیس فۆکویاما ئەمریکییە، بەڵام لە بنەچەدا ژاپۆنیە لە ساڵی 1992 کتێبێکی بە چاپ گەیاند.. کە تیایدا ئاماژەی بە کۆتایی مێژوو کردوە.



(فۆکۆ ڕاڤەی مێژوو دەکاتو دەڵێ: ڕوودانی ڕووداوە گەورەکانو بچووکەکان نەوەستاون، بەڵکو ئەوەی وەستاوە گەشەکردنی فیکری ئایدیۆلۆژییە ئەوەی تایبەتە بە گەشەکردنەکانی لەگەڵ مێژوو گۆڕاندا"(87).

لێرەدا نامەوێ بچمە نێو لێکدانەوەی ئەو کتێبەوەو وردببمەوە لەناوەڕۆکەکەی ئەوەی من مەبەستمە ئەم نووسەرە ئەمریکییە بەئەسڵ ژاپۆنییە. دەیەوێ ئەو بڕوایە لای زۆربەی خوێنەر دروست بکات کەئەم جۆرە دیموکراسییە کۆتایی هەموو جۆرە ململانێیەکەو دەشیەوێ لەم ئاستەدا بێدەنگییەك دروست بکات، ئەو بێدەنگییەی کەشەرعیەت بەم بیرە دەداو هەموو بیرەکانی تر ڕەفز دەکاتەوە، لەلای فۆکۆ یاما هەرچی لەدەرەوەی ئەم دەنگەدا هەیە بێدەنگییە.. تەنیا دیموکراسییەکەی خۆی دەنگە.. ئەم شێوە لێکدانەوانە بریتین لەدروستکردنی قەیرانی فیکرو نەهێشتنی تیۆریانەی ململانێی فیکر.

ئەگەر هەر مەبەستێکی ئایدیۆلۆژیشی لەپشتەوە بێت حوکمێکی پێش وەخت دەدا بەسەر هەموو ئەو ڕاوبۆچوونانەدا کەبەرگری لەدیموکراسییەتی بیر دەکەن، بەوەی کەدەبێ ململانێ لێرەدا بوەستێ، حەقیقەتەکان لەم خاڵەدا سەقامگیر دەبن.. لەهەمان کاتدا بەرگری لەبێدەنگی دەکات، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا بەرگریە لەمەرگی داهێنان. ئەوەشی پشت گوێ خستووە کە لەم جۆرە سیستمانەدا زۆر کەلێن هەن، مرۆڤ بەدەستیانەوە دەناڵێنێ.. وەك کەلێنەکانی بەرژەوەندی و ئازادی..

سیستمی فیکری لیبراڵی (فۆکۆیاما) کە بەپاڵپشتی کۆمەڵێ سیستمی فەلسەفی و فیکری فەیلەسوفەکانی پێشووتر بونیاد نراوە. هەوڵی ئەوەی دا دژەبەرایەتی ئەو فەلسەفانە بکات کەدەیانەوێ دەسەڵاتی سیستمی لیبراڵی لەق بکەن، فۆکۆ یاما هەوڵیدا ئەو ڕاستییە دەربخات کەلیبرالیەتی ئەورووپی و ئەمریکی هەوڵیداوە کێشە گرنگەکانی مرۆڤ و ئاین و تەکنەلۆژیا چارەسەر بکات، چونکە بڕوای وایە کە ئەو ململانێیانەی



www.pertwk.com

لەنێوان سیستەمە ئایدۆلۆژییەکاندا هەبوو، ململانێی کاتی بوون، ئەمڕۆ ئەو ململانێیانە کۆتاییان هاتووە "وای دەبینێ کەمێژوو ململانێی ئایدۆلۆژیەکانە، ئەم ململانێی ئایدیۆلۆژییە کۆتایی هات، ئەوەی ماوە کارکردنە بۆ دامەزراندنی سیستەمی جیهانی نوێ کەبتوانێ دڵەڕاوکێی "ئاخرین پیاو" لەخۆ بگرێ و دانی پێدابنێت، بەبێ ئەوەی بۆ شپرزەیی بگەڕێتەوە[88]".

ئەم ڕوانینەی فۆکۆیاما دەچێتە خانەی ڕوانینی یەك مەودایی و یەك مەوداش شێوەیەکە لەدژایەتی کردنی دیموکراسییەتی بیرو ئازادی بیر، لەسەر ئاستی جیهانیدا، بەو مانایەی تەنیا دانپێدانان بۆ ئەو فیکرەیەو پاڵپشت کردنی ئەو فیکرەیەو داسەپاندنی شەرعیەت بەسەر ئەو فیکرەداو بەرەوا زانینی و کردنی بەدوا سنور بۆ مومارەسە دیموکراسییەکان، ئاسۆیەکی لێڵ بۆ خۆی دەخوڵقێنێ.

لەزەمینەی واقعدا دیموکراتییە لیبراڵییەکەی بڕوای وایە کەململانێی تەکنەلۆژییە مرۆڤ بەکوشت دەداو مرۆڤ دەکات بەدوژمنی خۆی، نەك ململانێی نێوان ئایدۆلۆژیاو پرنسیپەکان..

لەم سیستەمەدا ئازادی شێوەیەکە لەچەك، واتا ئەو چەکە لەدەرەوەی بەرژەوەندییەکانی ژێر هەرەشەوەیە، ئازادی لەکۆمەڵگە جیاجیاکاندا لەسەر ئەو پەیرەوە بەڕێوەدەچێ کەنابێ مرۆڤ هیچ ڕێگرێ لەبەردەم جووڵەی فیکری و بژێویدا دابنێ و مرۆڤ بکرێ بەشێوازێ بۆ جێبەجێکردنی مەرامە ئابوری و ڕامیارییەکان"

ئازادی لەدیموکراتییەتی لیبراڵیدا دەگاتە ئەو ئاستەی کەدەبێ لەوە بگەی ژیان چ ئاستێکی بۆ ئازادی داناوە، لەم کۆمەڵگەیانەی فۆکۆیاماشدا ئازادی لەگرفت دایە، ئەگەر ئەو ئازادییە دەزگاکانی ئابوری و بەرژەوەندی ئابوری لەنگ بکات بێ سێ و دوو بەر زللە دەدرێ، ئەوەی دەیەوێ ئەم دەزگایانە لەسەر ئەو ئاستە بشێوێنێ کەبەرژەوەندییەکان دیاری دەکات، ئەوا تووشی ڕووبەڕووبوونەوە دەبێت.



ڕاستە ئەو دیموکراتییەتە توانیوێتی ئەو بێدەنگیانە بسڕێتەوە کەمەرگ لەگەشەکردنی فیکرو بارودۆخی تەکنەلۆژیاو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن، هەروەها توانیویتیشی دەرگا والاکراوەکان لەڕووی ئەو ناکۆکیانە دابخات کەزەمەنێکی دوورو درێژ بوونەتە مایەی تێکدانی سیستەمەکانی پێکهێنانی کۆمەڵگەو سیاسەت.. هتد. لەڕووی ڕەفاهییەتی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی زانستییەوە ڕاستە گەشەی کردووە.

بەهەرحاڵ، نەبوونی گرفت لەئازادی و دیموکراتییەتی لیبراڵیدا هەمیشە لەو ئاستەوە بەراورد کراوە کەچ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ دیموکراسییەکانی تردا، هەروەك دیموکراسییەتی سوسیالیستی و دیموکراسییەتی میللی و دیموکراسییە ئایینییەکان و هتد.. لەمێژووی نوێدا هەمیشە بەراوردکراوە لەگەڵ دیموکراسییەتی ئەو سیستەمە سوسیالیستییانەی کە لەڕووبەڕوو بوونەوەی بەردەوامدا بوون لەگەڵ دیموکراسییەتی لیبراڵیدا.. دیارە ڕەگی ئەمەش لەبناغەدا ڕەگی دیموکراسی نەبووە، بەڵکو بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی بووە. دیموکراسییەتی لیبراڵی لەو سەرچاوەیەوە ڕوانیوێتی دیموکراسییەتی دژ بەمانای هەڕەشەکردن، واتا هەڕەشەکردن لەسیستەمی پێکهاتووی دەوڵەتی، ئەمڕۆش پاش ئەو شاگەشکەبوونەی کەدوای هەرەسی سیستەمە سوسیالیستییەکان ڕوویدا.. بەدووی ڕووبەڕوو بوونەوەی نوێدا دەگەڕێ، ڕووبەڕوبوونەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە نێو سوان و لەناوچوون، بۆئەوەی تووشی بێدەنگی و مەرگ نەبێت.

* * *

لەفەلسەفەی نوێدا، فەلسەفەی گەشەکردووی پاش جەنگەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، ڕووبەڕو بوونەوەیەك لەنێوان کۆمەڵگەو عەقڵی فەلسەفی لەلایەك و سیستەمە سیاسیو ئابورییەکان لەلایەکی ترەوە سەری هەڵدا، بەهاکانی عەقڵو مرۆڤایەتی کەوتنە نێو مەزنترین قەیرانەوە.. لەم قەیرانانەشدا ئازادی وەك چەمکێکی دێرین تووشی شێواندن بوو..



www.pertwk.com

"بەڵام لەو موفارەقاتانەی کەفیکری ئەورووپی لەم سەدەی بیستەمەدا ناسی، بریتی بوو لە "ناکۆکی" کەخۆی لەو گەشەکردنە بەردەوامەدا دەنواند، کە لەبواری زانستو تەکنەلۆژیادا بەدی دەهێناو لەلایەکی تریشەوە ئەو وێرانکارییەی یان تەنەکورەی کە "عەقڵ" تووشی بوو[89].

گەشەکردنی تەکنەلۆژیا جۆرێك لەبێدەنگی دروستکرد لەبواری ئەو دیاردانەی کەمرۆڤیان دەخستە ژێر هەڕەشەوە، گەشەی تەکنەلۆژی پاش جەنگی جیهانی یەکەم، بڕەویدا بەئازادی شەڕەنگێزی جەنگەکان و بەشداربوونی خاوەن فیکرو زانست لەگەشەدان بەم جەنگە، کە لەبەرامبەردا فیکری ئازاد تووشی مەرگ بوو.. ئەو گەشەکردنەی باری تەکنەلۆژیا، هەموو پرسیارەکانی مرۆڤایەتی وەڵام نەدایەوە، بەڵکو عەقڵی مرۆڤایەتی تووشی سەرسوڕمان کرد، لەبەرامبەر دڕندایەتی ئەو تەکنەلۆژیایەدا.

بێدەنگی عەقڵی داهێنەرانە نەبوو بەرامبەر بەو شەڕخوازییە، بەڵکو گوێ نەگرتنی گەشەکردنی تەکنەلۆژیابوو لەعەقڵی داهێنەرانە.. عەقڵی داخراوی تەکنەلۆژی خۆی لەلایەنە مرۆییەکەی جیاکردەوەو خۆی تەسلیمی شەڕخوازیەتی تەکنەلۆژی کرد، بەڵام ئەو شەڕخوازییە هەروا درێژەی نەکێشا.. چونکە ئەو عەقڵەش بەشێك بوو لەعەقڵی داهێنەرانە. عەقڵی ئەداتی یان خودی بووە، ئەم عەقڵە لەسەدەی بیستەمەوە بڵاوبووەوە، ئەورووپاو ئەمریکای گەیاندە ئەم گەشەکردنە تەکنەلۆژییە"[90].

ئەو جۆرە عەقڵەی کەئاماژەمان بۆ کرد، عەقڵێکی داخراوی داهێنەرانەبووە، چونکە بیرکردنەوەی بۆ ئەو گەشەکردنانە، بیرکردنەوەیەکی بەرژەوەندییانە بووە، نەك مرۆییانە.. ئەمەش وایکرد کەدەسەڵاتە شەڕخوازییەکەی زاڵتر بێت و بێدەنگییەك لەئاستی مرۆیدا دروست بکات..



لەدوادواییەکانی سەدەی بیستەمدا ئەو دابڕانەی نێوان شەڕخوازی عەقڵو، مرۆڤ خوازی عەقڵ پەرەی سەند، لەبەرئەوەی زۆربەی ململانێکانی جەنگ کۆتایی هات، ئینجا چاوچنۆکی بووە شێوازی ڕووبەڕوونەوە. ئەویش لەشێوەی گەشەپێدانی ئابوری، گواستنەوەی عەقڵی شەڕخوازی بۆ دەرەوەی خودی خۆیان، لەدواساتەکانی ئەم سەدەیەدا گەشەیەك لەبواری عەقڵدا ڕوودەدات، بەڵام عەقڵی شەڕخوازی لەدەرەوەی خودی خۆی پەرە بەم کارە دەدات. بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی و نەمانی ناتەواوی میزانی ئابوری و بوونی ئاماری پڕ لەچەك و تەقەمەنی و.. هتد. نمونە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ناردنەوەی بۆ دەرەوەی خود، بۆیە دەبینین ئاستەکانی ناوەوە بەرەو ئەوە دەڕۆن کەعەقڵی شەڕخوازی لەناوەوە نەخشە بۆ تێکدانی دەرەوە بکێشێ.. ئینجا لەم حاڵەتەدا هەندێ پرسی نوێ سەرهەڵدەدەن، ئەویش پرسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سیاسەتی نوێی جیهانی و هتد..

لەئەورووپای گەشەکردووودا ململانێی عەقڵی بەو قۆناغانەی سەرەوەدا تێپەڕین. لەوڵاتانی دنیای سێدا ململانێکان دەبنە ململانێی خوێناوی، لەبەرئەوەی عەقڵی ئەداتی لەو گەشەکردنەدا ناژی کەعەقڵی ئەورووپی هەیبوو، هەروەها ئەو عەقڵە شەڕخوازیانەی کە لە دەرەوە دێنە ناوەوە شێوەیەکن لەکامڵبوون، پێویستیان بەوە نییە ڕێنوێنی بکرێن، دەتوانن بەئاسانی عەقڵە شەڕخوازە ناکامڵەکانی ناوەوە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

لەکۆمەڵگەی گەشەنەکردوو خێڵەکیدا ئەم حاڵەتانە بەزەقی دەبینرێن و ڕەنگە لەهەندێ حاڵەتدا متکراین و بەشێوەیەك لەگەشەکردنی وەهمی ڕازاندرابێتنەوە، یاخود لەوەهمی عەقڵانیەتی کامڵ بوودا بژین. بۆیە بەرگەی ئەو عەقڵە شەڕخوازانە ناگرن کە لەدەرەوە نەخشەکان پەلکێش دەکەن بۆ ناوەوە، یاخود ناتوانن حاڵەتی شەڕخوازی ناخ بۆ حاڵەتی دیالۆگ بگۆڕن.. هەر بۆیە دیاردەکانی عەقڵ لەئەنجامی تەقینەوەیاندا



www.pertwk.com

دەبن بەدیاردە، لەئەورووپادا تەقینەوەکانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم گەشەکردنی تەکنەلۆژیاو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنا، بەبڕوای هورکهایمر "گۆڕانی عەقڵ بۆ تەنیا قاڵبی دیاردەیی، ترسناکییەکی گەورەی لێدەبێتەوە"(91). بۆیە لەنێو ئەم سیستمانەدا بێدەنگی لەعەقڵدا، واتا عەقڵ لەبێدەنگییەکی بەردەوامدا دەژی، بۆیە ئازادی لەنێو ئەو سیستمانەدا لەهەڕەشەی بەردەوامدایە، بۆیە دەبینین کودەتاو پێشێلکردنی دیموکراسی و شەڕی ناوخۆیی و دەسەڵاتی هێز، تاقە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوانیانە، لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگەی گەشەنەکردوودا، دیاردەکان لێڵن، بەجوانی ناتوانرێ ببینرێن، ئەو نەبینینە دەبێتە هۆی ئەوەی تێنەگەیشتن دروست ببێت، کەئەمەش دروستبوو کەواتە هەموو کێشەکان بەناتێگەیشتوویی دەڕۆنە سەر، لەم حاڵەشدا لایەنی نەگەتیڤی زۆرتر دەبێ لەلایەنی پۆزەتیف. لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا.. سەرەڕای گەشەنەکردنەکانی بواری ئابوری، چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لەحاڵەتێکی ناکامڵدا دەژین. ئەو بەربەستانەی لەبوارەکانی ڕۆشنبیری و پۆلەتیکیدا دێنە پێش ڕەنگدانەوەی ئەو ناکامڵییەن، هەر بۆیە دەبینین، یاساکان بەهەڵە ڕاڤە دەکرێنو بەهەڵەش لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، پرسە دیموکراسییەکان لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، شتێکی نوێ نین، واتا زاراوەیەکی نامۆ نین، بەڵکو لێکدانەوەو پراکتیکی هەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، ئەم زاراوەیە لەعەقڵی پراکتیکیدا، وا تەماشای ناکرێت کەبریتییە لەگوێڕایەڵیو وتووێژو لێبوردنو گۆڕینەوەو دانپیانان، بەڵکو وا تەماشای دەکرێ کەبریتییە لەیاخی بوون و یەك دەنگی و لێنەبوردنو خۆبەستنەوەو قبوولْ نەکردنی بەرامبەر، لەڕاستیشدا بەم پێوەرە لەفیکری خێڵەکیدا مامەڵە لەگەڵ دیموکراسیدا دەکرێت، کەئەمەش بەئاشکرا لەنێو پۆلەتیکی ئێمەدا مومارەسە کراوەو ئێستاش بەردەوام مومارەسە دەکرێ. بۆیە عەقڵی



خێڵەکی زاڵبووە بەسەر ئەو عەقڵە دیموکراسییە ڕاستەقینەیەی کەپێویستی بەو زەمینانەیە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد.

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کەعەقڵی سیاسی کوردی ناتوانێ تێی بگاتو ناشتوانێ پیادەی بکات لەپرسی دیموکراتیزەکردندا، داننانە بەمردنی خۆیدا، هیچ عەقڵێ لەنێو پۆلەتیکی کوردیدا لەخەون و خەیاڵیش بڕوای بەو چەمکە نییە، کەپێی دەوترێ مەرگ.. بۆیەش دەبینی هەر بەمردوویی پەنجەکانی بەو کورسییەوە لووداوە کە لەئەزەلەوە بۆی ماوەتەوە.. جابۆیە مەرگ و نەمانی خۆی وەك زیندوویەکی ڕاوەستاو بۆ خەڵکی دەنوێنێ و لەئەنجامدا ئەوەشی کەبەرهەمی دەهێنێ بەرهەمێکی مردووە، نەك زیندوو.. عەقڵی بابەتی لەلای ئەو جۆرە سیاسییانە بوونی مردوویی هەیە، لەسایەی عەقڵی بابەتیدا هەموو دیاردەکان بەڕوونی دەگەنە مرۆڤ، بەڵام لەدەرەوەی ئەو عەقڵەدا دیاردەکان لێڵن.

بۆیە عەقڵی بابەتی دەیەوێ پەیوەندی پەیدابکاتو سیستم و لۆجیك بەرپا بکات.

عەقڵی بابەتی سیاسەتی فیکری کوردی بەدوو مانا بابەتی نییە، یەکەم بەو مانایەی بەشێك نییە لەعەقڵی کەونی و لەنێو چوارچێوەی تەسکی خۆیدا دەسوڕێتەوە، دیارە ئەم حاڵەتە لەدەرەوەی عەقڵی سیاسی فیکری کوردیدا باسێکە، بەڵام لەو نێوەندو لەو خودەدا عەقڵ دابەستەیە لەنێو بازنەی داخراوی خۆیدا.. بۆیە بەڕواڵەت لەدەرەوەی ئەو بازنەیەدا دەژی، بەڵام لەڕاستیدا دەستی بەستراوەو ناتوانێ ئەو دەرگایە بکاتەوە کەدەیگەیەنێ بەرەوایی.

عەقڵی ئەداتییە ئەو هەموو کێشەی گوێ نەگرتن و دانپیانەنان و لێنەبووردنانەی کەلەگەڵ خۆدا هەڵیگرتوون، لێرەدا هەڵەکان گەورە دەبن و هەموو ئەو دەنگانەش کە لەدایك دەبن بەبێدەنگی دەمێننەوە، هەموو هاوارێ نابیسترێ و تەنیا دیواری مەزن مەزن دروست دەبێت.



www.pertwk.com

**ئەنجام**:

هەموو هاوکێشەکانی ئەم دوو حاڵەتە، (مەرگ و ژیان).. لەهەموو قوژبنێکی پەیوەندیدا ئامادەیە، لەهەموو هەستان و دابەزینێکدا ڕەنگ دەداتەوە، دیاردەیەك بەدی ناکرێت لەم پەیوەندییە بەدەربێت، دیاردەیەك بەدی ناکرێت ئەگەر دوو تەوەرەی دژ کۆی نەکاتەوە لەو کاتەوەی ماناو فەنابوون، ڕۆح و کەون، مادەو خودا هەیە، ئەم کێشانە ڕووبەڕووی مرۆڤ بوونەتەوە، خوڵقاندنی کەون مەرگو لێبوونەوەی پارچەیە لێی، یان ساردبوونەوەی ژیان دروستبوون.. لەو کاتەوە ئەم مانایە سەقامگیر بووە کەمرۆڤ دەیەوێ ئەو پرسیارە ئەزەلیانە لەخۆی و دەوروبەری خۆی بکات.

مەرگ سەقامگیربوونی ئەو هەموو بوون و دیاردانەیە کەمرۆڤ تووشی لێپرسینەوە دەکەن، مەرگ دووبارەبوونەوەی پرسیارە گرنگەکان نییە بەڵکو ڕاوەستانی ئەو وەڵامانەیە کەهەرگیز ناگەنە مرۆڤ، دەوروبەر لەلێکدانەوەی ژیان و مەرگدا دەوروبەرە، دیاردەکان لەبەردەم مەرگ و ژیاندا دیاردەن، ئەگەر مەرگ چرکەکانی سڕبوون بێت و سڕینەوەی ئەو وێنانە بێت کەدەیانەوێ لەسەر ڕووپەڕی ژیان جێگیربن، ئەوا ژیان دووبارە دروستکردنەوەی هەناسە کورتەکانەو ڕەنگ دانە بەو ڕەنگە هەڵقرچاوانە. کێشەی ژیان و مەرگ.. بەردەوامی ئەم کەونەو مرۆڤی ڕاگرتووە.. مەرگ هەر ئەوە نییە کەدەبینرێ و هەستی پێدەکرێ، مەرگ دیاردەیەکە لەبەشێکی بووندا بەنهێنی دێ و دەڕوا. هیچ هەستێك نییە درکی پێبکات، ئەو مەرگانە هەموو ساتێك ئابڵووقەمان دەدەن و لەمەرگی خانەیەك دەچن لەلەشی گیانلەبەردا، کەئیتر زیندوو نەبێتەوە..

شیبکرێتەوە، مامەڵە کردنە لەگەڵ زەمەن لەگەڵ ساتەکان و ئەو چرکانەی تیایدا ڕووبەڕوبوونەوە لەبەرامبەریشدا ژیانێك هەیە لەنهێنی هەموو بوونەکاندا بەسرکەیی دەڕواو بێئەوەی دەستی بیگرێ و ئابڵووقەی بدات، ئەو ژیانە، لەبەرامبەر ئەو دیاردانەدا دێت و دەچێ، لەنێوان خۆ مەڵاس دان و ڕاپسکاندایە.



مرۆڤو کەون و هەموو چالاکییەکانی.. پابەندی ئەم دوو زاراوەیەن، لەدەرەوەی ئەم دوو زاراوەیە ناتوانرێ هیچ کێشەیەك بەتەنیا دروستدەبێت و پەیوەندییەکان دێنە سەر شانۆ.

لەئەنجامدا، عەقڵی پەیوەندی عەقڵی مامەڵەکردنە لەگەڵ ژیان و مەرگدا، لەگشت چالاکییە مرۆییەکاندا، لەگشت دیاردەکانی گەردون و سروشتدا. کەواتە بۆ لێکدانەوەی باسێکی لەمەڕ ئەم پرسانە، تەنیا چەند نووسین و لاپەڕەیەك بەس نین..

بەڵام ژیان و مەرگ لەپەیوەندیدا لەگەڵ چالاکی دەق و چالاکی دەرەوەی دەقدا تاڕادەیەك خراوەتەڕوو.. دەق بەمانای ئەو هەموو پەیوەندییەی کەدەتوانێ لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا بدوێ.



www.pertwk.com

پەراوێزەکان:

1–کتاب تردید/ بابك احمدی لاپەرە 129–130.

2–هەمان سەرچاوەی پێشوو 130.

3–من السلبیه المنهجیه الى السلبیه التکوینیه د: بشاره صارجی

4–جراه الموقف الفلسفی– محمد وقیدی.. لا 20.

5–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 3.

6–کتاب تردید– بابك احمدی، لا 138.

7–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 140.

8–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 141.

9–مارتن هیدجرو الکینونه. مگاع صفدی.. العرب و الفکر العالمی لا 6.

10–هەمان سەرچاوەی پێشوو لا6.

11–دونس اسکوتوس و کانت به روایت هیدگر.. د: کریم مجتهدی لا 157.

12–هرمنوتیك مدرن، گزینه جستارها.. نیچه، هایدگر، گادامر، ریکود، فوکو، ئیکۆ، دایفوس و.. ترجمه بابك احمدی لاپەرە 326.

13–سەرچاوەی پێشوو، لا 325.

14–سەرچاوەی پێشوو، لا 327.

15–مقابله مع مارتن هیدگر، العرب و الفکر العالمی– حوار اجراه تلفزیون مع مارتن هیدگر.

16–ساختار و تأویل متن، بابك احمدی لا 394.

17–هەمان سەرچاوەی پێشوو لا 394.

18–هەمان سەرچاوەی پێشوو لا 511.

19–دنیای سوفی.. ڕۆمان.. نووسینی یوستین گردر.. لا 534.

20–العرب و الفکر العالمی لا 8.

21–هرمنوتیك مدرن. نیچه، هیدگر، گادامر، ریکور، لا 348.

22–تأویل متن.. بابك احمدی.. لا 564.

23–هرمنوتیك مدرن.. نیچه، هیدگر. گادامر، ریکور لا 322.

24–تأویل متن بابك احمدی.. لا 561.

25–الممنوع و المتمنع.. علی حرب.. لا 190.

26–تیارشناسی أخلاق– فریدریش ویلهم نیچه.. لا 87.

27–هرمنوتیك مدرن.. نیچه، هیدگر، گادامر، ریکور لا 49.

28–هەمان سەرچاوەی پێشوو.. لا 92.

29–هەمان سەرچاوەی پێشوو.. لا 112.

30–هەمان سەرچاوەی پێشوو.. لا 114.

31–هەمان سەرچاوەی پێشوو.. لا 132.



32–تأویل متن.. بابك ئەحمەدی.. لا 511.

33–جراه الموقف الفلسفب.. محمد وقیدی لا 156.

34–لژه النص.. رولان بارت، لا 193.

35–دنیای سوفی.. یوستین گودیر.. لا 232.

36–سەرچاوەی پێشوو 232.

37–دونس ئەسکوتوس و کانت بەروایت هایدگر.. لا 59.

38–الممنوع و الممتنع– علی حرب.. لا 64.

39–سەرچاوەی پێشوو.. لا 65.

40–گەلاوێژی نوێ.. ئازاد بەرزنجی.. ژمارە 4.. لا 123.

41–گەلاوێژی نوێ.. ئازاد بەرزنجی.. ژمارە 4.. لا 126.

42– Mens en Kosmossen Groots Verband/ J.J. W. Berghuys Uitweg uit de Crisis in rationeel denken kok Agora. لا 122.

43–هەمان سەرچاوەی پێشوو.. لا 125.

44–بررسی ساختار متن.. بابك احمدی.. لا 255.

45–المرایا المحدبه من البنیویه الى التفکیکیه.. تألیف: د. عبدالعزیز محموده.. عالم المعرفه.. لا 242.

46–هەمان سەرچاوەی پێشوو.. لا 242.

47– Klein filosofie uoor niet filosofen Albert Jacauard. لا 101.

48–تأویل و معنا.. بابك احمدی.. لا 581.

49– Mulish, harry, Vergrote raadsels gekozen door Gerd de Ley 3e, Amsterdam. لا 100.

50–هەمان سەرچاوەی پێشوو.. لا 101.

51–المرایا المحدبه.. من البنیویه الى التفکیکیه.. لا 242.

52–52–ساختار و تأویل متن– بابك احمدی.. لا 388.

53–نقریه أدبی/ تری ایگلتون.. لا 133.

54–هرمنوتیك مدرن.. نیچه، هیدگر، گادامر.. لا 364.

55–حقیقت زیبائی/ درسهای فلسفەی هزر/ بابك احمدی.. لا 347.

56–هەمان سەرچاوەی پێشوو.. لا 129.

57–هەمان سەرچاوەی پێشوو.. لا 126.

58–دنیای سوفی– یوستین گودامیر.. لا 279.

59–هەمان سەرچاوەی پێشوو.. لا 306.

60–الگاقه الروحیه/ هنری برجسون.. لا 140.

61–سەرچاوەی پێشوو.. لا 153.

62–دنیای سوفی.. یوستین گودامیر.. لا 314.



www.pertwk.com

63- K. Boey Ey Libris A. Lools Van de filosofeo in de 20 ste eeuw E. Oger (eds) Deel 1. Van 1900 tot 1950.

64-حقيقت و زيبائى- بابك احمدى.. لا 348.

65-دنياى سوفى.. يوستين گودامير.. لا 512.

66-عقل و اعتقاد دينى.. در ىٚمدى بر فلسفه دين.. لا 70.

67-نقد الخگاب الدينى. د: ناصر حامد ابوزيد.. لا 66.

68-عقل و اعتقاد دينى.. در ىٚمدى بر فلسفه دين.. لا 103.

69-سەرچاوەی پێشوو.. لا 115.

ئەم بۆچوونەی تیسپینۆزا لەوەوە هاتووە کە خودا وەك ڕەمزێك بۆ باوەڕ هێزی عەقڵانی خوداو ئیرادەی خودا لەو ووتانەیە کە دەری ئەبڕی لەو یاسایانەیە کە دەری ئەخات لە سروشت و دیاردەکانی گیانلەبەر.

70-نقد الخگاب الدينى. د: ناصر حامد ابو زيد.. لا 62.

71-منبعا الاخلاق و الدين- هنرى برجسون.. لا 288.

72-سەرچاوەی پێشوو.. لا 288.

73-پيشدر ىٚمدى بر نقد ادبى/ تيرى ئيگڵتون.. نقد سياسى، لا 466.

74-نقد الخگاب الدينى.. د: ناصر حامد ابو زيد.. لا 131.

75-الممنوع و الممتنع.. على حرب.. لا 217.

76-هەمان سەرچاوەی پێشوو.. لا 218.

77-هەمان سەرچاوەی پێشوو.. لا 103.

78-شالودەشکنی متن.. لا 561.

79-المرايا المحدبه.. من البنيويه الى التفكيكيه.. تأليف د: عبدالعزيز محموده.. لا 153.

80-گەلاوێژی نوێ ژمارە 4 لە تاقیگەی ڕەخنەدا.. عەبدوڵلا گاهیر.

81-المرايا المحدبه.. من البنيويه الى التفكيكيه.. لا 245.

82-الممنوع و الممتنع.. على حرب.. لا 40.

83-سەرچاوەی پێشوو.. لا 29.

84-العرب و الفكر العالمى.. لا 45.

85-أسس الفكر الفلسفى المعاصر.. مجاوزه الميتافيزيقيا/ عبدالسلام بنعيد العالى، لا 126.

86-أوهام النخبه و النقد الميقف- على حرب، لا 112.

87-ايديولوجيه نهايه التأريخ/ احمد الموصلى/ الشرق الٚوسگ، العدد 6675 السبت 1997/3/8.

88-الٚسلام و دائره المعانى الكبرى- الشرق الاوسگ.. 6676.. 1997/3/9. احمد الموصلى.

89-مفاهيم فى الفكر المعاصر.. الشرق الٚوسگ.. محمد عابد الجابرى.. العدد 6628.. 1997/1/20.

90-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

91-هەمان سەرچاوەی پێشوو.



سەرچاوەکان:


1-De Wereld Van Sofie roman ovez de geschiedenis Van de filosfie Jostein Gaarder 1991.
Vertald 33 edr 1997 door: Jankek- Lucy. P. kirp- s- Panlestevens.

2-دنیای سوفی داستانی دربارەو تاریخ فلسفه، یوستین گردر ترجمه حسن کامشاد چاپ چهارم بهار 1379.

3-پقافه الاڑن و پقافه العين.. عبدالسلام بنعبد العالى، دار توبقال للنشر، الگبعه الاولى 1994.

4-أسس الفكر الفلسفى المعاصر.. مجاوزه الميتافيزيقيا، عبدالسلام بنعبد العالى.. دار توبقال للنشر، الگبعه اليانيه، 2000.

5-المرايا المحدبه من البنيويه الى التفكيك.. تأليف: د. عبدالعزيز حموده عالم المعرفه 232، 1998.

6-أوهام النخبه أو نقد الميقف -على حرب- المركز اليقافى العربى، الگبعه الاولى 1996.

7-منبعا الاخلاق و الدين: هنرى برجسون.. ترجمه: د. سامى الدروبى، الدكتور عبدالله عبدالدائم. الهيئه المصريه العامه للتأليف و النشر، 1971.

8-جرأه الموقف الفلسفى- محمد وقيدى- أفريقيا الشرق 1999.

9-کۆمەڵێ گۆڤاری العرب و الفكر العالمى- ژمارە کۆنەکانی بە داخەوە ژمارەی لەسەر نییە، بۆیە نەمنووسیوە.

10-حقيقت و زيبائى.. درس هاى فلسفەى هنر، بابك احمدى، چاپ چهارم 1378.

11-نقريه ادبى- ترى ايگلتون ترجمه عباس مخبر، چاپ اول 1368.

12-ساختار و تأويل متن.. شالودەشکنی و هرمنوتيك 2، بابك احمدى، چاپ اول 1370.

13-ساختار و تأويل متن.. نشانه شناسى و ساختار گرايى.. 1، بابك احمدى، چاپ اول 1370.

14-الگاقه الروحيه.. هنرى برجسون.. ترجمه: د. سامى الدروبى، الهيئه المصريه العامه للتأليف و النشر 1971.

15-عقل و اعتقاد دينى.. در ىٚمدى بر فلسفه دين.. مايكل پيرسون، ويليام هاسكو، بروس رايشنباخ، ديويد باز ينجر، ترجمه: احمد تراقى، ابراهيم سلگانى، چاپ دوم 1377.

16-تيارشناسى اخلاق.. فريدريش ويلهم نيچه.. ترجمه: داريوش ىٚشورى، چاپ اول 1377.

17-هرمنوتيك مدرن، گزينەو جستارها. نيچه، هيدگر، گادامير، ريكور، فوكو، ئيكو، درايفوس، ترجمه: بابك احمدى، مهران مهاجر، محمد نبوى، نشر مركز، چاپ اول 1377.

18-كتاب ترديد، بابك احمدى، نشر مركز، چاپ سوم 1377.

19-نقد الخگاب الدينى.. د: نصر حامد ابو زيد، سينا للنشر، الگبعه الاولى 1992.

20-تأويل و معنا.. بابك احمدى.

21-Van de fibsofie in de 20 ste eeuw.
K. Boey Ey Libris, A Cools, J Leilich E. oger (ed) Deel 1: Van 1900 tot 1950

22-Klein filosofie voor niet filosofen Albert Jacauard Uitgevery Ten Have 1997.




www.pertwk.com

23-Mulish, Harry Vergote raadsels geko zen door Gerd de Ley 3 e, Vervan Amsterdam, Balans 1994.
24-Mens en Kosmosen Groots Verband J. J. W. Berghuys Uitweg uit de Crisis in rationeel denken Kok Agora.
25–دونس اسکوتوس و کانت به روایت هیدگر.. ترجمهٔ د: کریم مجتهدی.
26–الشرق الٲوسگ.. ژماره 6676، 1997/3/9.
27–الشرق الٲوسگ.. ژماره 6628، 1997/1/20.
28–الممنوع و الممتنع– علی حرب– المرکز الپقاڤ العربی/ الگبعه الٲولی 1997.
29–گەلاوێژی نوێ.. ژماره 4.. ساڵی 1997، وتاری: ئازاد بەرزنجی، سەرەتایەك بۆ فەلسەفەی نیچە، عەبدوڵلا گاهیر بەرزنجی. وتاری: لە تاقیگەی ڕەخنەدا.
30–المعجم الفلسفی/ تألیف: د: عبدالمنعم الحنفی، الدار الشرقیه، 1990.
31–بەناوی ژیانەوە/ ئەریك فرۆم، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم.. ساڵی 1998.
32–تأریخ مختصر زبانشناسی.. نوشته ئڕ. اچ. روبینز، ترجمه علی محمد حق شناس، کتاب ماد: چاپ دوم 1373.



# کتێبەکانی یانەی قەڵەم

| ناوی کتێب | بابەت | نوسەرو وەرگێڕ |
|---|---|---|
| 1 ـ فریوو خۆحەشاردان | چیرۆك | عەتا محەمەد |
| 2 ـ ئایین (هزر سیاسەت) | سیاسی | یاسین عومەر |
| 3 ـ بەیەکداکێشانی شارستانێتییەکان | سیاسی | ئاوات ئەحمەد |
| 4 ـ سوەیلا | ڕۆمان | شارام قەوامی |
| 5 ـ ڕۆژی هاتنەکەی عودەی | چیرۆك | ئاوات عەبدوڵلا |
| 6 ـ سیماکانی عەقلانیەت و | سیاسی | ئاوات ئەحمەد |
| 7 ـ وەنەوشەکەی چوارشەممان | چیرۆك | شیرین.ك |
| 8 ـ نەبەهەشت لەسەر زەویدایە | سیاسی | ئومێد عوسمان |
| 9 ـ فیمینیزم | فکری | عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی |
| 10 ـ لە ڕوانگەی | فکری | ئومێد عوسمان |
| 11 ـ منداڵباز | ڕۆمان | فەرهاد پیربالْ |
| 12 ـ کیمیاگەرانی وشە | ئەدەبی | یاسین عومەر |
| 13 ـ گوزارشتی مۆسیقا | هونەری | حەمە کەریم عارف |
| 14 ـ خەمەکانی ڕۆشنگەری | فکری | ئاوات ئەحمەد |
| 15 ـ یەڵماز گۆنەی | هونەری | حەمە کەریم عارف |
| 16 ـ هەناسەی پێخەفە | چیرۆك | چنوور سەعیدی |
| 17 ـ سادقی هیدایەت | ئەدەبی | حەمە کەریم عارف |
| 18 ـ یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی | چیرۆك | سیامەند هادی |
| 19 ـ قالاو یانی قەفەسێکی | شیعر | کەمال ئەمینی |
| 20 ـ تیانووسی پاشای | شیعر | یاسین عومەر |
| 21 ـ لەسێبەری پرسیاردا | دیدار | سەمەد ئەحمەد |
| 22 ـ زەمین وەك پرتەقاڵێك شینە | شیعر | فەرهاد پیربالْ |
| 23 ـ گێلاسی خوێن | ڕۆمان | عەتا محەمەد |



www.pertwk.com

| | | |
|---|---|---|
| 24 ـ حەرامترین | چیرۆك | عەلی پێنجوێنی |
| 25 ـ رەنگە کاڵبووە | شیعر | و. مەیروان هەڵەبجەیی. |
| 26 ـ کۆنترۆڵی میدیا | میدیا | و. کەریم قادر پوور |

**نرخی(2،500) دینارە**



www.pertwk.com